حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی

# نامۆبوون لەشیعرەکانی (د.ئاراس عەزیز عەبدوڵا)دا

نامەیەکە
سوهام قادر محمد

پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/ بەشی زمانی کوردی کردووە وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لەئەدەبی کوردیدا

بەسەرپەرشتی
پ.ی.د. عطا ڕەشید حسین

(٢٧٢٢)کوردیی
(٢٠٢٣)ی زایینیی

# ڕاپۆرتی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە (نامۆبوون لەشیعرەکانی د.ئاراس عەزیز عبدوڵادا)، خوێندکار (سوهام قادر محمد) بە سەرپەرشتی من لەکۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی ئامادەکراوە و بەشێکە لەپێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لەئەدەبی کوردیدا.

واژۆ:
ناو: پ.ی.د. عطا ڕەشید حسین
ڕێکەوت: / /٢٠٢٢

بەپێی ئەو پێشنیارە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی گفتوگۆ دەکەم.

واژۆ:
ناو: پ.ی.د. بێستون حسن ئەحمەد
سەرۆکی بەشی زمانی کوردی
ڕێکەوت: / /٢٠٢٢

## ڕاپۆرتی لیژنەی هەڵسەنگاندن

ئێمە ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە، لەگەڵ خوێندکار (سوهام قادر محمد) گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا بەپلەی (            ) بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

واژۆ:
ناو: پ.ی.د. عباس صالح عەبدوڵا
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت: /  /٢٠٢٣

واژۆ:
ناو: پ.ی.د. ئومێد رحیم شمس الدین
ئەندام
ڕێکەوت: /  /٢٠٢٣

واژۆ:
ناو: پ.ی.د. ژیلوان طاهر باپیر
ئەندام
ڕێکەوت: /  /٢٠٢٣

واژۆ:
ناو: پ.ی.د. عطا ڕەشید حسین
ئەندام و سەرپەرشت
ڕێکەوت: /  /٢٠٢٣

لەلایەن ئەنجوومەنی کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانییەوە پەسەندکرا.

واژۆ:
ناو: پ.ی.د. حسن فخرالدین خالید
سەرپەرشتیاری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٣

# هێما کورتکراوەکان

| وشە | هێما |
| --- | --- |
| وەرگێڕان | و |
| گۆڤار | گ |
| ژمارە | ژ |
| طبعة | ط |
| ترجمة | ت |

## سوپاس و پێزانین

* بۆ خوای گەورە.

* بۆ بەڕێز (پ.ی.د. عطا ڕەشید حسین)، کە بە دڵسۆزییەکی زۆرەوە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی نامەکەی گرتەئەستۆ.

* بۆ بەڕێز (د.ئاراس)ی شاعیر، کە لەسەرەتاوە تا کۆتایی یارمەتیدەربوو.

* بۆ هەموو ئەندامانی خێزانەکەم، بۆ پشتیگیری و پشوو درێژییان.

* بۆ سەرۆک بەش ومامۆستایان لەبەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، بۆ یارمەتی و هاوکارییان.

* بۆ هەموو هاوڕێیان و ئەو کەسانەی، کە بەپێدانی سەرچاوە و زانیاری و هاوکارییان کردم و یارمەتییان دام.

**پێشکەشە بە:**

❊ بەئەندامانی خێزانەکەم.

❊ بە (د.ئاراس)ی شاعیر.

❊ بەهەموو ئەو بەڕێزانەی یارمەتیدەر و هاوکارم بوون.

## پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ١-٣ |
| **بەشی یەکەم/ نامۆبوون لەڕووی تیۆرییەوە** | **٤-٣٣** |
| تەوەری یەکەم/ چەمک و زاراوەی نامۆبوون | ٤-١٢ |
| مێژووی سەرهەڵدان | ٤ |
| زاراوەی نامۆبوون | ٥ |
| چەمکی نامۆبوون | ٨ |
| هۆکارەکانی نامۆبوون | ١١ |
| تەوەری دووەم/ چەمکی نامۆبوون لەروانگەی فەلسەفەوە | ١٣-٢٤ |
| لەروانگەی هیگڵەوە | ١٥ |
| لەروانگەی مارکسەوە | ١٨ |
| لەڕوانگەی ئەریک فرۆمەوە | ٢١ |
| تەوەری سێیەم/ جۆرەکانی نامۆبوون | ٢٥-٣٣ |
| نامۆبوونی خودی | ٢٥ |
| نامۆبوونی کۆمەڵایەتی | ٢٦ |
| نامۆبوونی ئایینی | ٢٧ |
| نامۆبوونی سیاسی | ٢٨ |
| نامۆبوونی جوگرافی | ٢٩ |
| نامۆبوونی ئابووری | ٢٩ |
| نامۆبوونی هزری | ٣٠ |
| نامۆبوونی ڕۆشنبیری | ٣١ |
| نامۆبوونی سێکسی | ٣١ |
| نامۆبوونی سۆفیگەری | ٣٢ |
| نامۆبوونی سۆزداری | ٣٣ |
| **بەشی دووەم/ نامۆبوون لەشیعری کوردیدا** | **٣٤-٦٨** |

| | |
|---|---|
| تەوەری یەکەم/ ڕەوتی مێژووی نامۆبوون لە شیعری کوردیدا | ٣٤-٥٤ |
| نامۆبوون لەشیعری کلاسیکی کوردیدا | ٣٧-٤٤ |
| نامۆبوون لەشیعری نوێی کوردیدا | ٤٤-٥٠ |
| نامۆبوون لەشیعری هاوچەرخی کوریدا | ٥٠-٥٤ |
| تەوەری دووەم/ شیعری کوردی لەسەردەمی د.ئاراس عەزیزدا | ٥٥-٦٨ |
| قۆناغی سالآنی حەفتاکان ونوێبوونەوەیەکی تری شیعری کوردی | ٥٥-٦٢ |
| قۆناغی سالآنی کۆتایی حەفتاکان و هەشتاکان | ٦٢-٦٨ |
| بێ ئومێدی و ئاوات خواستن بە مردن | ٦٤ |
| ڕەشبینی | ٦٦ |
| **بەشی سێیەم/ نامۆبوون لەشیعرەکانی د.ئاراس عەزیز عبدولآدا** | **٦٩-١٢٠** |
| تەوەری یەکەم/ نامۆبوون و شیکردنەوەی دەقەکانی | ٦٩-٩٤ |
| خەم و ئازار | ٧٠ |
| مردن | ٧٤ |
| شوێن | ٨٠ |
| کات | ٨٤ |
| زمان | ٩١ |
| تەوەری دووەم/ بەکارهێنانی جێناوی قسەکەری زاڵ | ٩٥-١٠٠ |
| تەوەری سێیەم/ جۆرەکانی نامۆبوون لەشیعرەکانی د.ئاراس عەزیزدا | ١٠١-١١٨ |
| نامۆبوونی خودی | ١٠١ |
| نامۆبوونی کۆمەلآیەتی | ١٠٧ |
| نامۆبوونی هزری | ١٠٩ |
| نامۆبوونی ئابووری | ١١١ |
| نامۆبوونی سۆزداری | ١١٣ |
| نامۆبوونی سیاسی | ١١٧ |
| ئەنجام | ١١٩-١٢٠ |
| سەرچاوەکان | ١٢١-١٣٠ |
| پوختەی نامەکە بە زمانی عەرەبی | ١٣١ |
| بوختەی نامەکە بە زمانی ئینگلیزی | ١٣٢ |

# پێشەکی

## پێشەکی

قسەکردن لەسەر نامۆبوون، فرە لایەن و فرە ڕەهەندە، لەهەمان کاتیشدا لێکۆڵینەوە لێی فراوان بووەو بەنزیکەیی هەموو بوارەکانی گرتووەتەوە. لەوانە: ئەدەبی، سیاسی، دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، ئایینی، فەلسەفی و پەروەردەیی ...... ئەوەی وایکردووە، کە بەم جۆرەبێت، ئەو پەلکێشانە فراوانەیەتی بۆ ناو هەموو کایەکانی ژیان و ڕەنگدانەوەی تەواوی لەژیانی مرۆڤەکاندا لەڕووی جەستەیی و دەروونییەوە. هەربۆیە، لێکۆڵینەوەیەکی گشتگیر لەسەر ئەم بابەتە زەحمەتە، کە بتوانێت هەموو لایەنەکان و هۆکارەکانی ڕوونبکاتەوە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی دەزانین پەیوەندی بە دابڕان و دوورکەوتنەوە هەیە لەخاک و زێدو نیشتیمان، لەهەمانکاتیشدا وەک لایەنێکی کۆمەڵایەتی، دیاردەیەکی دەروونییە و پەیوەندی هەیە بە خودی تاک و ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژی. لەمەشەوە دەگەینە ئەوەی بڵێین، هۆکار و جۆری نامۆبوونەکان بەپێی جۆری کۆمەڵگەکە و کەسەکە دەگۆڕێن.

**ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە/**

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە(نامۆبوون لەشیعرەکانی د.ئاراس عەزیز عەبدوڵا)*دا.

**سنوری لێکۆڵینەوەکە/**

سنوری لێکۆڵینەوەکە تایبەتە بە دیوانی (حەسرەت) و دەقی بڵاونەکراوەی (من هەمیشە لەتەنیشتی گومانم)، تیایدا بە شێوەیەکی پراکتیکی سودمان لێ بینیون و بەکارمان هێناون.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە/**

ئەو ڕێبازەی لەلێکۆڵینەوەکەدا پەیڕەوکراوە، ڕێبازی (پەسنی- شیکارییە) لەڕێگەیەوە شیکردنەوە بۆ دەقەکان کراوە و هەوڵدراوە وێنەی نامۆبوونیان تیادا دەستنیشانبکرێت.

**گرنگی لێکۆڵینەوەکە/**

گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە، کە تائێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی (نامەی ماستەر یان تێزی دکتۆرا) لەسەر بەرهەمەکانی شاعیر نەکراوە، ئەمە دەرفەتێک دەبێت بۆ تیشک خستەسەر یەکێکی تر

---

* ئاراس عەزیز عەبدوڵا، ساڵی ١٩٦٢ لە سلێمانی لەدایکبووە. ساڵی ١٩٨٧ کۆلێجی پزیشکی تەواوکردووە. ساڵی ١٩٩٤ دکتۆرای لەهەناویدا وەرگرتووە. ساڵی ٢٠٠٤ بووە بە پرۆفیسۆری یاریدەدەر. ساڵی ٢٠٠٥ بووە بەڕاگری کۆلێجی پزیشکی سلێمانی. یەکەم شیعری لە(هاوکاری)دا بڵاوبۆتەوە. بەرهەمەکانی لە (بەیان) و (ڕۆشنبیری نوێ) و (ڕۆژی کوردستان) و (ڕەنجی کرێکار) و (کاروان) و (پاشکۆی عێراق) و (هاوکاری)دا بڵاوکردۆتەوە.

لەو دەنگە جیاواز و دیارانەی، کە لەسالآنی کۆتایی حەفتاکان و هەشتاکاندا دوای گروپی کەرکوک-کفری و قۆناغی ڕوانگە، لەناو ئەدەبیاتی کوریدا بەشێوەیەکی جیاواز نووسیویانە.

**گرفتی لێکۆڵینەوەکە/**

تاکە گرفت لەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتبێتە بەردەممان، دیاریکردن و سنوردانان بۆ بابەتێکی فراوانی وەک نامۆبوون و کورتکردنەوەی تەنها لەچەند دەقێکی شیعریدا، کارێکی ئەستەمە.

**بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە/**

لێکۆڵینەوەکە لەپێشەکی و سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە بەم شێوەیەی خوارەوە:

**بەشی یەکەم/**

ئەم بەشە تایبەتکراوە بۆ دەرخستنی زانستییانەی چەمک و زاراوەی بابەتەکە لەڕووی تیۆرییەوە، دابەشی سێ باسی سەرەکی کراوە:

باسی یەکەم/ تایبەتکراوە بۆ تیشک خستەسەر زارەوەکە لەچوار تەوەری جیادا ئەوانیش:

(مێژووی سەرهەڵدان، زاراوەی نامۆبوون، چەمکی نامۆبوون، هۆکارەکانی نامۆبوون)ن.

باسی دووەم/ تایبەتکراوە بە باسی بابەتەکە لەڕوانگەی فەلسەفەوە، ئەویش لەسێ تەوەردا و ڕوانگەی هەریەکە لەفەیلەسوفان (هیگڵ، مارکس، ئەریک فرۆم)ەوە.

باسی سێیەم/ تایبەتکراوە بە خستەڕوو و باسکردنی جۆرەکانی نامۆبوون، کە ئەویش خۆی لەباسکردنی (١١)جۆردا دەبینێتەوە ئەوانیش: (نامۆبوونی خودی، نامۆبوونی کۆمەڵایەتی، نامۆبوونی ئایینی، نامۆبوونی سیاسی، نامۆبوونی جوگرافی، نامۆبوونی ئابووری، نامۆبوونی هزری، نامۆبوونی ڕۆشنبیری، نامۆبوونی سێکسی، نامۆبوونی سۆفیگەری، نامۆبوونی سۆزداری)ین.

**بەشی دووەم/**

ئەم بەشە دابەشکراوە بۆ دوو باس، تیایدا هەوڵدراوە ئاوڕێک لەمێژووی نامۆبوون لەشیعری پێش شاعیرو لەسەردەمی شاعیردا بدرێتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

باسی یەکەم/ ئەم باسە تایبەتە بەڕەوتی مێژوویی نامۆبوون و سەرەتای سەرهەڵدانی، ئێمەش لەسێ تەوەردا و لەئەدەبی کلاسیک و ئەدەبی نوێ و ئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا خستوومانەتەڕوو. ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەوەیە، ئێمە لێرەدا لەئەدەبی نووسراوەوە هەوڵمانداوە مێژووەکە دەسنیشان بکەین. واتە ئاماژەمان بە ئەدەبی فۆلکلۆر و میللی نەداوە.

باسی دووەم/ تایبەتە بە خستەڕووی هەندێک تایبەتمەندی بەرهەمی ئەوقۆناغە شیعرییەی، کە شاعیر تیایدا ژیاوەو بەرهەمی نووسیوە، ئەویش بە نموونەی شیعری شاعیران و بەدوو قۆناغی جیاواز خستوومانەتەڕوو.

**بەشی سێیەم/**

تیایدا بە شێوەیەکی پراکتیکی و لەسێ باسی جیادا، هەوڵدراوە بوونی نامۆبوون لەشیعرەکانی شاعیردا بەهێنانەوەی نموونە بسەلمێنین. ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە:

باسی یەکەم/ تایبەتە بە هەوڵدان بۆئەوەی نامۆبوون بکرێتە پێوەر و لەڕێگەی دەرخستنی شێوازی شیعرەکانی شاعیر خۆیەوە، بوونی لەناو شیعرەکانیدا بسەلمێنین.

باسی دووەم/ هەوڵدانە بۆ خستەڕووی ئەوەی، کە شاعیر لەهەموو نامۆبوونەکانیدا چۆن ئامادەیی خۆی بە بەکارهێنانی جێناوی قسەکەری (من-م) دەخاتەڕوو.

باسی سێیەم/ تایبەتە بە دەرخستنی جۆرەکانی نامۆبوون لەشیعرەکانی شاعیردا، کە ئەوانیش خۆیان لەجۆرەکانی (نامۆبوونی خودی، نامۆبوونی کۆمەڵایەتی، نامۆبوونی هزری، نامۆبوونی ئابووری، نامۆبوونی سۆزداری، نامۆبوونی سیاسی)دەبیننەوە.

# بەشی یەکەم

# نامۆبوون لەڕووی تیۆرییەوە

## تەوەری یەکەم

## چەمک و زاراوەی نامۆبوون

١. مێژووی نامۆبوون

٢. زاراوەی نامۆبوون

٣. چەمکی نامۆبوون

٤. هۆکارەکانی نامۆبوون

### ١. مێژووی سەرهەڵدان

هەرچەندە لەکۆنەوە ئەم زاراوەیە لەبوارە جیاجیاکانی وەک ئایین، فەلسەفە، کۆمەڵایەتی و دەروونی، بەکارهێنراوەو لێکۆڵینەوەی لەبارەیەوە کراوە، بەڵام وەک زاراوەیەکی ئەدەبی، مێژووەکەی هێندە دوور نییە، کەچی بووە بەیەکێک لەهەرە بەکارهێنراوترین چەمک و زاراوەی سەردەمی نوێ. لەگەڵ ئەوەشدا وەک دەبینین، ئەم زۆر بەکارهێنانەشی نایکاتە چەمکێکی نوێ، چونکە لەگەڵ بوونی مرۆڤدا و بەتایبەتی "لەناوکۆمەڵە زۆر کۆنەکان و یەکەمینەکاندا دەرکەوتووە و سەری هەڵداوە. ئەگەر بەهۆی ئەو ناڕەحەتی و چەرمەسەرییانەوە بووبێت، کە بەجۆرێک لەجۆرەکان تاک ڕووبەڕووی بۆتەوە بەگوێرەی توانا ئاسایی و ڕۆحییەکانی، لەئەنجامدا هەندێکجار بەرەو هەڵگەڕانەوەو سەرپێچی بردووەو هەندێکجاریش بەرەو خۆبەدەستەوەدان و گۆشەگیری"(جعفر، ١٩٩٩: ١).

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، گەلێک تێڕوانین و بۆچوونی جۆراوجۆر دەبینین، کە شارەزایان و نووسەران کاریان لەسەرکردووە. لەوانە، هەندێک مێژووی سەرهەڵدانی دەگەڕێننەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی مرۆڤ، کاتێک بۆ یەکەمین جار مرۆڤ لەسەر خواردنی سێوی حەرامکراو، لەبەهەشت دەردەکرێت و دەخرێتە سەرزەوی. ئەمەش وایکردووە، کە "زۆربەی مێژوونووسان ئەم سەرەتایە بگەڕێننەوە بۆ سەرچاوە کۆنەکانی یۆنانی، کە تیایدا نامۆیی بریتییە لەکێشکردن(الجذب)، Extstasis مرۆڤ جەستەی خۆی دەداتە دەست سرووتەکان "الشعائر"، چۆن هۆمیرۆس وەسفی ئەو کەسە دەکات، کە یاسای نییە، دڵی نییە، خێڵی نییە"(محمد، ٢٠٠١: ٣). پاشان ئەم جۆرە بیرکردنەوانە لەگەڵ گۆڕانکارییە فیکری و ڕامیاری و مێژووییەکاندا گۆڕانی بەسەردا هات، چونکە "ئەم فیکرە بنیچینەیەکی میتافیزیکی دێرینی هەیە، بەڵام بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەی لەسەدەی نۆزدەیەمدا بەسەر بیرکردنەوەی ئەورووپییەکاندا هات بەهۆیەوە بەرەو عەلمانیەت و ڕزگاربوون لەکاریگەری غەیبییات و ئایینی و میتافیزیکی هەنگاویان نا، لەهەمان کاتدا زاڵبوونی ڕەوت و ئاڕاستەی ئەزموونگەری، بە تێپەڕبوونی کات، گۆڕانێکی گەورە بەسەر چەمک و هزرەکەدا هات"(بۆکانی، ٢٠٠٦: ٥١). ئەمە جگەلەوەی "نامۆیی بنەڕەتێکی ترە لەو بنەڕەتانەی بوونی مرۆڤ لەجیهاندا پێکدەهێنن"(حەویزی، ٢٠١٣: ١٤٢)، ئەمەش بەو واتایەی، کە ئەم جۆرە لەزاراوە و چەمکە، ئەگەر بەو مانایەی ئێستاش بەکارنەهێنرابێت، بەڵام بەشێکە لەبوونیاتی مرۆڤ و هەستێکە لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤدا دروستبووە و بووە بە بەشێک لەپێکهاتە و سەلمێنەری بوونی، هەر لەبەرئەوەیە ئەم هەستە تایبەتە بە مرۆڤ و هیچ دروستکراوێکی تر ئەم جۆرە هەستەی تیادا دروست نابێت و ناتوانێت ئەو سەرنج و بیرەی، کە پێویستە بۆ پەیدابوونی ئەم حاڵەتە و پاشانیش ڕەنگدانەوەی لەژیانیدا هەبێت، چونکە هەر یەکێک لەمرۆڤەکان هۆکار و شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە بۆ هەستکردن و دەربڕینی ئەم حاڵەتە. کەواتە "نامۆبوون پەیوەندییەکی تەواوی بەوەعی مرۆڤایەتییەوە هەیە، هەروەها بەچاکی

لەدیراسەی سایکۆلۆژیدا دیاری دەکرێت، کە گوزارشت لەئازادی مرۆڤ دەکا و هەر ئەبێ هەبێ، تا مرۆڤ لەناو کۆمەڵدا هەیە"(صالح، ١٩٩٨: ٤٥). تایبەتکردنی ئەم حاڵەتە لەناومرۆڤدا بۆ لایەنە هەستیاری و دەروونییەکەی دەگەڕێتەوە، کە وایکردووە مرۆڤ لەبوونەوەرانی تر جیابێت، چونکە "حاڵەت و دیاردەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتییە ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە، ئەم خەسڵەتە دەروونییەش لای هەموو کەسێک بەپێی باری دەروونی و ژینگەیی بوونی هەیە، مرۆڤەکان هەرچییەک بن لەهەر پلەوپایە و سەر بەهەر ئاستێکی ڕۆشنبیری بن، دەشێت دووچاری ئەم حاڵەتە ببن"(سەعدوون، ٢٠١٣: ٢٨٧). ئەم بەگشتی کردنە کارێک نییە بوترێت بەپێی یاسایەکی دیاریکراوە، یان بەهۆی بوونی مرۆڤ لەژێرکاریگەری کۆمەڵە شتانێکی دیاریکراودا، یان تایبەت بێت بە چینێک، یان کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو"بەڵکو بریتییە لەدیاردەیەک، کە دەتوانین لەهەموو بەشەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا دەستنیشانی بکەین و لێی بکۆڵینەوە"(بۆکانی، ٢٠٠٦: ٥٠).

وەک دەبینین، کێشەی نامۆبوون، کێشەیەکی فرە ڕەهەندی ناو مێژووی مرۆڤایەتییە، ڕیشەکانی بۆناو بوارە جیاجیاکانی ژیان درێژبوونەتەوەو هەر زانا و فەیلەسوف وقوتابخانەیەکیش بەپێی تێڕوانینی خۆی هەوڵی دەستنیشانکردنی سەرچاوەی کێشەکەو دۆزینەوەی ڕێگا چارەی داوە، بەمەش ڕێگاکان و لێکۆڵینەوەکان فرە ڕەهەند و فرە جۆر بوون ، کە هەندێکجار جیاکردنەوەیان ئەستەم دەبێت.

**٢. زاراوەی نامۆبوون**

سەبارەت بەبوون و بنەڕەتی زاراوەکە، لەڕووی زمانەوانییەوە هەندێک لەشارەزایان پێیان وایە، "ڕەگ و ڕیشەی وشەکە (Alienasho)ی لاتینییە، لەفرمان(کار)ی (Alienare)ەوە وەرگیراوە، کە بەمانای شلۆقی و شپرزەیی و دژایەتی دێت، یاخود ناڕێکی ئەقڵ و ئاوەزلەنگی دێت، دەشێ ماناکەی بەم شێوەیە لێکبدرێتەوە، کە ئەویش زەوتکردنە، واتە گۆڕان و ڕاگوێزانی خاوەنایەتی کەسێک بۆ یەکێکی تر، ئیتر بەهەرچی زەبر و شێوازێک بێت وەک: دابڕکردن، داپچڕین، لێسەندن..."(سالار، ١٩٩٣: ٣٨). بەڵام هەندێکی تر لەشارەزایان پێیان وایە، کە سەرچاوەی دروستبوونی وشەکە(alienation)ی ئینگلیزییە، ئەویش"وشەیەکە واتاکەی لەکاری(alienare) بەواتای دەگوازێتەوە، یان دەینێرێت، یان وەریدەگرێت، یان دووردەکەوێتەوە. ئەم کارەش لەوشەیەکی لاتینی ترەوە وەرگیراوە، کە(alienus)ە، بە مانای هاوسۆزی دێت بۆ شتی تر، کە ئەمەش لەوشەی (alius) پێکهاتووە، کە بەمانای (هی تر) دێت"(رجب، ١٩٨٨: ٣١-٣٢). هەروەها "هەمان زاراوەی نامۆبوون لەزمانی ئەڵمانیدا واژەی(Wntfremduag)بەمانای نامۆبوون دێت بەرامبەر واژەی(Alienation)ی ئینگلیزی و فەرەنسی دەوەستێ، کە بەمانای گواستنەوەی موڵکایەتی لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر نەک لەڕێگای یاساییەوە، بەڵکو لەڕێگای دەست بەسەراگرتن و دزی کردن. هەروەها، بەمانای تێکچوونی عەقڵ

دێت. یان بەمانای، نابەدڵبوونی پەیوەندی نێوان کەسەکان دێت، بەڵام لەفەرهەنگی نوێدا بەمانای نەمانی پەیوەندی مرۆڤایەتی و پەیوەندی مادە شوێنی دەگرێتەوە"(خوارەحم، ٢٠١٦: ٧١). جێی ئاماژەیە، "ئەڵمانییەکان زیاتر لەچاخەکانی ناوەڕاستەوە(Fremd) یان بە مەبەستی تاڵانکردن و داگیرکردن بەکارهێناوە"(عیسا، ٢٠١٣: ٨١). کەواتە، نامۆبوون لەڕووی زاراوەوە لەبواری یاساییدا، لەزمانی ئینگلیزی و فەرەنسیدا، بە مانای گواستنەوەی موڵکداری لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگەیەنێت. لەبواری پزیشکیشدا بەمانای تێکچوونی عەقڵ دێت، بەڵام لەبواری پەیوەندی نێوان کەسەکاندا لەهەردوو زمانەکەدا بەتێکچوونی پەیوەندی و دۆستایەتی نێوان دووکەس دەوترێت.

لەفەرهەنگی زمانی فارسیدا، لەبەرامبەر وشەی (نامۆبوون)، وشەکانی "بی خویشتنی (بێ خۆیی، ناخود ئاگایی)، ناخویشتنی (نائاگایی لەخود)، الینە شدن (نەرمبوون)، جن زندگی (دێوانەیی)، خود دیگر پنداری (لەبەرچاوگرتنی ئەوانی دی) بەکارهاتووە"(دهخدا، ١٩٩٩: ١٠٢). یان، "بەواتای (از خود نخور) واتە (کەسێک کە گوێ بە قسەی کەسانی تر نەدات و دووریان بخاتەوە لەخۆی)، یاخود واتای (از خود گذشتن)، کە بە واتای گیان بەختکردن و چاوپۆشین لەژیان و سوود و قازانجی خۆی لەبەرامبەر ئەوانی تر دێت"(اعلمی، ٢٠١١: ٤٠). لەهەمان کاتتدا، نامۆیی بەوە پێناسەدەکرێت، کە"دوورکەوتنەوەیە لەنرخ و بەها ئەخلاقییەکان و مرۆییەکان و لەبیرکردنی بنەڕەتی بوون و نائاگایی لەخودی ڕەسەن و واقیعی، ونکردنی ڕێگای ڕاست و دروستی هیدایەت"(اقا حسینی، ربانی: ١٦٤).

لەزمانی عەرەبیشدا "وشەی (إغتراب) بەرامبەر نامۆبوون بەکاردێت، دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی سێ پیتی (غ ر ب)"(العتيبى، ٢٠١٨: ١٣) . دەبینین، بەچەند شێوەیەک و بۆ چەند مانایەک بەکاردێت وەک" (إغترب، إغتراب، إغترابي، تغريب.......)، کە هەریەک لەمانە بەپێی شوێن و مەبەستی قسەکەر واتا ئەدەن بەدەستەوە، بەڵام بەشێوەیەکی دیاریکراو، وشەی (إغتراب) بۆ مەبەستی نامۆبوون، بە سێ واتای جیاواز بەکاردێت، یان لەسێ ڕوانگەی جیاوازەوە سەیری واتای وشەکە دەکرێت، کە بریتین لە:

١. نامۆبوونی عەقڵی (الاغتراب الذهني) وەک نەخۆشییەکی دەروونی سەیرکراوە، نەخۆش بەجۆرێک ڕەفتار دەکات، کە جیاوازە لەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژی، هەربۆیە پەنا دەباتە بەر دوورکەوتنەوە لێی.

٢. نامۆبوونی دەروونی (الاغتراب النفسي) هەستکردن بە ونبوون و دوورەپەرێزی و دوورکەوتنەوە لەخەڵک.

٣. نامۆبوون لەوڵات(الاغتراب عن الوطن) دوورکەوتنەوە لەوڵات و ژیانکردن لەوڵاتێکی تر"(الحراسيس، ٢٠١٦: ١٠)

شایانی باسە، بەزیاتر ڕۆچوونمان بە نێو فەرهەنگی زاراوەی نامۆبووندا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە زۆرێک لەلێکۆڵەران زاراوەی نامۆبوونیان بەکارهێناوە بەمانای (نەمانی دەسەڵات، لەدەست چوون، جیابوونەوە لەخود، بێزاری، دوورەپەرێزی، نەمانی مانای ژیان و بێتاقەتی). بۆ ئەوەی لەناوەڕۆکی ئەم بەکارهێنانانەش تێبگەین، دەبینین نامۆبوون هەموو ئەم واتا و چەمکانە دەگرێتەوە، کەبریتین لە:

١. نامۆبوون بەمانای جیابوونەوە. جیابوونەوەی بەش لەگشت، یان جیابوونەوەی مرۆڤ لەنیشتیمان.

٢. نامۆبوون بەمانای گواستنەوە. نامۆدەبێت، دەگوازێتەوە.

٣. نامۆبوون بەمانای بابەتی. جیابوونەوەی لەشی مرۆڤ لەوانی تر. وشەی نامۆیی (Alien) بە ئینگلیزی، بۆ هەموو ئەو بێگانانە بەکاردێت لەدەرەوەی هەر وڵاتێک پەنای بۆ دەبەن.

٤. نەمانی دەسەڵات و توانا. هەستکردن بە دەستەوسانی و نەبوونی توانا بۆ ئەنجامدانی هیچ جۆرە کارێک.

٥. نەمانی مەبەست و ناواخن. هەڵسەنگاندنی نامۆبوون لەڕوانگەی نەمانی مەبەست و ناواخن لەلایەن تاکەوە.

٦. لەناوچوونی پێوەرەکان. نامۆبوون لای تاک دەگاتە ئەوەی، کە پێوەرەکان بوونیان نەمێنێت.

هەروەها واتای تر و شێوازی بەکارهێنانی زاراوەی نامۆبوون، لەچوارچێوەی "گۆشەگیری"یەوە دێت، ئەمەش بەزۆری بۆ باسکردن و لێکدانەوەی ئەو حاڵەتەیە، کە ڕۆشنبیر هەستی تاکێتی و توانای تێکەڵاوییە ڕۆحی و فیکرییەکانی نامێنێت. هەندێک لەلێکۆڵەرەوان ئەمە بەشێوە جیابوونەوەیەک لەکۆمەڵگە و ڕۆشنبیرییەکەی دادەنێن.(المغنية، ٢٠٠٤: ١٦-١٧). وەک دەبینین "مانای ئەم زاراوەیە چەندین جار بە درێژایی سەدەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لەگوتاری تیۆلۆژی (ئیلاهیناسی)دا بۆ مەودای نێوان مرۆڤ و خودا بەکارهێنراوە، لەتیۆرییەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا، بۆ لەدەستچوونی ئازادی بنچینەیی تاک بەکارهێنراوە"(مۆستۆ , ٢٠١٨، ٤).

وشەی نامۆبوون، لەفەرهەنگە کوردییەکانیش ئاماژەی پێکراوە، لەفەرهەنگی (هەنبانە بۆرینە)دا، واتای (بێگانەیی) بەرامبەر وشەی (نامۆیی) بەکارهێناوە و بۆ خودی کەسی نامۆ، وشەکانی (بیانی، بێگانە، غەوارە، غەریبە) ی بەکارهاتووە(موکریانی، ١٣٤٩: ٨٥٧) . لەفەرهەنگی خاڵدا (نامۆ: غەریب، نامۆیی، بێخەوی، بێ کەیفی) بۆ بەکارهاتووە(خاڵ، ٢٠٠٠: ٣٣١) ، هەروەها، لەفەرهەنگی کوردستاندا لەبەرامبەر وشەی (نامۆ)، (هۆگرنەگرتوو) بەکارهاتووە(موکریانی، ١٩٩٩: ٨٧١). "لەزمانی کوردی پەیڤی نامۆیی و نامۆبوون وەکو زاراوەیەکی داتاشراو بۆ فۆڕمی(Alienation)، کە بەرامبەر بە پەیڤی(الاغتراب)ە بە عەرەبی و (Entfremdung) نامۆیی و (Entausserung) بەواتای تازیبوون

(الانسلاخ) به ئەڵمانی، پەیڤە کوردییەکە "نامۆیی" پێچەوانەی دەستەمۆیە، هەرکەسێ بەرامبەر بە دەستەمۆکردن یاخی ببێت نادەستەمۆیە واتە نامۆ، هەروەها دەکرێ پەیڤی هاڤیبوون لەجیاتی نامۆیی بەکاربێ چونکی هاڤی: واتە جێمانەوە و گیرۆبوونی یان تێکەڵ نەبوونی لەگەڵ کۆمەڵەکەی. من هاڤیبوونم پێ ڕاستترە، چونکی هاڤی واتای تێکەڵ نەبوون و نەگونجان دەگەیەنێ، لەکاتێکدا نامۆ پێچەوانەی کەویکردنە و واتای کیوی دەدا، بۆ فۆڕمی نامۆیی مەرج نییە یاخییەکە نامۆبێت، دەکرێ دەستەمۆیەکە نامۆبێت"(نقشبندي، ٢٠٠٤: ٢٣). هەروەها لە(فەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکان)دا، کە لەلایەن (فەرشید شەریفی) یەوە ئامادەکراوە، فەرهەنگێکی(ئینگلیزی- فارسی- کوردی)یە، هەریەکە لەوشەی(Alienation)و وشەی(Estrangment)ی بەرامبەر بە وشەی نامۆبوون بەکارهێناوە، لەبەرامبەر وشەی (Alienation) وشەکانی (نامۆبوون، بێزاری، دوورکەوتنەوە، دوورەوڵاتی) بەکارهێناوە، لەبەرامبەر وشەی (Estrangment) وشەکانی(نامۆبوون، بەخۆنامۆبوون)ی بەکارهێناوە.( شەریفی، ٢٠٠٧: ٢٧ _ ١٤).

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە بەکارهێنانەکانی زاراوەی (نامۆبوون _ نامۆیی _ نامۆ) لەناو زمانی کوردیدا، وەک واتا بەپێی شوێن و جێگەی بەکارهێنان و مەبەستی قسەکەر دەگۆڕێت، ئەگەر کەسێک لەوڵات و شوێن و جێگەی خۆی دوورکەوتبێتەوە و چووبێتە شوێن و جێگەیەکی تر، ئەوە پێی دەڵێن کەسێکی (نامۆ)، نامۆ بە دەورووبەر و ژینگە و ژیانی شوێنە نوێیەکەی. لەلایەکی ترەوە زاراوەی (نامۆبوون)ەکە، زۆرتر بۆ ئەو هەستەیە، کەسێک ئەگەر لەشوێن و جێگەی خۆی دوور نەکەوتبێتەوە، بەڵام ئەم جۆرە هەستەی بۆ دروستبووبێت، کە دەکرێ سەرچاوەکەشی هۆکاری سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی بێت. واتە بەجۆرێکە کە هەستەکە زیاتر ناخەکییە(ناوەکی)، کاردانەوەیە زیاتر لەوەی، پەیوەندی بە گۆڕانی شوێن و جێگەوە هەبێت. نامۆبوون لەزمانی کوردیدا ، زیاتر مەبەست لەو کەسانەیە لەپەراوێزی کۆمەڵگەدان و ئارەزووی هیچ جۆرە هاوبەشێک ناکەن لەکایە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری ...یەکاندا.

لەمیانەی خستنەڕووی زاراوەی نامۆبووندا دەگەینە ئەوەی، بڵێین ئەم زاراوەیە، لەڕووی بەکارهێنانەوە گەلێک فراوانە، هەر کەسێک بەپێی پێویستی شوێن و جێگەی خۆی، لەقسەکردن و نووسین و بەرهەمە ئەدەبی و ئەکادیمییەکاندا، چۆنی بوێت ئاوها بەکاری دەهێنێت، ئەمەش سنورفراوانی زاراوەکە دەگەیەنێت، تەنانەت دەکرێ بەپێی گونجان و بەڵگە هێنانەوە ساغبکرێتەوە، کە مەبەست لەکام جۆری بەکارهێنانیەتی.

### ٣. چەمکی نامۆبوون

چەمکی نامۆبوون بۆ ئەو هەلومەرجانە بەکاردەهێنرێت، کە تێیدا ژیانی مرۆڤ لە ژێر دەسەڵاتی ئەو تەوژمانەدایە، کە دروستکراوی خودی ئەوە. واتە ئەگەر ئەو تەوژمانە لەدەرەوەی دەسەڵاتی

تاک خۆیەوە بێت، وەک لایەنی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، یان، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە لایەنی سایکۆلۆژی و دەروونی مرۆڤەکە خۆیەوە هەبێت. لەهەردوو حاڵەتەکەدا، کردەی مرۆڤ خۆیەتی و ڕەنگدانەوەکەشی لەسەر مرۆڤ خۆیەتی، ئەوەش بەهۆی ئەو جۆرە لەهەستیارییەی هەیەتی بەرامبەر بە شتەکان. لەکۆتاییدا مرۆڤ لەبەرامبەر ئەم جۆرە لەهەلومەرج، هەستێکی وای بۆ دروستدەبێت، کە جیاوازە لەو هەستە باوەی لەلایەن تاکەکانی تری کۆمەڵگەوە هەستی پێدەکرێت، بێگومان ئەمەش بەرەو نامۆبوونی دەبات. لەوانەش وەکو:(نامۆبوون لەدەوروبەر و ژینگە و ژیانی یان، نامۆبوون لەخودی خۆی).

ناساندن و پێناسەکردنی ئەم چەمکە بەهۆی فراوانییەکەیەوە، وایکردووە پێناسەکان زۆر و بیر و ڕاکان لەبارەیەوە زۆرتربن، بەشێوەیەک دەسنیشانکردنی پێناسەیەکی دیاریکراو کە ئەم چەمکە بناسێنێت، ئاسان نەبێت. واتە"نامۆیی وەک چەمکێک کە گەلێک واتا لەخۆدەگرێت، جۆرە ئەزموونێک دەنوێنێت، کە تیایدا مرۆڤ هەست بە نامۆبوون لە خود دەکات، ئەو کەسە وەک چەقی دەوروبەری لە خودی خۆیدا، یان وەک دروستکەری کردەوە و هەستەکانی ناژێت. واتاکانی نامۆیی هەمەجۆرەن، کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابوورین؛ دەکرێت کۆبەندیکەین لە هەڵوەشانەوەی پەیوەستبوونی تاک بە کۆمەڵەوە. بەواتای بێ توانایی فیزیکی لە گرتنی شوێن، کە پێویستە مرۆڤ بیگرێت و هەستکردنی بە پاشکۆبوون، یان بە هەستی ئینتما بۆ کەسێک، یان میکانیزمێکی تر، بەوەش مرۆڤ گیرۆدە و بگرە زەوتکراویش دەبێت. بەمەش هەست بە لەدەستدانی ئازادی، نائومێدی ، بە(شت) کردن objectification و دابڕان لەو دەوروبەرەی تیایدا دەژێت، لە ناخیدا سەرهەڵدەدات"(ئەلحەیدەری، ٢٠٠٨: ٢). لێرەدا دەگەینە ئەوەی، کە بڵێین سەرەتای بەکارهێنانی چەمکەکە، وەک هەموو شتەکانی تر، دەتوانرێت بگەڕێنرێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانییەکان، ئەوەش لەکاتێکدا، کە ئەفلاتۆن ویستی کۆمارێک دروستبکات جیاواز لەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا دەژیا. بۆ ئەمەش داوای لەزانایان و فەیلەسوفان کرد لەو داب و نەریتە ڕابکەن، بەخەیاڵ شوێنێک بۆخۆیان بدۆزنەوە، کە خەونەکانیانی تیادا بەدی بهێنن. وەک دەبینین، لەم دەربڕین و بۆچوونەی (ئەفلاتون)دا، بەڕاستەوخۆیی زاراوەی "نامۆبوون" بەکارنەهێنراوە، بەڵام لێرەدا مەبەست لەو واتایەیە، کە لەپێناساندنی چەمکەکەوە دەستمان دەکەوێت. پاشان بەکارهێنانەکەی دەچێتە خزمەتی بیریارانی ئایینییەوە. چونکە"نامۆبوون، بەزمانە نائاینییەکەی هاوواتای "گوناهە"، واتە وازهێنانی مرۆڤە لەخۆی، دەستبەرداربوونیەتی لەخودا لەناخی خۆیدا"(فرۆم، ٢٠٠٥: ٩٧)، کە ئەمەش دەکرێ لەدوو ڕووەوە لێی بکۆڵرێتەوە"یەکەم، وەک دابڕانی مرۆڤ لەخودا، کە بووە هۆی دەرکردنی ئادەم و حەوا وەک مرۆڤ لەبەهەشت. دووەم، بەواتای نامۆبوون لەخۆی وەک ئەوەی مرۆڤ ڕوویکردووەتە بتپەرستی و پەرستنی زیاتر لەخودایەک و بڕوابوون بە فرەخوایی"(مارف، ٢٠١٦: ١٧٩). لەکۆی هەردوو خاڵەکە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هەردوو هۆکار دوورکەوتنەوەیە لەسەرچاوەی سەرەکی دڵنیایی، کە

بوونی خوایە، لەبەرامبەر ئەم دووركەوتنەوەشدا، ونبوون و فرە بیروباوەڕی دروستدەبێت، تاكو بتوانرێت بەجۆرێك ئەو بۆشاییە لەتەنیایی، كە بەهۆی ئەو دابڕانەوە دروستبووە، پڕبكرێتەوە، بەڵام دەبینین بەوجۆرە نەكەوتۆتەوە و لەئەنجامدا مرۆڤ تووشی نامۆبوون بووە. "یەكەم بەیانكردنی چەمكی نامۆبوون لەئەندێشەی ڕۆژئاوادا لە(پەیمانی كۆن) بەناونیشانی بتپەرستی گەلاڵەكرا. ئەوەی پەیامبەران بە بتپەرستی لەقەڵەمی دەدەن، ئەوە بەو مانایە نییە كە مرۆڤ خودی زۆر پەرستیش بكات، بەڵكو بەو مانایە بتەكان دروستكراوی دەستی خودی مرۆڤن، واتە مرۆڤ ئەو شتە (بت) دروستدەكات و هەر خۆیشی ئەو بتە دەپەرستێت، بەم شێوەیە نامۆدەبێت بە بوونی خۆی"(فرۆم، ٢٠٠٨: ٦٨)، پاشان ئەم چەمكە لەڕووی فەلسەفەوە لەلایەن فەیلەسوفەكانەوە گرنگی پێدرا، بەتایبەتی لەكۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست بەدواوە، لەواتا ئاینییەكەیەوە گواسترایەوە بۆ واتا فەلسەفییەكەی، دواتر بووە هۆی جێی باسی شارەزایانی بواری دەروونناسی، "لەڕابردوودا وشەی (لەخۆ نامۆ) بۆ نەخۆشییە دەروونییەكان بەكار دەبرا"(فرۆم، ٢٠٠٨: ١٢٨)، لەبواری ئەدەبیشدا بەشێوەیەكی فراوانتر لێی كۆڵرایەوە.

كەواتە، نامۆبوون "دیاردەیەكی دەروونییە و لەئەنجامی كارلێككردنی كۆمەڵێك هۆكاری كۆمەڵایەتییەوە دروستدەبێت، لەوانە هەژاری، لێقەوماوی، و كارەساتی دڵتەزێن، ونبوونی هێز و پاڵپشتوپەنا و چارەسەرنەكردنی گرفتەكانی ژیان"(سەعدون، ٢٠١٣: ٢٨٩). بێگومان، ڕەنگدانەوەی ئەم جۆرە هۆكارانەش دەبێتە هۆی "لەدەستچوونی دەسەڵات و گۆشەگیری و تووڕەیی ڕق هەستان و پچڕان و تێكشكان لەواقعی ژیان"(ئاشنا، ٢٠٠٧: ٥). یان دەوترێت "بریتییە لەتەریكی و خۆ بەدوورگرتنی كەسێك، یان برینداربوونی هەستیەتی، یان ڕووت بوونەوەی مرۆڤ لەجەوهەری مرۆڤانەی خۆی. یاخود بریتییە لەحاڵەتێكی سایكۆ- كۆمەڵایەتی، كە بەشێوەیەكی تەواو زاڵ دەبێت بەسەر تاكدا و نامۆی دەكات و دووری دەخاتەوە لەهەندێ لایەنی واقیعییە كۆمەڵایەتییەكەی. یان دەوترێت بریتییە لەو بارە دەروونییە ساختەیەی، كە مرۆڤی تێدەكەوێت و نامۆ دەبێت. هەستكردنە بە لەدەستدانی توانا و واتا و پێوەر، لەئەنجامدا دەگاتە ئەوەی كە هەست بە تەنیایی بكات و لەخودی خۆشی نامۆبێت"(محمد، ٢٠٠١: ٨-٩). ئەم حاڵەتە دەروونییە وایلێدێت مرۆڤ بگاتە ئەو ئەنجامەی هەست بە لاوازی و دەستەوەستان بكات، چونكە "ناتوانێت لەگەڵ كۆمەڵ و دەرووبەردا بە جۆرێكی ئاسایی ژیانی سروشتی خۆی، وەك بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتی درێژەپێبدات، پەیوەندی لەگەڵ خودی خۆیدا و بەهەمان شێوە پەیوەندی لەگەڵ هەر كەسێكی دیكەدا لەدەست دەدات"(سابیر، ١٩٩٧: ٣٥). ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی كەسەكە سەربەستی خۆی لەدەست دەدات و دەگاتە ئەو باوەڕەی، كە بارودۆخێكی سەپێنراو بەسەریدا دراوە و پێویستە قبوڵی بكات.لەمانەوە دەگەینە ئەوەی كە، نامۆبوون "زیاتر حاڵەتێكی دەروونییە تووشی مرۆڤ دەبێت، پاش ئەوەی لەژینگەی كۆمەڵایەتی خۆی دووردەكەوێتەوە، یان لەنێو ژینگەی كۆمەڵایەتی خۆیدا هەست بە نەگونجانی دید و بۆچوون

و ژیانی خۆی لەگەڵ کەسانی دەوروبەری خۆی، لەنێو خێزان و کۆمەڵەکەی بکات"(عەبدولڕەحمان، ٢٠١٣: ١٦). کەواتە، نامۆبوون و هەستکردن بە نامۆیی، حاڵەتێکە ئەو کەسانە زۆرتر تووشی دەبن، یان هەستی پێدەکەن، کە بەجۆرێک لەجۆرەکان، تێڕوانێکی جیایان بۆ شتەکانی دەوروبەر هەیە، واتە بە بیر و هەڵسوکەوت و کاردانەوە، دەرخەری ئەم جۆرە لەهەستە بن، ئەویش بۆ ئەدیبان و نووسەران زۆرتر لەڕێی کارە ئەدەبییەکانیانەوە هەستی پێدەکرێت و دەتوانرێت بناسرێتەوە.

**٤. هۆکارەکانی نامۆبوون**

لەباسی زاراوە و چەمکی نامۆبووندا، تاڕادەیەک ڕوونبووەوە، دەکرێت بزانرێت، کە ئەم حاڵەتی نامۆبوونە لەچییەوە دروستبوویێت، بەڵام بۆئەوەی بە تەواوی بیانخەینەڕوو، لێرەدا ئاماژە بە هەندێک بیروڕا و لەسەر هۆکارەکانی پەیدابوون و سەرهەڵدانی ئەم چەمکە دەکەین. نامۆبوون تایبەتە بە مرۆڤ و مرۆڤ لەگەڵ ژیانکردن و گۆڕانکارییەکانی ناو ژیان و تەمەنی، تووشی دەبێت. واتە بەهۆی ئەو گۆڕانکارییانەوە بەرکەوتەی لەگەڵ ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی ژیانی و کاردانەوەی هەریەک لەو ڕووداوانە، ئەگەری ئەوەی هەیە ببێتە هۆی ئەوەی تووشی نامۆبوون ببێت. ئەم دۆخەش لەڕێگەی هەندێک هۆکارەوە ڕوودەدات. "یەکێک لەهۆکارە گرنگەکانی نامۆبوون، بوونی مرۆڤ خۆیەتی، چونکە لەم جیهانەدا مرۆڤ لەسەرەتای ژیانیەوە کەوتۆتە نێو چەند ململانێیەکەوە لەگەڵ دەوروبەر و کۆمەڵ و سروشتدا، لێرەدا ئاماژە بە هەندێک هۆکاری سەرەکی و دیار دەکەین کە بوونەتە مایەی نامۆبوونی مرۆڤ کە بریتین لە:

١. هۆی سروشتی وەک کارەساتە سروشتییەکان. نەخۆشی و قات و قڕی و برسێتی.

٢. هۆی ئابووری و بێکاری، دابەزینی ئاستی گوزەران، نەبوونی گرەنتی کۆمەڵایەتی.

٣. هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان ئەوانەی، کە پەیوەندییەکان بەکۆمەڵ و خێزانەوە هەیە(مەرگ).

٤. هۆکارە سیاسییەکان، وەک ڕاونان و بەندکردن و سەرکوتکردن.

٥. هۆکارە دەروونییەکان، وەک تێرنەکردنی حەزی سێکسی و هەستکردن بەکەمی"(قەرەچەتانی، ٢٠١٠: ١٨٧).

هەروەها (سەرکەوت سەعدی قادر)یش، لەکتێبی(نامۆیی لەڕۆمانەکانی سەلاح عومەر)دا، چەند هۆکارێکی دیاریکردووە، کە دەکرێت وەک کۆکراوەی هەموو ئەو پێناسانە و ناساندنانەی زاراوەکە سەیربکرێن و هەموویانی لەچەند خاڵێکدا کۆکردووەتەوە، بریتین لە:

١. ونبوونی بەها ئایینی و مرۆڤایەتییەکان لەژیانی هەرزەکاران و لاواندا.

٢. بوونی بۆشاییەک لەنێوان ڕۆشنبیری هەرزەکاران و لاوان، لەگەڵ ڕۆشنبیری گەورەکانی دەورووبەریاندا.

٣. داڕشتنی شێوازی ژیانی هەرزەکاران و لاوان لەلایەن کەسانی ترەوە، واتە تاک چارەنووس و ئاییندەی خۆی بەدەستی خۆی دیار نەکات، بەڵکو لەسەر ئەو پرۆگرامە بڕوات کە لەلایەن گەورەکانەوە بۆی دانراوە.

٤. نەبوونی هیچ ئامانجێک لای تاک، کە بیکاتە خاڵی بەردەوامی لەژیاندا.

٥. شەڕوشۆڕی بەردەوام و ڕاپەڕین و کوشتن و بڕین بەهۆی نالەباری بارودۆخی کۆمەڵگە لەڕووی سیاسییەوە.

٦. تێنەگەیشتن و نەناسینی تاک بۆ خودی خۆی، زۆرجار تاک خودی خۆی بەباشی ناناسێت بەهەڵە تێی دەگات.(قادر ، ٢٠٠١: ٤٨ -٤٩).

وەک دەردەکەوێت، هۆکارەکان جۆراوجۆر و زۆرن، مرۆڤەکان بەئاسانی دەکەونە ژێر کاریگەرییانەوە، بەپێی جۆر و تەمەن و ڕادەی تێگەیشتن و بیرکردنەوەیان لەبارودۆخ. لەو ڕووەشەوە مرۆڤی مۆدێرن زۆر زیاتر لەچاو مرۆڤانی پێشین تووشی نامۆبوون دەبن، ئەوەش بەهۆی جۆراوجۆرتربوونی ئەو شتانەی، کە کاریگەرییان هەیە. بەمانایەکی تر دیاریکردنی هۆکارەکان بەپێی سەردەم و هەلومەرجەکانی ژیان دەگۆڕدرێن و ئەو هۆکارانەی لەسالآنێکی دیاریکراو هۆکار بوون، ئێستا گۆڕاون، یان کاریگەرییان کەمتر بووەتەوە. ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە، کە خودی مرۆڤ خۆی بەردەوام لەگۆڕانکاریدایە، بەڵام تاکە شتێک، کە وەک خۆی ماوەتەوە، بوونی هەستکردنەکەیە، کە هۆکارەکان هەرچییەک بن، دەرەنجامەکەی نامۆبوونە.

# تەوەری دووەم

## چەمکی نامۆبوون لەڕوانگەی فەلسەفەوە

### ١. لەڕوانگەی هیگڵەوە

### ٢. لەڕوانگەی مارکسەوە

### ٣. لەڕوانگەی ئەریک فرۆمەوە

## چەمکی نامۆبوون لەڕوانگەی فەلسەفەوە/

فەلسەفە و فەیلەسوفان، وەک یەکێک لەسەرچاوە سەرەکییەکانی مەعریفە و زانین سەیرکراون و سەیردەکرێن، چونکە لەڕێگەیانەوە چەندین بیروڕا و بیرکردنەوەی نوێ سەبارەت بە چەمکە جۆربەجۆرەکان دروستبوون بەجۆرێکی جیاوازتر لەو تێڕوانینانەی پێشوو. ئەمە جگە لەوەی خودی "مانای فەلسەفە بریتییە لەحەزکردن بە دانایی، یان مەعریفە"(ئەلحەسەن، ٢٠١٢: ٣٤٧). هەروەها، فەیلەسوفیش ئەو کەسە دەگرێتەوە و بەو کەسە دەوترێت، کە بەشێوەیەکی زانستییانە و پشت بەستوو بە ژێری "بایەخ بە لێکۆڵینەوەی مۆرکی شتەکان دەدات و ئاشنای ئەو شتانەشە، کە ئەوانەی پێش خۆی پێی گەیشتوون لەسەر ئەو بابەتانەی هزری سەرقاڵ دەکەن"(ئەلحەسەن، ٢٠١٢: ٣٤٧). چەمکی نامۆبوون لەو چەمکانەیە، کە بەدرێژایی مێژووی بەکارهێنانی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، هەر سەردەمەو بەپێی هۆکار و کاروکاردانەوە و شێوازی تێگەیشتن و دونیابینی و جیهانبینی کەسەکان، گۆڕاوە، لەمەشەوە باسکردنە فەلسەفی و نافەلسەفییەکانیش گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. تەنانەت هەندێک لەشارەزایان پێیان وایە، کە بابەتی نامۆبوون"زیاتر لەهەڵسوکەوت و ژیانی ئەو کەسانەدا ڕەنگ دەداتەوە، کە بیرمەند و فەیلەسوفن، ئەوەش بەهۆی نووسین و وتە جۆربەجۆرەکانیانەوە لەبارەی دیاردەکانی دەوروبەریان لەژیان، کە هەمیشە هەوڵدەدەن بچنە قوڵایی شتەکان و بەشێوەیەک بیردەکەنەوە، تا بگەن بە ئەنجامێکی باوەڕپێکراو"(قادر، ٢٠١١: ٥٧).

لەفەرهەنگی فەلسەفیدا نامۆبوون بریتییە لە"نەگونجانی نێوان ماهیەت و بوون، نامۆبوونی کەمی و نەگونجان لەبارودۆخی ڕاستەقینە"(زیادە، ١٩٨٦: ٣٩). جا بۆ ئەوەی ڕوونتر چەمکی نامۆبوون لەڕووی فەلسەفەوە بخەینەڕوو، دەبینین هەندێک سەرچاوە ئاماژە بەوە دەدەن، کە بنەڕەت و بنەمای وشەکە یۆنانییە. زۆرێک لەمێژوونووسانی فەلسەفەش بۆ نووسینەکانی ئەفلاتۆنی دەگەڕێننەوە، بەجۆرێک ئەو یەکەم کەسە بناغەی بیری نامۆیی داناوە" کۆمارەکەی ئەفلاتۆن و تێڕوانینی ئەفلاتون بۆ ژیان، لەخۆیدا نامۆییە، بەو مانایەی ئەفلاتۆن ئەنتی واقیعەو دەیەوێت دونیایەکی یۆتۆپی بنیات بنێ، پەنا بردن بۆ یۆتۆپیا لوتکەی نامۆییە لای ئەفلاتۆن، هەروەک زۆرێک لەنووسەرانی دونیا، فەلسەفەی (سۆشیالیزم) لای مارکس بە هەمان یۆتۆپیاکەی ئەفلاتون وێنا دەکەن"(عەبدوڵا، ٢٠١٤: ٢١). بەم شێوەیەش "بیرەکەی بۆخۆی یەکەم نامۆبوونی هەستییە، کاتێک جیهانی دابەشکرد بەسەر (ڕەها-بوون)دا. ڕەها بریتییە لەجیهانی نموونەیی. بوونیش بریتییە لەجیهانی تاریکی و وێنەی شێوێندراو. دواتر کۆمارەکەی دەرخەری ئەم بیرەیە لەنامۆیی"(الالوسی، ٢٠٠٣: ١٢). تەنانەت وتە بەناوبانگەکەی سوقرات (خۆت بناسە) نموونەیەکی ڕاستی نامۆبوونی مرۆڤە لەخودی خۆی، چونکە بەهۆی هەست نەکردن بە بەها و نەناسینی خۆی، وایلێدێت لەخۆی دووربکەوێتەوە و ببێتە هۆی ونبوون و نامۆبوونی خودی خۆی. پاشان سەرەتای بەکارهێنانی ئەم چەمکە وەک چەمکێکی فەلسەفی، لەناو ئەورووپییەکان، لەسەدەکانی هەژدە و نۆزدە دەرکەوت و دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆسۆ، واتە"ڕۆسۆ

یەکەمین کەسە زاراوەی نامۆیی بەکارهێناوە و پێی وابووە، کاتێک هەندێ لەنوێنەران بە نوێنەرایەتی کردنی گەل هەڵدەستن، ئەوا ئەو گەلە ناتوانێت سەروەریتی خۆی پیادەبکات و لەچوارچێوەی نیشتیمانەکەیدا گۆشەگیر دەمێنێتەوە و هەست بەنامۆیی دەکات"(بۆکانی، ٢٠٠٦: ٥١). واتە ئەو کەسانەی هەڵدەستن بەو نوێنەرایەتی کردنە، دەربڕی کۆمەڵە داواکارییەکی بەرووکەش گشتگیرن، خەڵکە ئاساییەکە پێویستە پیادەی یاسا و ڕێسا و بڕیارە دیاریکراوەکانی ئەوان ببن، بەمەش جۆرێک لەخۆسەپێنی یاسایی دەردەکەوێت، تا ئەوەی بڕیارێکی دەستەجەمعی گشتی بێت. بە واتایەکی تر، ئەو نەتەوەیە "پەیڕەوی سیستمی دیموکراسی نەکردووە و نوێنەرەکان تەنیا بیر لەبەرژەوەندییە تایبەتییەکانیان دەکەنەوە و بیریان چووە، کە نوێنەری خەڵکن"(قادر، ٢٠١١: ٦٧)، بێگومان "ئەمەش دەبێتە هۆی نامۆبوونی تاک لەپێناو کۆمەڵگەدا"(علي، ١٩٩٧: ٣٢). پاشان ئەم جۆرە لەهەستە دەگوێزرێتەوە بۆ هەموو خەڵک و دەبێتە بەشێک لێیان، کە بەهۆیەوە "لەنامۆییدا دەسەڵاتێکی دەرەکی بە (زۆر) بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی و بەئەنجامدانی پرۆژەیەک بەسەر تاکدا دەدات و بەبێ ئەوەی ئەو تاکە پرسی پێبکرێت و ڕێگەی بدریت ئەو پرۆژەیە سەربەستانە هەڵبژێرێت"(کەمال، ٢٠٠٤: ١٤٢). لەڕاستیدا، ئەوەش دەبێتە هۆی هێنانە کایەی سیستمێکی سیاسی دیکتاتۆری، کە "یەکێکە لەسیستمەکانی فەرمانڕەوایی ستەمکاری، پشت بە پرەنسیپی فەرمانڕەوایی ڕەها دەبەستێت، ئەو فەرمانڕەواییەی، کە پشت دەبەستێت بە بەکارهێنانی شێوازەکانی ناچارکردن و توندوتیژی ستەمکاری بەرامبەر ئەو میللەتە، یان ئەو دەستەیەی فەرمانڕەواییان دەکات بەمەبەستی ملکەچ پێ کردنیان بۆ خواست و ویستی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا"(ئەلحەسەن، ٢٠١٢: ٢٥١).

هەر لەمیانی چەمکە فەلسەفییەکاندا، فەلسەفەی بوونگەراییش گرنگییان بەم زاراوەیە داوە و بەشێوەیەکی بەرچاو لەنووسینەکانیاندا بەکاریان هێناوە و ئاماژەیان پێداوە. دەکرێت بوترێت، بەشێکی سەرەکی پێکهاتەی نووسین و بیروڕاکانیان بووە. بە واتایەکی تر"کێشەی نامۆیی خۆی لەخۆیدا کێشەی بوونگەراییە، چونکە فەلسەفەی بوونگەرایی بەشێوەیەکی گشتی لەهەڵوێستێکی وەک هەڵوێستی نامۆیی دەستپێدەکات، هەربۆیە خاڵی دەستپێک لای بوونگەراکان بریتییە لەو شۆک و هەڵچوونەی لەناکاو مرۆڤ دەلەرزێنێت، کاتێک هەست دەکات ژیان هیچ واتایەکی نییە، بوونگەراکان، کە دەگەنە ئەم هەستە لەپڕ هەست بە نامۆیی دەکەن لەم جیهانەدا، بەڵکو هەر زاراوەی نامۆیی خۆی زاراوەیەکی بوونگەراکانە، کە لەنووسراوەکانیاندا دەردەکەوێت، هەروەکو لای ئەلبێر کامۆ(١٩١٣-١٩٦٠)بەناونیشانی(تێڕوانینی نامۆیی بۆ جیهان)"(العشماوی، ١٩٧٩: ٢١٦). کەواتە، نامۆبوون دەبێتە یەکێک لەبنەڕەتە سەرەکییەکانی پێکهاتنی بوونی مرۆڤ، لەڕێگەی بیرکردنەوەی مرۆڤ لەو بارودۆخەی تیایدایە، هەست بە بوونی خۆی دەکات و ئەو نائومێدییەی لەئەنجامی بیرکردنەوە لەبوون پێکیدەهێنێت، دەبنە بناغەی داڕشتنی بیرکردنەوە لای بوونگەراکان "بوونگەرایی، نامۆبوون بەهەند وەردەگرێت و بەڕوونی باسی لێوەدەکات، کە ژیان و کێشەکانی وا لەمرۆڤ دەکەن نامۆبن

به خۆیان، به نیشتیمان و تەنانەت لەگەڵ نیشتیمان و لەناو نیشتیمانیشدا"(جدوع، ٢٠١٠: ٢٠٣)، بەجۆرێک وایلێدێت ئەو کەسە وەک چەقی دەوروبەری، لەخودی خۆیدا یان، وەک دروستکەری کردەوە و هەستەکانی ناژێت"نامۆبوون تێکشکاندنی یاسا باوەکانە بۆ یاسا گەلێکی ئاڵۆز، هەموو کەسێ لەبەرامبەر ئەو یاسایانەدا ئەکەوێتە ململانێ، بەمەستی دۆزینەوەی ڕاستییەکان"(پاڵەوان، ٢٠٠٣: ١٦٦) لەبەرامبەر ئەم ململانێیە و ئەو پێکگەیشتن و پێکنەگەیشتنەدا، نامۆبوون دروستدەبێت، بەتایبەت لەدەسگیرنەبوونی ڕاستییەکان، کەسەکان تووشی ئەو جۆرە لەهەستە دەبن.

لەمەبەدواوە نامۆبوون وەک چەمکێکی فەلسەفی جیا و سەربەخۆ، کە باسکرابێت، لای هەریەک لە(هیگڵ – مارکس – ئەریک فرۆم) دەخەینە ڕوو. لەلای هیگڵ، وەک لایەنی فەلسەفی ئایدیا و بیر، لەلای مارکس، وەک لایەنی فەلسەفی ئابووری، لەلای ئەریک فرۆم، وەک لایەنی فەلسەفی دەروونی. کە هەریەکە لەم سێ فەیلەسوفە بە پێشەنگ دادەنرێن لەخستەڕووی ئەم دیاردەیە وەک چەمکێکی فەلسەفی سەربەخۆ.

### ١. لەڕوانگەی هیگڵەوە

هیگڵ بەیەکەمین فەیلەسوف دادەنرێت، کە چەمکی نامۆبوونی گواستەوە بۆ ئاستێکی گرنگ لەبیری فەلسەفی. بەجۆرێک لەڕێگەی خستنەڕووی ئەم جۆرە بەکارهێنانەی هیگڵەوە، دەتوانین لەبەکارهێنانی مارکس بۆ ئەم چەمکە تێبگەین. هیگڵ"لەپێگەیاندنی چەمکی نامۆییدا کۆمەڵێک پێشڕەوی لەپشت بوو. هەندێک لەم پێشڕەوانە کەڵکیان لەم زاراوەیە وەرگرت بەبێ ئەوەی نزیک ببنەوە لەمانا هیگڵی (یان مارکسی)یەکەی"(تۆم، ڤیکتۆر، ٢٠٢٠: ١١٧٠). بەشێوەیەک ئەو ئاڵوگۆڕی بیرەی لەنێوان ئەم دوو بیرە هەیە، توانی ببێتە پاشخانی ئەو گشتە لەگفتوگۆ و هەڵسەنگاندنەی، کە بۆ دیاردەی نامۆبوون لەکۆن و نوێدا کراوە و دەکرێت. بە واتایەکی تر" هیگڵ یەکەمین بیریاربوو چەمکی نامۆبوونی دەوڵەمەند کرد، بەتایبەتی ئەوکاتەی مێژووی مرۆڤی لەیەککاتدا بە مێژووی نامۆبوونی مرۆڤ لەقەڵەمدا"(فرۆم، ٢٠٠٥: ٩٧) ، تەنانەت "پێی وایە نامۆبوون واتە بەخۆنامۆبوون، کاتێک مرۆڤ ناتوانێت خۆی لەو جیهانە کۆمەڵایەتییەدا ببینێتەوە، کە تێیدا دەژێت، ئەوا بەخۆی نامۆدەبێت، هیگڵ لە(فینۆمینۆلۆگی ڕۆح)دا، بەخۆنامۆبوون بە ساتێک، یان شێوەیەک لەبزاڤی ڕۆح دەزانێت"(سابیر، ١٩٩٧: ٣٥)، هەر ئەمەشە وایکردووە، کە"بەباوکی ڕۆحی چەمکی نامۆبوون دابنرێت و پێی وایە، تەنیا لەفیکردا ڕوودەدات و هەر بە فیکریش دەیسڕینەوە و زاڵدەبین بەسەریدا"(بۆکانی، ١٩٩٩: ٢٣٦). بێگومان ئەمەش وایلێدەکات بەوە بناسرێت، کە فەیلەسوفێکی ئایدیالیستی بێ و هەر لەو ڕووەوە بۆ نامۆبوونیشی ڕوانیووە پێی وایە "نامۆبوون لەفیکردایە و تەنها لەحاڵەتی هۆشیاری دا ڕوودەدات، واتە نامۆبوون لای ئەم فەیلەسوفە (نامۆبوونی گیانە)، کاتێک لەخود دەردەچێت و دەچێتە جیهانی مەوزوعی، جیهانی مەوزوعیش لەگیانێکی نامۆبوون دا دروستدەبێت"(حەمە، ١٩٨٩: ٨١ )، بەجۆرێک ڕای وایە، کە ئەوەی

تووشی کێشەی نامۆبوون دەبێت"خەڵکانی زیندوو و ڕاستینە نین، بەڵکو کێشەی ئایدیای موتڵەقە کە وای لێدێ"(چەنگایی، ٢٠١١: ١٩٨).

هەروەها "هیگڵ باسی لەدابڕانی مرۆڤ لەکەلتوری خۆی کردووە، لەبەرئەوەی کەلتور ژیانەوەی گیانە، لەبەرئەو گرنگییەی هەیەتی لەدەسنیشانکردنی پێگەی تاک لەلای خۆیدا، چونکە مرۆڤ و کەلتورەکەی لەگەڵ خۆیدا دەژێت، نامۆیی لەلای زیادئەکات، واتا گیان لەناسینی خود لەجیهانە بابەتییەکەدا سەرکەوتوو نابێت"(الحيدري، ٢٠٠٨: ٣). هەر ئەمەشە وا دەکات پرنسیپی سەرەکی لە فەلسەفەی هیگڵدا یەکەمبوونی فیکرەیە، بەمەش"هیگڵ ناوەڕۆک و جەوهەری نامۆبوون و ناخودئاگایی لەم خاڵە شاراوەدا دەبینێت، کە تاکی مرۆڤ هەست دەکات، کە ژیانی کەسایەتی ئەو بەدەرە لەزاتی بوونی. واتە لەناو کۆمەڵگە و سیاسەتدا بوونی هەیە"(ابوالقاسم، ٢٠١٠).

بنجی فەلسەفی بۆ لێکدانەوەی نامۆیی لە ڕوانگەی هیگڵەوە بوونی فیکرەی ڕەهایە"بیرۆکەی ڕەها بریتییە لەناسنامەی خود و بابەت، کە لەناوەڕۆکدا بریتییە لەیەکێتی بوون و هزر. ئەوەی هیگڵ ئەنجامیداوە، بریتییە لەجیانەکردنەوەی هزر و بوون، بەڵکو هزر وەکو بوون تەماشا دەکات "(ئیسماعیل، ٢٠١٧: ٢٣٣)، واتە بوونی جیهان، خۆنواندن و دەرکەوتنی ئەو فیکرە ڕەهایەیە. لەبەر ئەوە هیگڵ باسی نامۆیی فیکری فەلسەفی دەکات. بەلای ئەوەوە گەوهەری نامۆیی لەوەدا نییە، کە گەوهەری مرۆڤ بە شێوەیەکی نامرۆڤانە، دژی خودی خۆی، خۆی بەشت دەکات، بەڵکو لەوەدایە، کە گەوهەری بەشەریی بە جیاوازو دژ بە فیکری ڕووت خۆی بەشت دەکات "لە ڕوانگەی هیگڵەوە، بەشەرییەت حاڵەتی نامۆیی لە خودی خۆیدا هەیە، لەبەر ئەوە پەیوەندییە نامۆکانی ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیری، پەیوەندی ڕەها و نەگۆڕ و ئەبەدین"(زلني، ١٩٩٠: ٦٧).

بەم پێیە ئەوەی لەسەر نامۆیی مرۆڤ بڕیار دەدات فیکرەی ڕەهایە، نامۆیی بەتێپەڕاندنی فیکرە چارەسەر دەکرێت. بۆ نموونە دەڵێت: "ئەو کۆیلەیەی بەرامبەر خاوەنەکەی نامۆیە ، بۆ ئەوەی ئەم نامۆییەی نەمێنێت ، دەبێت بیربکاتەوەو خۆی بە ئازاد بزانێت"(شاهين، ١٩٧٢: ٣٢). لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت. کە لەلای هیگڵ نامۆبوون، تێگەیشتنێک و دەربڕینێکی عەقڵی هەیە، بەتایبەت لەپەیوەندی تاک بە کۆمەڵگەکەیەوە. هەروەها ژیانی ژیری و عەقڵانی لای هیگڵ، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە بریتییە لەپێکدادانی بەردەوامی نێوان مرۆڤەکان بۆ تێگەیشتن لەوەی هەیە، لەگەڵ ئەوەی پێی دەوترێت (بوون)، بەراوردکردنی بەو ڕاستییانەی، کە مرۆڤەکان پێی گەیشتوون. واتە" نادیدەگرتنی جیهان و ئەوانیتری نێو جیهان، من دەکاتە بوونەوەرێکی نامۆ و دابڕاو و سەرئەنجامیش دەبینە سوبێکتێک بە ئاگاییەکی غەمگینەوە. لێرەوەیە گەر بێتو من ئاشتبوونەوەی سەراپاگیر نەخوڵقێنێت، ناتوانێت ببێت بە منێکی عەقڵانی، چونکە ئەو کاتە ئەم منە عەقڵانی دەبێت، کە بتوانێت بوون و جەوهەری خۆی لەنێو بوون و جەوهەرە عەقڵانییەکەی ستراکتۆری گشتیدا بدۆزێتەوە. هەروەها

هێشتا ئەم ئاشتبوونەوەیەش مرۆڤ  دەکات بە بوونەوەرێک، کە تەنها وەکو بەش و جوزئێک دەمێنێتەوە لەنێو گشتەکەیدا، کە تاکە ڕێگای خۆدۆزینەوە و خۆ ڕزگارکردنە لەو نامۆبوون و ونبوونەی بەهۆی خۆ دابڕینی لەجیهان و واقیعەوە تێیدەکەوێت"(عەزیز، ٢٠١٦: ١٠٨-١٠٩).

کەواتە، خۆدۆزینەوە و بوون بەیەک و نەمانی جیاوازی لەنێوان گشت و تاکدا، بوون بەیەک جۆر ڕاستی و گرێدانەوەی هەموو دەسەڵاتەکان بە ڕاستییەکی گشگیرەوە بیروباوەڕی سەرەکی هیگڵە و پێی وایە دەکرێت لەڕێگەی ئەم یەکگرتنەوە کێشەکانی نامۆبوون چارەسەربکرێت لەبەرئەوە"پێویستە کاری هەموو تاکێک لەپێناو گشت بێت و بۆ پێداویستیەکانی کۆمەڵگە بێت، هیچ نرخێک بۆ کارێک نییە، ئەگەر بۆ هەموو کۆمەڵگە نەبێت، چونکە نرخەکەی لەڕێی ئەو سودەوەیە، کە بۆ هەموو کۆمەڵگەیە، نەک تاک بەتەنیا "(العتيبي، ٢٠١٨: ٣٧ ). بێگومان ئەم جۆرە بیرە لەلای هیگڵ، بەمانای هەبوونی گشت بەرجەستەکە نایەت، بەڵکو بەو مانایەیە، کە ببێتەوە بە بیرە، یان ئایدیا بنەڕەتەکەی بوون، کە هەموو بوون پێش ئەوەی بەشێوەیەکی جیاواز تاکەکان بیربکەنەوە و هەوڵی بەدەستهێنانی کۆمەڵە شتانێک بدەن کە جیایان بکاتەوە لەو بوونە بنەڕەتە.

هیگڵ لەڕوانگەی ئەوەی هونەر و ئایین چ ڕۆڵێک دەبینن؟ پێی وایە "ئایین و هونەر بێتوانایانە لەوەی بەکاربن و بەسەر نامۆییدا زاڵببن لەڕووی پەیوەندی نێوان ئادەمیزاد و جیهان، ئایین حاڵەتێکی پاشەکشەیە بۆ ئیمان هێنان بە جیهانێکی دیکە، هونەریش حاڵەتێکی هەڵگەڕانەوەیە ڕووەو ئەزموونی تایبەتی هونەرمەندەکە. بەلای ئەو چارەسەرە فەلسەفییەکە لەدوو مەرجی پێشوەختەدایە، یەکەمیان تۆتاڵێتی شتەکان – گشتی – واتە جیهان –عالەم – ، ئەویدیکەش هەبوونی هۆشیارییە بە شێوەیەکی جودا لەئەو، جا ئەرکی فەلسەفەیە ئەو دوو مەرجە پێشوەختە بەیەکەوە گرێبدات، واتە ڕێنوێنی کردنی هۆشیاری بەرەو یەکەیەکی نوێی زێدە شکۆ لەو تۆتاڵییەدا"(حەوێزی، ٢٠٠٩: ٥٨). کەواتە، هیگڵ لای خۆیەوە جەختی ئەکردەسەر چەمکی ئازادی وەک دەسنیشانکردنێک بۆ ماهیەتی مرۆڤ، کە ئاشتەوایی نێوان مرۆڤ و دەوروبەری و هەروەها لەنێوان مرۆڤ و سروشتدا دەگەیەنێت. ئازادی و هۆشیاری و توانای بیرکردنەوەیەک کە بتوانێت سود بە بوونی گشتی بگەیەنێت، بیرکردنەوەیەک کە بتوانێت بابەت و بوون بەیەکەوە ببەستێتەوە و ببێتە ڕوانگەیەک بۆ دەرخستنی توانای تاکی بەشێک لەگشتی سەربەخۆ. کەواتە نامۆبوون لای هیگڵ لەدوو ڕوانگەوەیە (نامۆبوونی خود لەبابەت، نامۆبوونی خود لەکۆمەڵگە). یەکەمیان زۆرتر پەیوەندی بە لایەنی تاک وەک بیرکەرەوە هەیە، کە تاک بیەوێ خۆی جیابکاتەوە و خۆی بسەلمێنێ، بەجیاواز لەفیکری ڕەها. دووەمیان، ئازادی و خۆ بەدەستەوە نەدان لەبەرامبەر کۆمەڵە یاسایەکی کۆمەڵایەتی گشتی داسەپاودا.

**٢. لەڕوانگەی مارکسەوە**

کۆنترۆڵی مرۆڤ بەسەر سروشت بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر زیاد دەبێت. لای کارل مارکس، ئەم زیادبوونەی کۆنترۆڵ یەکێکە لەفاکتەرە دیاریکەرەکانی نامۆبوون. ئەگەر چی مارکس وێنایەکی هەمەکی و گشتی بەدەستەوە داوە و"لەتیۆرە گشتییەکەیدا، کاتێک فاکتەرەکانی کێبڕکێ و ململانێ و هاودژی نێوان چینەکانی کۆمەڵگە ڕاڤە دەکات، چەمکی نامۆیی کۆمەڵایەتی(social alienation)ی بەکارهێناوە"(ئەلحەسەن، ٢٠١٢: ٥٦٠).

بێگومان "تێگەیشتنی مارکس لەنامۆیی پەیوەندییەکی بنەڕەتی بە میتافیزیکی هیگڵەوە هەیە. پەیوەندییەکە لەدوولایەنەوە ڕەتدانەوەی ڕاڤەکردنی هیگڵە بۆ نامۆیی. یەکەم، مارکس نامۆیی بۆ بنەمایەکی میتافیزیکی ناگێڕێتەوە. دووەم، هەموو جۆرە جیابوونەوەیەکی بابەت لەخۆ، بە نامۆبوون پێناسە ناکات"(کەمال، ٢٠١٩: ١١٩)، بەڵام ئەم چەمکە پتر بۆ وەسفکردنی ژینگەی کار لەکۆمەڵگا پێشکەوتووە پیشەسازییەکان بەکاردەهێنرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە"نامۆیی لای مارکس دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە و تێیدا مرۆڤ هەست بە نامۆیی و دووری دەکات لەو شتەی، کە دۆزیویەتییەوە و خزمەتی کردووە و قوربانی لەپێناودا داوە"( ئەلحەسەن، ٢٠١٢: ٥٦٠). هەر بۆیە، "مارکس لەبەرهەمەکانیدا چەمکی لەخۆنامۆبوون شیدەکاتەوە، سێ لایەنی لێک جیادەکاتەوە کە بریتین لە: لەخۆنامۆبوونی (ئایینی، سیاسی، ئابووری)، هەرسێکیان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، بەڵام لایەنی ئایینی و سیاسی ئەوکاتە لەناودەچن، کە لەخۆنامۆبوونی ئابووری نامێنێت"(سەباح، ٢٠١٥: ١٠٥)، کە ئەو پێیوابوو نامۆبوون دەرەنجامی دابەشکردنی کارە لەپرۆسەی بەرهەمهێناندا. ئەمە بەو مانایەیە کرێکاران تەنها لە بەشێکی بچووک لەپرۆسەی بەرهەمهێنانی بەرهەمهێنراوێک پسپۆڕییان هەیە و کارەکەیان تەنها مۆنتاژی پارچەی جیاوازە. شێوە تازەکانی بەرهەمهێنان پرۆسەی بەئامێریبوون، پسپۆڕگەرایی و خڕبوونەوە بوو، چونکە ئەم توانا تازەیە، لە ژینگەی کاردا، ئامێر ببێتە بەدیلی هێزی فیزیکی مرۆڤ، بەم چەشنە کرێکاران ناتوانن کۆنترۆڵی خۆیان بکەن و دەکەونە ژێر کاریگەری کۆنترۆڵی ئامێرەوە. لە ئاکامدا، ئامێر دەبێتە جێگرەوەی ژمارەیەکی زۆر لە کرێکاران"لەئەنجامدا بەوتەی مارکس کرێکار تەنیا لەدەرەوەی کار هەست بە خۆی دەکات"(ت.ز. لاڤین، ٢٠١٧: ٤٢٥) بەو چەشنەی کرێکاران نەک تەنها بە بوونەوەری کۆمەڵایەتی بەڵکو بە بەشێک لە بازاڕ دادەنرێن. "کەواتە، نامۆیی دەبەستەوە بە کاری کریگرتەوە و جێگیربوونی مرۆڤ تیایدا. چونکە مرۆڤ کار بەرهەم دێنێت و ئەبێتە کۆیلەشی، واتا هەست بە نامۆبوون ئەکات لەوەی بەرهەمی دێنێت. ئەو نامۆبوونەش تا دێت پەرەئەسێنیت، ئەگەر بزانین، کە لەکاردا بواری ڕاستەقینە هەیە بۆ خستنەڕوو و گەشەپێدانی تواناکانی تاک. بەو شێوەیە مارکس نامۆیی لەو دیاردە فەلسەفییەی، کە لای هیگڵ هەبوو، گۆڕی بە دیاردەیەکی مێژوویی بە کۆمەڵێک بنەماوە، کە ئەکێشرێتە سەر کۆمەڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا. بەوەش مارکس چەمکی نامۆیی بەکارهێنا بۆ وەسفکردنی "نامرۆڤبوون dehumanization"، کە لە گەشەسەندنی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لەکۆمەڵگەی

سەرمایەداریدا دێتەکایەوە"(الحیدري، ٢٠٠٨: ٤). مارکس نامۆبوونی کرێکاران لە چوار ئاست دەخاتەڕوو:

یەکەم: نامۆبوون بەرامبەر بە پرۆسەی بەرهەمهێنان.

دووەم: نامۆبوون بەرامبەر بەرهەمهێنراوی وەربەرهاتوو.

سێیەم: نامۆبوون بەرامبەر بە خێزان و کۆمەڵایەتی، کە کرێکار تێیدا دەژێت.

چوارەم: بەرامبەر بە خۆی.[١]

کرێکار بەرامبەر بەپرۆسەی بەرهەمهێنان بێگانەیە، چونکە لەم پرۆسەیەدا نە شتێ بۆ خۆی بەرهەمدەهێنێ و نە بەکاربەری بەرهەمهێنراوی خۆی دەناسێنێت. ئەوان بەرهەمهێنراوی خۆی بۆ بازاڕی ناکەسیی و ئەبستراکت بەرهەم دەهێنن. وێڕای ئەوەش کرێکاران خاوەنی ئامرازی بەرهەمهێنانیش نین. تەنانەت کرێکار بەرامبەر بە بەرهەمهێنراوی کاری خۆی بێگانەیە، چونکە ڕۆڵیان لەم بەرهەمهێنانەدا سنوردارە، هیچ کرێکارێ ناتوانێ بانگەشەی ئەوە بکات، کە بەرهەمهێنراوی بەرهەمهاتووە تایبەتە بە کاری ئەو، هەروەها لەبەرامبەر ئەو کاڵایانەدا هەست بە نامۆبوون دەکات، کە بەرهەمی هێناون و دروستی کردوون و هەوڵ و ماندووبوونی لەگەڵ داون، بەڵام هی ئەو نین، بەڵکو هی خاوەن کارن، چونکە ئەو خاوەنی تەواوی ئامڕازەکانی بەرهەمهێنانە.

ئەمە جگە لەوەی نامۆبوونی کرێکار تەنها لەدوورکەوتنەوەی لەخاوەن کار و ئەو کاڵیانەدا کورت نابێتەوە، کە بەرهەمی هێناون، بەڵکو نامۆبوونیشیەتی لەبەرامبەر هەوڵ و کۆششەکانی، هەر لەبەر ئەوەشە"کارل مارکس بۆ (کار) ڕازییە بە باڵاترین بەها و دەشڵێت: مرۆڤ لەڕەوتی کاردا خۆی دەخوڵقێنێت و سروشتی خۆی بەدەست دەهێنێت. بەم پێیە ژیان کردن واتە کار کردن. بەم بەڵگەیەش مارکس کارکردن ناو دەنێت بە (دەرکەوتنی ژیان) ئەم دەرکەوتنی ژیانەش دەکرێت ببێتە هۆی نامۆبوونی خودی ژیان. ئەم کێشەیەش کاتێک دێتە پێشەوە، کە پاڵنەری کار نە (نیازی دەروونی)

---

[١]. بەپێێ ئەو سەرچاوانەی کەلەبەردەستمان بوون، بەشیوەیەکی گشتی ئاماژەیان بەم شێوازە لەپۆلێنکارییە کردووە لای مارکس، بۆیە ئێمەش بە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن و پشتبەستن بە پۆلێنکارییەکانی ناو سەرچاوەکان، توانیمان بەم شێوەیە دایانبڕێژینەوە. سەرچاوەکانیش ئەمانەن:
١- مارف، سەلام، نامۆبوونی ئایینی.
٢- فرۆم، ئەریک، چەمکی مرۆڤ لای مارکس.
٣- کەمال، د.محمد، مارکس وەکو فەیلەسوف.
٤- کەمال، د،محمد، بوون و داهێنان.
٥- سەباح، سوارە، نامۆبوون لەڕوانگەی مارکسەوە.
٦- مۆستۆ، مارچێلۆ، گەڕانەوەی دووبارە بۆ چەمکی نامۆیی مارکس.
٦- العتیبي، د.طارق بن موسی الإغتراب دراسة تأصیلیة.
٧- کۆمەڵێک نووسەر، مارکس وە فەیلەسوف دنیای سەرقاڵکرد.
٨- سۆران، حسێن، کارل مارکس و ئەفلاتۆن لەتۆتالیتاریزمی فیکرەوە بۆ تێرۆرکردنی بەهای ئازادی.
٩- حەسەن، شاکار یوسف، چەمکی نامۆبوون لەبەرهەمەکانی کارل مارکسدا.

بەڵکو (نیازی دەرەکی) یاخود «هەماهەنگ» بێت. واتە مرۆڤ کاتێک ناچار بێت بۆ پەرەپێدانی ژیانی خۆی، کاری خۆی و لەڕاستیدا خودی خۆی، نەک کاڵا بفرۆشێت"(ابولقاسم، ٢٠١٠).

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، کرێکاران بەرامبەر خێزانی خۆشیان هەست بە نامۆبوون دەکەن، چونکە ماڵ و ژینگەی کاریان دوو ژینگەی تەواو لە یەک جیاوازن. بە دەربڕینێکی تر، ماڵ و حاڵیان لە یەک جیا دەبێتەوە، چونکە سەرمایەداران و کۆمپانیا مەزنەکان زەوی و ئامرازی بەرهەمهێنان بۆ خۆیان بەکاردەهێنن و خێزانی کرێکارەکان ناچارن لەو ناوچانەدا بژین، کە تیایدا پێویستی بە کاری کرێکاری هەیە. هەروەها کرێکاران بەرامبەر بە یەکتریش دەبن بە بێگانە، چونکە بۆ ژمارەیەکی سنوردار ئیشی کرێکاری بوونی هەیە بە ناچاری بەسەر یەکەوە دەبنە چاودێر. ئەم چاودێرییە دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانن پەی بە تەوژم و هێزی بەکۆمەڵ ببەن و دیاریکەری هەلومەرجی کاری خۆیان بن. "بۆ ئەو مەبەستەش مارکس پێی وایە، ئەو کاتەی جیاوازی چینایەتی پەیدابوو، لەخۆنامۆبوون ڕەگ و ڕیشەی پەیدابوو، وایلێهات مرۆڤ کۆنترۆڵی خۆی لەدەستبدات لەڕێگەی بەرهەمهێنراوە ماددییەکان، خۆی بەدەستەوە بدات لەبەرامبەر کایە سیاسییەکاندا"(بزرگي، ٢٠١٧: ٩).

لەکۆتاییدا، کرێکاران بەرامبەر خۆشیان بێگانە دەبن، چونکە توانا و لێهاتوویەکانیان بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەویتر بەکاردەهێنێت. لێرەوە سەرمایەداری بەرهەمهێنەری هۆشیاری درۆینەیە و دەتوانێ ویستەکانی مرۆڤ لە مێشکی بۆ ویستی دەستکرد بگۆڕێت، هەروەها کرێکار بۆ کەمبوونەوە ماددی و ناماددییەکان، خۆی سەرزەنشت دەکات و بەرامبەر خۆشی نامۆ دەبێت. هەربۆیە، "مارکس بەگشتی لەو بڕوایەدا بوو، کە نەتەنها خودا، بەڵکو دەوڵەت، نیشتیمان، خاوەندارێتی، سەرمایە دروستکراوی مرۆڤە، خۆ بەفیداکردن و خۆبەدەستەوانیان لەبەرامبەر ئەمانە، وەک بەندەیەکیان لێدەکات و لەئەنجامدا تووشی نامۆبوونی سیاسی، ئایینی، ئابووری، کۆمەڵایەتی دەبن"(بزرگی، ٢٠١٧: ١٧). بەهەمان شێوە مارکس، دیاردەی نامۆبوون بەسەر سیاسەتیشدا پراکتیزە دەکات و دەڵێت: "تاک بۆ ڕێکخستنی کاروبارەکانی و کۆتایی هێنان بە ناکۆکی نێوان خۆی و ئەوانی دیکە دەوڵەت دروستدەکات، بەڵام زۆر بە خێرایی بەهۆی ئەو کەلێنە گەورەیەوە، کە لەنێوان ئەو و دەوڵەتدا بەدی دەکات، هەست دەکات نامۆیە پێی، لەمەوە لەدەوڵەت دەترسێت و وردە وردە لێی دوور دەکەوێتەوە. لێرەوە تاک نامۆ دەبێت بە دەوڵەت"(ئەلحەسەن، ٢٠١٢: ٥٦١).

لەلای مارکس هونەر و جوانی و هەموو بنەمایەک بۆ بینین و هەڵسەنگاندن، پەیوەستە بە نەمانی نامۆبوون و بە چارەسەرکردنی لەڕێگەی بە دیهێنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروستلەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە دەتوانرێت بایەخ بۆ هونەر و جوانیش بگەڕێنرێتەوە"تەنیا دوا بەدوای زاڵبوون بەسەر هەموو نامۆیی و مەودا کۆمەڵایەتییەکانە، کە فراوانی چێژ خوازیی زەین مرۆڤ، گوێیەکی مۆسیقاناس و چاوێک بۆ بینینی جوانیی فۆڕم و بەکورتی ئەو هەستانەی، کە دەتوانن چێژەکانی

مرۆڤ دەستەبەر بکەن، تاڕادەیەک گەشە بستێنن، تاڕادەیەک دروستببن"(ئیگلتۆن، ٢٠٠٨: ١١٤). ئەمانەش تەنیا لەڕێگەی"دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی دوور لەنامۆیی، کۆمەڵێکی بێ ناکۆکی چینایەتی، بە واتایەکی تر، بنەڕەتەکانی کۆمەڵ و پێوەندییەکان دەبێ وەک بنەما لەڕەگ و ڕیشەوە بگۆڕدرێن، بۆ ئەوەی مرۆڤی ئازاد و سەربەست بتوانێ نامۆیی لەناوبەرێت و وەک جەوهەرێکی ڕاستەقینەی ئازاد و ڕاستەقینە، بەبێ هیچ دڵەڕاوکێیەک لەبوونی خۆی دڵنیابێت"(عەزیز، ٢٠٠٦: ١٣٨). لێرەوە دەگەینە ئەوەی، کە بڵێین بیرۆکەی سەرەکی بۆ نامۆبوون لای مارکس، لەسێ لایەنەوەیە:

یەکەم، لایەنە ئایینیەکەیە، کە مەبەست لێی پەنا بردنە بۆ خودا و خۆبەستنەوە بە جیهانێکی ئایدیالی، کە بەجۆرێک ڕاکردنە لەواقیعێک بەزۆر بەسەرخەڵکدا سەپاوە، لەو ڕێگەیەوە دەیانەوێت، بەزۆر بێ یان بە خواستی خۆیان، لەو بارە داسەپاوە قوتاربن.

دووەم، لایەنە سیاسییەکەیە، کە لەڕێگەی حکومەت و دەسەڵاتدارانەوە دەخوڵقێنرێت، ئەم جۆرە لەنامۆبوونی دروستکردووە، تاک هەست بە ئاسایش و ئومێد لەژیان ناکات لەژێر سایەی ئەم جۆرە لەحکومڕانییەدا نەبێت.

سێیەم، لایەنە ئابوورییەکەیە، کە زۆرتر بەلای مارکسەوە گرنگە، خستنەڕووی لایەنی چینایەتی کۆمەڵگە، بووە بە بڕبڕەی پشتی بیروڕاکانی، بە نەمانی ئەم جۆرە لەنامۆیی"نەمانی خاوەندارێتی تایبەت، کێشەی نامۆبوون لەناودەچێ"( چەنگایی، ٢٠١١: ١٩٨)، دەکرێت چارەسەری دوو جۆرەکەی تریش، کە ئایینی و سیاسییە بکرێت.

### ٣. لەڕوانگەی ئەریک فرۆمەوە

ڕوانگەی ئەریک فرۆم تاڕادەیەکی زۆر هەمان جۆرە ڕوانگەی مارکس و فرۆیدە بۆ نامۆبوون، بەڵام جیاوازییەکەیان لەدوو خاڵی سەرەکیدا دەردەکەوێت.

یەکەم، مارکس لەڕێگەی ئەو کارانەی، کە مرۆڤەکان خۆیان ئەیکەن، لەدواییدا دەبنە کۆیلەی کاری خۆیان، جۆرە ڕقلێبوونەوەیەک بۆخودی خۆیان دروستدەبێت دەبێتە هۆی نامۆبوون، بەڵام لای ئەریک فرۆم، بابەتەکە بە فراوانتر سەیرکراوە، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، هەوڵی داوە بەشێوەیەکی گشتی تر، لەزۆربەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو کۆمەڵگەی تازەدا، لەبابەتی نامۆبوون بکۆڵێتەوە، کە تیایدا"نامۆیی حاڵەتێکە، مرۆڤ هەست دەکات بوونەوەرێکی لاوازە و بوونی پشت بەبوونی چەند هێزێکی دەرەکی دەبەستێت"(ئەلحەسەن، ٢٠١٢: ٥٦١).

دووەم، مارکس وەک فەیلەسوفێکی کۆمەڵایەتی، لەڕوانگەی کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئابوورییەوە لای وایە کەسەکان خۆیان ڕۆڵیان نییە لەدروستبوونی نامۆبووندا، بەڵکو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکە بەشێوەیەکی نەخوازراو ئەیسەپێنێت بەسەر تاکدا، لەبەرامبەردا ئەریک فرۆم وەک فەیلەسوفێکی

بواری دەروونی لەبابەتەکە دەکۆڵێتەوە، لەڕوانگەی تاک و جیابوونەوەی هەردوو لایەنی عەقڵی و بیری بە کاریگەری هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، بۆ بابەتی نامۆبوونی ڕوانیوە.

بەهەمان شێوە جیاوازی بیری فرۆم لەگەڵ فرۆیددا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە بەتەنها پاڵنەرە سێکسییەکان نین کە هۆکارن، بەڵکو پێکهاتەی کەسێتی تاک لەڕووی بنچینەی کۆمەڵایەتییەوە هۆکارن "ئەریک فرۆم بە گەڕانەوە بۆ بۆچوونەکانی مارکس و فرۆید، گەشەی بە چەمکی "نامۆیی alienation" دا و بەستییەوە بە ئەزموونی خۆی و چارەسەرییە کلینیکیەکانی، لەخاڵێکەوە دەستیپێکرد، کە جەخت ئەکاتە سەر پەیوەستبوونی دیالێکتی نێوان مرۆڤ و ژینگەی دەوروبەری. ئەوەی، کە فرۆم ئەیبەستێتەوە بە ئاڕاستەیەکی ئەخلاقی و دەروونی، نەوەک زادەی ململانێی ئابوری (کە مارکس ناویدەبرد)، یاخود بەرهەمی ململانێ سێکسی(هەروەک چۆن فروید وایدەبینی)، بەڵکو وەک بەرهەمی پرسە بوونگەراییەکان، شێوازی کەسێتی، بنچینەی کۆمەڵایەتی، خستویەتیە چوارچێوە مرۆییە فراوانەکەی"(الحيدري، ۲۰۰۸: ٥). واتە زۆرتر پەیوەستە بە لایەنی هۆشیاری تاک بەرامبەر بە کۆمەڵگە و دەوروبەر. بیرکردنەوە لەڕووی تاکەوە، دیاردەکە بەجۆرێکە خەمەکان ئەگەر هاوشێوەی یەکتر بن لای کەسەکان، بەڵام بیرکردنەوەکان وادەکات، کە شێوازێکی تاکێتی تایبەت وەربگرێت و جۆرێک لەمۆرکی تاکەکەسی پێوە دیاربێت. بە واتایەکی تر، هەستی نامۆبوون لای فرۆم لەبەرئەوەی پەیوەستە بە خودی کەسایەتی و تایبەتمەندییەتی تاک خۆیەوە، کەوایە سیفات و تایبەتمەندی ئەو تاکە وەردەگرێت و ئەبێتە جۆرێک لەناسنامەی تاکەکەسی، نەک ببێتە پێوەرێک بۆ کۆمەڵە کەسانێک، کە لەبوارێکی دیاریکراو کاردەکەن، یان پەیوەستبێت بە لایەنێکی دیاریکراو لەهەستی تاک. چونکە هۆکار بە بڕوای فرۆم زیاد لەهۆکارێکە و پەیوەستە بە ژینگە و جێگا و پێگەی ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکەوە. "لەڕوانگەی فرۆمەوە، کەسە لەپێشینەکان لەڕێگەی تێکەڵاوی یەکتری و هەوڵدان بۆ ناسینی کەسانی تری دەوروبەر جیاواز لەکۆمەڵگەی خۆیان، هەستکردن بەوەی، کە بەشێکن لەهۆزێک، کۆمەڵگەیەک، تێکەڵاوبوون لەگەڵ سرووشت، ئەم جۆرە لەهەستی نامۆبوونەیان کەمتر کردووەتەوە، بەڵام مرۆڤ لەسەردەمی نوێدا، لەگەڵ هەبوونی توانای زیاتر بۆ زاڵبوون بەسەر سرووشت، ئەم جۆرە تێکەڵاوییەیان بە بەراورد بە مرۆڤە لەپێشینەکان کەمترە، لەڕاستیدا ئەمەش تێئەپەڕێنێت، بەڵکو بەجۆرێکە، کە ملکەچی هەندێک یاسای سرووشتییە، لەو حاڵەتانەی توانای بەسەر هەندێک لەیاسا سرووشتییەکاندا ناشکێت، ئەمە وای لێدەکات تووشی جۆرێک لەهەستی گۆشەگیری و شکست ببێتەوە"(هاشملو، ۲۰۲۱: ۳). بە بڕوای فرۆم نامۆبوون"حاڵەتێکە تیایدا مرۆڤ خۆی وەک غەریبەیەک هەست پێدەکات. خۆی بە چەقی جیهان ئەژمار ناکات، خوڵقێنەری کردەوەکانی خۆی نابێت، بەڵکو کردەوەکان و ئەنجامەکان فەرمانڕەوایی ئەون، گوێڕاڵی ئەوان دەکات و تەنانەت دەشیانپەرستێت"(حماد، ۲۰۰٥ :٦٠). کەواتە، لەلای ئەریک فرۆم، هەستەکە زۆرتر پەیوەندی بە لایەنی تاک و خودی کەسەکانەوە هەیە، زۆرتر مەبەست لێی ئەو نامۆبوونانەیە، کە بەبێ گەڕانەوە بۆ

بوونی دەستەجەمعی و هاوشێوە، لەلای تاک دروستدەبێت. ئەکرێ ئەو نامۆبوونە ناوبنێین (نامۆبوونی خودی)، چونکە"کەسی گیرۆدە بە دیاردەی نامۆبوون نە لەگەڵ خۆی و نە لەگەڵ کەسانیتر پەیوەندی نییە. ئەو خەڵکانەی هەستێکی هاوبەش و عەقڵێکی تەندروستیان هەیە، خۆشی دەوێن بێ ئەوەی لەگەڵ خۆی یا جیهانی دەرەوەی خۆی لەبەرهەمهێنان نزیکایەتی هەبێت"(فرۆم، ٢٠٠٨: ١٢٨).

وەک دەبینین جۆرێک لەدابڕان لەنێوان خود و خاوەنی خود دروستدەبێت. تا وای لێدێت هەستی جیاوازی لەنێوانیان بەئاشکرا دەستنیشان بکرێت. مەبەست لەجیاوازیش ئەوەیە، کە کەسەکە بەجۆرێک هەڵسوکەوت دەکات، کە لەگەڵ خاوەنی خودی کەسایەتییەکە جیاوازە، واتە بە خودی خۆشی نامۆیە. لەسەرئاستی پێوەرە گشتییەکەش بە نامۆ سەیردەکرێت، کە ئەمەش دوو هەنگاو دووری ئەخاتەوە لەو ژینگە کۆمەڵایەتییەی تیایدایە. هەم وەک خود و هەمیش وەک گشت. بەشێوەیەکی گشتی بۆمان ڕوونبوویەوە کە، ئەریک فرۆم، لەباسکردن و خستنەڕووی هۆکارەکانی نامۆبوون، زۆرتر لایەنە تاکەکەسی و خودییەکەی مەبەستە، بە بەڵگەی ئەوەی هەموو ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی نامۆبوون، هەروەها ئەو دەرەنجامانەی لەنامۆبوونەوە دەسگیردەبن، بەزۆرینەیی پەیوەستن بە تاکەکەسەوە. هەروەک لەکتێبی (الإغتراب عند اريک فروم) دا (د.حسن حماد). ئاماژەی بەوە دەدات کە، (نامۆبوونی خودی) لەلای ئەریک فرۆم هۆکارەکەی ئەمانەیە:

١. دوورکەوتنەوە لەجەوهەری بوون. (لەم خاڵەدا نزیکایەتیەک لەنێوان بیری ئەریک فرۆم و هیگڵدا دەردەکەوێت، بەوەی کە هەردووکیان ئاماژە بە بوونێکی گشتی و ڕەسەن دەدەن. بەڵام لەوەدا لێی جیادەبێتەوە، کە ئاماژە بە دووجۆر لەبوون دەکات، کە ئەوانیش ( بوونی ڕەسەن، بوونی ناڕەسەن )ە، کە نزیکایەتی بیری لەگەڵ فەیلەسوفی بوونگەرایی، هایدیگەر زۆرتر دەبێت. چونکە ئەویش لە" کتێبی (بوون و کات)دا، ئاماژە بە بوونی ڕەسەن (دازاین) دەکات"(حەمە عەلی، ٢٠١٥: ١٨٤) .

٢. پەرستنی شتەکان. مەبەست ئەوەیە، کە مەرج نییە تەنیا بوارە ئاینییەکە بگرێتەوە، بەڵکو هەموو ئەو دروستکراوانەی دەستی مرۆڤ دەگرێتەوە، کە خۆی لەبەرامبەریاندا بێ دەسەڵات نیشاندەدات. هەر لەبواری ئایین، سیاسەت، کۆمەڵایەتی، ئابووری.....

٣. سەرچاوەی نامۆبوونی خود (ئازادی ئەرێنی ، ئازادی نەرێنی). لێرەدا مەبەست لەبەکارهێنانی ئازادییە لەڕووە ئەرێنییەکەی بۆ دروستکردنی پەیوەندی تازە و ڕزگاربوون لەنامۆیی. لەڕووە نەرێنییەکەشییەوە، ئاماژەیە بەوەی هەندێکجار ئەو ئازادییەی، کە مرۆڤ هەوڵی بۆ دەدات دەبێتە هۆی نائارامی و دوورکەوتنەوە و تەنهایی.

٤. شوێن کەوتنی زۆرینە. بەکوێرانە بڕیاردان لەسەر شتانێک زۆرینە دەیکەن، تاکەکەسیش بێ بیرکردنەوە هەمان بڕیاربدات و شوێنیان بکەوێت.

٥. ملکەچبوون بۆ هەستی (سادی، ماسۆشی). هەریەکە لەو دووهەستە جۆرێک لەناجێگیری دەروونی و نامۆبوونیان بە خود تێدایە، کە وایانلێدەکات، هەست بەوە بکەن کەسی سادی پێویستی بەوەیە، کە دەسەڵات و هەیمەنەی خۆی بەسەر کەسێکی تردا بسەپێنێ، کەسی ماسۆشیش وای دەبینێت، کە بێدەسەڵاتە لەبەرامبەر ئەو کەسەی کە دەیچەوسێنێتەوە و ئازاری دەدات.

٦. شوێن کەوتنی دەسەڵاتی نادیار. (حماد، ٢٠٠٥: ١١٦-١٧٥)

ئەگەر سەرنج لەم سەرچاوە و هۆکارانە بدەین، دەبینین هەموویان پەیوەستن بە خود و بیر و بڕیاری خودی کەسەکانەوە، بۆیە دەرەنجامەکەی زۆرتر ئەو نامۆبوونەیە، کە پەیوەست دەبێت بە خودی مرۆڤەکە خۆیەوە. چارەسەری ئەم جۆرە لەنامۆبوونەش، لەڕێگەی دوورکەوتنەوە لەهەریەک لەم هۆکارانە دەبێت، بۆ نموونە دوورکەتنەوە لەگەورەکردن و پەرستنی شتەکان، گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی سەرەکییان و دیسانەوە بڕواهێنان بە خود وەک سەرچاوەی سەرەکی بوونی ڕەسەن. بەشێوەیەکی گشتی فەیلەسوفەکان سەرهەڵدان و دەرکەوتنی نامۆبوون بەم شێوەیە پۆلێن دەکەن:

١. نامۆبوون لەکەسانی تر/ کرۆکی نامۆبوونەکە ئەوەیە کە، کەسانی تر دەبنە بێگانە لەکەسی نامۆبوو.

٢. نامۆبوون لەکۆمەڵگە/ کۆمەڵگە و پێکهاتەی کۆمەڵگە بەجۆرێکە، کە وابکات ئەم کەسانە بە ڕێگای جیاوازدا بڕۆن.

٣. نامۆبوون لەخود/ جۆرێکە لەئەزموون یان تایبەتمەندی، کە تاکەکەس تیایدا دەژی و نامۆیە بەو ئەزموونە، ئەمەش واتا بەجۆرێکە، کە تاکەکەس بوونی ڕەسەنی خۆی بەرجەستە نەکردووە.

# تەوەری سێیەم

# جۆرەکانی نامۆبوون

**جۆرەکانی نامۆبوون/**

ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکان لەگۆڕانی بەردەوامدایە، بەپێی ڕووداوەکان و ڕێگاکان و هۆکارەکانی ژیان. لەگەڵ ئەم گۆڕانکارییانەشدا کۆمەڵێک شتی نوێ دێنە ئاراوە، کە پێویستە تاک لەگەڵی هەڵسوکەوت بکات، ئەمەش لەکاتێکدایە، کە پێشتر بەرکەوتەی لەگەڵیان نەبووە، یان بەجۆرێک خۆی ئامادە نەکردووە بۆ ئەم گۆڕانکارییانە، بەڵام هێشتاش هەر لەگەڵی بەردەوامە و دەیەوێت خۆی بگونجێت. بێگومان، لەم نێوانی خۆ گونجاندنەشدا، مرۆڤ هەست بەجۆرێک لەناخۆشی و دوودڵی و لەدەستچوونی واتا و ئامانج دەکات. لەگەڵ هەستکردن بەوەی نامۆیە بەو واقیع و ژیانەی کە تیایەتی، تا کاتێک ئەو ڕێککەوتن و پێکەوە گونجانە دروستدەبێت، کە دەبێتە هۆی نەمانی ئەم جۆرانە لەهەستکردن، یان هیچ نەبێت گونجان لەگەڵیاندا. ئەمانە و هەندێکی تر لەنیشانە و دەرکەوتەکان، ئەنجامی دەرکەوتنی حاڵەت و دیاردەی نامۆبوونن، کە بەردەوام گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ و بەپێی سەردەم و پێشکەوتن و زیادبوونی پسپۆڕی و پێویستی ڕۆژ ، جۆر و شێوازی دەرکەوتنی نامۆبوونیش جیاوازە و دەگۆڕێن. وەک ئاشکرایە، بابەتی نامۆبوونیش لەژیانی مرۆڤەکاندا بەگەلێک شێوە و جۆری جیاواز بوونیان هەیە و دەرکەوتوون. لەو چوارچێوەیەشدا گەلێک لەشارەزایان و ڕەخنەگران، بابەتی نامۆبوونیان بۆ گەلێک جۆر دابەش و پۆلێن کردووە، لەوانەش وەکو:(نامۆبوونی خودی، نامۆبوونی جوگرافی، نامۆبوونی سیاسی، نامۆبوونی ئایینی، نامۆبوونی کۆمەڵایەتی، نامۆبوونی هزری، نامۆبوونی سێکسی، نامۆبوونی سۆفیگەری، نامۆبوونی ئابووری، نامۆبوونی سۆزداری، نامۆبوونی ڕۆشبنیری)[٢]

**نامۆبوونی خودی**

توێژەران ناکۆکن لەبارەی پێناسەیەکی دیاریکراو بۆ ئەم جۆرە نامۆبوونە، هەریەکێک بەپێی دونیابینی خۆی و ڕوانینی لەڕوانگەی پسپۆڕی و تایبەتمەندی خۆیەوە بۆ بابەتەکەی ڕوانیوە. "لەناویاندا ئەریکسۆن، لای وایە، کە نامۆبوونی خود پەیوەندی بە نەسەلماندنی خودەوە هەیە،

---

٢.بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:-

١.نوری، مژدە ئیسماعیل، نامۆیی لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا (جەمال غەمبار بە نموونە).

٢. قادر، سەکەوت سەعدی قادر، نامۆیی لەڕۆمانەکانی ( سەلاح عومەر )دا.

٣. ئاشنا، ئومێد، شێوە و ناوەڕۆک.

٤. سعید، پ.ی. نوزاد وقاص، ڕەهەندی دەروونی لەشیعری بێکەسدا.

٥. سەعدون، سامان عیزەدین، دەقە شیعرییەکانی گۆران لەڕوانگەی دەروونشیکارییەوە.

٦. قادر، ئارام محمد، نامۆیی لەشیعری کوریدا ( ١٩٧٥-٢٠٠٠).

٧. حەمەد، یوسف عوسمان، ئەنتی کەسایەتی (خەسڵەتی نامۆبوونی تاک).

٨. زلیخة، جدیدي، الإغتراب.

٩. جمشیدي، فاطمة، ملامح الإغتراب في شعر "علي فودة" و ردود فعلهعلیها.

١٠. صوفیة، حداد، نظریة الإغتراب في الفکر السوسیولوجي.

هەروەها ئەو کارانەی، کە سەلمێنەری بوونی خودێکی سەربەخۆیە، وایلێدەکات تووشی نامۆیی خودی ببێت"(سري، ٢٠٠٣: ١١٤) نامۆبوونی خود، لەهەموو سەردەمەکاندا یەکێک بووە لەباوترین جۆرەکانی نامۆبوون، چونکە پەیوەندی بە خودی مرۆڤ و جۆر و شێوازی بیرکردنەوەیەوە هەیە، کە لەڕێگەی ئەو بیرکردنەوانەوەیە ویستویەتی جۆرێک لەسەلماندنی خودی بەدەستبهێنێت، بەڵام کاتێک نەیتوانیوە ئەو مەبەستەی هەیبووە بیسەلمێنێت، تووشی نامۆبوون بووە. بەم پێیە"مرۆڤ پەیوەندی لەگەڵ بوونی ڕاستەقینەی خۆیدا لەدەست دەدات و بەپێی حاڵەت و ڕۆژگار هەرجارەی دەمامکێک دەپۆشێت و ناتوانێت خودی خۆی بێت، مەگەر لەچەند حاڵەتێکی دیاریکراودا نەبێت"(قادر، ٢٠٠٧: ٢٧)، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی متمانە نەمێنێت و تاک هەست بە لەدەستدانی دەسەڵات و ئیرادەی بکات و لەمەشەوە تووشی نامۆبوون دەبێت. لێرەدا دەکرێت بڵێین، من ئەبێتە منێکی دوو لایەنە. واتە منێک هەیە لەدەرەوە، خاوەن ئاگاییەکی گشتییە و خاوەن ئاکار و ڕەوشتەو کەسایەتییەکەی بەوە دەناسرێتەوە، کە ئاگایی هەیە بەرامبەر بەو شتانەی لەدەروبەر ڕوودەدەن و بەجۆرێک بووە بە بەشێک لەسیستمە گشتییە ئاگاییەکە، بەڵام هەر لەگەڵ ئەم کەسایەتییەشدا، منێکی تر هەیە، کە ئەکرێ بە منی ناخودئاگا، بەهەندێک کردەوە و بیرکردنەوە و ئاکارەوە، جیاوازە لەمنە خودئاگاکە. ئالێرەدا جیاوازی نێوان ئەم دوو منە، دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستکردن بە نامۆیی ناخەکی، کە زۆرتر پەیوەستە بەخود خۆیەوە و هۆکاری سەرەکی خودی منە. ئەمەش ڕاستەوخۆ دەمانباتەوە سەر پۆلێنکردنەکەی فرۆید. ئەوەش ڕوونە، کە لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر، هۆکارەکان و ڕێژەکەی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. واتە بەپێی گۆڕانی سەردەمەکان و سەرهەڵدانی شتی نوێ، ئەم جۆرە لەنامۆبوونەش، لەڕووی ڕێژە و شێوازەکانییەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام بەهەموو جۆرەکانییەوە، و لەهەموو سەردەمەکاندا، خودی مرۆڤ بووە بە قوربانی.

**٢. نامۆبوونی کۆمەڵایەتی**

کۆمەڵگە ئەگەر بەفلتەرێکی ڕێک و عەدالەت و پاکدا نەڕوات و تاکەکان هەست بەجیاوازی پلەو پایەی بیرکردنەوە و کۆمەڵایەتی و کەسایەتی و چینایەتی بکەن، لەهەمان کاتیشدا نەتوانن توانای خۆیان و ئەو دەرەنجامەی پێی گەیشتوون لەئەنجامی بیرکردنەوە لەدەرەوەی پرەنسیپی گشتی کۆمەڵگە دەربببڕن، کەواتە ئەم جۆرە نامۆبوونە دروستدەبێت. واتە "ئەگەر تاک لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەی تیایدا دەژی هەستی بە پچڕانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کرد و حەز و ئارەزوو و ئاوات و ڕاو و بۆچوونەکانی، (کە جیهانی ناوەوەی تاک پێکدەهێنێ) دژ بەو ئاوات و ڕاو نەریتی کۆمەڵەکەی بوو، (کە جیهانی دەرەوەی تاک پێکدەهێنێ و نەتوانرا لێک بکرێنەوە و بەردەوام مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵگە و دامەزراوەکانیدا لەململانێدا بووە)، ئا لەم کاتەشدا مرۆڤ هەست بەنامۆیی کۆمەڵایەتی دەکات، خۆی بە تاکێکی ئەو کۆمەڵە نازانێت"(قەرەچەتانی، ٢٠١٠: ١٨٩). کەواتە سەرچاوەی ئەم جۆرە لەنامۆبوون،

بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە مرۆڤ بەشێکە لەسروشت، کە تیایدا تاکەکان خۆیان بە بەشێک لەو سروشتە زانیوە، بەڵام کاتێک مرۆڤ دەکەوێتە ناو چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، کە بە کۆمەڵە یاسایەکی دیاریکراو دروستبووە لەکاتێکدا، کە مرۆڤەکە هەست بکات لەگەڵ ئەو جۆرە لەیاسا و ڕێسایانە نایەتەوە و جۆرە نەگونجانێک دروستدەبێت و دەبێتە هۆی هەستکردن بە نامۆبوون. ئەم بیروڕایە زۆرتر لای (جان جاک ڕۆسۆ) بەدیدەکرێت، هەروەکو دەڵێت: "مرۆڤەکان بە هاتنە ناو پەیمانێکی کۆمەڵایەتی سروشتی خۆیان لەدەستداوە. ئەو لەئاکاری شارستانێتیدا، ئاکارێکی نامرۆڤی دەبینیەوە و نامۆبوونی مرۆڤی لەکۆمەڵگەی مەدەنی نوێدا بەدیدەکرد"(مارف، ٢٠١٦: ١٩٤). هەروەها (دۆرکهایم) یش ئاماژەی بەم جۆرە لەنامۆبوون داوە و"زاراوەی نامۆبوونی خستە نێو زانستی کۆمەڵناسییەوە، لەلێکۆڵینەوە بەناوبانگەکەیدا کەلەسەر خۆکوشتن بوو" (محمود، ٢٠٠٠: ١٧) لێرەشەوە پەیوەندی لەنێوان نامۆبوون و کۆمەڵناسیدا ئاوەڵاکرد.

**٣. نامۆبوونی ئایینی**

ڕیشەی کۆنی ئەم جۆرە نامۆبوونە، بۆ چیرۆکی سەرەتای هاتنی مرۆڤ بۆ سەر زەوی دەگەڕێتەوە "کاتێک مرۆڤ باوەڕی وایە، کە تاوانی ئەنجامداوە، لەسەر ئەو تاوانە بە ژیانێک سزادراوە، کە شایانی ئەو نییە، لێرەدا بابەتی یەکەمین گوناە دێتە ئاراوە"(شەریعەتی، ٢٠١٤: ٥٦). شایانی باسە، وەکو شارەزایان بۆی دەچن دەکرێت بە دیارترین و کۆنترین جۆری بەکارهێنانەکانی نامۆبوون دابنرێت، چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە دەستپێکی ژیانکردنی مرۆڤایەتییەوە "ئایینە دێرینەکان لەدەرەوەی واتا نوێیەکانی نامۆبوون، جۆرێک تێڕوانینی تایبەت بە خۆیان بۆ نامۆبوون و بە جۆرێک لەجۆرەکانی نامۆبوونی مرۆڤیان خستووەتە ڕوو. دەربڕینەکانی ئەوان لەڕووی مێژووییەوە کەوتۆتە پێش دەربڕینە فیکری و فەلسەفییەکان، تەنانەت کەوتووەتە پێش دەربڕینە یاسایی و زمانەوانیی چەمکەکە"(مارف، ٢٠١٦: ١٧٧). هەروەها(فۆیەرباخ) پێی وایە"نامۆبوونی ئایینی، نوێنەرایەتی سەرجەم نامۆبوونەکانی مرۆڤ دەکات، جا فەلسەفی بێت، یان کۆمەڵایەتی، یان دەروونی"(حماد، ٢٠٠٥: ٥٧). پێشی وایە " ئەم نامۆبوونە، هەوڵدانی مرۆڤە بۆ وەرگێڕانی خۆی لەبوونێکی فیزیکییەوە بۆ بوونێکی غەیبانی"(باخەوان، ٢٠٠٧: ٦ ).

لەدێر زەمانەوە دوو بەرە هەبوون بۆ دیاریکردنی هۆکاری نامۆبوونی ئایینی. یەکەم پێی وایە، کە مرۆڤ کاتێک لەپەرستن و گوێڕایەڵی ئەو خوایەی دروستی کردووە، لادەدات، یان بەجۆرێک ڕێگا ڕاستەکەی لێ ون دەبێت، ئەو کەسە نامۆ دەبێت، بە گەڕانەوە و دۆزینەوەی ڕێگەی ڕاست چارەسەری ئەو نامۆبوونە دەکرێت. لەبەرامبەر ئەم بیروڕایەدا، کۆمەڵێکی تر پێیان وایە، کە دروستکردنی خودایەک و پەرستنی لەلایەن مرۆڤەوە، بڕواهێنان بەوەی، کە جگە لەخودی مرۆڤ خۆی خوایەک هەیە پێویستە گوێڕایەڵی بێ و کاروبارەکانی بداتە دەست ئەو خودایە "کەچی مرۆڤ لەو دۆخەدا بەهۆی ئایینەوە دەسەوسان و ملکەچ دەبێت لەبەرامبەر ئەو هێزە نادیارەدا، کە خۆی

تەسلیم بەو کردووە و توانا و دەسەڵاتی خۆی بەخشیوەتە ئایین و دامەزراوەکانی بۆ ئەوەی شتێکی بۆ بکەن"(ئەنگلس، ٢٠٠٥: ٢٤) بێدەسەڵاتی خودی خۆی لەبەرامبەر ئەو هێزە نادیارە نیشاندەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی نامۆبوونی خودی مرۆڤەکە. کەواتە نامۆبوون لەو دەلاقەیەوە دروستدەبێت، کە مرۆڤ تواناییەکەی خۆی داوەتە پاڵ خودایەک، یان دەسەڵاتێکی نادیار و زاڵ، لەکاتێکدا ئەو تواناییانە هیچ نین جگە لەبەرهەم و توانای خودی مرۆڤ خۆی.

### ٤. نامۆبوونی سیاسی

کاری سەرەکی سیاسەت، بریتییە لەهەوڵدان بۆ پاراستنی ئەو بنەما و پرەنسیپانەی، کە دەرخەری سەرەکی بیرەکەیەتی، ڕەنگدەرەوەی سیاسەتەکەیەتی، هەموو هەوڵێکیش دەدات بۆ شەرعیەت دان بەو بنەما و یاسا و پرەنسیپانە، چونکە"بە کورتی سیاسەت بە ئامرازێک وێنا دەکرێت، کە ڕۆڵی سەرەکی دەستەبەرکردنی سود و قازانج و مەسڵەحەتی تایبەتە، سەرخستنی بەسەر سود و قازانجی گشتیدا"(قانع، ٢٠١٢: ٩)، لەحاڵەتێکدا، کە سیاسەت بەجۆرێک ئەم ڕیتمەی لەشەرعیەت پێدان لەدەستبدات و ببێتە هێزێکی ستەمکار، بە ئاشکرا پێشێلی مافی تاک و کۆمەڵ بکات لەپێناو ماف و پێگەی خۆی، ئەوە لێرەدایە نامۆبوونی سیاسی سەرهەڵدەدات.

دەسەڵات و حکومەت، وەک زمان حاڵی سیاسەتێکی دیاریکراو لەوڵاتێکی دیاریکراودا، ئەگەر نەتوانێ وڵاتێکی ئارام و بێکێشە و دوور لەجەنگ و کوشتار بۆ تاکەکانی دروستبکات و تاک نەتوانێت بەشداری لەبڕیارە سیاسییەکاندا بکات و تاک هەست بەوە بکات، کە ڕازی نییە لەو دەسەڵاتە سیاسییەی هەیە، وای لێدێ تاکە ڕۆشنبیر و تێگەیشتووەکانی هەست بەوە بکەن، کە جۆرێک لەدژ و نەگونجان لەداواکاری و خواستی تاکەکان، لەگەڵ ئەو واقیعەی، کە هەیە، هەیانە. بۆیە تووشی نامۆبوون دەبن لەبەرامبەر ئەو دەسەڵاتە. بەلای (ڕۆبەرت دال)یشەوە "ئەم بەشداری نەکردن و خەمساردییە سیاسییەی کەسی نامۆ لەڕووی سیاسییەوە، پەیوەستە بەوەی هەست بکات هێنانەکایەی گۆڕانکاری شتێکی مەحاڵە و بەشداریکردنی ئەویش لەهەر شێوەیەکی بەشداری سیاسیدا، گۆڕانێک لەڕەوشی نالەبار و باوی کۆمەڵگە ناهێنێتە کایەوە"(عبدالله، ٢٠١٠: ٤٧). لەو ڕووەشەوە"فاکتەری شەڕ و جەنگ وەک فاکتەرێکی گرنگ پێناسەکراوە لەبەرهەمهێنانی نامۆییدا، چونکە کاتێک، کە شەڕ و جەنگ دەبنە ئەڵتەرناتیڤی دیالۆگ و تێگەیشتن، دۆخێکی دژواری سایکۆلۆژی بۆ ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایە دێتە ئاراوە، کە لەزۆرباردا دەبێتە هۆی نامۆیی تاکەکان "( قادر، ٢٠٠٧: ٢٢). ئیدی ئەم جۆرە نامۆبوونە، کاتێک پەیوەستبێت بە لایەنە فیکری و هزرییەکەیەوە دەکرێت هەموو خەڵک هەستی پێنەکەن، بەو واتایەی پەیوەندی بە دەسەڵاتی تێگەیشتن هەیە لەسەر ئاستی ئەو سیاسەت و ئەو کار و کردەوانەی، کە دەسەڵاتی سیاسی بەرهەمهێنەریێتی، بەڵام کاتێک ئاستەکە گۆڕا بۆ جەنگ و کوشتار، بابەتەکە دەبێتە واقیعێکی هەستپێکراوی دەستەجەمعی، کە هەموو خەڵکی ژێر دەسەڵاتی ئەو جۆرە لەسیاسەتە هەستی پێدەکەن و مۆرکێکی گشتی وەردەگرێت.

### ٥. نامۆبوونی جوگرافی

پەیوەندی مرۆڤ بە خاک و زێدەکەیەوە پەیوەندییەکی ئەزەلییە، هیچ مرۆڤێک نییە بتوانێت شوێنی لەدایکبوون و گەورەبوون و ژیانکردنی لەشوێنێک بە ئاسانی بیربچێتەوە. هەربۆیە شوێن و جێگە، بەبەشێک لەمێژووی بیری مرۆڤ هەژماردەکرێت، وەک مۆرکێکی کۆمەڵایەتی و دەروونی لەلای هەڵگرەکەی دەمێنێتەوە و لێی جیانابێتەوە. مەبەست لەم جۆرە نامۆبوونە، نامۆبوونی شوێنە، کە مرۆڤەکان بە هەرهۆکارێک بووبێت لەوڵات و جێگای خۆیان دوورکەوتوونەتەوە، کە زۆربەی جار بە زۆرەملێ و بەبێ خواستی خۆیان بووە، بەڵام هەستی غەریبی، بیری شوێنی لەدایکبوون، نەگونجان لەڕووی کەلتوور و هەڵسوکەوت و ئاستەکانی تری ژیان ئەم جۆرەی لەنامۆبوون دروستکردووە. دیارە"شوێن لەیادەوەری مرۆڤدا پێگەی تایبەتی گرنگی خۆی هەیە و بەتایبەت نیشتیمان و شوێنی لەدایکبوون. مرۆڤ بە ئاسانی ناتوانێت لەژێر کاریگەری هەژموونی ئەو یادگاری و بیرەوەرییانە دەربازبێت"(عیزەدین، ٢٠١٥: ٢٩٢). جوڵەی بەردەوام و کۆچی مرۆڤەکان بەبەردەوامی بەدوای شوێنێکی ئارام و بژێوی ژیان، وایکردووە ئەم جۆرە لەنامۆبوون سەرهەڵبدات، بەجۆرێک لەکۆتاییدا "ئەم جۆرە لەنامۆبوونە ئەگەر لەسەرەتادا بۆ جێگۆڕکێی شوێن گەڕابێتەوە، ئەوا بە پێپەڕبوونی کات بووەتە جۆرە نامۆییەکی ناوەکی، کە تەنیا لەناخی مرۆڤەکاندا هەست بە بوونی دەکرێت و مرۆڤی کردووەتە بوونەوەرێکی لەخۆنامۆبوو"(عەزیز، ٢٠١٤: ٦٨). واتە کاریگەرییەکە لەدوورکەوتنەوە لەشوێنێک، یان جێگایەکی دیاریکراوەوە، ئەگوێزرێتەوە بۆ ناو ناخی کەسی نامۆبوو، چونکە هەستەکە پەیوەستە بە ناخی کەسی نامۆبووەوە و بچێتە هەر جێیەک، یان شوێنێکی تر، تەنیا وەک یادەوەری و یادگارییەک شوێنی ڕەسەنی خۆی لەیادەوەری و بیریدا هەڵگرتووە. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا"مەبەست لەم جۆرەی نامۆبوون، جێهێشتن و کۆچپێکردنی تاکە لەناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراو، کە نیشتیمانەکەیەتی، بۆ هەر ناوچەیەکی تر، کە نامۆیە بۆی، لەبەرئەوە دەتوانین بە (نامۆیی نیشتیمان)یش ئاماژەی بۆ بکەین"(قادر، ٢٠١١: ٤٣ ).

### ٦. نامۆبوونی ئابووری

ئەم جۆرە لەنامۆبوونە، لەسەردەستی (مارکس) ناوی لێنراوە، کە تیایدا مەبەست لەو جۆرەیە، کە کرێکار ئەبێتە بەشێکی جیابووەوە لەو شوێن و جێگەیەی کاری تێدادەکات، لەکاتێکدا بەشێکە لەبەرهەمێنەر، واتە "مرۆڤ نامۆبووە لەئیش وکاری ڕۆژانەی، بەمەش لەخۆی و لەدەوروبەر و لەو ژینگەیەش، کە کاری تێدا دەکات نامۆدەبێت"(زلیخة، ٢٠١٢: ٥) . لەگەڵ (مارکس) نامۆبوون وەک دیاردەیەکی واقیعی و مێژوویی دەردەکەوێت، نەک وەک دیاردەیەکی میتافیزیکی و سەروسروشتی، نەک تەنیا دیاردەیەک بێت لەجیهانی بیرەکاندا. بۆیە ئەو نامۆبوون بە کارێکی مادی و کۆمەڵایەتی دەزانێت، نەک دیاردەیەکی پوختی فیکری، یان زەینی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە"نامۆیی ئابووری

بەمانای کەسێک دێت، کە سەلبی توانای لەکارێکی بەرهەم داردا بکرێت(واتە توانای زەوت بکرێت)، ئەمەش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ کۆمەڵگەی چینایەتیدا هەیە "(حەمە، ١٩٨٩: ٨١). لەڕاستیدا ڕەخنەی مارکس لەئابووری سەرمایەداری، هاوکات ڕەخنەیەکی ئاکاری و فەلسەفییە لەبارودۆخێکی سەپێنراو بەسەر مرۆڤ لەلایەن سەرمایەدارانەوە. هەر ئەمەشە ئەبێتە فاکتەری سەرەکی نامۆبوون لەلای، چونکە بابەتە ئابوورییەکان، مادام پەیوەستە بەخودی تاک، کەواتە ڕاستەوخۆ پەیوەست دەبێت بە لایەنە ڕەوشتی و ڕەفتارییەکانی خودی ئەو تاکانەوە. هەر بۆیە،"بە بۆچوونی مارکس مرۆڤ لەسەردەمی سەرمایەداریدا لەخۆنامۆیە و ڕەگی هەموو لەخۆنامۆییەکان لەخۆنامۆبوونی ئابوورییە، ئەمەش بە دوو شێوە دەردەکەوێت، کە بریتین لە:

١. یەکەم چەشنی لەخۆنامۆبوون دەگەڕێتەوە بۆ خاوەندارێتی تایبەت.

٢. دووەم چەشنی لەخۆنامۆبوون دەگەڕێتەوە بۆ بازاڕ"(حەسەن، ٢٠١٣: ٦)

کەواتە، نامۆبوون شتێک نییە لەدەرەوەی خودی مرۆڤەوە بێت، بەڵکو ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەو بوارەی مرۆڤ، کە خاوەندارێتی خودی خۆی لەدەستدەدات و خۆی وەک کاڵایەکی بازرگانی، کە لەبازاڕدا مامەڵەی پێوەدەکرێت دێتە بەرچاو.

**٧. نامۆبوونی هزری**

بیری سەرەکی و پەیدابوونی نامۆیی هزری، لای بوونگەراکانەوە سەری هەڵداوە، هایدیگەر وەک یەکێک لەبوونگەراکان، ئاماژە بە دووجۆر مرۆڤ دەدات، کە (بوونی ڕەسەن، بوونی ناڕەسەن)ن، لەئەنجامی بیرکردنەوە و تێفکرینەوە مرۆڤەکان دەتوانن بەوجۆرەی هەیە ڕازی نەبن و  جیاوازتر بیربکەنەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە"نامۆیی هزری، دوورکەوتنەوەیە لەجەوهەری ئایدیای مرۆڤایەتی، واتە کاتێک تاک بە عەقڵێکی تر بیردەکاتەوە، واتە فراوانکردنی سنورەکانی هزری دەسەڵات، لادان لەناوەڕۆکی بیرکردنەوەی مرۆڤ"(حەمەد، ٢٠٠٢: ٢٠١). لەڕاستیدا، ئەم جیاوازی بیرکردنەوەیەش، لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە کەسی ڕەسەن، پشت بەبڕیار و تێفکرینی خۆی سەبارەت بە بابەتەکان ببەستێت، ئەمەش وای لێدەکات جۆرێک لەنامۆیی لەڕووی بیرەوە بۆ دروست ببێت. هەربۆیە دەکرێت بیرکردنەوەکانی مرۆڤی ڕەسەنیش هەموو کایەکانی ژیان بگرێتەوە، گرنگترینیشیان، بیرکرنەوەیە لەبوون، گرنگی و بەهای بوون"بوونگەراییەکان پێیان وایە ژیانی مرۆڤ هیچ بەها و ئامانجێکی لەپشتەوە نییە و مرۆڤ لەبوونی خۆیدا ئەم بۆشاییە دەپێوێت، کە دەکەوێتە نێوان ژیان و مردنەوە. کەواتە دەتوانین لەژێر ناوی نامۆبوونی فیکری باس لەنامۆیی لەبوون بکرێت"(قادر، ٢٠٠٧: ٢٦). هەروەها (سارتەر) وەک یەکێکی تر لەبوونگەراکان پێی وایە"نامۆبوون حاڵەتێکی سروشتییە بۆ بوونی مرۆڤ و هەڵوێستێکی زۆر گرنگە لەجیهانێکی بێ مەبەستدا"(بۆکانی، ١٩٩٩: ٢٣٦). جگە لەمانەش نامۆبوونی هزری، دەکرێت خۆی سەرقاڵ بکات بەو بیرکردنەوانەی، کە

پەیوەستن بە چەمکی مردن و ژیانەوە، چونکە کاتێک مرۆڤ بیردەکاتەوە، کە ئەو هیچ دەستێکی لەهاتنی بۆ نێو ژیان نییە و بە ئارەزوو و خواستی ئەو نییە، لەهەمان کاتیشدا مردنیشی هەر بەو شێوەیە. واتە مرۆڤەکان لەپای بیرکردنەوەی لەوەی، کە بێدەسەڵاتن لەبەرامبەر دوو هەرە گرنگترین ڕووداوێک، کە بە دەستپێک و کۆتایی هاتنی ژیانیانەوە بەندە، لەمەوە تووشی نامۆبوونی هزری دەبن.

### ٨. نامۆبوونی ڕۆشنبیری

ڕۆشنبیر لەئەنجامی هۆشمەندی و بیرفراوانی مرۆڤی نوێخواز و بیرڕۆشنە لەچاو ئەو کۆمەڵگەیەی، کە تیایدایە نامۆدەبێت، ئەمەش لەکاتێکدا هەستبکات ئەو بیر و باوەڕەی، کە دەیخاتەڕوو پەسەندکراو نییە لای کۆمەڵگەکەی، لەکاتێکدا بڕوای تەواوی بەوە هەیە، کە ئەو ڕاستە، یان بڵێین پێی ڕاستە، بەڵام بەپێوەری کۆمەڵگەکەی نا. لەم کاتەدا ئەو کەسە ڕۆشنبیرە تووشی نامۆبوون دەبێت. بێگومان،"ئەمجۆرە لەنامۆیی سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هۆشیاری و هۆشمەندی تاکەکان، بە واتای ئەوەی زیاتر کەسانی ڕۆشنبیر و هۆشمەند دووچاری ئەم حاڵەتەدەبن، ئەویش لەڕێگەی خوێندنەوە و سەرنجدانی ئەو ناوەندە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەی، کە تیایدا دەژین کاتێک هەست دەکەن ئەو کەشوهەوا ڕۆشنبیرییەی، کە باڵی کێشاوە بەسەر ناوەندە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکاندا کۆن و چەقبەستوون و لەگەڵ ڕەوتی گۆڕانکارییە ڕۆشنبیرییەکانی ڕۆژگاردا گەشەناکەن، بەمانای ڕەتکردنەوەی ڕۆشنبیری گەل و جەماوەر دێت لەلایەن تاکەوە"(قادر، ٢٠٠٧: ٢٥).لەبەرامبەر ئەمانەشدا دەیانەوێت لەڕێی خستەڕووی بیروڕاکانیانەوە، ئەو چەقبەستووییەی هەیە لەبونیاتی بیری کۆمەڵگە نەهێڵن، کاتێکیش گوێ لەبیروڕاکانیان ناگیرێت و ئەو دەرەنجامەی پێی گەیشتوون ناتوانن بیخەنە بواری جێبەجێکردنەوە، ئا لەم حاڵەتەدا کەسانی ڕۆشنبیر و بیرکەرەوە، خۆیان بە نامۆ دەزانن و هەست دەکەن، بیرکردنەوەی ئەوان و کۆمەڵگە زۆر لەیەکەوە دوورە، لەبەر ئەوە هەوڵی دوورەپەرێزی دەدەن و نامۆدەبن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرچۆنێک بێت، دەبینین لێک نزیکییەک لەنێوان (نامۆبوونی هزری – نامۆبوونی ڕۆشنبیری)هەیە، ئەویش سەرچاوەی سەرەکی هەردووکیان، بریتییە لەبیرکردنەوە، بەڵام نامۆبوونی فیکری بابەتە هزری و فەلسەفییە قووڵەکان زیاتر دەگرێتەوە، ئەوانەی، کە لەسەر ئاستی یونیڤێرسالی بیر لەکێشە مرۆڤایەتییەکان دەکەنەوە. بەڵام نامۆبوونی ڕۆشنبیری، دەکرێت لەناو چوارچێوەی سنورێکی دیاریکراوی جوگرافیدا دیاری بکرێت. واتە زیاتر لۆکاڵییە.

### ٩. نامۆبوونی سێکسی

کاتێک پەیوەندییە سێکسییەکانی نێوان مرۆڤەکان بۆ پەیوەندییەکی کاڵایی دەگۆڕێت، ئەوا وەزیفە مرۆییەکانی خۆی لەدەست دەدات. سێکس جگە لەوەی، کە حەزێکە لەنێوان دوو ڕەگەز، وەک یەکێک

لەپێویستییە بنەڕەتییەکان بۆ بەردەوامبوونی ژیان سەیردەکرێت. بەڵام کاتێک ئەم پەیوەندییە لەبارە ئاساییەکەی دووردەخرێتەوە، دوورخستنەوە بەو مانایەی، کە سانسۆرێک دروست ببێت ئەم حەزە تێرنەکرێت، هۆکارەکەی چ ئابووری بێت، یان ئایینی، یان کۆمەڵایەتی، ئەوە دەبێتە هۆی نامۆبوون"گۆڕینی مرۆڤ بۆ کەلوپەل و کاڵا، واتە مردنی (من) لەمرۆڤدا، واتە مردنی هەموو هەستەکانی (من) لەمرۆڤدا، چونکە کەلوپەل یان شمەک (من)ی نییە "(سابیر، ١٩٩٧: ٣٧). سێکس کردەیەکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە حەزی تاکەوە هەیە، هەر گۆڕانکارییەک لەبیر و هزر و کردەوەی کەسەکان ڕووبدات، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئەم لایەنە هەیە" لەم بوارەدا نامۆبوون پەیوەندی بە تێکچوونی تێڕوانینی مرۆڤەوە هەیە بۆ مەسەلەسێکسییەکان، ئەمە لەکاتێکدا ڕوودەدات، کە وەک کەرەستەیەک بۆ تێرکردنی غەریزەیەکی دیاریکراو تەماشای سێکس بکرێت و بەها ڕۆحییەکانی لێ دابماڵرێت و کڕین و فرۆشتنی پیوە بکرێت "(بۆکانی، ١٩٩٩: ٢٣٤). جگە لەمانەش مرۆڤ لەگەڵ هەموو جۆرە سنوردانانێک کێشەی هەیە، بەتایبەت کاتێک، کە ئەو شتە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە حەز و هەستی تاکەوە هەبێ، سنوردانان وادەکات تاک هەست بە پێشێلکردنی مافەکانی بکات"بێگومان، هەموو ئەم چەپاندنانەش خودێکی نامۆ بە سێکس و قەدەغەکارییە سێکسییەکان بەرهەمدەهێنێت"(طه، ٢٠١٥: ١١)، لێرەوەیە نامۆبوونیش ڕوودەدات. لەبەرئەوەی ناتوانی بەئاسانی ئەوەی ئەتەوێ بەدەستی بهێنی، بەتایبەت ئەگەر سیستمێکی سەرمایەداری بووبێتە هۆی ئەوەی نەتوانی دەستت بەوە ڕابگات ،کە دەتەوێت، هەروەها کاتێک کەسەکان لەتەمەنێکی دیاریکراوی ژیانیان ئەم جۆرە هەستەیان بۆ دروستدەبێت، بەڵام بەهۆی کۆمەڵێک یاسا و ڕێسای ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە نەتوانێت ئەم حەز و هەستە تێربکات، ئەوا جۆرێک لەنامۆبوون بەرامبەر بە کردەکە دروستدەبێت و کەسەکان بە لەشی خۆیان و کردەوەکەش نامۆدەبن. لەم حاڵەتەیاندا، نامۆبوونەکە زۆرتر پەیوەستە بە نەتوانینی کردنی کارێک بەرامبەر بەو ڕێگرییانە هەیە. واتە ڕێگرییەکان لەلایەن کۆمەڵە شتانێکەوەیە، کە مرۆڤەکە دەسەڵاتی بەسەردا ناشکێت، بۆیە بەرامبەری نامۆدەبێت.

**١٠. نامۆبوونی سۆفیگەری**

سۆفیگەری، مێژوویەکی دێرینی هەیە، هەندێک دەڵێن، پێش پەیدابوونی ئایینەکان و ڕێبازە فەلسەفییە کۆنەکانی یۆنان سەری هەڵداوە، چونکە"دەبێت سۆفیزم بەیەکێک لەو قۆناغانە بزانین، کە فەلسەفە لەڕێگا و ڕەوتی کامڵبوونی خۆیدا تەیکردووە "(شەریعەتی، ٢٠١٠: ٩٢). ئەگەر یەکێک لەواتا و دەلالەتەکانی نامۆبوون دوورەپەرێزی و دوورکەوتنەوە لەخەڵک و کۆمەڵ بێت، ئەوا ئەم ناساندنە بۆ نامۆبوونی سۆفیگەری تەواو دروستە، چونکە"سۆفی کە ڕێگەی پاککردنەوەی دەروون دەگرێتە بەر، مەبەستی لەوەیە لەو واقیعە بترازێ، کە لێی نامۆ بووە و دەیەوێ بگاتە جیهانێکی نموونەیی و پەیوەندی لەگەڵ خوادا ببەستێ، لەلایەکی تریشەوە دەیەوێ لەجیهانی باڵا نزیک ببێتەوە، دوای ئەوەی بەهۆی هەڵەی ئادەمیزادەوە لێی دوورخرابوویەوە"(شوان، ٢٠٠٧: ٨). کەواتە، هەر دوورکەوتنەوەیەک

ئامانجێکی تاکێتی بۆ خودی سۆفی و دەستەجەمعی بۆ پەیڕەوانی سۆفیگەری هەیە، کە بریتییە لەگەڕانەوە بۆ لای خودا و بۆ سەرچاوەی دڵنیایی و جێیەک، کە هەموو کەسێک بۆ تێگەیشتن لەڕووی لایەنە فەلسەفی و دینییەکانەوە پەنای بۆ دەبەن. هەروەها، نامۆبوونی ئایینی لەئیسلامیشدا بەکارهاتووە، کە لەلای ئەمان "حاڵەتێکی ئەرێنییە، چونکە لەلای ئەمان ئارامی و دڵنیایی و دڵنەواییان تێدا بینیوە، هەر لەبەر ئەوەشە ئامانجیان نزیکبوونەوەبوو لەخودا، جگە لەئەو بیری کەسی تریان نەکردووە و داوای هیچیان لەهیچ کەسێکی تریش نەکردووە"(قریش، ٢٠٠٧: ١٣) ، ئەم جۆرە پشت بەستنە تەنها بە خودا، لەلای سۆفییەکان بۆ ڕزگاربوونە لەدونیا و لەنەفس و ئەو کاروکردەوانەی لەدونیادا هەن و مرۆڤ دووردەخەنەوە لەپەرستن. چونکە وەک وتمان ئامانجی سەرەکی لێرە خودایە و هەرکارێک و هەر شتێک لەخودا دووریان بخاتەوە، نابەجێ و جێی قبوڵ نییە.

**١١. نامۆبوونی سۆزداری**

ئەم جۆرە لەنامۆبوون، کە بەهۆی لەدەستدانی ئازیزێک یان کەسێکی خۆشەویستەوە دروستدەبێت، زۆرجاریش بەهۆی تێکچوونی پەیوەندی نیوان دوو کەسەوە یان بەهۆی دابڕانی دوو کەسی خۆشەویستەوە لەیەکتری دروستدەبێت، چونکە"خۆشەویستی وەک پەیوەندی و دەرکەوتەیەکی کۆمەڵایەتی، کە تیایدا هەستەکان چالاک دەبن، دیاردەیەکی کۆن و لەمێژینەیە"(سیوەیلی، ٢٠٠٤: ١٣)، هەر بۆیە ئەم دیاردەیە لەمێژە کەسەکان هەستیان پیکردووە. بە واتایەکی تر ئەوە مرۆڤە دەتوانێت پەیوەندی دروستبکات و واتا و نرخ و یاسا و ڕێسای بۆ دابنێت، کاتێکیش ئەم پەیوەندییانە تێکچوون و نەمان، ئەوە مرۆڤەکان کاردانەوەیان بەرامبەری دەبێت، چونکە دەبێتە بەشێک لەمێژوو و کەسایەتی مرۆڤ. خۆشەویستی هەستێکە لەهەموو تاکێکدا بوونی هەیە، ئەو خۆشەویستییە بۆ کەسێکی دیاریکراو بێت، یان بۆ ژیان بێت، یان بۆ هەر شتێکی تری گشتی لەژیانی مرۆڤدا، کاتێک کەسێک بەهەموو سۆزی خۆیەوە کەسێکی تری خۆشدەوێت و دەیکات بە ڕووگەی ئەوینی خۆی، ئەگەر هەر تێکچوونێک لەو پەیوەندییە ڕوویدات، بەهەر هۆکارێکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری بێت، ئەوا دەبێتە هۆی دروستبوونی ئەم جۆرە نامۆبوونە. ئەم جۆرەش لەناو کۆمەڵگەی کوریدا نموونەی زۆرە و دەبینرێت. لەبوارە خۆشەویستییە ڕەگەزییەکەی نێوان کچ و کوڕ بێت، یان ئەو هەمووە لەدابڕان بەهۆی باری نالەباری ئابووری، یانیش هەموو ئەو شەڕوشۆڕانەی لەکوردستان ڕوویانداوە، چەندین دایک ڕۆڵەی کوژراوە و بێسەروشوێنە، هەر دایک نا، بەڵکو تەواوی خێزانەکە تووشی ئەم جۆرە لەخەم و نامۆبوونە دەبن، بەمەش پڕکردنەوەی جێگای هەر کەسێک ئاسان نییە و جۆرێک لەبۆشایی لەدنیای ئەو کەسانەدا دروستدەبێت، کە بەهیچ شتێک و هیچ کەسێکی تر پڕنابێتەوە.

# بەشی دووەم

# نامۆبوون لە شیعری کوردیدا

## تەوەری یەکەم

## ڕەوتی مێژوویی نامۆبوون لە شیعری کوردیدا

١. نامۆبوون لەشیعری کلاسیکی کوردیدا
٢. نامۆبوون لەشیعری نوێی کوردیدا
٣. نامۆبوون لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا

## ڕەوتی مێژووی نامۆبوون لەشیعری کوردیدا

کۆمەڵگەی کوردی، کۆمەڵگەیەکە، لایەنی سۆزداری تیایدا زۆر بەهێزە، جا ئەو سۆزدارییەی پەیوەندی بە خاک و نەتەوەوە هەبێ، ئەویش خۆشویستنی نیشتیمان و وڵات و شانازی کردن بە نەتەوەی کورد، یان پەیوەندی بە لایەنە کۆمەڵایەتییەکەوە هەبێت. تێکچوونی هەرکامێک لەم پەیوەندییانەش ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر دەروونی کەسەکان دروستکردووە. هەربۆیە، باسکردن و خستنەڕووی لایەنی مێژوویی نامۆبوون لای نەتەوەی کورد، کارێکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتییەوە، چونکە هەریەکێک لەو هۆکارانە بنچینەی دروستبوونی کۆمەڵگەیەکی تەندروستە. لەمەشەوە ئەم هۆکارانە دەبنە خاڵی سەرەکی بۆ دەسنیشانکردن و باسکرنی نامۆبوون، هەروەها کاریگەری بەهێزیشی لەسەر ئەدەب هەبووە وەک ئاوێنە و ڕەنگپێدەرەوەی واقیع و کۆمەڵگە.

هەربۆیە، قسەکردن لەسەر مێژووی نامۆبوونی ئەدەبی کوردی، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە نامۆبوونی کوردەوە هەیە وەک نەتەوە، کە بەدرێژایی مێژوو لەنامۆبووندا ژیاوە، چونکە ڕووداوەکان کاری کردووەتە سەریان بەتایبەتی ڕووناکبیرو شاعیرو نووسەران، کەوای لەهەندێکیان کردووە کۆچ بکەن و لەدەرەوەی نیشتیمان نیشتەجێ ببن، کە ئەمەش بەلای هەندێکەوە ڕاکردنە لەواقیعی ژیانی کۆمەڵگەکەی و خۆ دوورخستنەوەیە لەو ڕاستییەی پێویستە ڕووبەڕووی ببێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دەکرێت بڵێین، ئایا مەرجە تەنها دوورکەوتنەوە لەشوێن ببێتە هۆی نامۆبوون و هەستی غەریبی؟ یان دەکرێت بوترێت، کە هەندێک، یان زۆرینەی کەسەکان، ئەگەر بە بەردەوامیش نەبێت، ئەوا هەندێک جار لەوڵاتی خۆی و لەشاری خۆی و لەماڵی خۆی، هەست بە نامۆبوون و غەریبی دەکات؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی نامۆبوون لەئەدەبی کوردیدا، لەناو هەموو هۆکارەکاندا، ئێمە هەوڵدەدەین باس لەدوو شێوە لەنامۆبوون بکەین، کە ئەوانیش (نامۆبوونی شوێنی – نامۆبوونی ناشوێنی)یە، کە بە زەقی لەمێژووی نامۆبوونی ئەدەبی کوردیدا دەبینرێت. لە دوایشدا باس لە نامۆبوون و جیاوازییەکانی لەئەدەبی کوردیدا دەکەین بەتایبەت (ئەدەبیاتی کلاسیک، ئەدەبیاتی نوێ و ئەدەبیاتی هاوچەرخ) ، هەر لەو چوارچێوەیەشدا، هەوڵدەدەین بە شێوەیەکی زانستی بە هێنانەوەی نموونەی شیعریش هەوڵی ڕونکردنەوەیان بدەین.

### نامۆبوونی شوێنی

بێگومان، شوێن کاریگەرییەکی زۆر و ڕاستەخۆی بە هەستکردنی مرۆڤەوە هەیە، بەوەی شوێنێک هەیە تیایدا هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەکات. واتە ئەو شوێن و جێیە دەبێتە لانەی هەست و سۆزی خۆشەویستی و تێگەیشتن و هەڵسوکەوت و بنیاتنانی چەندین یادگاری، ئەگەر خۆش بێ یان ناخۆش. بەمەش کاتێک یەکێک لەجێگەی خۆی دووردەکەوێتەوە، ئەگەر بە زۆرەملێ بێت، یان بە ئارەزوو و پێویستی بێت، ئەوا جۆرە هەستکردنێکی غەریبی بۆ دروستدەبێت. لەڕاستیدا، ئەم هەستە ئەگەر لەسەرەتاشەوە بێت و هەندێک بڵێن بە تێپەڕبوونی کات دەکرێت ئەم جۆرە لەهەستە بگۆڕدرێت، بەڵام ڕاهاتن بە ڕووداوێک ناکاتە ئەوەی، کە مرۆڤ خاڵی بووبێتەوە لەو هەستەی پێشتر هەیبووە، لەحاڵەتێکیشدا ئەگەر ناوبەناویش بێت، ئەو هەستی بیرکردن و غەریبییە هەر ڕوو لەکەسەکان

دەکاتەوە. لەلای کەسی ئاسایی، کە نووسەر نەبێت، یان بڵێین کەسایەتی ئەدەبی نەبێت، دەکرێت کەم مەودا بێت و بە تێپەڕبوونی کاتێکی کەم هەستەکە نەمێنێت، یان جۆرێک لەڕاهاتنی بۆ بارودۆخەکە بۆ دروست ببێت، بەڵام لای کەسایەتی ئەدەبی، هەستەکە دەگۆڕدرێت بە هەستێکی قوڵتر و دەبێتە هۆی لەدایکبوونی بەرهەمی ئەدەبی، چ چیرۆک، یان شیعر، یان هەر جۆرە ژانرێکی تری ئەدەبی بێت. بەمەش هەبوونی هەستەکە دڵنیادەکاتەوە و بگرە ئەبێتە بەڵگەی ئەوەی، کە ئەم جۆرە هەستانە، مرۆڤ ناتوانێت خۆی لێیان لابدات، بەجۆرێکە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و شوێن، وەک (ڕێبوار سیوەیلی) دەڵێت: "شوێن مرۆڤ خۆیەتی، واتە شوێن و مرۆڤ لەپەیوەندییەکی ڕیشەیی و بنەماییدان و لێکدی هەڵاواردنیان مەحاڵە"(سیوەیلی، ٢٠١٥: ٤٨)، چونکە "غەریبی تەنها دەلالەتی (شوێن) هەڵناگرێت، بەڵکو ڕۆچوونێکی فەلسەفییانەی هەیە، ئەویش لەئەنجامی دابڕان و پەرتبوون لەشوێن بەرجەستە دەبێت، دابڕان و پەرتبوون لەو زەمینەیەی (بوون)ی تیایدا فەراهەم دەبێت و ناسنامەی "خود"ی تێدا دەستەبەر دەبێت. بە مانایەکی تر، غەریبی دەلالەتێکی مەعنەوی هەڵدەگرێت، کە ئەویش ونبوونە"(قەرەداغی، ٢٠١٣: ١٠٩-١١٠). واتە پەیوەندییەکە بەجۆرێکە پەیوەست دەبێت بە بوونی مرۆڤەکەوە، چونکە شوێن دەبێتە بەشێک لەمرۆڤەکە. کەواتە شوێن دەبێتە بەشێک لەمێژووی بوونی ئەو مرۆڤە لەکات و شوێنێکی دیاریکراودا. شایانی باسە"مرۆڤ وەک پێویستییەکی بوونگەراییانەی خۆی لەگەڵ شوێن یادەوەری دەبێت، هەست بە ئارامی و ئاسوودەیی و دڵنیایی دەکات، هەست بە ئاسایش و متمانە دەکات و بەوجۆرە. بۆیە شوێن بۆ ئەو دەبێتە شوێنێک، کە وەک بەشێک لەشوناسی خۆی دەیبینێ و ئەم شوێن وەک شوناس بینینە بیرکردنەوەی ئەویش دەگرێتەوە، چونکە مرۆڤ کاتێک بیر لەخۆی دەکاتەوە، لەپەیوەندی بەو شوێنانەوە خۆی بیردەکەوێتەوە، کە هاوشوناسی لەنێوانیاندا دروستبووە"(سیوەیلی، ٢٠٢٠: ٢٩-٣٠).

لێرەدا دەگەینە ئەوەی بڵێین، کە نامۆبوون لەئەدەبیاتی کوریدا و پەیوەندی بەشوێنەوە ڕەگێکی زۆر کۆنی هەیە، ڕەهەندێکی جوگرافییە و پەیوەندی پتەویان هەیە"نامۆیی لەئەدەبیاتی کورددا زیاتر لەدەوری (نامۆیی جوگرافی)دا دەسوڕێتەوە، کە شاعیران و نووسەرانی کورد لەئەنجامی باری ناهەمواری کۆمەڵگەدا ناچاربوونە زێد و نیشتیمانی خۆیان جێبهێڵن و ڕووبکەنە تاراوگە، جا بە هۆکاری کۆچ پێکردنی بەزۆرەملێ بێت، یان بۆ باشترکردنی گوزەرانی ژیانیانەوە بووبێت"(قادر، ٢٠١١: ٨٤).

بێگومان، مرۆڤ، کە لەوڵاتی خۆی ئاوارەبوو بۆ شوێنێکی تر زیاتر تووشی نامۆبوون دەبێت هەست و سۆزی دەجوڵێت. تەنانەت بەرامبەر بە هەندێک شتی ئاسایی، کە پێشتر هێندە بەلایەوە گرنگ نەبووە ، هەربۆیە گۆڕینی ژینگە و شوێنیش ئاسۆ و خەیاڵ و بیری شاعیریش فراوان دەکات. هەرچەندە ئێستا بەهۆی ئەو پێشکەوتنە زۆرەی بواری ژیان و تەکنەلۆژیا و هەموو بوارەکانی تر، وایکردووە ماهیەتی شوێن ئەو گرنگییەی جارانی نەمێنێت لەدەقی نوێدا، بەڵام وەک هەستێکی جێگیر و جیانەبووەوە لەمرۆڤ، ناکرێت بوترێت بوونی نەماوە، چونکە مرۆڤەکان وەک مافێکی سەرەتایی پێویستیان بە شوێنێکە تیایدا هەست بە ئارامی و دڵنیایی دەروونی و جەستەیی بکەن و دووربن لەهەرجۆرە نائارامییەک، کە کاریگەری لەسەریان دروستبکات. بەتایبەتیش، ئەگەر ئەو ژینگەیە لەڕابردوودا و لەهەندێک شتی سەرەتایی و بنەڕەتی ژیانیشدا هەبووبێت، ئەوا بە دوورکەوتنەوە لەو ژینگەیە ئەو هەستە دروستدەبێت. خۆ ئەگەر لەحاڵەتێکیشدا ژینگەی نوێ هەڵگری ئەو

تایبەتمەندییانەش بێت، کە ببێتە هۆی خۆشگوزەرانی زەمەنی ئێستا، بەبەراورد بە ڕابردوو، بەڵام هێشتاش ئەم جۆرە لەنامۆبوونە هەر هەستی پێدەکرێ، لەدیارترین ئەو نامۆبوونانەش، هەستی نۆستالیژیا و گەڕانەوەیە بۆ منداڵی و سەردەمانێک، کە ژیانیان بەجۆرێکی تر بووە.
کەواتە، ئەم حاڵەتی نامۆبوونە لەئەدەبی کوردیدا و لەکۆنترین بەرهەمی نووسراوی کوردیدا، کە شیعرە، هەستی پێدەکرێت و سەرەتای ئەم دیاردەیەش پەیوەست کراوە بە دوورکەوتنەوە لەشوێن.

## نامۆبوونی ناشوێنی

لەڕاستیدا، گۆڕانکاری و پێشکەوتنە خێراکانی بوارە جیاجیاکانی ژیان، هەر لەسەردەمی شۆڕشی فەرەنسی و ڕۆشنگەرییەوە تائێستا، وایکردووە لەگەڵ هەر سەردەمێکدا کۆمەڵێک هۆکاری تری جیاواز لەشوێن هەبن، کەوا لەمرۆڤەکان بکات هەست بە نامۆبوون بکەن، چونکە هەر ئەو شۆڕش و بیرکردنەوانە بوون وایانکرد، ڕەوتێکی جیاواز لەبیرکردنەوەکانی پێشووتر دروست ببێت و پرسیار و گومان و هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکان بە جیاوازتر، چاوکراوەیی و ئاشنابوونیان بە ماف و ئیمتیازاتەکانیان لەلای زۆرینە ببێتە واقیعێکی ئامادەبوو، ئەوەش بەجۆرێک گۆڕانکاری لەشوێن و جێگا بوو بە پێویستییەک و یەکێک لەسیماکانی مۆدێرن بوون. واتە هۆکاری نامۆبوون لەشوێن سەنرایەوە و درا بە هۆکارگەلێکی تر، کە زۆرتر لایەنە کەسیی و تاکییەکان حسابی بۆ بکرێت، نەک شتێک پەیوەستبێت بە هەموو خەڵکەوە.
بێگومان، ئەم گۆڕانکارییانەش پێش هەموو کەسێک، کەسە ڕۆشنبیر و نووسەرەکان هەستی پێدەکەن و درک بەو شتانە دەکەن و لەنووسین و بەرهەمەکانیاندا ڕەنگدەداتەوە، تا وایلێدێت"مەنفای نووسەر لەچەمکە فیزیکیەکەیەوە مەرج نییە لەدەرەوەی سنورەکانی نیشتیمان دەست پێ بکات، زۆرجاران نیشتیمانیش بۆخۆی دەبێتە مەنفا بۆ نووسەر"(ئەمین، ٢٠٠٨: ٧٧). ئەمەش واتە، ئەگەر پێشتر نیشتیمان ئەو شوێنە پیرۆزەبووبێ بە دوورکەوتنەوە لێی هەستی نامۆبوون و غەریبی دروستکردبێ، ئەوا شوێن ئەو پیرۆزییەی خۆی لەدەست داوە و بووە بە هۆکاری ئەم نامۆبوونە. لەڕاستیدا، ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری ئابووری و سیاسی و دەروونی و کۆمەڵایەتی ڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەیە، بۆیە لەڕوانگەی تاکەوە زیاتر لەبابەتەکە دەکۆڵرێتەوە. بە واتایەکی تر، هەتا دونیابینی و هۆشیاری تاک و توانای هەڵسەنگاندن و گومان و پرسیار زیاتر ببێت، ئەوا هەستی نامۆبوونیش زۆرتر دەبێت. هەربۆیە ئەمەش، نەک هەر مەبەستمان لایەنە بابەتییەکان و هۆکارەکانی ناو ژیان بێت، بەڵکو مەبەست لەو هەموو هەستانەشە، کە بەهۆی مۆدێرن بوونەوە بە چاک و خراپەوە لەلای تاک دروستدەبێت. لەو ڕووەشەوە ئەوەی پێویست بێت سەبارەت بە خستنەڕووی ئەو هۆکارانە، لەوباسەی، کە لەبارەی (نامۆبوون لەڕوانگەی فەلسەفەوە)یە، هەوڵمانداوە ئەم هۆکارانە، چ سیاسی، ئابووری، یان کۆمەڵایەتی بن، لەڕوانگەی فەیلەسوفەکانەوە بخەینەڕوو.

بەهەرحاڵ "شوێن هیچ ڕۆڵێک، یان ڕۆڵێکی ئەوتۆی نییە لەدروستبوونی نامۆیدا، هەروەکو ئەو پێناسەیەی، کە دەڵێت: نامۆگەرایی شتێکە پەیوەندی بە جوگرافیاوە نییە، بەڵکو حاڵەتێکی سایکۆلۆژییە و پەیوەندی بە دەروونی لەبار و نالەبارەوە هەیە، کە دەڵێم پەیوەندی بە جوگرافیاوە نییە، واتە مرۆڤ ئەگەر دوورە مەفتەن بێت، یان لەمەفتەنی خۆی بێت جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە، چونکە جاری

واهەیە مرۆڤ لەوڵاتی خۆی لەشارەکەی خۆی لەگوندەکەی خۆی لەنێو ماڵ و خێزانی خۆی هەست بە غەریبی و نامۆیی دەکات. ئەویش لەبەر ئەوەیە بارو زورفێکی وای بۆ دەخولقێ، یان تووشی حاڵەتێکی دەروونی نالەبار دەبێت و لەوپەڕی غوربەتدا دەژی، جاری واش هەیە مرۆڤ لەدوورە وڵاتیشدا هەست بە غوربەت ناکات، چونکە لەحاڵەتێکی دەروونی باشدا دەژی"( قادر، سعید، ٢٠١٢: ٩٧).

کەواتە گۆڕانی هەست و نائومێدی و نامۆبوونی مرۆڤەکان، هەر تەنها پەیوەست نییە بە شوێنەوە، بەڵکو ئەوە دەروونە، کە بڕیار لەسەر ئەوە دەدات، چونکە هەستەکانیش دەربڕی ڕاستەوخۆی دەروونن و قسەکەر و وشەهێنەر و داڕێژەر و دەرخەری ناخن. بەم پێیەبێت ئەوە ناشوێنە، کە بووەتە هۆی دروستبوونی هەستی نامۆبوون. هەروەک (سەباح ڕەنجدەر) دەڵێت: "نامۆبوون لەو بارەدایە، کە شاعیر تێیدا هەڵسوکەوت دەکات و پێوەندی بەو هەلومەرجەوەیە، کە چۆن هەستەکانی دەکاتە بابەتی شیعری. پێم وایە پێویستە بەو پێناسەیەدا بچینەوە، کە نامۆبوون تەنیا لەدەرەوەی سنورەوە بێت. من لەناو وڵات و کەس و کار و ماڵەکەی خۆمدا ئەو دەقەم بەرهەم هێناوە، کەچی نامۆبوون تانوپۆی چنیوە و بە ئەزموونی تاراوگەکراو و نامۆبوون تێدەپەڕم"(حوسێن، ٢٠١١: ١٠٩).

لەکاتێکدا ئەم جۆرە هەستکردنە دەبێتە بابەتێکی ئەدەبی سەرکەوتوو، کە بتوانرێت بە شێوەیەکی داهێنەرانە سوود لەو بارە دەروونییە وەربگیرێت و دیسانەوە ئەو کەرەستانە لەقاڵبێکی ئەدەبی چنراوی بەرزدا دابڕێژرێنەوە. بەتەواوی دەبڕی ناخی هەڵگرەکەی بێت و ببێت بە وێنەنمای هەستەکانی، چونکە ئەگەر وانەبێ، لەکۆمەڵێک وڕێنە زیاتر هیچ شتێکی تر بەرهەم ناهێنێت. بەشێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە لەهۆکار و هەستکردنە بە نامۆبوون، بەشێکە لەشێوازی شیعری نوێ و هاوچەرخ، ئێمەش بە هێنانەوەی نموونەی شیعریی چەند شاعیرێکی کوردی نوێ و هاوچەرخ لەباسەکانی تردا، هەوڵدەدەن تاڕادەیەک ببنە بەڵگەی ئەم بۆچوونەمان.

### ١. نامۆبوون لەشیعری کلاسیکی کوردیدا

ئاشکرایە، مێژووی نووسراوی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی بە شیعرە، بۆیە بۆ گەڕانەوە بۆ هەر بابەتێکی ئەدەبی، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ شیعر. دەستنیشانکردنی بابەتی نامۆبوونیش لەشیعری کلاسیکی کوردیدا، زۆرتر، یان ئەگەر بگونجێ بڵێین، زۆرینەی پەیوەستە بە دوورکەوتنەوە لەوڵات. هەرچەندە، لەئەدەبیاتی کلاسیکی کوریدا هەندێک مەسەلەی تری گرنگی وەک، مەسەلەی نیشتیمان پەروەری و ناسیۆنالیستی و وەسفی سروشت دەبینرێت، کە ئەمانەش بە ئاشکرا لەشیعرەکانی ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆیی و مەولەوی و بێسارانیدا هەن، بەڵام زۆرتر حاڵەتە نامۆبوونەکە، پەیوەستە بە باری غەریبی و غوربەت لەشوێن و جێگایەکدا، کەواتە، هەست بە ئاوارەیی کردن لە"شیعری کلاسیکی کوردی لەڕووی ناوەڕۆکەوە خەسڵەتی نەتەوەیی زۆرتر و غوربەت و دووری لەنیشتیمان و وەسفی سروشتی تایبەتی کوردستانی پێوە دیارە"(حوسێن، ٢٠٠٧: ٢٩). بێگومان هەموو ئەمانەش بەتەواوی لەکۆنترین دەقێکی ئەدەبی، کە شیعرەکانی (بابە تاهیری هەمەدانی)یە دەردەکەوێت.

**(بابەتاهیری هەمەدانی)**، کە بە خاوەنی کۆنترین دەقی نووسراوی شیعری کوردی دادەنریێت، لەچەند چوارینەکیدا هەستی غەریبی و نامۆیی لەدەقە شیعرییەکانیدا دەبینریێت، وەک دەڵێت:

غەریبی ناخۆش کە دڵگیرمە
فەلەک هۆی ملی بەزنجیرمە
فەلەک لەملما زنجیر دەریێنە
کە خاکی غوربەت دامەن گیرمە (ڕازی، ١٩٧٩: ١٨)

وەک دەبینین، بەئاشکرا هەستی نامۆبوون و غەریبی لەم چوارینەیەی بابەتاهیردا دەردەکەوێت، کە تێیدا داوا دەکات مادام لەخاکی غەریبییە، زنجیر لەملی دەبهێنرێت، ئەگەر بۆ سزادانی دانانی ئەو کراوە، چونکە بوون لەخاکی غەریبیدا بەسە بۆئەوەی، کە ئەم لەعەزاب و ناڕەحەتی بێت.
لەئەدەبیاتی کلاسیکی کوریدا، گەلێک نموونەی تری نامۆبوونمان بەرچاو دەکەوێت، کە بوونەتە سەرچاوەی ئیلهامی گەلێک دەقی شیعری ناوازە و جوان و ناسک، لەو ڕووەشەوە، **(مەولانا خالیدی نەقشبەندی)**، وەک یەکێک لەکەسایەتییە دیارەکانی سەردەمی میرنشینی بابان و هەروەها وەک ڕابەرێکی ڕۆحی دینی، کاتێک، کە دەچێت بۆ هندستان بۆ بینینی ڕابەرە ڕۆحییەکەی ( شاە عەبدوڵای دیهلەوی )، لەوێ لەکاتی مانەوەیدا هەست بە غەریبی غوربەت دەکات و بیری سلێمانی و بەکرەجۆ دەکات، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، کە "ڕەنگە گەشتەکەی لەو ناوچانەدا ڕێکەوتی ڕۆژی جەژنی کردبێ، یادی نیشتیمان و هەستی ئاوارەیی تێدا بزواندووە، باسی سەرچنار و بەکرەجۆ ئەکا، کە دوو سەیرانگای سەوز و ئاوداری سلێمانی بوون، یەکێ لەشیعرە (وجدانی)یەکانی بەو بۆنەیەوە هۆنیوەتەوە"( ئەمین، ٢٠١٥: ١٨٨) دەڵێت:

جەژنە وا من ناهومێد و بێ بەش و دیداری یار
خەڵکی خوڕەم، من بە خوڕەم ئاو لەچاوم دێتەخوار
گشت لەگەشتی گەشتە داوێن پڕ گوڵاڵەی ئاڵ و من
ئەشکی سوری، داخی دووری، دەوری کردمە لالەزار

هەتا دەڵێت:

خوێنی دڵ وا هات بەچاوما، بوو بە جۆگەی "بەکرەجۆ"
هەردوو سەرچاوەی چەمێکن، کردمە تاسەی "سەرچنار"
باوە مردەی "باوەمردەم"، "ئاڵبولاغە" چاوەکەم
خۆزگە ئەمدی پێم بڵێن وا "باوەگێلدی" گەییە شار
پێم بڵێ: خالید، ئەگەر تۆ وا ڕەهەند و شێت نەبێ
تۆ لەکوێ و غەزنەین و کابول، خاکی هیند و قەندەهار ( محمد، ١٩٨٧: ٥٠)

وەک دەبینین، هەرچەندە مەولانا بۆ بابەتێکی ڕۆحی و ئایینی سەفەری وڵاتی هیندستانی کردووە، لایەنە دینییەکانیش خۆراکی ڕۆحن و ئارامی بەو کەسە دەدەن، کە هەڵگر و جێبەجێکاریەتی، بەڵام هێشتاش نەیتوانیوە بەسەر هەستی دووری و ئاوارەییدا زاڵببێت، هەربۆیە هەستی غەریبی و

نامۆبوون لەشوێن و بیری نیشتیمان لای مەولانا خالید بەتەواوی لەو چەند دێڕە شیعرەدا دەردەکەوێت.
هەر ئەمەش نا، بەڵکو لەدوای گەڕانەوەی لەوڵاتی هندستان و دواتر، سەفەری بۆ شاری بەغداد و پاشان بۆ شام، ئەم هەستەی هەر هەبووە"خالیدی ئاوارە، لەهەر جێیەک گیرساوەتەوە، هەمیشە سۆزی خۆشەویستی نیشتیمان لەدڵ و دەروونیدا جۆشی سەندووە، ئەم سۆزە دەروونییەی لەدووروڵاتی دا، بە شیعری فارسی، وەکو نۆستالیجیایەکی قوڵ ڕەنگی داوەتەوە" (ئەمین، ٢٠١٥: ٢٤٥).
تەنانەت، (نەوشیروان مستەفا)ش پێی وایە، کە"نالی لەئاوارەیی دا پێ دەچێ ئیلهامی قەسیدە بەناوبانگەکەی

قوربانی تۆزی ڕێگەکەتم ئەی بادی خۆشمرور
ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور

لەم شیعرەی مەولانا وەرگرتبێ و لاسایی ئەمی کردبێتەوە لەناردنی پەیامەکەیدا "(ئەمین، ٢٠١٥: ٢٤٦) چونکە"مەولانا خالید، لەشیعرێکی تریدا، داوا لەنەسیمی سەبا دەکات ببێتە غەمخۆری ئەو، بە دەشتی شارەزووردا تێبپەڕێ و پەیامەکەی بە یار بگەیەنێ، چونکە خۆی ناتوانێ بڕوا بۆ ئەوێ، غەم ئەوەندەی کێوی پیرەمەگروون لەسەر دڵی نیشتووە، چاویشی وەکو سەرچاوەی ئاوی سەرچنار فرمێسک ئەڕێژێت "(ئەمین، ٢٠١٥: ٢٤٦).

خون شود دلم، نسیم صبا غمگسار شود
بر دشتی شهرزور دمی رهگذار شو
رفت انکه ما بعیش دران بوم بگذریم
زینهار تو وکیل من دلگفار شو
میبوس خاک ان چمن و بعد ازان روان
نزدیک بارگاه بت پردەدار شو
غم بر دلم نشست چو گدرون ز داغ هجر
ای چشمەسار چشم تو هم سرچنار شو" ( خالید، ٢٠٠٩: ١٦٥).

هەر لەچوارچێوەی شیعری کلاسیکی کوردیدا، دەبینین **(نالی)،** کە سەردەستەی شاعیرانی ناوچەی بابان و دامەزرێنەری زمانی ئەدەبی قوتابخانەی بابانە، لەهەندێک لەدەقە شیعرییەکانیدا بە شانازیشەوە باس لەوە دەکات، کە زمانی کوردی زمانی نووسینی شیعرەکانیەتی و بەرگری لێدەکات و شانازی بە کوردبوونی خۆیەوە دەکات. لەبەر ئەوە کاتێک، کە میرنشینی بابان کۆتایی پێدێ، ئەو دەسەڵاتە نیمچە سەربەخۆییەی هەرچەندە لەژێر هەڕەشە و شەڕی ناوخۆیی نێوان میرەکان و بوون بە بەرداشی دەسەڵاتە داگیرکارەکانی ئەو سەردەمەدا بووە، نامێنێت، (نالی) بۆخۆشی ئەوکاتە لەکوردستان نابێ، بۆیە بۆ هەواڵپرسین و دەربڕینی هەستی ناخۆشی تێکچوونی وڵات و نەمانی دەسەڵاتی بابان و دووری و غەریبی خۆی، پرس و ڕا، لەشامەوە لەقەسیدە بەناوبانگەکەی، بە بای شارەزادا بۆ (سالم)ی هاوڕێی دەنێرێت و هەواڵی هەموو شتێکی لێدەپرسێت، بەتایبەت ئەو شوێن

و جێگایانەی لەژیانی تایبەتی و خوێندنی (نالی)دا زۆر گرنگ بوون، وەک خانەقای مەولانا، پاشانیش دەربڕینی وێنەکێشانەوەی سروشتی شوێنەکان، وەک سەرچنار و بەکرەجۆ و شیوەسور، هەربۆیە"گڕ و سۆزی ناو نامەکەی بۆ سالم لەوانە نییە گومانی دەسکردی و ساختەیی و خۆنیشاندانی لێبکرێ، نالی بەڕاستی ئاگری غەریبی لەهەناویدا گڕی بەستووە، ئەوجا نامەکەی ناردووە، کە دەڵێی دەستەچیلەیە و بۆکز لەجەرگی هەڵدەستێ"(محمد، ٢٠١٠، ٢٥).

هەر ئەمەشە وایکردووە، کە (محمدی مەلا کەریم) بڵێت"یەکێکە لەشاکارەکانی تێکڕای شیعری سەرانسەری ڕۆژهەلات، تۆمارێکی گەورەی دەربڕینی هەست و سۆزی نیشتیمانپەروەرانەی کوردێکی هونەرمەندی دوور وڵاتە، پەنورامایەکی زیندووی سلێمانی و دەورو پشتییەتی، هەموو دیمەنەکانی ئەو ڕۆژەی شاری بە ئاشکرا تیا ئەکەوێتە بەرچاو، ئاوێنەی هەموو ئەو خۆشی و شادییانەیە، کە کۆمەڵەی سلێمانی لەدەوری بابانەکاندا بەخۆیەوە دیویەتی و تۆماری هەموو ئەو تاوانانەیە، کە لەوانەیە لەهەر داگیرکەرێکی دواکەتوو بوەشێتەوە لەوڵاتێکی ژێردەستەدا"(مەلا کەریم، ١٩٧٩: ٥٤). لەڕاستیدا "نالی لەغەریبیدا، نەک هەر دەروونی بووەتە گڕی ئاگر و سوتاوە، بەڵکو هەیوانی خانەیی سەبریشی وەکو دەروونی سوتاوە و بووەتە هاوەڵی ئاخ و دەرد و فرمێسک"(فەرهادی، ٢٠٠٦: ٢٠).

سوتا ڕەواقی خانەیی سەبرم، دڵ و دەروون

نەیماوە غەیری گۆشەیی زیکرێکی یا سەبوور

هەم هەم عەنایی ئاهم و، هەم هەم ڕیکابی ئەشک

ڕەحمێ بەم ئاهو ئەشکە بکە، هەستە بێ قسور (مودەڕیس، مەلاکەریم، ١٩٧٨: ١٧٧)

هەروەها ئومێد ئاشنا، لەکتێبی (شێوە و ناوەڕۆک)دا، باس لەدووجۆر نامۆبوون لای (نالی) دەکات، کە نامۆبوونی (خودی) و نامۆبوونی (بابەتی)ییە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە نامۆبوونە خودییەکە پێناسە گشتییەکەی نامۆبوونی خودیی بەسەردا ناسەپێنرێت، واتە"نامۆیی خۆیی نالی، نامۆیی خۆنەناسین و ونبوون و ڕەشبینی نییە"(ئاشنا، ٢٠٠٧: ٨)، بەڵکو ئەوەی بووەتە هۆی سەرچاوەی داهێنان لەنامۆییدا و بکرێتە دەقی نامۆیی لای نالی، بریتییە لەنامۆبوونی (بابەتی)، چونکە"نامۆییە جێگەییەکە، واتە غوربەتە مەکانییەکە، پاش دابڕان لەحەبیبە و ناز و لانەی گەرمی بابانەکان لای شاعیر بووەتە شیعری جوان و وردەکاری بیر و وشە بەکارهێنان"(ئاشنا، ٢٠٠٧: ٩). بەختیار عەلیش پێی وایە "نالی یەکەمین کەسە هەستی غوربەتی نووسیوەتەوە، شێوازی مامەڵەکردنی نالی لەگەڵ غوربەتی خۆیدا دواتر دەبێتە شێوازێک و قاڵبێکی ڕیتۆریکی، کە هەموو ئەدەبیاتی ئێمە ڕەچاوی دەکات"(عەلی، ٢٠١٩: ٢٥٠). لێرەدا نووسەر پێی وایە، کە (نالی) بووە ڕەنگپێدەری جۆرە هەستکردنێک، کە نیشتیمان ئەو شوێنە پیرۆزەیە کاتێک تاکەکان لێی دوور دەکەونەوە، هەستی نامۆبوون و غوربەت سەراپایان دادەگرێت و تەنیا ڕێگاچارە گەڕانەوەی دووبارەیە بۆ وڵات و نیشتیمان. کەواتە"کێشەی نالی، کێشەی دوولەتبوونی (خود)ی ئینسانێکە، کە

بەتەنیا بە گرێدانەوەی (ئێستا) و (ئەوکاتە)، (ئێرە) و (ئەوێ) مانا بە بوونی خۆی دەبەخشێ"(سیوەیلی، ٢٠١٥: ٧٦).

زارم وەکو هیلال و نەحیفم وەکو خەیاڵ
ئایا دەکەومە زار و بە دڵدا دەکەم ختوور
لەم شەرحی دەردی غوربەتە، لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ ڕەنگە بێ بە ئاو و بە چاوا بکا عوبوور (مودەڕیس، مەلاکەریم، ١٩٧٨: ١٩٦-١٩٧)

وەک دەبینین، (نالی) لەڕێگەی ئەم چامەیەوە، دەیەوێت هەموو ڕابردوو وەک کاتێکی پیرۆز و سلێمانی وەک شوێنێکی تایبەت دووبارە لەڕێی نۆستالیژیاوە، بژێنێتەوە و نامۆبوونی خۆیمان بۆ باسبکات، هەستکردنەکە بەجۆرێکە (نالی) لەتاو دەردی غوربەت و دوورییەکەی، سۆزی بیرکردنەکەی، وایلێدێ دڵی وەک سەرچاوەی ژیان، ببێتەوە بەو ئاوەی، کە لەئەنجامی دووری و غوربەتی لەچاوانی دێتە خوارەوە، ببێتە بەشێک لێی و لەڕێگەی چاویەوە بێتە خوارەوە، چونکە سلێمانی"چەقی گەردوونە لای نالی"(سیوەیلی، ٢٠١٥: ٧٢).

شایانی باسە، **(سالم)** هاوتەمەن و هاو خەمی (نالی) شاعیر، لەهەمان کات و سەردەمدا، هەمان کارەساتیان دیوە، کە ڕووخانی دەسەڵاتی میرنشینە دڵخوازەکەیانە، میرنشینێک کە کوردبووە، کورد دەسەڵاتداریێتی کردووە، سالم لەهەردوو کاتەکەدا، واتە کاتی حوکم و دەسەڵاتی بابانەکان و کاتی ڕووخانی و نەمانی دەسەڵاتی بابانەکان، لەسلێمانی بووە و هەموو شتەکانی بەچاوی خۆی دیوەو ڕاستەوخۆ تێکەڵاوی بارودۆخ و ڕووداوەکان بووە، ئەمەش وایکردووە نامۆبوون لە شیعرەکانی (سالم)دا، زیاترو قووڵتر لەچاو (نالی) ببینرێت. واتە "سالم بە چاوی خۆی ڕووخانی میرنشینی بابان و قەتڵ و عامی کوردەکان دەبینێت، داگیرکردنی شاری سلێمانی و پشێوی شار و وڵات و نەهامەتی خەڵک هەر لەکرێکارێکەوە، تا دەگاتە ڕۆشنبیر و خاوەن هونەر و ئەدەب و کەسایەتییە ناسراوەکان کزە لەجەرگی دێنێ، بەجۆرێ نائومێدی باڵ بەسەر ژیانیدا دەکێشێت و خۆشی و زەردەخەنەی لێ ون دەکەن، چونکە لەناو جەرگەی شەڕدا بووە و بینیویەتی شار چۆن سەروژێر کراوە، هیچ شتێ، هیچ کەسێ، لەشوێنی خۆی نەماوە، هەموو شت خاپوورە، شار بۆنی خوێن و خەمی لێدێت، بۆیە دەتوانین بڵێین لێرەوە غوربەت و دابڕانی دەستپێدەکات"(سەعید، ٢٠١٣: ٤٦-٤٧). هەر لەو چوارچێوەیەدا و لەلێکۆڵینەوەیەکدا لەسەر سالمی شاعیر، (ناز ئەحمەد سەعید)، سەبارەت بە بوونی هەستی غوربەت و نامۆبوون، چوارجۆر نامۆبوون لەناو شیعرەکانیدا دیاریدەکات ئەوانیش: نامۆبوونی (دەروونی- کاتی- شوێنی- کۆمەڵایەتی)ن.

لەدیارترین ئەو غوربەتانە (سالم) لەپاش ئاوارەبوونی و چوونی بۆ وڵاتی ئێران و نیشتەجێبوونی لەتاران، هەمان هەستی غوربەت و ئاراوەیی، کە تووشی مەولانا خالید بووبوو، هەست پێدەکات و هەر لەبەر ئەوەشە لەژێر کاریگەریی ئەو شیعرەی مەولانا خالید، پێنج خشتەکییەکی نووسیوە و هەستی دەروونی ئاوارەبووی خۆی تیا دەخاتەڕوو"خالیدی سەحرانەوەرد، لەڕێگەی هیندستان، کەوتۆتەوە بیری نیشتیمان و دۆست و خۆشەویستەکانی وناڵەی دەرونی خۆی لەشیعرێکی پڕ

سۆز و سوتان داڕشتووە، سالم یش. دوای ئەو بەچەند ساڵێ ئاوارە بووە، لەژێر کاریگەری شیعرە فارسییەکەی مەولانا، بەهەمان شێواز، شیعرەکەی بەکوردی تەخمیس کردووە "(ئەمین، ٢٠١٥: ٢٤٥) لەدوابەشی دا دەڵێت:

کەس نەبێ سالم لەدنیادا وەکو من تووشی دەرد
بێ نەوا کەوتومە غوربەت، ناتەوان و ڕەنگی زەرد
شیعری مەولانا ئەخوێنم هەڵئەکێشم ئاهی سەرد
خالدا گر نیستی دیوانە و صحرانورد
تو کجا کابل و غزنین خاک قندهار" (مودەڕیس، مەلا کەریم، ٢٠١٥: ٢٧٨)

هەروەها **(حاجی قادری کۆیی)**یش، یەکێک بووە لەو شاعیرانەی، کە ئاوارەیی و دوورەوڵاتی ئەزموونکردووە و تیایدا ماوەتەوە، غەریبی ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەری و بووە بەبەشێک لەهەوێنی شیعرەکانی. (حاجی قادر) ئاوارەی ئەستەمبوڵ دەبێت و لەوێوە سۆز و دڵسۆزی خۆی بۆ نیشتیمانەکەی دەنێرێتەوە. هەربۆیە"دەکرێ حاجی قادر وەک یەکەم ڕەوەندی کوردی بناسێنین، کە دووریی و غوربەت بە قوڵی کاری تێکردووە، پێش حاجی وهاوزەمانی حاجیش شاعیری ترمان هەبووە، کە ئەزموونی غوربەتیان تاقیکردوەتەوە بەڵام هیچیان وەکو حاجی سوێی غوربەت نەچوەتە دڵ ودەروونیانەوە، لە نمونەی ئەوانەش وەک: نالی و مەولانا خالیدی نەقشبەندی و شێخ ڕەزای تاڵەبانی "(شوانی، ٢٠١٦: ٢٥). بەهای شتەکان لە نەبوونیاندا دەردەکەوێت، ئەوە بۆیە تا ئەو کاتەی (حاجی قادر) لە وڵاتدا دەبێت، هەست بە جوانی و خۆشی نیشتمانەکەی ناکات، بەڵام کاتێک دوور دەکەوێتەوە سوێی دووریی دەچێتە دڵیەوەوە دەڵێت:

مەپرسە دەردی غەریبی و لەززەتی وەتەنم
ئەوی لەدەستی دەگریام، ئەمێستە بۆی دەگریم (محمد، ٢٧٠٧: ٧٦)

گومانی تێدا نییە، مانەوە لە بێکەسی و دور وڵاتیی دا مرۆڤ گۆشەگیر و دابڕاو دەکات، هەرچەندە لە ژینگەیەکی خۆش و دڵرفێندا بێت، چێژی وڵاتت پێنادات"سۆزی ئاوارەیی و بێکەسی و خەمی وڵات و نەتەوە، حاجییان خستبووە ناو گێژاوێکی قووڵ، ئاگری دووری نیشتیمان هێندەکاری تێکردووە، تەنانەت سۆزی بۆ ئەو کەسانەش هەیە، کە کاتی خۆی لەدەستیاندا ڕایکردبوو وڵاتیان پێ جێهێشتبوو"(فەرهادی، ٢٠٠٦: ٥٢).

هەمیشەش وابووە، شوێنی لەدایکبوون و ئەو جێیەی تیایا گەورەبوویت و یادگاری خۆش و ناخۆشت لەگەڵیدا هەیە، ناتوانرێت لەبیر و فیکر و یادەوەری بسڕدرێتەوە"بەڵکو شوێنەکانیش لەبەدەنگهێنانی هەستەکانی مرۆڤدا بۆ خۆ دەربڕین، کاریگەری خۆیانیان هەیە، مرۆڤ لەکوێ دەژی و ئەزموون دەکات، یان کوێ جێدەهێڵێت و کوێ لەبیرەوەری خۆیدا لەگەڵ خۆی دەبات و لەکوێوە بیری کوێ دەکات و نۆستالیژیانە و مێژوویانە و کلتوورییانە بەرهەمی دەهێنێتەوە "(سیوەیلی، ٢٠٢٠: ٣٥)، (حاجی قادر)ش لەم بارەیەوە دەڵێت:

لەغوربەت بە شاهی لە بیرناکرێ

زەمانی جوانی و یادی وڵات (محمد، ٢٧٠٧: ٥٦)

وەک دەبینین، شاعیر هەرجەندە لەشارێکی پێشکەوتووی وەکو ئەستەمبوڵدا بووە، بەڵام مادام لە غوربەتدا بووە، ناتوانێت سەردەمی گەنجی، کە پڕیەتی لە یادگاری و یادی وڵاتی، کە زادەی دروستبوونی ئەو یادگارییانەیە لەبیربکات، با وەک شاهیش ژیابێ لەوێ. هەربۆیە" ناچار بووە بۆ دڵدانەوەی خۆی، ناوە ناوە نامە بەرەو کوردستان بەڕێ بکات، دەردی حاجی ئەوەندە گەورە و زامەکەی هێندەقووڵ بووە، بەنامە چارەسەری نەبووە" (فەرهادی، ٢٠٠٦: ٥٢) بۆیە دەڵێت:

ئەی بادی سەبا من ببە سودی نییە نامە
تەشریحی زەعیفی من و غەم نایەتە تەحریر(محمد، ٢٧٠٧: ٥٢)

شیعرەکانی (حاجی قادر)، سەر بە ڕێبازێکی نوێی بیرکردنەوەن، بۆ سەردەمی خۆی زۆر جیاواز و تازە بووە، چونکە پێچەوانەی مۆدیلی باو بووە و شیعری لە دەردە دڵ و خەمی تاکەوە گۆڕی بۆ هۆشیاریی گشتیی و کردی بە پەیام و نەتەوەکەی پێ ئاگادارکردەوە، خەمەکانی غوربەت و بێکەسی و بێداڵدەیی نەبوونەتە هۆی لەبیرکردنی نەتەوەکەی "ڕەنگە ئەوەی لای حاجی ئەم مەسەلانەی گەشە پێداوە، سەرەڕای ئاشنابوونی بە مانا سیاسییەکانی چەمکی نەتەوە و چەمکی دەوڵەت، کە لەو ڕۆژگارەدا، بەشێک بووە لەو فەزا ڕۆشنبیرییەی لەناو کۆمەڵێک ڕۆشنبیردا لەئەستەمبوڵ لەئارادا بووە، ئەو توانای بەراوردکارییەیە، کە بەشێکە لەوشیاریی و فەنتازیا و سایکۆلۆژیای هەموو کۆچکردوویەک. لەدۆخی حاجی قادردا، ئەم مەسەلەیە بریتی بووە لەبەراورد کردنی ئەستەنبوڵ بە کۆیە، بەراوردکردنی مەنفایەکی پێشکەوتوو و کراوە بە زادگایەکی دواکەوتوو و داخراو"(قانع، ٢٠٠٥: ٦٩ ).(حاجی قادر)، جگە لەئەزموونی دوورە وڵاتی، خەمی تاکەکەسی و بێکەسی و نەبوونی کەسانێک، کە پەیوەندی خوێنی هەبێ، وەک خێزان و ماڵومناڵ، لەو دوورەوە زۆرتر هەستی بێکەسی و ئاوارەیی پێداوە و جگە لەخەمی وڵات، ئەوەش دەبێتە یەکێکی تر لەو هۆکارانەی، کە وایان لە(حاجی قادر) کردووە، لەنەبوونیان هەست بە غەریبی و نامۆبوون بکات.

هەر لەبارەی ڕەنگدانەوە و کاریگەری نامۆبوون لەسەر شاعیرانی کورد، دەبینین **(مەحوی)** شاعیر، ئەو هەستی نامۆبوونە لەهەندێک دەقە شیعرییەکانیدا بوونی هەیە و ڕەنگی داوەتەوە. واتە (مەحوی)، لەهەرە تایبەتترین شاعیرانی کلاسیکییە، کە تیایدا بەشێوەیەکی باڵا، نامۆبوون لەشیعرەکانیدا دەبینرێت. بە بەڵگەی ئەوەی "مەحوی خۆی بە تەنیا دەبینێ لەکۆمەڵگەدا و تاڵاوی مەرگی لا بووەتە شەربەت، تەنهایش نامۆبوونە "( شوان، ٢٠٠٧: ٢٠).

بەو هەموو تاڵییەوە شەربەتی مەرگ، ئەهلی حەیا
خۆش گەواراترە بۆی ئێستە لەشەکراوی حەیات(مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم، ١٩٧٧: ٦٥)

دیارە "ئەهلی حەیا، بریتین لەئاڕاستەی خۆپارێز و پەیوەست بە دابونەریت و ملکەچ بۆ هەموو پێودانگە ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکان، کە دەشێ مەحوی لەئاستێکی قوڵتردا مەبەستی

لەئەهلی حەیا، ئەهلی (زوهد) بێت، واتە ئەوانەی، کە (زاهیدن) ئەمەش ڕوویەکی ئایینی و تەسەوفییانە دەبەخشێتە بۆچوونەکەی شاعیر"(قەرەداغی، ٢٠٠٦: ١١٤). کەواتە دەتوانرێت بوترێت، کە زۆرینەی حاڵەتی نامۆبوون لای (مەحوی) شاعیر، دەچێتە قاڵبی نامۆبوونی سۆفیگەرییەوە، هەر ئەو نامۆبوونە سۆفیگەرییەشی، کە هەیەتی وایلێکردووە"بەڕەمز ئەوەی لەناخیدایە دەربیبڕێت"(قادر، ٢٠١١: ٨٧)، چونکە"سۆفیگەری لەئاییینەوە هەڵقوڵاوە، ئاییینیش هەر لەسروشتی خۆیدا بەزمانی ڕەمز بەندەکانی خودا دەدوێنێ، بۆیە زمانی سۆفیش بەناخدا چووە ناخ و دەروون دەدوێنێ و لەچوارچێوەیەکی ڕەمز ئامێز خۆی دەنوێنێت"(شوان، ٢٠٠٧: ١٣)، بێگومان، هەر ئەمەشە سەردەکێشێت بۆ نامۆبوونی کۆمەڵایەتی، چونکە ئەو بیروڕا و تێگەیشتنەی ئەو هەیەتی بە دونیا، جیاوازە لەوەی، کە کۆمەڵ و کۆمەڵگە بڕوای پێی هەیە. هەروەکو دەڵێت:

نا ئەهلیی ئەم ئەهالییە مەعلومی من کەبوو
شوکری خودا، خودا بەس، ئومێدم نەما بە کەس (مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم، ١٩٧٧: ١٤٧)

وەک دەبینین، شاعیر لەنێو کۆمەڵگەکەیدا هەست بە نامۆبوون دەکات و بێزاری خۆی لەدەستیان دەردەبڕێت و هەر بۆیە بەمەبەستی دڵدانەوە ڕوودەکاتە خوای گەورە و دەڵێت: بۆم دەرکەوت ئەم خەڵکە چەند نامەردن، لەسایەی خواوە دەستم لەهەمووان داشۆری و پشتم تەنها بەخوا بەست.

### ٢. نامۆبوون لەشیعری نوێی کوردیدا

شیعری نوێی کوردی، لەزۆر لایەنەوە هۆکاری بۆ ڕەخساوە، کە ببێتە ڕەنگدەرەوەی ئەدەبی نامۆبوون، جا ئیدی ئەو هۆکارانە ئایینی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری... بووبێتن. ئەمە جگە لەو ڕۆحە نوێگەرییەی، کە هەبوو بۆ تازەکردنەوەی شیعری کوردی، ئەو هەوڵانەی، کە دراون بۆ نوێکردنەوەی ڕووخسار و نارەڕۆکی شیعر و هێنانەکایەی وێنەی نوێی شیعریی جیاواز لەشیعری کلاسیک، بەڵام ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین، کە لەڕووی مێژووییەوە، جیهان و کوردستان بە کاتێکی پڕ لەناخۆشی شەڕ و شۆڕدا تێپەڕیوە، بۆ نموونە هەر لەکاریگەرییەکانی جەنگی جیهانی یەکەم، تا دەستپێکردنی جەنگی جیهانی دووەم، هەموو ئەم مێژووی چەند ساڵەیە، کورد خەریکی شۆڕش و جەنگ بووە لەپێناو سەلماندنی بوونی خۆی وەک نەتەوە و دەسەڵات. جگە لەکاریگەری ئەم جەنگانە، سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم و پەیڕەوکردنی لەلایەن شاعیرانی کوردەوە، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە لایەنی دەروونییەوە هەیە "لەڕێبازی ڕۆمانسیزمدا هۆنراوە بریتی بووە لەدەربڕینی هەست و سۆزی کەس و ڕەنگدانەوەی جیهانی ناوەوەی شاعیر، وێڕای ئەمانەش ڕۆمانسیزمی کوردی گەلێک خەسڵەتی تری وەک بایەخدان بە خودێتی و تاکیەتی و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و مناڵی و غەمگینی تەنیایی و گۆشەگیری و نامۆیی و دڵەڕاوکێ و ڕەشبینی بەخۆوە گرتووە"(فەتاح، ٢٠١٣: ٤١)، نامۆبوونیش وەک یەکێک لەلێکەوتە دەروونییەکان، لەشیعری شاعیرانی سەر بە ڕێبازی ڕۆمانسیزمی کوردی ڕەنگی داوەتەوە.

**(شێخ نوری شێخ ساڵەح)**، وەک یەکێک لەو شاعیرانەی، کە بە سەردەستەی نوێگەرانی شیعری کوردی دادەنرێت، لەژێر کاریگەری ئەو بیرە نوێیەی، کە ئەو سەردەمە هەبووە نامۆبوون لای ئەو پەیوەستە بە بوونەوە "ئەو نامۆییەی، کە لەدەقەکانیدا دەردەکەوێت، نامۆییە بە بوون بە گشتی، دیسانەوە دەبێ پەنجەنومای ئەوە بکەین، کە ئەم جۆرە نامۆییە بەتایبەتی لەناو دەقی شاعیرانی نوێی کوردیا، بەکاریگەری ئەو هەستە ڕۆمانسییە بووە، کە بوو بووە کلێشە و چوارچیوەی ڕێبازە ئەدەبییەکە"(قادر، ٢٠٠٧: ٧٠). هەروەکو دەڵێت:

سەری من وا لەگوێی قەبرا ئەلەرزێ کەی غەمی خۆمە
بەدڵ من غەم ئەخۆم بۆ ئەو کەسەی ئەمڕۆ لەدایک بێ (عبدالواحید، ٢٠٠٨: ٦٠٢)

مرۆڤ بەدرێژایی ژیانی ناخۆشی زۆر دەبینێت، کە دەبێتە هۆی ئەوەی نائومێد و نامۆ ببێ لەژیان و کۆمەڵگە و دەروو‌بەرەکەی، ئەوەتا (شێخ نوری) لەپای ئەو ژیانەی هەیبووە، خەم بۆ ئەو کەسانە دەخوات، کە تازە دێنە دنیاوە، ئەمەش ڕەشبینی و نائومێدی شێخ نوری نیشاندەدات بەرامبەر بە ژیان. هەروەها لەدەقی شیعری (فەریاد)دا بەڕوونی ئەو کێشمەکێش و ناڕەحەتی ژیانە ئەخاتەڕوو، هەروەکو دەڵێت:

دنیا چییە ساتێ فەرەح و ساتێ مکەددەر
ماهیەتی مەعلوومە لەلای پیاوی منەوەر
حەجز و ئەلەم و گریە و ئەفغانە سەراسەر
گەە عوشرەت و شادیی و گەهێ مەرگی برادەر
لەم میحنەت و لەم ژین و نەمانە چییە مەقسوود
(فریاد أزین نوع وجود عدم آلود) (عەبدولواحید، ٢٠٠٨: ٤١٦)

**(گۆران)**،یش بەهۆی ئەو دیدە ڕەخنەییەی لەبارەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە لەشیعرەکانیدا دەبینرێت، کە ئاماژە و دەلالەتن بۆ تیشک خستنە سەر جیهانە شیعرییەکەی شاعیر لەڕووی ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتییەوە، ئەمەش حاڵەتی نامۆبوونی شاعیر دەردەخەن بەرامبەر کۆمەڵگە. هەر لەڕەخنەگرتن و ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر بە جیاوازی چینایەتی، لەڕووی پێگەی کۆمەڵایەتی و هەژاری و دەوڵەمەندییەوە، تا ڕەخنەگرتن لەکۆمەڵگە لەسەر ماف و پێگەی ئافرەت لەناو کورددا، هەروەها کێشەی نەخوێندەواری و دواکەوتوویی .... ئەمانە هەموو دەکرێت وەک کاردانەوەیەکی دروستبوونی حاڵەتی نامۆبوون لای شاعیر سەیربکرێت، بەو پێیەی شاعیرێکی خوێندەوار و چاوکراوە و ڕۆشنبیر بووە، کەواتە لەڕێگەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەوانەوە، جۆرە نامۆبوونێک و جیاوازییەک لەبیروڕایدا دەرکەوێت، کە جیاوازبووە لەو ڕەوتە باوەی، کە کەسانی تر بیریشیان لێنەکردووەتەوە. نموونەی ئەمەش ئەوەتا لەدەقی شیعری (بوکێکی ناکام)دا بەزەقی ڕەنگی داوەتەوە، بەم شێوەیە هەست و نەستی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت:

لەژێر تارای سورمەچنا هەرە جوانی دێ
کچی جوتیار بەرەو کۆشکی ئاغا کەوتە ڕێ
ئاغای خاوەن هێز و شکۆ خاوەن سامداری

لەکاتێکدا درێژ ئەکا دەستی دڵداری
بۆ گەردنی گوڵی کێویی لەجێ هەڵکەندراو
نمی فرمێسک بەدیکا ئەکا لەسەر کلی چاو
مووچرکەیەک بەسەرتاپای لەشیا ئەگەڕێ
ئاگاداره فرمێسکی سۆز دێته خوار بۆ کێ (مەلا کەریم، ١٩٨٠: ٥٧)

وەک دەبینین، ئەم نامۆییە لای (گۆران) لەشیعری (زەنگی پەستی)دا بەرەو نامۆبوونی ناخەکی دەڕوات، چونکە وەک خۆی دەڵێت: " هەندێ جار لە قوڵایی دڵما، هەستی پەستییەک ئەکەم، لە چەشنە مەستییەک ئەچێ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەندەم بیر و خەیاڵ و لێکدانەوە لێ ئەوروژێنێ، شەکەتم دەکات..." (مەلا کەریم، ١٩٨٠: ٢٢٦). هەروەک دەڵێت:

ئەوا دیسان لە گۆشەی نادیاری
دڵم، هەڵسا زڕەی زەنگی فگاری
بە ئەسپایی، بەبێ هێزی، بە عاستەم
هەوای ڕۆحم ئەخاتە سەر لەرەی خەم!
بە ئەسپایی، بە لەرزۆکی، هەژاری
ئەناڵێنێ لە شوێنی نادیاری!
.....
کە تێی ناگەم، کەنازانم ئەڵێ چی
بەڵام خوڕ خوڕ لەگەڵیا ڕۆحم ئەگری(مەلا کەریم، ١٩٨٠: ٢٢٦)

هەر لەمیانەی ڕەنگدانەوەی نامۆبوون لەشیعری نوێی کوردیدا، **(بێکەس)**ی شاعیر دەبینین، کە ئەویش وەکو شاعیرێک، جگە لەنازناوە شیعرییەکەی، کە دەرخەری نائومێدی و بێدەرەتانی و بێ پاڵپشتی ئەگەیەنێت، کە هەریەکە لەمانەش هۆکارن بۆ نامۆبوون، چەندین شیعری هەیە، کە هەستی نامۆبوونی تیایدا دەبینرێت، هەر لەغەریبییەوە، کاتێک لەکوردستان دووردەخرێتەوە، هەست بە نامۆبوون و غەریبی دەکات. نموونەی ئەمەش هەروەکو لەدەقی شیعری ( ئەی وەتەن)ەکەیدا بەئاشکرا دیارە و هەستی پێدەکرێت، هەر وەکو دەڵێت:

ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە
وەختی بەندی و ئەسارەت پێ بە تەوق و کۆتەوە
من لەزیکر و فیکری تۆ غافڵ نەبووم وا تێنەگەی
حەپس و تێهەڵدان و زیللەت تۆی لەبیر بردۆتەوە
بەوخودایەی بێشەریک و لا مەکان و واحیدە
عەشقی تۆ نەوعێ لەدڵما ئاگری کردۆتەوە
ئاگرێکی وا هەزارساڵ ئاوی بڕژێتە سەر
قەت گڕ و کڵپە و بڵێسەی تا ئەبەد نەکوژێتەوە(ئاشنا، ٢٠٠٥: ١٥)

تا ئەو هەڵویستانەی تری، کە بەرامبەر بە بێدەرەتانی و بێ هەڵویستی و یەکنەبوونی نەتەوەی کورد، لەقۆناغە جیاجیاکانی مێژووی خەباتی سیاسی و ڕامیاری و شۆڕشگێریدا"بارودۆخە ناهەموارە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکەی بێکەس، بووەتە هۆی ئەوەی هەستێکی نامۆبوونی لەلا دروست ببێت "(وقاص، ٢٠١٥: ٩٢). هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی (بێکەس) هەست بە بێکەسی بکات و وەک تاکێکی وشیاری نامۆ لەکۆمەڵگەکەی شیعر بکاتە زمانی دەربڕینەکانی و لەڕێیانەوە، نائومێدی و نامۆبوونی خۆی دەببڕێت، وەک لەدەقی (بێزاری)دا دەڵێت:

ئەوەندە تەعقیبی حەقم کرد هەتا سووک و ڕسوابووم
هەزاران لەعنەتم بۆ دێ لەهەر شوێنێ کرا بەحسم
ڕەواجی کوانێ لای خەڵقی وتار و شیعری پڕ مەعنا
گەلێ کەس پێکەنینی دێ بە گوفتار و دەم و لەوسم (ئاشنا،٢٠٠٥: ١٠٢)

(بێکەس) وەک لەیەکێک لەشاعیرە کوردپەروەرەکان، ئەو کەسانەی، کە نەتەوە لەسەرو هەموو شتێکەوە دادەنێن، جەژن بەو هەمووە تایبەتیمەندییانەیەوە، بێکەس نایەوێ و بەجەژنی خۆی نازانێ. هەروەها بە وەرزی بەهار دەڵێت، کە نامەوێت بێیت، لەکاتێکدا، کە وەرزی بەهار وەرزی ژیانەوە و دووبارە هەستکردنە بە بوون وەکو سروشت، وەک یەکێک لەوەرزە مێژوویەکانیش بۆ کورد، کە دەستپێکی ساڵی نوێی کوردییە و جەژنی نەورۆز و ئازادی تیایدا ئەنجام دەدرێت. ئەمە جگە لەدیمەنی سروشتی کوردستان، کە خاوەن دیمەنی سروشتی جوان و دڵگیرە، خەڵک لەو وەرزەدا بەکۆمەڵ دەچنە دەشت و دەر، بەڵام (بێکەس) نایەوێت بێت، چونکە ئەو بەهارە (پڕیەتی لەدیلی و دەرد و غەمگیی) بۆ نەتەوەی کورد، هەروەکو دەڵێت:

هەر زەمانێ قەومی کورد دەرچوو لەزیللەت بوو بەپیاو
جەژنی من ئەو ڕۆژەیە، نەک جەژنی قوربانی و پڵاو ( ئاشنا،٢٠٠٥: ٣٩)

خستەڕووی ئەم کێشە کۆمەڵایەتییانە و زاڵبوونی دەرخستنی لایەنی گشتی ناو کۆمەڵگەی کوردی و نەگونجانی لەگەڵ بیروڕای شاعیردا، ئەوە دەردەخات، کە نامۆبوون لەشیعرەکانی (فایەق بێکەس)دا، نامۆبوونی کۆمەڵایەتییە، کە لەنەگونجانی بیر و فیکردا خۆی دەبینێتەوە.

**(ئەحمەد هەردی)** شاعیریش یەکێکی ترە لەو شاعیرانەی، کە کەم تا زۆر دیاردەی نامۆبوون بە ئەلبومە شیعرییەکەیەوە دیارە و هەر لەسەرەتای دەسپێکی دیوانی (ڕازی تەنیایی)یەوە، بە شیعری (نائومیدی) دەستپێکردووە، وەک خۆشی لەپەراوێزدا ئاماژەی پێدەدات، کە شیعری سەرەتای نووسینیەتی، کەواتە ئەو نائارامی و پەشێوی دەروون و خۆدوورخستنەوە لەکۆمەڵ و لەهەمان کاتیشدا لەدەست تەنهایی هەڵهاتن، ئەگەر ڕاستەوخۆ بوترێت، کە کەسایەتی شاعیر هەڵگری ئەو سیفاتانە نییە، ئەوا دەکرێت بڵێین، کە وەک سیمایەکی دیاری شیعری ئەو سەردەمە بووە، کە لەژێر کاریگەری ڕێبازی ڕۆمانسیزمدا بووە، بۆیە وەک دەقێک، کە هەڵگری ڕەهەندەکانی نامۆبوونە سەیرەکرێت، هەروەکو دەڵێت:

که بەتێکەڵبوون، وەها بێزارم
بۆچ بەتەنهایی پەشیوە کارم؟
بۆ وەک ڕەنجەڕۆم
وەڕەس بووم لەخۆم
بۆ هەر کوێ ئەڕۆم
دڵ بێ قەرارم؟ (هەردی، ٢٠٠٦: ٤)

یان لەدەقی (ڕازی تەنیایی)دا شاعیر دەڵێت"ئەم شیعرە هەرچەندە لەساڵی ١٩٥١ دا وتراوە، بەلام شیوەنێکە، یان ئاوڕدانەوەیەکە لەقۆناغەکانی لەوە پێشتر"(هەردی، ٢٠٠٦: ٣٢)، سەراپای شیعرەکە گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوویەک، کە تیایدا شاعیر ئاوات و ئومێدی بە ژیان هەبووە، ژیانێک لەپای خۆشەویستیدا نە شەوی تاریک دەبوو، نە تالاوی ژیان بەو جۆرە دەبوو، بەڵام هەر لەسەرەتای لاوێتییەوە شاعیر هەموو ئەو باجانەی داوە، نە خۆشەویستێک لەگۆڕێ هەیە، نە دڵێک و نە سینەیەک کە هەست بە ئارامی و گەرمی بکات و نە ڕوناکییەک کە ڕێگای بۆ ڕۆشن بکاتەوە، ئەوەی هەیە هەموو هەر تاریکییە، هەروەکو دەڵێت:

لەتەنیایی شەوی ژینا، ئەنێم هەنگاوی کوێرانە
نییە دەستێ، دەرمبێنێ لەناو ئەم گۆڕە وێرانە
نییە جوانێ، سەری کاسم، بنێمە سەر دڵی نەرمی
کە هیلاکی لەشم دەرکا، خەوی سەر باوەشی گەرمی
ئەگێڕم چاوی بێ تینم، بەتاریکی شەوا سەرسام
نییە پرشنگی دووچاوێ، کە ڕووناکی بکا، ڕێگام
بە غەیری باڵی غەمناکی
شەوی پڕ ترس و سامناکی
نییە یەک تۆزە ڕووناکی (هەردی، ٢٠٠٦: ٣٢-٣٣)

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی کاریگەری هەبووە لەسەر سەرهەڵدانی نامۆبوون لەبەرهەمی گەلێک لەشاعیرانی کوردی ئەو قۆناغە مێژووییەدا، دووری لەنیشتیمان و غەریبیە، کە کاریگەری زۆری لەسەر بیری شاعیر (**هێمن**)داناوە، وتاری شیعری (هێمن)، بریتییە لەشیعری نیشتیمانی و نەتەوەیی، هەروەها پاڵپشتی مافی ژنان و چینی چەوساوە بووە، زایەڵەی ناوخۆی سروشت و جوانی کچی ئازا و زامی ژیانی خۆی و نەتەوەکەشی پێکەوە لەشیعردا بەرجەستەکردووە. واتە "ژیانی هێمنی شاعیر ڕشتەیەک ئازار و خەم و کارەسات بوون، نەک هەر لەقۆناغی منداڵیدا، بەڵکو گەنجێتی و واقیعی سیاسی و کۆمەلایەتی میللەتەکەی و شۆڕش و یاخیبوونەکانی، کە خۆی تیایدا ژیاوە و لەسێدارەدانی قازی و هاوەڵەکانی و زۆر کارەساتی ناهەموار و دژواری دیکە تانوپۆی ژیانی ئەم شاعیرە دیاریدەکەن"(قادر، ٢٠٠٧: ٨٧). بە بڕوای (محمد فەریق حەسەن)، ئەوانەی، کە بوونەتە هۆی دروستبوونی هەستی نامۆبوون و ڕەنگدانەوەی لەدەقە شیعرییەکانی (هێمن)دا، ئەو ئاوات و هیوا

زۆرەی (هێمن)ە بە کۆماری کوردستان و پیشەوا قازی محمد، کە نووسەر بە (سمبول) ناوی دەبات، بەڵام کاتێک کە کۆمار هەرەس دەهێنێ، هەموو هیوا و ئاواتەکانیش هەرەس دەهێنن. پاشانیش کەسی چاوکراوە و ڕۆشنبیر و خوێندەوار، زوو هەست بەو کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییە سیاسییانە دەکات، کە بۆی دانراوە، مەبەست لێی (لەچوارچێوە گرتن)ە. کۆمەڵگەش وەک کایەیەکی دیار و کاریگەر ئەگەر نەتوانێت لەسەر ماف و داواکاری و گۆڕانکارییە پێویستییەکانی ژیان بێتە دەنگ، ئەوە بەناچاری ئەوەی، کە دەنگ بەرزبکاتەوە و بیەوێت ڕێگای ڕۆشن و ئازادی نیشانبدات، دەبێتە کەسێکی نامۆ بەو کۆمەڵگەیەی، کە جگە لەکۆمەڵێک شتی سەرەتایی، هەموو شتێکی تریان لا ئاساییە و پێ قبوڵە، تەنانەت ئەگەر داگیرکاریش بێ، ئەمەشی ناوناوە (جڤاکی ناحاڵی). لەکۆتا هۆکاردا، باس لە(جیاوازی چەندێتی و چلۆنایەتی)دەکات، ڕای وایە، بەهۆی دوورکەوتنەوەی شاعیر لەشاری خۆی، گۆڕینی سنورو جوگرافیای، وایلێکردووە، کە جیاوازی لەشێوازی شیعر نووسینی دروست ببێت "زۆرێک لەو داهێنەرانە، کاتێ پەڕیوە و نامۆبوون، لەژینگە نوێیەکەیاندا پتر لەجاران بەهرەیان هەڵکشاوە. هێمن یەکێکە لەوانە. دەتوانم بڵێم ئەو شیعرانەی، کە لەغەریبی، لەژێر کاریگەری نامۆییدا، لەدیوی عێراق وتوونی ناسکتر و بەسۆزتر و هەڵکشاوتر و کاملترن"(حەسەن، ٢٠٠٨: ٤٤). جگە لەمانەش"ژیانی هێمن پڕبووە لەئاوارەیی و بێ دەرەتانی و لەشکست و لەگلبوونەوە لەهەوراز و لەنشێو"(سلێمان، ٢٠١٥: ٩٨). ئەمانە و چەندەها تایبەتمەندی تری شاعیر، وایکردووە، کە دڵنیابین (هێمن)ی شاعیر یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە دیاردەی نامۆبوون لەشیعرەکانیدا هەیە.

لەو وڵاتە کەسێک لەخەو ڕابێ
بەشی چارە ڕەشی و خەم و شینە
تێگەیشتم عیلاجی دەردی من
مەستی و شێتی و نەزانینە (حیکمەت، شەمزاو، ٢٠٠٥: ١٨٦)

ئەگەر سەرنج بدەین، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ باس لەنامۆبوونی کەسانی هۆشیار و خاوەن بیر و فیکر دەکات، کە ئەگەر یەکێک تۆزێ چاو هەڵبێنێ و لەخەوی غەفلەت بێداربێتەوە، ئەوە جگە لەناخۆشی و شین و خەم هیچی دیکە نابێتە بەشی. ڕوونیشە، کە ئەو جۆرە لەمەستی و شێتی و نەزانینە، کار و کرداری کەسانێکی ترن و لەلای شاعیر بەتایبەتی، هیچ بوونێکی نییە، چونکە شاعیر بەهۆی ئەوەی وەک کەسایەتییەکی چاوکراوە بەشداری ڕاستەوخۆی ڕووداوەکان بووە. کەواتە ئەم جۆرە لەبێدەربەستیی و نەزانینە نایگرێتەوە، هەر ئەمەش وایکردووە شاعیر داوابکات یادی بکەن، بەڵام چ جۆرە یادکردنێک، یادکردنێک لەڕێگەی دەنگ و مۆسیقاوە، وەک دوو پێکهێنەری سەرەکی بەرهەمی هونەری گۆرانی، کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەست و سۆز دەدوێت، گۆرانییەک ئەکرێ بتباتەوە بۆ جێیەک، کە لەیادکردنەوەی ئاساییدا هێند هەستەکە ناچێتە قوڵای و ناخی کەسەکانە، دەنگیش وەک ڕۆحپێدەری ئەو وشانە، تێکەڵ بە ڕۆحی گوێگر دەبێ، جا دەنگی ماملێش، کە هەم لەبەر ئەوەی کۆمەڵێکی زۆر لەشیعرەکانی هێمنی شاعیری کردووە بە گۆرانی، هەمیش وەک مۆرکێکی نەتەوەیی لەناو نەتەوەییەکەشیدا، وەک موکریانییەک و مهابادییەک، لێرەوەیە شاعیر ئەیەوێ ئەمی دوورە وڵات یادیبکرێتەوە و دەڵێت:

لەو دەمەیدا گوێ هەڵدەخەن بۆ تارێ
لەو دەمەیدا (ماملێ) دەڵێ قەتارێ
یادم بکەن، یادی منی دوور وڵات
یادی منی ڕێبواری ڕێگای خەبات
یادی منی بێبەش لەخۆشی و شادی
یادی منی سەوداسەری ئازادی (حیکمەت، شەمزاو، ٢٠٠٥: ٢٤٥)

**٣. نامۆبوون لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا**

ئەو مێژووەی نەتەوەی کورد، کە لەئەدەبی نوێی کوردیدا ڕەنگی دایەوە، لەئەدەبی هاوچەرخیشدا درێژەی هەبوو. بە واتایەکی تر ئەو هۆکارانەی بوونە هۆی ئەوەی نامۆبوون لەئەدەبی نوێی کوردیدا دەسنیشانبکەین، دەتوانین بەهەمان شێوە لەئەدەبی هاوچەرخیشدا ببنە پێوەر، چونکە جگە لەو ڕۆحە نوێگەرییەی هەبوو، دیسانەوە مێژووە سیاسییەکە بەجۆرێک بوو بوو بە مێژووی نائومێدی. هەر لەبەر ئەوەش، کە مەسەلەی نامۆبوون"حاڵەت و دیاردەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتییە و ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە، ئەم خەسڵەتە دەروونییە لای هەموو کەسێک بەپێی باری دەروونی و ژینگەکەی بوونی هەیە. مرۆڤەکان هەرچییەک بن و لەهەر پلەوپایە و سەر بەهەر ئاستێکی ڕۆشنبیری بن، دەشێت دووچاری ئەم حاڵەتە ببن "(سەعدون، ٢٠١٥: ٤٨٢)، چونکە هیوا و ئاواتەکانی نایەنەدی و هەست بە تەنیایی دەکات. بێگومان، لەنێو مرۆڤەکانیشدا شاعیران و نووسەرانیش وەکو هەر مرۆڤێکی تر بەهەر هۆکارێک بێت تووشی جۆرێک لەنامۆبوون دەبنەوە و گەلێکجاریش دەبێتە هەوێنی گەلێک دەق و بەرهەمی جوان و ناوازە، شاعیران و نووسەران بەهۆیەوە هەست و نەستی پەنگخواردوویان دەردەبڕن و دەیکەن بە پەیامێک و دەیدەن بە گوێی خوێنەران و وەرگراندا. لەلای شاعیرانی هاوچەرخیش بەهۆکاری جیاواز دیاردەی نامۆبوون لەشیعرەکانیاندا دەبینرێت. واتە، هەمان هۆکاری (سیاسی، کۆمەڵایەتی، دەروونی،...) بوونەتە سەرچاوەی نامۆبوونەکان.

یەکێک لەو شاعیرە هاوچەرخانەی کورد، کە ئەم دیاردەی نامۆبوونە لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، (**شێرکۆ بێکەس**)ە، بۆ نموونە لەدەقی دەربەندی پەپولەدا لەدووری نیشتیمان و ئاوارەییدا، هەستی نامۆیی خۆی دەردەبڕێت. لەدوورە وڵاتییەوە هەستی نامۆبوون و غوربەت و دووری خۆی وەک خەستەیەکی تێکشکاو وێنەدەکات. دەڵێت:

لەگوێ زەریایت.. چاوەکانت وەک کەلەپۆ

بڕیوەتە نهێنی ئاو

سەرت لەناو نامۆییدا بەلەمێکی سەرگەردانەو

دەستەکانت سەوڵی شکاو

وەکو پایز ئێوارەی تەنیاییت تەڕە و

یادگاری لێئەچۆڕێ و

خەیاڵیشت زەردی هەتاو(بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٠٨)

ئەم نامۆبوونە جوگرافییەی شێرکۆ بێکەس لەم دەقەدا تەواو ڕەنگی داوەتەوە، وەک (ئارام قادر) سەبارەت بەم هەستی نامۆبوونەی (شێرکۆبێکەس) دەدوێت و دەڵێت: "هەست و سۆزی نامۆیی لەدەربەندی پەپولەدا دەگاتە چڵەپۆپە و دواین ترۆپکی خۆی، چونکە شاعیر لەناو نامۆیی و خۆییدا و لەئاوارەییەوە خۆی دەداتە دەست شەپۆلی خەیاڵ و ئەندێشە ئیدی بەهەویای ئەوەیە بۆن و بەرامەیەکی نیشتیمان بدۆزێتەوە و ئۆقرەیەک بداتە ڕۆحی بیمار و ماندووی خۆی"(قادر، ٢٠٠٧: ١٠٨) هەرچەندە شارەکەشی وەک شاعیر خۆی بریندارە، هەرجارە و بە ئازارێک و ناخۆشییەکەوە سەری لێدەدات، بەڵام هێشتاش شاعیر هەموو شەوێکی نامۆیی و غوربەت چاوەڕێیەتی. شاعیر دەڵێت:

هەموو شەو شارەکەت سەرێکت لێ ئەدا

بەگوڵی ژاڵەوە شەلەشەل

خۆی ئەکا بە ژوورتا و ئەوەستێ

گوڵێکی سەرسنگیت ئەداتێ و

تۆیش تاڵێ وەنەوشەی ئەوینی نامۆیی ئەدەیتێ(بێکەس، ٢٠٠٦: ٥٤٨)

هەروەها، لەلای **(عەبدوڵا پەشێو)**ی شاعیریش، ئەم هەستی نامۆبوونە لەقاڵبێکی سیاسیدا خۆی دەردەخات و شاعیر بێزارە لەو هەمووە مێژووە دووبارەیەی، کە کورد وەک چارەنووسێکی ئەزەلی دووچاری بووەتەوە. هەستی نامۆبوونی وەک نەتەوە تیادا بەرجەستەکردووە و دەڵێت:

سەدان ساڵە

لەوێرانە ماڵی خۆمدا

کتکە کوڕەی گۆشەی متبەقی سوڵتانم

سەدان ساڵە

حەوش و بەرەی خۆم والآیە و

لەبەر دەرگەی دزانی خۆم پاسەوانم(پەشێو، ٢٠٠٦: ١٠١)

لەشیعرێکی تریشدا، کە بۆ (شێرکۆ بێکەس) نووسیویەتی تیایدا هەستی نامۆبوونی لەڕێگەی کاریگەری گریانی شێرکۆوە بە گریان بۆخۆی شیرکۆ دەردەبڕێت، لەبەرامبەر مێژوویەک، کە پڕە لەخوێن و لەشەهید و قوربانی. دەڵێت:

برام شێرکۆ!

کەژاوەکەی گریانی تۆ

وەک ئادەمیزادێکی ڕاپەڕیو

گیانی گەرمی لەبەردابوو

.....

لەپێشەنگی کەژاوەتا

ئالای خوێنینی مەهاباد هەڵکرابوو

....

گریام بۆ خۆم

گریام بۆ تۆ

بۆ هەزاران زیندووی نێژراوی ناو گڵکۆ(پەشێو، ٢٠٠٦: ٩٨)

هەروەها، **(لەتیف هەڵمەت)**، لەدەقی (هەڵبەستێک لەناو ڕەگی تەمەنا)دا، هەستی نامۆبوونی خۆی بە نەمانی ئومێد و خۆشی تەمەنەوە دەبەستێتەوە، شاعیر نە لەزەوی و نە لەئاسماندا ئەو خۆشبەختییەی، کە ویستوویەتی بەدەستی نەهێناوە، ئەوەی لەڕابردووشدا دڵی پێی خۆشبووە، لەگەورەبوونیدا بووتە درکەزی و ئازاری یادەوەی و گیانی داوە، چونکە هیچ کام لەو ئاوات و ئومێدانەی نەهاتۆتە دی و مردوون. دەڵێت:

بەستەی ئومێد و بزەی تەمەنم

ون بوو لەهەردەی پشکۆی ژیانا

لەرەی بروسکەی شادی ڕابردووم

وەکو دڕکەزی چەقی بە گیانا

ئاخ ڕژایە ناو دەروونی تینوم

ڕۆژی مەبەستم مرد لەئاسمانا(هەڵمەت، ٢٠١٤، ٢٩)

لەدەقی (ئاوێنەیەک لەشێوەی هەڵبەست)دا، شاعیر لەڕێگەی دواندنی خۆیەوە، نامۆبوونی خۆیمان لەشەوێکی پڕ نائومێدییدا نیشاندەدات، ئەویش لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ یادگارییەکان. دەڵێت:

لەکۆشکی شەوی نائومێدییا

دڵ خەم و خەفەت ئەهۆنێتەوە

برینەکانم بەسازی یادگار

وەک خوێی پێوەکەی

ئەکولێتەوە(هەڵمەت، ٢٠١٤: ٣٣٨)

(فاتیح عیزەدین) لەشیعری (مردنی دەنگ و ڕەنگ)دا، بە ئاشکرا نامۆبوونی خۆی دەردەبڕێت، ئەوەش بەجۆرێکە، کە لەڕێگەی گەمەیەکی زمانییەوە بە شێوەیەکی جوان و سادە، وێنەکەی ئاوەژوو کردۆتەوە، چونکە کاتێک یەکێک نامۆ دەبێ، گۆشەگیر دەبێ، بەجۆرێک لەجۆرەکان خۆی لەجیهان جیادەکاتەوە، بەڵام لەم وێنەیەی (فاتیح عیزەدین)دا، ئەوەی ڕادەکات لەدەستی ئەمی نامۆبوو، جیهانە، چونکە ئەوە جیهانە، کە ناتوانێت لەشاعیری نامۆبوو تێبگات، بۆیە ناچارە هەڵبێت، کەسی بەرامبەریش، کە ئەیدوێنێ، ئەگەر مرۆڤە، ئەگەر هەر جۆرە هەستێک بێت، پێی دەڵێت، تۆش لەدەستم ڕابکە، تۆش بەهەمان شێوەی دونیا و وەک بەشێک لەو دونیایەی، کە لەمن ڕایکردووە تۆش ڕابکە. هەروەکو دەڵێت:

وا جیهان

لەمنی نامۆبوو ڕائەکا

تۆش لەمن ڕابکە و

جێم بهێڵە (عیزەدین، ٢٠٠٩: ٩٩)

هەروەها، (کەریم دەشتی)، لەدەقە شیعری (بورجی بەڵەک)دا، ئەو هەستە نامۆییەی مرۆڤ لەڕێگەی خستنەڕوویەکی فەلسەفییانەی وجودییەوە دەردەبڕێت، کە مرۆڤ لەسەرەتای دروستبوونییەوە لەسەر زەوی و لەژیانیدا، لەگەڵیدا سەرهەڵدەدات، بەڵام پاش ماوەیەک و تێفکرینێکی زۆرەوە، مرۆڤ دەتوانێت درک بەو نامۆییە وجودییەی خۆی بکات. هەروەکو دەڵێت:

ناڵەییێک هەڵدەستا هەمیشە بانگی دەکردین

کەس نەیزانی ئەم ناڵە لەکوێوە دێت

بۆچی وەها تێکەڵی ناو خوێنمان دەبێ

ساڵەهای ساڵ بەدوایدا چووین

گەلێکمان سەری نایەوە

دوای خوێندنەوەی دڵی یەکتری

ئەوسا زانیمان ئەوە ناڵەی ئەبەدی مرۆڤە

لەناو کتێبی سەرزەوی(دەشتی، ٢٠٠٦: ٨٣-٨٤)

هەر لەو چوارچێوەیەشدا، (محمد عومەر عوسمان)یش یەکێکە لەو شاعیرانەی، کە نامۆبوون بەشێکی زۆری دیوانە شیعرییەکەی گرتۆتەوە"تێکستە شیعرییەکانی شاعیر دەریایەکە لەنامۆیی و غوربەت، ئەوەی شاعیر لەشاعیرانی سەردەمی خۆی و پێش خۆی جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە شاعیر بەردەوام لەحوزنێکی قووڵدا دەژی، چەندین تێکستی هەیە، کە وەک نامۆیەک دەردەکەوێت، ئەویش بەهۆی

هۆکارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، تێڕوانینی تایبەتی شاعیر بۆ ژیان"(قادر، ٢٠٢١: ٣٥-٣٦). وەک دەبینین، شاعیر لەیەکێک لەکۆپلەکانی دەقە شیعری (لەغوربەتا)، تەواو دڵنیایە لەغەریبی و نامۆیی خۆی، چونکە ئەوە ڕاستییە هەر ئومێد و هیوایەکیش هەبێت، بەخۆ گێلکردنی ناو دەبات. هەروەکو دەڵێت:

با خۆم گێل نەکەم منی غوربەتی

کەنارم تۆف و شەوی بارانە

کەس ناگری بەسەر ڕووخساری منا

تەم و مژێکی دەم ئێوارانە(عوسمان، ١٩٨٥: ٢٨)

تەنانەت شاعیر لەکۆپلەیەکی تردا، نامۆیی و تەنهاییەکەی بەشێوەیەکە، گەیشتووە بە ئاستێک، کە هیچ شتێک لەوە سامناکتر و غەمبارتر نییە، کە هەست بەو غوربەت و تەنهاییە بکا. بەجۆرێکە مەگەر (نالی) وەک غەریبەیەک و نامۆیەک بە شوێن و جێگەی وڵاتی عوسمانی، سەدەیەک پێش ئەم شاعیرە هەمان هەستی ئەمی هەبووبێت، هەروەکو دەڵێت:

چی سامناکترە؟ چی غەمناکترە؟

لەمنێکی تەنیای ناو دوورگەیەکی چۆڵ؟!

گیانێکی ماندوو.. هەستێکی (نالی)

خۆزگەی ماچێکی دەشتی خاک و خۆڵ(عوسمان، ١٩٨٥: ٤٧)

کەواتە، هەستی نامۆبوون و بوونی لەشیعری کوردیشدا، تایبەت نییە بە کات و مێژوویەکی دیاریکراو، چونکە بابەتەکەش پەیوەستە بەمرۆڤ و هەستەکانییەوە، کوردیش خاوەن مرۆڤانێکی بەهەست و پڕ ئەزموونی ناخۆشییە، هەربۆیە، لەناو هەموو مێژووی ئەدەبی کوردیدا ئامادەیی هەیە و لەداهاتووشدا دەبێت.

## تەوەری دووەم

## شیعری کوردی لە سەردەمی د.ئاراس عەزیزدا

١. قۆناغی سالانی حەفتاکان و نوێبوونەوەیەکی تری ئەدەبی کوردی

٢. قۆناغی سالانی کۆتایی حەفتاکان و هەشتاکان

## ١. قۆناغی ساڵانی حەفتاكان و نوێبوونەوەیەكی تری شیعری كوردی

نوێبوونەوەی ژانرە ئەدەبییەكان شتێک نییە لەخۆوە و سەربەخۆ ڕووبدات و بێتە كایەوە، بەڵكو پێویستییەكانی ژیان و سەردەم و قۆناغە مێژوییەكە دروستی دەكات و دەیهێنێتەكایەوە، لەو چوارچێوەیشدا ئەدەبیاتی كوردیش پێویستی هەلومەرج و قۆناغە مێژووییەكە وایكردووە، كە گۆڕانكاری بەرپا بێت. بۆ نموونە مێژووی شیعری كوردی، لەسەدەی بیستەم بە دوو قۆناغی نوێگەریدا تێپەڕبووە. یەكەمیان ئەو نوێگەرییەیە، كە سەرەتای سەدەی بیستەم و بەتایبەت دوای جەنگی جیهانی یەكەم، وردە وردە لەناو ئەدەبیاتی كوردیدا سەریهەڵدا، تەنانەت "زۆرجاریش نوێبوونەوە سیمای بزووینەوەیەكی ئەدەبی بووە لەقۆناغێكی مێژوویی دیاریكراودا، بەم شێوەیە دەكرێ بەو بزووتنەوەیە بگوترێ نوێگەری. واتە هەر نوێگەرییەک، كە ئاكامی بزووتنەوەیەكی دیاریكراو بوو، بە نوێگەری ناودەبرێت"(بەرزنجی، ٢٠٠٨: ١١). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، كە دیاردەی نوێگەری لەمنداڵدانی كێشەی نێوان كۆن و نوێ دروستدەبێت و دەبێتە نموونەیەک بۆ داهێنان، نەک لاسایی كردنەوە. وەک ئاشكراشە ئەم گۆڕانكاری و نوێبوونەوەیە، وەک شۆڕشێک وابوو لەدژی مێژووی چەند ساڵەی نووسین بە شێوازی كلاسیک. بۆیە بە هەڵدانەوەی لاپەڕەكانی مێژووی ئەدەبی كوردی بەتایبەتیش شیعر دەبینین "لەنێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا، شیعری كوردی تازەكردنەوەی بەخۆیەوە بینی و شیعر پێی نایە قۆناغێكی تازەوە و جێگای بە ڕێبازی كلاسیكی لەقكرد و ڕێبازێكی ئەدەبی نوێ هاتەكایەوە، كە بە ڕێبازی ڕۆمانسی ناسرا"(عەزیز، ٢٠٠٦: ١٣٩)، ئەم نوێبوونەوەش لەلایەن شاعیران (گۆران، شێخ نوری شێخ ساڵەح، پیرەمێرد، ڕەشید نەجیب)ەوە دەستی پێكرد.

شایانی باسە، لەدوایشدا (گۆران) بەرەو ئەو ڕێچكەیە ڕۆیشت و ئیدی وردە وردە ئەم كوردی پەتی نووسینە پێشبڕكێی خستە نێوان شاعیرانی كوردەوە، تا وایلێهات ڕوو لەئەدەبی فۆلكلۆر بكەن و بەدوای ئەو وشانەدا بگەڕێن، كە هێشتا بڵاونەكراونەتەوە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا شیعری كوردی لەڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆكەوە گۆڕانی بەسەردا هات و بەرەو نوێبوونەوەی تەواوەتی هەنگاوی نا. ئەم ڕەوتە لەمێژوو درێژەی كێشا، تا كۆتایی شەستەكان و سەرەتای ساڵانی حەفتا. لەدوای ئەمە قۆناغی دووەمی نوێگەری دەستپێدەكات، هەندێک هۆكار هەبوون، كە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بوون و سەرهەڵدانی ئەو بزووتنەوە ئەدەبییانەوە هەیە، كە لەدوای ساڵانی حەفتاكانی سەدەی بیستەم لەكوردستاندا سەریان هەڵدا. "لەدەیەی حەفتای زایینی گەشەی سیاسی هەرێم، دەركردنی بەیاننامەی یازدەی ئازار، كە تێیدا دان بە مافە ڕەواكانی گەلی كورد دەنێت، هەلێكی نوێ بۆ دەرەتان لە فەزای چەق بەستووی سیاسی- كۆمەڵایەتی سازدەكات. ئەم فەزایە دەبێتە هۆی بەدی هاتنی چاپەمەنی و گۆڤار و ڕۆژنامەی نوێ، كە تا ئەو سەردەمانە هەلی خۆ دەرخستنیان نەبوو"(بەفرین، ٢٠١١: ٨)، لە هەمان كات دا یەكێتی نووسەرانی كورد دادەمەزرێت و چەندین دامودەزگای ڕۆشنبیری و ئەدەبی

پێک دێت. ئەم هەلومەرجە سیاسییە و گۆڕانکاری ئەدەبی جیهانی لە سەدەی بیستەم بە دەرکردنی چەندین بەیاننامەی ئەدەبی، دۆخێک بۆ ئەدەبی کوردی بەدی دێنێت، کە لە بازنەی (ئەدەبی نوێخوازی گۆران)بێتەدەرێ "ئەم کاریگەرییە نوێخوازییە لەئەوروپاوە گەیشتبووە وڵاتانی خۆرهەلاتی ناوەڕاست لەوانەیش عێراق، بەم شێوەیە نووسەرانی کورد هەم لەوێستگەی گەڕانەوە بۆ کلتوری ئەدەبی خۆیان و بەهەمان شێوە بە سوود وەرگرتن لەئەدەبی وڵاتانی دراوسێ هەنگاویان بەرەو نوێبوونەوە نا"(حسێن، ٢٠١١: ١٦).

فەزای سیاسی کراوەتر لە لایەن ڕژێمی بەعس و دەرچوونی کۆبەندێک لە گۆڤار و ڕۆژنامە، کە باس لە ئەدەبی نوێخوازی جیهانی دەکەن، هەستی ئەدەبی شاعیران و نووسەرانی ئەو سەردەمەی کورد دێنێتە بزواندن و بانگەوازی نوێخوازی لە قەڵەمی گەلێک نووسەر دێتە ئاراوە. بوونی هەموو ئەو بزووتنەوە ئەدەبیانەش هێزی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگای کوردین، کە خۆیان دەبیننەوە لەکۆمەلێک چالاکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری. هەربۆیە یەکێک "لەبەرهەمەکانی بیری مرۆڤ لەمێژووی هاوچەرخدا، بریتییە لەدروستکردنی بزووتنەوەی جۆراوجۆر لەپێناوی بەرهەمهێنانی کەشێکی لەبار بۆئەوەی جوڵەیەکی بنەڕەتی لەناو کۆمەڵگەدا دروستبکەن"(میرە، ٢٠١٢: ٣٠)، لەو بزووتنەوە ئەدەبیانەش وەکو هەردوو بزووتنەوەی گروپی (کەرکوک-کفری)، (ڕوانگە)ن، کە دوو بزووتنەوەی هەرە دیار و پێشەنگی قۆناغە مێژووییەکەن. بێگومان، هەریەکە لەم قۆناغانە، بەشێوەیەک کاریگەرییان هەبووە لەسەر شیعری شاعیرانی دوای خۆیان. ئەم گروپانەش لەژێر کاریگەری ئەو شەپۆلەلەگۆڕانکاری و نوێبوونەوە بوو، کە ئەو سەردەمە لەناو ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات و لای عەرەبەکان بەتایبەت، ڕەنگی دابووەوە. ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری کردە سەر ئەو شاعیرە کوردانە، چونکە هەندێکیان ڕاستەوخۆ لەناو گۆڕانکارییەکانیان بوون و پەیوەندییان بەو شاعیرە عەرەبانەوە هەبوو، کە ئەو سەردەمە خەریکی نوێکردنەوەی شیعری عەرەبی بوون. "کاکە مەم بۆتانی دەڵێت: پەیوەندیمان بە شاعیرە نوێخوازەکان بەتایبەتی (فاضل العزاوي) زیاتر هانی ئێمەی دەدا بۆ نوێخوازی، هەرچەندە کاکە مەم بۆتانی ئاماژە بۆ قوتابخانەی دادایزم و سوریالیزم دەکات و کارتێکردنی بەسەریان، بەڵام ئەمیش ڕاستەوخۆ نەبووە، بەڵکو لەکەناڵی ترەوە ئەم قوتابخانانە کاری تێکردوون لەبەر نەزانینی زمانی ئەوروپی. کەواتە، کارتێکردنی ئەدەبیاتی عەرەبی زیاتر بووە لەسەریان لەڕێگەی ئاشنابوونیان بەبەرهەمەکانیان"(حسین، ٢٠١١: ٢٠). لەمەوە دەگەینە ئەوەی، کە سەرچاوەی سەرەکی ڕۆشنبیری و پردی پەیوەندی نووسەرە کوردەکان ئەدەبیاتی عەرەبی بووە، لەڕێگەی ئەوانەوە لەهەموو گۆڕانکارییە ئەدەبییەکانی تری ناوچەکە و جیهان ئاگاداربوون. هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ئەم گروپانە، لەژێر ئەو کاریگەرییانەدا هەوڵی نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردییان داوە. هەرچەندە (د.محمد ئەحمەد سەعید)، لەکتێبی (چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی)دا ئاماژە بە سێ گروپ دەکات، کە ڕۆڵیان هەبووە لەبەرەوپێشبردنی شیعری کوردی و" لەوانە :

١. گرووپی کەرکوک، هاوڕێیانی بەد (١٩٥٥-١٩٦٤)، کە پێشینەیەکی دێرینتری لەکەرکوکدا هەبوو.
٢. گرووپی کفری، کۆتایی شەستەکان، کە ئەندامانی لەهەندێ شوێن و سیمیناردا خۆیان بە گرووپی کەرکوک و کفری ناساندووە.
٣. گرووپی ڕوانگە، کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکان.

ئەم سێ گرووپە ڕۆڵی کاریگەر و بەرچاویان لەپێشخستنی ئەدەبی کوردی بەتایبەتی جوڵانەوە شیعرییە نوێگەرییەکەی هەبوو، تەقەلایەکی باشیان دا لەپێناوی بەرەوپێشبردنی شیعری کوردی و ئاڕاستەکردنی بانگەوازی شیعری کوردی بەرەو نوێگەری و مکوڕبوون لەسەری "(سەعید، ٢٠٠٨: ٢٦٧). لەمەوە دەگەینە ئەوەی، کە "لەحەفتاکاندا لەئەنجامی ئەو بارودۆخە تایبەتییەی لەو قۆناغەدا بۆ میللەتی کورد دروستبوو، شاعیرانی کورد دوای ئەوەی ڕووبەڕووی ئەو واقیعە نوێیە بوونەوە، هەستیانکرد پێویستە ئەو ناوەڕۆکە نوێیە دەرببڕن، کە بارودۆخە تایبەتییەکەی ژیانی ئەو سەردەمە دروستی کردووە "(سابیر، ٢٠٠٦: ٤٦٩). ئەم گرووپانە، بۆ ئەو سەردەمەی ئەدەبی کوردی بەپێویست سەیر دەکران، شاعیران و نوێخوازانیش، هەوڵی ئەوەیان دەدا، کە ئەدەبیاتی کوردی ڕەنگدەرەوەی ئەو بارودۆخ و سەردەمە بێ، کە کورد وەک نەتەوەیەک تیایدا دەژیا، لەڕووی لایەنی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئایدۆلۆژی،... هەموو ئەمانە وەک زەرورەتێکی قۆناغەکە پێویست بوو لەشیعرەکاندا ڕەنگ بدەنەوە. لێرەدا بە کورتی هەوڵدەدەین قسە لەسەر دوو بزووتنەوە یان دوو گرووپی دیاری ئەو سەردەمە بکەین، کە خاوەنی بەیاننامەن و شاعیرەکانیان لەو سەردەمەو لەدوای ئەو سەردەمەش کاریگەرییان هەبووە و هەیە بەسەر شیعری کوردییەوە.

**گرووپی کەرکوک-کفری**

گرووپێکی نوێخوازی شیعریی بوو لەکفری دامەزرا "لەکۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا، شاعیرانی کەرکوک-کفری، بەتایبەتی هەر سێ شاعیر (لەتیف هەڵمەت و سەلاح شوان و ئەنوەر شاکەلی) تەکان و گوڕێکی بەرچاویان بە شیعری کوردی دا. ئەویش هەنگاونان بوو بەرەو نوێگەرییەکی هاوچەرخانەی دیار و بەرچاو. لەبارەی ناوەڕۆکەوە یاخیبوونێکی توندڕەوی بەخۆیەوە بینی. لەهەموو چاوپێکەوتن و نووسین و شیعرەکانیاندا ئاماژەیان پێداوە و پێیان لەسەر داگرتووە"(سەعید، ٢٠٠٦: ٢٨٠). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکە لە "(ئەحمەد شاکەلی و لەتیف حامید) و چەند ئەدیبێکی تریش"(بەرزنجی، ٢٠٠٨: ٦١) ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لەپێکهێنانی ئەو گرووپە ئەدەبییەدا. لەتیف هەڵمەت دەڵێت: "ئێمە لەکفری پێش بەیانی ١١ی ئادار لەساڵانی ٦٧ و ٦٨ دا بنەمای ئەو نوێگەرییەمان دامەزراندبوو"(سلێمان، ٢٠١١: ٣٦)، هەروەها شێرکۆ بێکەسیش دەڵێت: "لەو سەردەمەدا هاوکات لەگەڵ بیرکردنەوەی ئێمەدا بۆ (وشەی نوێ، بیری نوێ، کرداری نوێ) لەکەرکوک و کفری و شوێنەکانی دیکەی کوردستانیشدا کۆمەڵە لاوێکی تریش، کە لەسەرەتای

سەرهەڵدان و نووسیندا بوون، هەمان خولیا و هەمان عەشقی تازەکردنەوەیان لابوو، دواتریش لەپەرەسەندندا بوو"(عومەر، ٢٠٠١: ٣٢٢-٣٢٣). ئەم گروپە "هەر بەناوی جێگا جوگرافییەکەیەوە ناونرا، گروپێکی لۆکاڵی بچووک بوو"(میرە، ٢٠١٢: ٦٨)، وەک ئاشکراشە، ئەم گروپە لەژێر کاریگەری ئەدەبی نوێخوازی عەرەبی و ئەورووپیدا بووە و بەتایبەت "شیعری (سەیاب و بەیاتی و نازک الملائکە و بلند حەیدەری و حسێن مەردان و شاعیرە فەلەستینییەکانیان دەخوێندەوە"(بەرزنجی، ٢٠٠٨: ٦٢). هەروەک (لەتیف هەڵمەت) لەچاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: "ئێمە لەو سەردەمەدا بیرکردنەوەیەکی شێتگیرانەمان هەبوو، دژی کولتوری کوردی و زیاتر لەژێر کاریگەری نوێگەری شیعر و ڕۆشنبیری عەرەبیدا بووین، دواتریش لەژێر کاریگەری شیعری نوێگەری ئەورووپی"(سلێمان، ٢٠١١: ٣٧). بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، لە کاتی بڵاوبوونەوەشیدا، ئەو گروپە نوێخوازە ڕۆڵێکی بەرچاویان لە نوێگەریدا بینی، کاریگەری زۆریان لەسەر گەنجان و لایەنگرانی ئەدەبی دانا. "هەرچەندە ئەوان مێژووی دروستبوونیان بۆ زۆر دوورتر دەگەڕێنەوە، بەڵام بەیاننامەی ئەم گروپە لە ١٩٧١/٧/١٤ لە کۆنگرەی دووهەمی نووسەرانی کورد لە هەولێر بە واژۆی (لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی) بڵاو بۆوە. ئەگەرچی بەیاننامەی دامەزراندنیان واژۆی دوو کەسی لەسەر بوو، بەڵام ئەوان نکوڵی لەوە ناکەن، کە لەبنەڕەتدا بریتی بوونە لەپێنج کەس(لەتیف هەڵمەت، فەرهاد شاکەلی، لەتیف حامد، سەلام داماو، ئەحمەد شاکەلی"(جامی، ٢٠١٢: ٤). بێگومان، شاعیری دیاری ئەم گروپەش (لەتیف هەڵمەت)ە، هەربۆیە "یەکەمین بەرهەمی بڵاوکراوەی گروپی (کفری)یش (خواو شارە بچکۆلەکەمان)بووە"(کوردۆ، ١٩٩١: ٤٨).

شاعیرانی ئەو گروپە بڕوای تەواویان بەوە هەبوو، کە پێویستە ڕۆحێکی نوێ لە جەستەی ئەدەبیاتی کوردیدا بکرێت و "لەبەیاننامەکەیاندا کە بەناوی (شێتەکان، سەرنج، هەڵوێست پرۆژە)، بە ئیمزای (لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی)، بانگەوازی شۆڕشێکی بنەڕەتی بەسەر هەموو یاسا و دەستوورەکانی شیعری کۆن و یاخیبوونێکی توندڕەوانە دژی کەلەپوور دەکەن"(سلێمان، ٢٠١١: ٤٢)، جەخت لەوە دەکەنەوە، کە شیعری کوردی گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە و هەر لەقاڵبی کۆندا دەسوڕێتەوە، بۆیە پێویستی بە گۆڕینی بنچینە و بناغەی بیرکردنەوە و داڕشتن و نووسینەوەی وێنە و دەربڕینیان لەڕێگەی وشەوە دەکرێت "هەڵبەستی کوردی هێشتا دیلی ئەو قاوغەیە، کە هەر لەمنداڵییەوە کراوەتە پۆیلانەی، کاتی ئەوە هاتووە کە شۆڕشێک بەرپا بکەین بەسەر هەموو ئەو یاسا و دەستور و ڕژێمانەدا، کە تاکو ئێستا هەڵبەستی کوردی شەتەک داوە، گۆڕانیش بێ شۆڕش نابێ"(حوسێن، ٢٠٠٠: ٥٧). بیرۆکە و بۆچوونی گروپی کەرکوک-کفری ڕووبەڕووی ڕەخنە و سەرنجێکی زۆر لەلایەن شاعیران و ڕەخنەگران بووەوە. ڕەخنەگرانی گروپی کەرکوک-کفری بەتایبەتی ئاماژەی بەو خاڵە سەرەکییە لە بەیاننامە گروپی کەرکوک-کفری دا، کە تیایدا بەرهەمەکانی پێش خۆیانیان ڕەتدەکردەوە"دەسا با بەبێ ترس، دان بەوەدا بنێین، کە هەرچیمان هەیە تەنها

تاقیکردنەوەیەکی سەرنەکەوتووە، بۆیە ئێمەش کەلەپووری هۆنراوەییمان بەشێوەیەکی گشتی بەدواوە ئەدەین و لێی یاخی ئەبین و سزای پشتگوێخستن و بەرەڵاکردنی بەسەردا ئەدەین"(حوسێن، ٢٠٠٠: ٥٧).

لەو ڕووەشەوە (لەتیف هەڵمەت) لەشیعری (یاخیبوون)ەکەیدا دەڵێت:

پێتان ئەڵێم یاخی ببن.. یاخی ببن

لەم هەموو نەخشەو باجە

یاخی ببن لەم مەیدانە لەم گەراجە

یاخی ببن .. یاخی ببن

لەو قەمانە

کە سوری خوێنی حەللاجە

یاخی ببن.. یاخی ببن.. چونکە هێشتا

خوای ئەم شارە هەر حەجاجە (هەڵمەت. ٢٠٠٥: ٩٦)

لێرەوە دەتوانین هەندێک دیارترین سیمای گروپی کەرکوک-کفری لەم چەند خاڵانەدا بخەینەڕوو:

١. شیعر سیمای حەماس و یاخیبوون و شۆڕشگێڕی وەرگرت.
٢. جەختکردنەوە لەسەر گێڕانەوە مێژووییەکان، وەک بەکارهێنانەوەی چیرۆکی (حەللاج) لەشیعری (لەتیف هەڵمەت)دا.
٣. گومان پرسیار کردن لەسەر مەسەلەی ژیان و بابەتە وجودییەکان.
٤. پشتکردنە کۆن و ڕوانین بۆ داهاتوو، بەشێوەیەک پێشتر نەخرابووەڕوو.
٥. ڕەخنەگرتن لەبارودۆخی کۆمەڵایەتی.

**گروپی ڕوانگە**

بانگەوازی ڕوانگە بە ناوی (بانگەوازێک لە ڕوانگەی ئەدەبی نوێمان) بۆ یەکەم جار لە ڕۆژنامەی هاوکاری، ژمارەی ١٥، ساڵی یەکەم (١٩٧٠/٤/٢٥) لە بڵاوبۆوە. بانگەوازی ڕوانگە لە ژێر دروشمی (وتەی نوێ، بیری نوێ، کرداری نوێ) بە واژۆی هەریەکە لە(شێرکۆ بێکەس، حسێن عارف، جەماڵ

شاربازێری، جەلال میرزا کەریم و کاکەمەم بۆتانی) سەری هەڵدا و لەگەڵ خۆشیدا لێشاوێک لە نووسین و لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی هێنایە ئارا. گومانی تێدا نییە "ئەدەب وەک دیاردەیەکی مرۆڤایەتی بەپێی قۆناغ و سەردەم و پێویستی ڕۆژگار و پلەی ڕۆشنبیری و پێشکەوتنی گەل سەرهەڵدەدات و خۆی دەنوێنێ. ڕوانگەش وەک بزووتنەوەیەکی ئەدەبی لەئەنجامی کۆمەڵێ هۆکاری بابەتی و زاتی و دەرەکی هاتەکایەوە"(عەزیز، ٢٠٠٦: ١٥٨). شێرکۆ بێکەس دەڵێت: "لەو ڕۆژگارەدا وەختێ هەفتەنامەی هاوکاری ئەگەیشتە سلێمانی لەبەردەمی کتێبخانەی گەلاوێژدا ڕیزی بۆ ئەگیرا بۆ ئەوەی خوێنەران ئەو وتارە بخوێننەوە، کە سەبارەت بە نوێخوازی ڕوانگە و ژیان لەو ڕاپەڕینەدا بڵاو ئەکرانەوە"(بێکەس، ٢٠١٢: ٢). هاوکات لەگەڵ لایەنگرانی زۆرینەی ئەم ڕەوتەشدا، جەماعەتێک لە نووسەران، کە لایەنگری کلاسیک بوون، بەرهەڵستی بۆچوونەکانی گروپی ڕوانگەیان لە ئەدەبیات بە تایبەتی و بەگشتی چەمکەگەلی سیاسی_کۆمەڵایەتی ئەو نووسەرانە بوونەوە. بە واتایەکی تر ئەم ڕەوتە، ئەگەر لەلایەن بەشێکەوە پەسندکرابوو، بەڵام لەلایەکی تریشەوە جەماعەتی چەپی سیاسی بەرەنگاری دەبوونەوە "ڕوانگە، کە دروشمی (ئەدەبیات بۆ هەڵکەوتە(نوخبە)ی) لە قاو ئەدا کەوتە ژێر ڕەخنەی چەپی کلاسیکی ئەو سەردەمە، کە ئەدەبیاتی لە بازنەی ڕیالیزمی سۆسیالیستی و شۆرشگێرانە ئەخوێندەوە و نووسەرانی ڕوانگەیان بە(وردە بۆرژوا) ناو ئەبردو و بیری (ڕوانگەچییە)کانییان بە بیری کەم سنوری نەتەوەیی ئەژمارد. هەڵبەت ئەم نوخبەگەراییە لە شیعری ڕوانگەدا سیفەتێک بوو، کە ڕەخنەگرانیان بە شیعری ڕوانگەیان ئەدا، بەکارهێنانی زمانی ئاسایی خەڵک یەکێک لە شێوازەکانی شیعری ڕوانگە بوو ئەمە بە باشی لە شیعری (شەقامی کچان)ی شێرکۆ بێکەسدا دەرئەکەوێت"(حوسێن، ٢٠٠٧: ٦٠).

هەروەکو دەڵێت:

چاوی برسیم، لەشەقامی بەغدای کچانا

هەموو ڕۆژێ ڕێبوارێکە وا لەسووتانا

هەتا ئەژنۆ شل ئەبێت و تا هیلاک ئەبم

منی تەنیا، منی بێ کچ، هەر دێم و دەچم (بێکەس، ٢٠٠٦: ١٠٨)

بەگشتی دەتوانین دیارترین سیمای گروپی ڕوانگە لەم چەند خاڵەدا بخەینەڕوو:

١. ئەدەبی بێ سنوری-جیهانی.
٢. بانگەشە بۆ ئەدەبی کوردی هاوچەرخ و مۆدێرن کردنی.
٣. بەرجەستەکردنی بیری نەتەوەیی.
٤. باوەڕ بە ئەدەبی هەمەڕەنگ.

٥.	ئەدەبی دەرەوەی مێژوو و سەقام گیر لەسەر بنچینەی خۆی.
٦.	هێنانە ئارای بابەتی ڕەمزی و سیمبۆلی لە زماندا، دەرچوون لە ئاستی تەقلیدی زمانی پێشووی شیعر.
٧.	هێنانە ئارای وێنەی تازە بۆ ناو شیعر.

لەڕاستیدا، ئەم چەمک و بیرۆکانە لە ئاستی زماندا خۆیان ئەنواند. "نە گریان و دۆش دامان و فرمێسک ڕشتنی ڕۆمانتیکییەکان، نەگرتنی وێنە فۆتۆگرافیە بێ بزووتنەوانەی ڕیالیزمییەکانیش"(ڕوانگە، ١٩٧٠: ١٠)، وەک دەبینین، بە وتەی (شێرکۆ بێکەس)یش"لەم ڕاگەیاندنەدا ڕازیبوون و قەناعەتکردنمان بە ئەدەبی شیعری و شێوازە باوەکان و وێنەکانمان تێکشکاند. هەوڵمان دا بۆچوونی پارادۆکس و دژبەیەک بهێنینە ناو شیعری کوردییەوە، بە دیگای نوێ و هەمەجۆرەوە بڕوانینە میراتی کلتوریمان. ئێمە بۆ فڕین بە ئاسۆیەکی کراوەتر و نوێتردا، پێویستمان بە باڵی تر هەبوو. شیعر لەهیچ ئاسۆیەکدا سنوردار نابێتەوە و ئێمە دەبوو هەوڵمان بدایە تا شیعری کوردستان لەکۆت و بەندی قوتابخانەکان ئازادبکەین. ئێمە تێڕوانینی تاک ڕەهەندانە و تەماشاکردنی یەک دیدگایی و یەک تێڕوانینمان لەشیعری کوردیدا ڕەتکردەوە"(عومەر، ٢٠٠١: ٢٧٩). هەروەها (شێرکۆ بێکەس) لەبارەی ئەرکی سەرەکی شیعرەوە دەڵێت: "لەچاوی کوردایەتییەوە تەماشای چاوی مرۆڤایەتیمان پێ بکات، لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانی خێرای ئەم سەردەمەدا شانبەشان بمان بات، بەدەست تێکەڵاوکردنی (تەقلیدەوە) نا، بەڵام بە کارتێکردنی پێشکەوتنی شیعری تازەی ئەدەبی وڵاتانی پێشکەوتووەوە، لەئاشنایەتییەکی بەردەوام بێ"(هاوکاری، ١٩٧١: ٣). لێرەدا، ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین، کە وشیاری و ڕۆشنبیری و ئاگاداربوون لەو ڕووداوانەی لەدەوروبەر ڕوودەدەن، ئەرکی شاعیرە بیانزانێت و چاوکراوەبێت، چونکە ئەگەر وانەبێت، شیعرەکەی لەبازنەیەکی دیاریکراوی بێ مەودادا دەخولێتەوە و هیچ سەرئەنجامێکی وای نابێت، کە ببێتە هۆی گۆڕانکاری دیار و جێدەست بەجێهێشتن، بەمەش ئەو ئەرک و ڕۆڵەی، کە پێویستە بینێیت و بیگێڕیت، نە دەیبینێت و نە دەیگێڕێت. بۆیە "ئەو بابەتانەی، کە لەڕوانگەدا وەک شێوە و ناوەڕۆک خرانەڕوو، پێشتر بەم شێوەیە نەوروژێنرابوون. هەر ئەمەش بوو دەرگایەکی نوێی بەڕووی ئەدەبی کوردیدا کردەوە، سەربەستییەکی زۆری لەگەڵدا بەدی دەکرا، کە ڕەتکردنەوەی هەموو کەلەپوورێکی کۆن بوو، دەیانوت دەبێ ڕابردوو فەرامۆش بکرێ و بڕوانرێتە پاشەڕۆژ، ئەمەش لەگەڵ (مستەقبەلیەت)دا یەکی دەگرتەوە"(حەمەد، ٢٠٠٢: ٨٧).

هەرچەندە زمانی شیعری ڕوانگە بە وتەی ڕەخنەگران، لەهەندێک جێگادا بە وتەی خۆیان بۆ خەڵکی ئاسایی نەبوو، بەڵام لە ڕووی ڕێزمان و پاکردنەوەی فەرهەنگی کوردی لە وشەی بیانی و دەستبردن بۆ خەیاڵ و وێنەی شیعری و وێنە هونەرییەکان، داهێنانی بەرچاویان کرد. هاتنە ئارای گرووپی ڕوانگە لە دەیەکانی حەفتا، بوو بە هۆی شڵقاندن و گیان پێدانی نوێ بە ئەدەبی سڕ و پەک کەوتووی

ئەو سەردەمەدا. واتە گیانێکی نوێی بە ئەدەبی کوردی بەخشی. وەک شێرکۆ بێکەس دەڵێت: "هەوڵێک هاتە پێشێ بۆ گۆڕینی زمان و تەکاندان بە زمان لەئەدەبدا"(جەلیزادە- تاهیر،١٩٩٨: ١٦٩). هاوکات هەر ئەم بەیاننامەیە دەرگایەکی نوێی بۆ ڕەخنەی ئەدەبی، کە تا ئەو کات بوونی نەبوو، ئاوەڵا کرد و دەستەواژە و بیرۆکەی نوێی ڕەخنەی ئەو سەردەمانی ئەدەبی جیهانی هێنایە ناو بازنەی ئەدەبی کوردییەوە. شیعری ڕوانگە توانای ئەوەی هەبوو ترس لە کۆن باوەکان بشکێنێت و لەسەر پرسی ژن هەڵبدات و بانگەوازێکی بوێرانە دەربکات. "توانییان ببنە خاوەن دەنگی دیاری خۆیان و (گوتاری مانەوە)، کە وتاری باڵادەستی شیعری کوردییە لەو قۆناغەدا بەرجەستە بکەن"(حەمەد، ٢٠٠٢: ٨٨).

کەواتە، دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی، کە هەرچەندە ئەم ناوەڕۆکانە لەشیعری ساڵانی پێشووتر و بگرە قۆناغەکانی پێشوتریش هەبووە، بەڵام شیعری ئەو سەردەم و مێژووەش، بەتەنها ئەرکێکی دیاریکراوی نەبووە، بەڵکو بەپێی پێویستی قۆناغەکە، دەبوو لەگەڵ هەموو مەسەلەنەتەوایەتی و فیکری و ئایدۆلۆژی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەسییەیەکاندا، بگونجێنرێت و بتوانێت لەڕێگەی زمانی شیعریی جیاوازەوە خوێنەری وشیاری توێژە جیاوازەکان بدوێنێت و کاریگەری و گۆڕانکاری دروستبکات.

## ٢. قۆناغی ساڵانی کۆتایی حەفتاکان و هەشتاکان

لەدوای ئەو گۆڕانکارییانەی لەناوەڕۆک و ڕووخساری شیعری کوردیدا ڕوویدا لەسەرەتای ساڵانی حەفتا بەدواوە، لەڕێگەی ڕاگەیاندنی ئەو گروپ و بزووتنەوانەوە، وایانکرد کاریگەری بەسەر کۆمەڵێک شاعیری نوێ و هاوسەردەمی خۆشیان هەبێت، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی، کە وردە وردە بازنەی نوێبوونەوە فراوانتر ببێت، تا وایلێهات شاعیرەکان لەژێر کاریگەری ئەو بزووتنەوە و گروپانەش دەربچن و هەریەکەیان ببنە خاوەن شێوازی تایبەتی خۆیان و کۆمەڵێک دەنگی جیاواز دەربکەون. لەو ڕووەشەوە (د.ئاراس عەزیز) دەڵێت: "لەنیوەی دووەمی حەفتاکان بەدواوە، تا ساڵانی هەشتاکان و دواتریش، من بووم و جەمال غەمبار، محمد عومەر عوسمان، فاتیح عیزەدین، سەلاح محمد، فاروق ڕەفیق، ... (کەریم دەشتی و د.مارف عومەر گوڵیش ئەو سەردەمە خوێندکاری زانکۆ بوون لەشاری بەغدا)، ئەوانیش هەر بە نیوەی دووەمی حەفتاکان حساب دەکرێن"(عەبدوڵا: ٢٠٢٢). ئەم شاعیرانە و چەند شاعیرێکی تریش، کە لەو سەردەمەدا بەجیاواز لەو گروپانەی پێشوو هەبوون، توانیان شیعرەکانیان لەڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوبکەنەوە "هەر بۆیە ئەو هەنگاوە نوێیانەی لەبارەی شیعرەوە دەکران، وەک هەوڵی تەنها شاعیرێک بووە و بڵاو بوونەتەوە، نەک وەک بزووتنەوە و کاری بەکۆمەڵ"(حەمە ئەمین، ٢٠١٠: ٩٦)، لەڕاستیدا ئەمەش بووە هۆی ئەوەی، کە گەلێک لەشاعیرانی ئەو قۆناغە مێژووییە لەژێر هەژموونی کۆدەنگی و کۆ هەڵوێستی نەمێنن و هەریەکەیان بۆ خۆیان ببنە خاوەن دەنگی تایبەتی خۆیان. سەبارەت بەکاریگەری گروپی ڕوانگەش لەڕووی ناوەڕۆکی

شیعرییەوە، لەسەر شاعیرانێک، کە دوای ئەو گروپە دەرکەوتن، (د.ئاراس عەزیز) پێی وایە، کە"گروپی ڕوانگە ماوەیەکە لەماوەکانی شیعری کوردی، کە زیاتر تەوژم گرۆتینی دا بە شیعری کوردی، هەروەها ئەو نەوەیەی هاندا، کە ئەو شیعرە سەربەست و ئازادە بنووسن و لەشیعری ستوونی دووربکەونەوە، چونکە ڕاستە، لەشەستەکاندا شیعری ئازاد هەر هەبووە، بەڵام لەحەفتاکاندا قەسیدەی ئازاد هاتە کایەوە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ڕوانگە، کۆمەڵێک کەسی بیروڕا جیاوازی تیابوو لەڕووی بیروڕای حیزبی و ئایدۆلۆژییەوە، هەندێک سەرەڕۆیی بە قەسیدەکانیانەوە دیاربوو، یەعنی لەنیتاقی ڕۆمانسییەت دوورکەوتبوەوە زیاتر سیمایەکی یاخیبوونی گرتبوو"(عەبدوڵا: ٢٠٢٢)، جگە لەوەش، لەڕووی لایەنی سیاسی و ڕامیاریشەوە، هەموو کوردستان و تاک بە تاکی گەلی کورد، کاریگەری نسکۆی شۆڕشی سیانزەساڵەی ئەیلولی لەسەربوو، چونکە هیوا و ئومێدێکی زۆر لەسەر شۆڕش بنیات نرابوو، بەمەش "دوای نوشوستی شۆڕشی ساڵی ٧٥، فەترەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیاواز هاتە کایەوە، هەر بۆیە بەرهەمەکانیش ڕەنگدانەوەی ئەو سەردەمە لەبێ ئومێدی و خەمۆکی و ناخۆشی یە بوو"(عەبدوڵا: ٢٠٢٢). هەروەها، دەستپێکردنی شەڕی خوێناوی هەشت ساڵەی نێوان ئێران و عێراقیش، ئەمەش بۆخۆی ڕەنگدانەوەیەکی نەرێنی و جیاوازی لەو سەردەمەی پێشووتری سەرەتای تازەکردنەوەی سەرەتای ساڵانی حەفتاکاندا هەبوو. بەجۆرێک هەموو ژیان، تاڕادەیەکی زۆر بریتی بوو لەشەڕ و جەنگە یەک لەدوای یەکەکان. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، دەبینین ئەم دەنگانە هەر بەردەوام بوون بەوشێوەیەی، کە دەستیان پێکردبوو، تا سەرەتای ساڵانی هەشتا و ساڵانی دواتریش بەدواوە. واتە ساڵانی"هەشتاکان هەر بەردەوامی هێڵی گشتی شێوازی حەفتاکانە، بەڵام هەندێک گۆڕانکاری لەسیماکانی شیعردا دروستبووە، کە گرنگترین ئەو گۆڕانکارییانە ئاڕاستە و چۆنیەتی خستنەڕووی وتاری شیعری بوو، کە ڕووبەرێکی فراوانی داگیرکرد"(حەمەد، ٢٠٠٢: ٨٨).

کەواتە، گرنگترین ئەو گۆڕانکارییانەی، کە لەم سەردەمەدا بەسەر شیعردا هات، هەردوو لایەنی ڕووخسار و ناوەڕۆکی گرتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بابەتی نامۆبوون دەچێتە چوارچێوەی ناوەڕۆکەوە، بۆیە ئێمەش هەوڵدەدەین باسکردنەکەمان لەناوەڕۆکدا چڕبکەینەوە و بچێتە ئەو چوارچێوەوە و بەچەند نموونەیەکی شیعریی شاعیرانی قۆناغەکە ئاماژەیەکی کورت و پوختی پێبدەین.

لەڕووی ناوەڕۆکەوە شیعری ئەم قۆناغە بەوە دەناسرێت، کە تاکدەنگی شاعیر بەسەر ناوەڕۆکدا زاڵە. بەو واتایەی تێڕوانینەکانی شاعیر تایبەتن بە دونیابینی خۆیەوە و ژیانی شاعیر و ئەزموونی تایبەتی خۆی، سەرچاوەی سەرەکی شیعرەکان بوون. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەگەر واقیعە لێکچووەکەش هاوبەشی ژیانی نێوان هەموویان بوویێت، بەڵام کاتێک دێینە سەر ناوەڕۆکی شیعرەکان، دەبینین هەر یەکەیان بۆخۆیان و لەگۆشەنیگای شیعری تایبەتی خۆیەوە بۆ ژیانی

ڕوانیوە، بەڵام بە زۆری ئەوەی لەشیعری ئەم شاعیرانەدا دەبینرێت، دەرچوونە لە(کۆدەنگییەک)، کە ئەوکات باڵی بەسەر دونیای شیعری کوریدا کێشابوو، چونکە ئەم شاعیرانە لەپێشتر و لەسەردەمی باڵادەستبوونی جۆرە بیرێکی دیاریکراو بۆ شیعر، توانیان بابەتەکانی (بێ ئومێدی و ئاوات خواستن بەمردن، غەمگینی، ڕەشبینی...)بیەکی تاکگەرایانەیە بۆ ژیان، کە هەریەکەیان لەڕێگەی دونیای تایبەتی شیعری خۆیەوە، هەموو، یان زۆرێک لەم لایەنانە لەشیعرەکانیاندا ببینرێت. ئێمەش هەوڵدەدەین چەند نموونەیەکی شیعری بۆ هەندێک لەو ناوەڕۆکانە بهێنینەوە، کە دەرخەری ئەم لایەنانەن لەناوەڕۆکی شیعری ئەو قۆناغە.

**١. بێ ئومێدی و ئاواتخواستن بە مردن**

گومانی تێدا نییە، لەهەموو سات و کات و شوێنێکدا، مرۆڤ ڕووبەڕووی کێشەی مردن دەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر ویستی خۆی لەسەربێت "حەزناکات بمرێت و جەستەی لەناوبچێت. تەنانەت لەئەفسانە کۆنەکانیشدا مرۆڤ بەدوای داوا و دەرمانێک گەڕاوە، کە نەمری پێ ببەخشێت، وەک لەداستانی (گەلگامیش) ی سۆمەریدا، کە کێشەی مەرگ ململانێی بۆ مرۆڤ دروستکردووە"(سلێوە، ٢٠١٣: ١٤١). تەنانەت مەسەلەی مردن ڕەهەندێکی دەروونی بۆ شاعیران و نووسەران و ڕۆشنبیران و فەیلەسوفانیش دروستکردووە بەوەی ڕۆژێک دادێت دەمرێت و ژیانی سەرزەوی بەجێدەهێڵێت، بەڵام سەرباری هەموو ئەوانەش مردن ڕاستییەکی نەگۆڕە و هەروەکو خوای گەورەش لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت: "كُلُّ نَفْسٍ ذَائِقَةُ الْمَوْتِ"(القران الكريم، ال عيمران: ١٨٥)، واتە هەموو گیانلەبەرێک دەمرێت. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێکجاریش مرۆڤەکان بەهۆی نادادی و بێ سەرەرەوبەرەیی ژیان و هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری....تد، دەستەوەستانی بەرانبەر بەژیان خۆزگە بە مردن دەخوازێ و حەزدەکات لەنزیکترین کاتدا بمرێ و کۆتایی بەژیانی بێ، چونکە تووشی نائومێدی و ڕەشبینی بووە.

وەک ئاشکرایە، بێ ئومێدی و بێهودەیی لەژیان و هیوانەمان بۆ دواڕۆژ و چاوەڕوانی کردنی مردن، یەکێکە لەناوەڕۆکە دیارەکانی شیعری شاعیرانی ئەم قۆناغ و سەردەمە، هەموو مردنێکیش نا، بەڵکو مردن لەلای ئەم شاعیرانە، وەک ڕزگارکەر لەدەستی جەور و ناخۆشی ژیان، کە هیچ خۆشییەکی بۆ ئەمان تیا نەبووە و نەیتوانیوە ئومێدێکیان پێببەخشێت بۆ بەردەوام بوون. هۆکاری ئەم جۆرانە لەبیرکردنەوە، دەکرێت، بەهۆی کاری کەسانی بەرامبەرەوە بێت. واتە ئەم هەستانە کاردانەوەی کارێک بن لەلایەن یەکێکی ترەوە بەرامبەر بە شاعیر کراوە، یان دەکرێت تێفیکرین و دونیابینی و ئەزموونی تایبەتی ژیان و نەهامەتی و هەژاری و نەداری، شاعیر بێت، کە ببنە سەرچاوە. بۆ نموونە لەلای (بەرزان هەستیار)، هەستی خۆکوشتن و مردن، لەگەڵ نەهاتنی یاردا دەستپێدەکات، ئەمەش بەو واتایە دێت، کە ئەوەی هەستاوە بەم کارە، کەسێکی ترە. لەڕاستیدا ئەم نەهاتنەش تەنیا

بیانوویەکی شاعیرە، ئەگینا وەک خۆی ئاماژەی پێدەدات دەمێکە ئەم بیرەی خۆکوشتنە لەمێشکیدایە، ئەمەش وەک جۆرێک ئاواتخواستنی بەمردن تێدایە، چونکە لەگەڵ دەرکەوتنی بیانوویەک شاعیر دەیەوێت هەستێت بە کردەی خۆکوژییەکە. هەروەکو دەڵێت:

لەم خۆرنشینەدا

لەگەڵ نەهاتنی تۆدا

لێزمەی خۆکوشتن داوەت ئەکەمە ماڵەکەم

لەگەڵ دیارنەبوونی تۆدا

لەرزینی گوللەیەک گەرم ئەکەمەوە و

ئەویش داخبوونی من ئەکات بە سەهۆڵ

چەقۆیەک سوور سوور ئەکەم و

ئەویش ئەمکات بە زەعفەران

دەمێکە شەونمی ئەم خۆکوشتنە...

تکاوەتە سەر گەڵاکانی هەناوم(هەستیار، ٢٠٠٩: ٢٦)

بەهەمان شێوە، مردن و مەرگ لای (محمد عومەر عوسمان) جگە لەوەی ڕزگارییە، بەڵام کردەی دەستی خۆیەتی. واتە مردن لەلای ئەم شاعیرەش خۆکوشتنە، نەک چاوەڕوانی، چونکە شاعیر خۆی خۆی دەکوژێت لەشیعرەکانیدا. بۆ نموونە ئەوەتا لەشیعری (خۆکوشتن)دا شاعیر لەپاش چەند هەوڵێک، کە هەندێک شت بووبوونە هۆکاری ئەم بڕیارەی، دەیەوێت کارەکە ئەنجام بدات(هەرچەندە شاعیر نەشیەوێ بمرێ و مردن خۆی بمرێنێ)، بەڵام نائومێدییەکە بەجۆرێکە، هەرکاتێک ئەم دەیەوێ لەو شتانە، یان تارمایی ئەو شتانەش نزیک ببێتەوە، کە ئەم بیری خۆکوشتنەی لەلا ناهێڵن، ئەو شتانە دەڕەونەوە و نامێنن، بۆیە دیسان بیری خۆکوشتنەکە دێتەوە و لەکۆتاییدا دەست دەباتەوە بۆ چەقۆ ڕەشەکە. ئەم دیمەنە تا کۆتایی شیعرەکە بەردەوام دەبێت، دەڕوا و دێتەوە. هەروەکو دەڵێت:

کە نیوەشەوان، هانا بۆ مەرگ، مەرگی خۆم ئەبەم

ڕوخسارێکی کاڵ، لەدوورەوە دێ، کاڵ هەروەکو تەم

هەتا دێ تۆخ و تۆختریش ئەبێ

لەپڕا ئەڵێم: ئای خۆ هاتووە!

سەری ناوەتە سەر پەنجەرەکەم

زەردە ئەیگرێ

زۆر بە خامۆشی، لەسیمای مردووم وردئەبێتەوە

منیش چەقۆکە ئەشارمەوە

نەفرەت لەبیری خۆکوشتن ئەکەم

پێی دەڵێم: گیانە، ئاگر لەگیانی تەزیووم بەردە

با دڵ و سینەی پڕ لەئازارم لەت و پەت نەکەم

زەردە ئەیگرێ

کە هەنگاوێکیش بەرەو ڕووی دەنێم

بەجێم ئەهێڵێ

سیمای کاڵ.. کاڵتر.. کاڵ دەبێتەوە

دیسان ژوورەکەم کەیل دەبێتەوە لەزایەڵەی گۆڕ(عوسمان، ١٩٨٥: ١٠-١١)

کەواتە ئەم بێئومێدیی و خۆکوشتنە لەدەقە شیعرییەکاندا، وەنەبێ هەر بابەتێکی ئەدەبی بووبێ و بەتەواوبوونی وێنە شیعرییەکە کۆتایی هاتبێ، بەڵکو هەندێکجار، هەندێک شاعیر ئەو بابەتانەی لەژیانی تایبەتی خۆیەوە کردووە بە وێنە شیعرییەکە.

**٢. ڕەشبینی**

مرۆڤ لەژیانیدا تووشی جۆرەها ڕووداو و بەسەرهاتی دەروونی و جەستەیی دەبێتەوە، چونکە بوونەوەرێکی ئاڵۆز و مۆلەقەیە و ژیانیش سەقامگیرنییە و بەردەوام لەگۆڕاندایە. لەو چوارچێوەیەشدا مەسەلەی ڕەشبینی یەکێکە لەکێشە و گرفتە دەروونییەکان لەقۆناغێک لەقۆناغەکانی ژیاندا بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ ڕووبەڕووی دەبێتەوە. ئەمەش وا دەکات تروسکایی و ڕووناکی لەژیاندا نەبینێ و بەهۆیەوە بیر لەشتی ناخۆش و دژوار دەکاتەوە بەتایبەتی خۆکوشتن و کۆتایی هێنان بە ژیان. کەواتە مەسەلەی ڕەشبینی خۆی لەخۆیدا "بریتییە لەکێشەیەکی هزری، ئەویش بەوەی لایەنی خراپی هەموو شتێک وەردەگرێت، جگە لەو باسی هیچی تر ناکات، ئەمیش یەکێکە لەو حاڵەتانەی بەرەو ڕووی دەروونی مرۆڤ دەبێتەوە"(سلێمان، ٢٠١١: ١٥٠). بەداخەوە، زۆرجاریش مرۆڤ بەرەو کارەسات و گۆشەگیری و دیاردەی خۆکوشتن دەبات. واتە کاتێک ژیان هەموو دەرفەتێکت لێبدزێ و بە ئازار و ناخۆشی بۆتی پڕبکاتەوە، مرۆڤ، کە ڕۆژانی تەمەنی بەشەڕ و

ناخۆشی بەڕێکردبێ، لەڕابردوودا ئەزموونێکی دڵخۆشکەری نەدیبێ، جگە لەهەبوونی شەڕ و مردن و ناخۆشی و بێهیوایی، هیچ شتێکی تر لەداهاتوودا شک نەبات، نەتوانێت پلان بۆ ژیانی داهاتووی دابنێت، نەزانێت سبەی چی لێبەسەردێت! ئەوەی لێی دڵنیاییە دیسانەوە جەنگ و ناخۆشییە، کەوابێت، ڕەشبینی وەک هەستێکی سروشتی لەدەروونندا دروستدەبێت، وەک بڵێی هیچ چارەیەکی تری بۆ نامێنێتەوە. لەبەرئەوەیە هەرکاتێک ڕووداوەکانی ژیان بوونە سەرچاوەی خەم و خەفەت، ئەوا بەداخەوە حاڵەتی ڕەشبینی باڵادەست دەبێت. لەو حاڵەتەشدا"کەسی ڕەشبین ڕەشبینانە لەهەموو شتێک دەڕوانێ، لایەنی خراپ لەهەموو شتێک وەردەگرێ و سەرنجی دەخاتەسەر"(سەعدون، ٢٠١٥: ٣٠٣). لەو ڕووەشەوە (محمد عومەر عوسمان) لەیەکێک لەدەقە شیعرییەکانیدا ئەمەی بەجوانی دەربڕیوە و هۆکاری ڕەشبینی و نائومێدی خۆی دەخاتەڕوو، هەروەکو دەڵێت:

لەسەردەمێکا هاتمە دنیاوە

هەموو ساڵێکی خۆزگە بە پار بوو

کەشتی ناو دەریای ئەسرینی خۆم بوو

هەر نا ئومێدیش بۆمن کەناربوو (عوسمان، ١٩٨٥: ٨٠)

مرۆڤ، کە ژیان دەکات زۆر ئەزموون دێتە بەردەمی، دەبێتە هۆی ئەوەی شارەزای ژیان و فێڵ و فرەکانی و بۆسەکانی ببێت و بتوانێت لەداهاتوودا هیچ نەبێ هەندێک ڕێگە، کە پێشتر پیایا تێپەڕیوە، بەهەمان شێواز دووبارەنەبێتەوە و بەڵکو هەوڵدەدات بەجۆرێکی تر و لەڕێگەیەکی ترەوە دیسانەوە ڕووبەڕووی کۆسپێکی تر ببێتەوە، بەوەش دەکرێت هیچ نەبێ ئەنجامەکە وەک جاری پێشوو نەبێت، هیچ نەبێ هەنگاوی سەرکەوتن بێ، بەڵام ئەمانە هیچی لەژیانی (محمد عومەر عوسمان)دا نابینرێت، بەڵکو ئەوەی ڕوویداوە پێشتر بەهەموو ناخۆشی و لێکەوتەکانییەوە، هێشتا لەوەی، کە قەرارە ڕووبەڕووی ببێتەوە لەداهاتوودا، باشترە، واتە هیچ ئومێدێک بە داهاتوو نییە و ڕەشبینییەکی تەواو هەموو جیهانبینی شیعرەکەی گرتووەتەوە، بۆیە هەمیشە خۆزگە خواستن دەبێتە نەریتی ژیانی، چونکە لەوەتەی لەدایکبووە بەوجۆرەیە.

هەروەها (عەبدولمەتەڵیب عەبدوڵا) لەچاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: "من لەنەوەیەکم، کە هەموو کایەکانی ژیانی، هەموو ڕۆژەکانی ژیانی لەخاڵی شەڕدا بەیەک دەگەنەوە. هەموو ڕەهەندەکانی ژیان لەمانا تاریکەکانی شەڕدا خۆی دووبارە دەکاتەوە"(هەڵەبجەیی، ٢٠٠٢: ٤٤). کە ئەمە حاڵی ژیانی نەوەیەک دوای شاعیر بێ، لەم سەردەمەشدا، کە ئەم لێکۆڵینەوەیەی تیادا دەنووسرێت، خۆزگە خواستن بە ڕابردوو بووە بە نۆستالیژیا و مرۆڤ بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت پلانێکی دوورخایەندا بۆ ژیانی دابنێت. کەوابێت، جیهانبینییەکەی شاعیر هەر بۆ سەردەمی خۆی نەبووە، بەڵکو توانیویەتی لەڕێگەی

شیعرەکانییەوە ئەوە بخاتەڕوو، کە نە ئێستا و نە داهاتوو، شوێنێک، جێگەیەک بۆ ئومێد بە داهاتوو نییە و ئەوەی هەیە هەر خۆزگە بەپارە.

دەبینین، (مارف عومەر گوڵ)یش لەشیعری (دوو دیمەنی ژوورەکەم)دا، باس لەبێئومێدی دووبارەی خۆی و ڕەشبینی بەردەوامی ژیانی خۆی دەکات، کە هەموو ڕۆژێک ڕیشەی خەمی هەڵدەکێشێت، بەڵام خەم دیسانەوە دێتەوە. هەروەکو دەڵێت:

لەم ژوورە بێ هەتاوەدا

گەردی دونیا نیشتۆتە ڕووم

لەبەر ئاوێنە لێڵ و تەماویەکەما

دەئاڵێمە پرچی خۆم و

من هەر جارەی بەلایەکا دایدەهێنم

هەموو ڕۆژێ ڕیشەی خەمم هەڵدەکێشم(گوڵ، ١٩٨٥: ٢١)

بەهەرحاڵ، مەسەلەی ڕەشبینی هەرچۆنێک بێت و بەهەر هۆکار و شێوازێک بێت، خۆی لەخۆیدا ڕوانینێکی خراپە بۆ ئێستا و بۆ داهاتوو. لایەنی ڕەشبینی، کە پەیوەستە بە دۆخی دەروونی و ناخی شاعیرەوە، ئەوکاتانەی، کە دەروونی هەڵدەقرچێ و بۆنکڕووزی لووتی مرۆڤایەتی دەچوزێتەوە و دەربڕینەکانیش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاماژەن بۆ ئازار و مەینەتییەکانی ژیان و تیادا دڵتەنگ و نائارام دەبێت.

لەئەنجامدا دەبینین، دەرکەوتن بە جیاواز لەناو کۆمەڵگەیەک، کە سنورو یاسای ئامادە بۆ پەیڕەوکردن و دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی هەبێت، کارێکی هەم ئازایانە و هەمیش داهێنەرانەیە. ئەگەر کردەکە لەڕەوتی ئاسایی ژیان دەربچێت و ببێتە کارێکی ئەدەبی، ئەوە دووجار ئازایەتی دەوێت، چونکە کارەکە بە دوو چینی کۆمەڵگەدا دەڕوات، یەکەم ئاستی گشتی، کە کەسانی ئاسایی خوێنەر بن، دووەمیش لەسەر ئاستی چینە ڕۆشنبیرە باڵادەستەکە. هەریەک لەو شاعیرانەی، کە ئێمە لەناو کۆمەڵێک دەنگی دیاری جیاوازنووسی ئەو سەردەمە هەڵمانبژاردوون، ئەم تایبەتمەندییانە لەبەرهەمەکانیاندا دەبینرێت و دەکرێت بڵێین، کە ئەم قۆناغەی شیعری کوردی، قۆناغێکە جیاوازییەکەی لەگەڵ قۆناغەکانی تردا ئەوەیە، کە سەربەستی نووسین و بیرکردنەوەیە، چونکە هەریەکە بۆخۆی و بەدونیابینی خۆیەوە توانیویەتی جێگادەستی شیعری خۆی دیاریبکات بەبێ ئەوی پەیوەستی خۆی بەهیچ ئایدۆلۆژیایەک یان بیرێکی سیاسی دیاریکراوەوە هەبێ، و بەئاشکراش جیاوازە لەقۆناغی شیعری دوای خۆی کە قۆناغی دوای ڕاپەڕینە.

# بەشی سێیەم

# نامۆبوون لە شیعرەکانی (د.ئاراس عەزیز عەبدوڵا)دا

## تەوەری یەکەم

## نامۆبوون و شیکردنەوەی دەقەکانی

١. خەم و ئازار

٢. مردن

٣. شوێن

٤. کات

٥. زمان

## ١. نامۆبوون و شیکردنەوەی دەقەکانی

ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی، شیعر بەتایبەتی، دونیای گەڕان و لێکۆڵینەوە و پرسیارکردنە لەشتانێک بەئاسانی نادۆزرێنەوە بەکەسی ئاسایی، واتە کارێکە بە ئەو کەسانەی دونیابینییەکی ئاساییان هەیە، ناکرێت. بەمانایەکی تر، ئەدەب و شیعر گەڕانە بەشوێن وەڵامی هەندێک پرسیار، لەبەرامبەریشدا کەشفکردنی، یان ئاشکراکردن و کردنی هەندێک پرسیارە، کە پێشووتر نەکراوە. هەروەها هەوڵدانە بۆ خستنەڕووی کۆمەڵە بیروڕایەکی جیاواز، دەکرێت ببێتە سەرەداوێک بۆ بیرکردنەوەی زیاتر و گەڕان بەدوای وەڵامەکاندا. واتە مەرج نییە لەگەڵ هەموو پرسیارێکدا شیعر وەڵامی یەکلاکەرەوەی بۆ هەموویان پێبێت، چونکە هەندێک جار تەنها باسکردن و خستنەڕووی پرسیار بەسە بۆ ئەوەی، کە مەودای زانینی وەڵامەکان دیاریکراو نەبێت و هەموو خوێنەرێک بتوانێت بەپێی تێگەیشتنی خۆی هەوڵی وەڵامدانەوەیان بدات.

دەگونجێت لەناو ئەو پرسیارانەی شاعیر دەیانکات و چوون بەشوێن وەڵامی هەندێکیاندا، لەکۆتاییدا شاعیر تووشی نامۆبوون ببێتەوە، ئەگەر بەهۆی دەستکەوتنی وەڵامەوە بێت، یان بەهۆی نەگەیشتن بەسەرچاوەی گەیشتن بە یەقینێک، کە هەموو گومانەکانی بڕەوێنێتەوە. بەزۆری ئەم جۆرە هەستکردنە، لەپرسیارە جەوهەری و بوونەوییەکانەوە سەرچاوە دەکرێت، لەپرسگەلی گرنگی سەبارەت بە هۆکاری بوونی بابەتی گرنگی وەک: (بوون و ژیان و مردن). بوون بەهەموو پێکهاتەکانی ناوییەوە لەمرۆڤ و هۆکار و سەرچاوەی دروستبوون، هەروەها لەهۆکارەکانی بەرجەستەکردنی ئەم بوونە، ژیانیش وەک هەستکردن و سەلماندنی بوونەکە، چونکە ئەگەر هەست بە ژیان نەکرێت، هەموو دروستکراوەکان دەبنەوە بەیەک، هەروەها، مردن، وەک یەکێک لەپرسیارە سەرەکییەکانی ژیان سەیردەکرێت.

دەقە شیعرەکانی (د.ئاراس عەزیز عەبدوڵا)، لەوجۆرە شیعرانەن، کە هەڵگری ئەم جۆرە سیفەتانەی پرسیارە، تیایدا شاعیر لەڕێگەی کۆمەڵێک مۆتیڤی شیعرییەوە، وێنەیەکی نامۆییانەی ناخ و دەوروبەری خۆیمان بۆ دەکێشت و گرنگترین پرسیاری خۆی سەبارەت بە (بوون، هەستکردن بە خۆشی، بەختیاری، دروستبوون، مردن و ژیان)مان بۆ دەخاتەڕوو. لەوێشەوە هەستکردن بە نامۆبوونی شاعیرمان بۆ دەردەکەوێت، کە ڕۆژگار و سەردەم و کوردبوون و بارودۆخی سیاسی، لەهەرە گرنگترین هۆکارەکانی ئەم ئەنجامگیرییەی شاعیرن. بەخوێندنەوەی شیعرەکانی (د.ئاراس عەزیز)، دەتوانین گەلێک لەو لایەنانەی، کە نیشانەی نامۆبوونن دەستنیشان بکەین، وەک: (خەم و ئازار- مردن- شوێن- کات- زمان....). بێگومان هەریەک لەمانەش دەرخەری بەشێکن لەهەستی نامۆبوونی شاعیر، ئەگەر هۆکاری ئەمانە هەرچییەک بن، بەڵام بەڕوونی لەناو دەقە شیعرییەکاندا هەستی پێدەکرێت.

## ١. خەم و ئازار

دیاردەیەکە پەیوەندی بە دەروونی مرۆڤەوە هەیە. حاڵەتێکی ئاساییە لەمرۆڤدا بەدیدەکرێت، ڕووداوەکانی ژیان وامان لێدەکات خەم بخۆین و کاردانەوەیەکە لەبەرامبەر ئەو ڕووداوانەی لەژیانماندا ڕوودەدەن، واتە "خەم هەڵچونێکی دەروونییە، ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر چۆنیەتی هەڵسوکەوت و ڕەوشت و هەست و سۆز و باری دەروونی مرۆڤ" (سالح، ٢٠١٢: ٥٩)، هەروەها "لەئەنجامی کاردانەوە و لەدەستدانی کارێک ڕوودەدات و دروستدەبێت"(الجسمانی، ١٩٩٤: ٤٥). بەپێی قەبارەی ڕووداوەکەش زۆرجار مەودای درێژەکێشانی خەمەکە دیاریدەکرێت، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە "هەر ئێش و ئازار و ئەشکەنجەی ژیانیشە، ئەفراندن دەخوڵقێنێت"(غەمبار، ٢٠١٠: ٦٦).

خەم و ئازار، بەڕەهەندێکی بنەڕەتی دادەنرێت لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، بەتایبەت ئەو کۆمەڵە شاعیرانەی، کە لەدوای ساڵی (١٩٧٥)ەوە دەرکەوتن. ئەویش بەهۆی نسکۆی شۆڕش و کاریگەری ڕێبازی ڕۆمانسیزم و هەروەها هەندێک کارەساتی ژیانی تایبەتی شاعیرەکان خۆیان. چونکە ئەم شاعیرانە، بەتایبەت لەسەرەتای ساڵانی هەشتا بەدواوە، بوونە خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆیان و لەژێر فشاری کۆدەنگی و کۆهەڵوێستی دەرچوون، دەقە شیعرییەکانیان زۆرتر دەربڕی ناخی خۆیان بووە. (د.ئاراس)یش، کە یەکێکە لەشاعیرەکانی ئەو سەردەمە، ناونیشانی دیوانەکەی کە لە(٢١) دەق پێکهاتووە بریتییە لە(حەسرەت)، یەکێک لەواتاکانی خەم خواردنە بۆ لەدەستدانی شتانێک، بەلای شاعیرەوە گرنگ بوون، جا ئەو شتانە، سەردەمی منداڵی بێ، یان لەدەستدانی کەسێک، یان داڕمانی ئاوات و هیواوەبێت... هەموو ئەمانە هۆکاری ئەو حەسرەت خواردنەی شاعیرن و بوونەتە سەرچاوەی خەم و ئازار بۆی. (کەمال غەمبار) لەلێکۆڵینەوەیەکی لەسەر دیوانی (حەسرەت) دەڵێت: "کە کۆشیعری (حەسرەت)ی ئاراس عەزیز عەبدوڵای شاعیرم خوێندەوە، کەسایەتی ئەم شاعیرەم بە گۆشت و ئێسقانەوە، بەدڵ و دەروونەوە لەلا بەرجەستەبوو"(غەمبار، ٢٠١٠: ٦٣). کەواتە، خەم و ئازاری شاعیر، شتێکە لەناو شیعرەکانیدا وەک خودی شاعیر بەرجەستەیە و بووەتە ئاوێنەنمای ژیانی. هەر ئەوەش نا، بەڵکو ئەو خەم و ئازارەکەی هەستێکە هەر لەمنداڵییەوە لەتەکیا بووە و وەک (عەتا قەرەداغی)یش دەڵێت: "ئەوەی تێبینی دەکرێت لای ئەم خەم شتێکی خواستراو نییە، هەروەک ناشێت وەها سەیربکرێت، کە خەم دەرئەنجامی ڕووداوێک، یان بارودۆخێکی تایبەتی ژیانی بێت، بەڵکو خەم لای ئەو خاسێتێکە لەمنداڵییەوە لەگەڵیدا دەژی، کە ئەو دەیچوێنێت بە پەرکەمێک، کە لەمنداڵییەوە لەگەڵیدایە، کە دەشێ وەکو خاسێتێکی بۆماوەیی سەیربکرێت" (قەرەداغی:٢٠٢٢). وەک دەڵێت:

چۆن بەختیار بێ؟

چۆن بەختیاربێ ئەو شاعیرەی،

خەم لەگەڵیا..

پەرکەمێکی منداڵی بێ؟!

...

من تەمەنم هەمووی شیعری خەماوی یە!

ئاگاداربێ!

ئەوەی حەز بە شیعرم دەکا

وەک من چۆرس و کلۆڵ دەبێ!

ئەوەی (ناو) ی،

(شێوە) ی، (ڕەنگ) ی،

لەمن دەکا..

وەک من حەسرەت

هەر بەگەنجی سڕی دەکا!(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ١٤-١٥)

گواستنەوەی خەم و خەفەت و ئازار، لەشیعرەوە بۆ مرۆڤ، تەنیا مەگەر لەکارێکی ئەدەبی و شیعرێکی زیندووی دەرخەری ناخدا بێت، کە وەک ڕایەڵەیەکی پەیوەندی ڕۆحی بەکاری خۆی هەڵدەستێت و ئەو هەستەی شاعیر دەریبڕیوە، دەیگوازێتەوە بۆ خوێنەر. لەلایەکی تریشەوە، دەکرێت بڵێین، شاعیر هێندە ڕاستگۆیە لەگەڵ شیعر و لەگەڵ هەست و ناخ و دەروونی خۆیدا، بۆیە خۆی و شیعرەکانی ئاوێتەی یەک بوون و شیعرەکانی هەمان سیفەتی ئەویان گرتووە. هەربۆیە کاتێک کەسێک بیەوێت شیعرەکانی بخوێنێتەوە، دەبێت ئاگاداربێت ئەو هەستەی، کە لەشیعرەکەدا هەیە، کاریگەری لێدەکات و هەمان ئەنجامی حەسرەت و خەم و ئازار دەبێتە بەشی. نەک هەر ئەوەندە، بەڵکو بەپێی ئەم دەقە شیعرییە هەموو ناو ئاراسەکان و لەشاعیر چووەکان، لەڕووی ڕووخسار و ڕەنگەوە هەمان کۆتاییان هەیە. ئەمەش حوکمێکی گشتگیرە و هەمیش ڕاستییەکی زانراو بۆ خودی خۆی و هەموو کەسەکانی تر، کە جگە لە(ڕەنگ و شێوە)، دەکرێت وەک کۆتایی هەموو کوردێکی خاوەن هەڵویست و بیرکەرەوە سەیربکرێت. واتە خەم و ئازاری شاعیر"دووپاتکردنەوەی وەهمی ئازارەکان و ئازاری وەهمەکانە لەژیانی ڕۆژانەی ئێمەدا، کە ئازارەکان وەهمن و دیارنین، بەڵام وەک

تارمایش پەلاماری ڕۆح و جەستە و بەختەوەرییەکانی ئێمە دەدەن"(حەسەن، ٢٠٢٢: ٢٢). هەروەکو دەڵێت:

(سبەینێ) ش دێ،

دێ لەدەرگای ژوورم ئەدات..

من چیم هەیە چاوەڕێی کەم،

جگە لەخەم، کۆست، کارەسات!(عەبدوڵا، ٢٠٨٨: ٥٨)

وەک دەبینین، هەموو ڕۆژەکانی شاعیر هەمان ڕۆتینن، ڕۆتینی خەمی دووبارەبووەوە، کە لەئەنجامی کۆست و کارەساتەوە تووشی هاتووە. وەک بڵێی مەحکومە بەو گشتە ئازارە، چونکە هەموو ئاسۆیەکی چاوەڕوانی لێ دابڕیوە. ئازارێک، کە هێند دڵنیایی و بەردەوامی هەبێ، بەو مانایەیە، کە ئەزموونی پێشووتریەتی و شاعیر لەوەوە بەو ئەنجامە گەیشتووە. لەڕاستیشدا "ئازارەکان دەبنە تاکێکی تەواوکەر بەرامبەر بە ژیانێکی نالەبار، ئەمەش لای شاعیر هیچ کێشەیەک دروستناکات بەو پێیەی ئازارەکان شانبەشانی ژیان دەبنە پاڵەوانی دەقەکانی قەوارە بنەڕەتیەکەشی لەوێدا سەرهەڵدەدات"(کەریم: ٢٠٢١). هەر ئەمەشە وامان لێدەکات بڵێین، شاعیر و هەستەکانی بوون بەیەک و وەک قسەکەری ڕۆحی شاعیر، بەزمانێکی ئەدەبی دەربڕی هەست و ناخیەتی، یان دەتوانین بڵێین لەتەک ئەو هەمووە لەناخۆشییەی ژیانی شاعیر، شاعیر وایلێهاتووە جۆرێک لەڕاهاتن بەئازار ببێتە سیمای شیعرەکانی، چونکە بەبەردەوامی بوونیان هەیە لەژیانیدا و بوونەتە کەرەستەی سەرەکی شیعرەکانیشی. هەروەکو دەڵێت:

سنگم تەنگە، سی یەکانم پڕ حەسرەتن!

تۆز و گەردی ئازارێکم هەڵمژیوە..

قورس و دێرین!

سنگم تەنگە، من کەڤناری ئەم زەمانەم!

کوا سروەیەک سی یەکانم فێنک بکات؟!

کوا سروەیەک لەئازاری

باکەلێری ئەم تەمەنە ڕزگارمکات؟!(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٢٤)

کەواتە"ئەو کەشوهەوا و ئاوهەوا شیعرییەی ئاراسی شاعیر ڕەخساندوویەتی، خەماوی و ماتەمینین، چەند تابلۆیەکن تەعبیر لەڕۆحی شاعیر دەکەن"(غەمبار، ٢٠١٠: ٦٦)، چونکە"ئاراس بوونێکە

لەئازار و تەنیایی، بوونێکە، کە لەتەنیایی خۆیدا پەنا دەباتە بەر ئەوەی دەم بنێت بە ئازارەکانییەوە، بەهیوای کەم بوونەوەیان دەیانخواتەوە، بەو جۆرەش ئازارەکان لەناوەوە زیاد دەکەن و کەڵەکە دەبن و لەهەمان کاتدا لەدەوەرە زاوزێ دەکەن، هەر ڕۆژەو بە دەموچاوێکی نوێوە دێنە بوونی ئینسانەوە، هەر لەبەر ئەوەیە لەتاوا، چونکە ئازار کۆتایی نایەت، تەنیایی بەردەوام ئازار بەرهەم دەهێنێت، ئازار دوایی نایەت، خوا و بەختیاریش کۆچیان کردووە و نایەنەوە"(حەسەن، ٢٠٢٢: ١٨). لەم حاڵەتەشدایە"بەلابردنی ئازارەکان بۆشاییەک لەدەقەکانیدا دروستدەبێت، بەمەش شیعرییەتی خۆی لەدەست دەدات"(کەریم:٢٠٢١). هەروەکو دەڵێت:

ئەگەر شەوێک قەسیدەیەک بۆ غوربەت و

عومری وشکم نەخوێنمەوە...

تەوری پایز دێتە وێزەم!

سەری سپی و ،

هەر دە پەنجەم...

لەکۆشمدا دەبینمەوە!(عەبدوڵا، ٢٠٠٨:٤٢)

شاعیر هەرچەندە تەمەنێکی کەمی هەیە، بەڵام ئازار وایلێکردووە پیرببێ و گۆچانێکی کردووە بە هاوەڵی تەنیاییەکەی. پیری لەئەنجامی ئەزموونی ژیان و بەڕێکردنی تەمەن بوو‌بێت، شایانی تێفکرین و پەند لێوەرگرتنە، بەڵام ئازاری هەست بە پیری کردن لەگەنجییدا، لەئەنجامی ئازار و ناخۆشییەوە بێت، یان لەئەنجامی پێگەیشتن بە هەندێک بیروڕا، کە کەسانێک بەچەندین ساڵ تەمەن ئینجا ئەزموونی دەکەن، ئەویش بەهۆی ئەو باردۆخەی، کە ڕۆژگار بەسەریدا سەپاندوویەتی، یان ئەزموونکردنی هەندێک ناخۆشی، جگە لەخەم هیچی دیکەی لێ پەیدانابێت. نموونەی ئەمەش هەروەکو لەدەقی شیعری (تاعوون)دا دەڵێت:

ئەو ئازارە پیری کردم!

ئێستا وەکو

مامە پیرەی گۆچان بەدەست

سارای چۆڵی تەمەن دەبڕم! (عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٤٣)

گومانی تێدا نییە، کۆڵەکەی وەستاوی و مانەوەی مرۆڤ لەسەرپێی پشتە. لەپاش کەوتنەکانی مرۆڤ، هەڵدەستێتەوە، بەڵام کاتێک پشتی شاعیر شکابێ نەدەتوانێ پێبکەنێ و نە دەتوانێت هەستێتەوە، بۆیە

لەم حاڵەتەدا جگە لەخەم و ئازار هیچی تری بۆ نامێنێتەوە. وەک شاعیر لەم شیعرەدا ئاماژەی پێدەکات و دەڵێت:

بۆچی شیعرم خەمگین نەبێ

(گەر ئینسانێ پشتی بشکێ

پێدەکەنێ؟!) (عەبدولا، ٢٠٠٨: ٥٢)

کەواتە ئازار و لێکەوتەکانی و هۆکارەکانی بەشێکی جیانەبووەی ناو شیعرەکانی (د.ئاراس عەزیز)ن و سەرچاوەی سەرەکی نامۆبوونی شاعیریشە، چونکە پەیدابوونی ئەو ئازارانە دەرئەنجامی ژیانێکی پڕ کێشمەکێش و ناخۆشی و شەڕ و مردن.... ە، کە شاعیر نەیتوانیوە خۆی لێیان لابدات.

**٢. مردن**

ڕاستییەکی نەگۆڕی ئەم گەردوونە مردنە، هەموو زیندەوەرێک بەم ئەزموونە تێدەپەڕێت. پرۆسەیەکی مسۆگەرە. ڕووداوێکە دەبێت بەسەر هەموو زیندەوەرێکدا بێت، بەڵام خوێندنەوە بۆ مردن وەک چەمک، کە بەرەو نەمانە، پەیوەندی بە نهێنی بوون و ژیانەوە هەیە، ئەو پرسیارە بنەڕەتیانەی ژیانە، کە دەکرێت لەسەر گرنگی و هەبوونی ژیان. "مردن تراژیدیایەکی تاڵی ژیانی مرۆڤە، کە هەر لەدوای لەدایکبوونیەوە بەردەوام لەگەڵیدایە و هەرگیز لێی دوورناکەوێتەوە" (خۆشناو، ٢٠١٣: ١٧٧). یان دەکرێت بڵێین، باسکردنی مردن بۆ نیشاندانی ژیانە بەوجۆرەی هەیە لەدیدی ئەدیب، یان شاعیر، یان هەر کەسێک بیەوێت نهێنی بوون و ژیانی بۆ دەربکەوێت. هەر بۆیە هەموو مرۆڤەکان بەرامبەر بە مردن، هەست و سۆزیان دەجوڵێت، دەتوانین بڵێین هاوشێوەییەک لەهەستەکان و جیاواز لەجۆری هەستکردن و ڕێژەکەی هەیە بەرامبەر بە مردن، بێگومان ئەم کاریگەرییەش بۆ کەسە ڕۆشنبیرەکان بە جۆرێکی ترە، دەکرێت بڵێین لەشێوازی دەربڕینەکاندا دەردەکەوێت، ئەویش بەوەی شاعیر خۆی دەخاتە ناو دەقەکان و دەروون و ناخی خۆی لەچوارچێوەیەکی ئەدەبیدا دەردەبڕێت.

بێگومان، مردن و حاڵەتی لەدەستدانی گیان، دەبێتە هۆی کەڵەکە بوونی خەم و ئازار، بەو مانایەی مردن جیابوونەوە و دابڕانە، یان دوورییەکی هەتاهەتاییە. واتە "مردن بریتییە لەو توانایەی، کە ئیتر ئەو ناتوانێت لێرە بێت"(عەبدولا، ٢٠٠٨: ٣٣). ئەم جۆرە هەستە، دەکرێت لەحاڵەتێکدا شاعیر لەخۆیدا ببینێتەوە. واتە شاعیر ئەم هەستەی لەوێنەیەکی واقیعییەوە بە خەیاڵ دەگوازێتەوە بۆ ناو دنیای شیعر و پرسیارە وجودی و جەوهەرییەکانی خۆی سەبارەت بەم پرسە دەکات، چونکە "شیعر وەکو بیرکردنەوەیەکی فەلسەفییانەی ئۆنتۆلۆجی، ڕاستی بوون دەردەخات و داوامان لێدەکات ئەو ڕاستییە بناسین"(کەمال، ٢٠١٦: ٣٤). هەرچۆنێک بێت، مردن لەدەقە شیعرییەکانی د.ئاراس عەزیزدا، بەربڵاوییەکی ئامادەیی هەیە، هەروەک تەوزیفکردنیشی لەشیعرەکانیدا ڕەهەندێکی بوونگەراییانەی

هەیە، چونکە هاوشێوەی بیرمەندێکی بوونگەرا، شاعیر درکی بە ئامادەیی مەرگ لەژیان و تراژیدیای بوونی مرۆڤ کردووە. هەروەکو دەڵێت:

دەترسم پیریش ببینم

ڕۆژێ نەیەت

مەرگ تیایدا یەخەم بگرێ!

کەی دێ؟ کەی دێ؟

مەرگ کەی دێ؟(عەبدولا، ٢٠٠٨: ٢١)

لەم کۆپلەیەدا شاعیر حەقیقەتێکی وجودی دەردەبڕێت، ئەویش حەقیقەتی مەرگە. شاعیر هۆشیارە بەمەرگ، لەتەمەنێکی کەمەوە ئەم هۆشیارییەی لەلا دروستبووە، هەربۆیە ئەم ئاواتخواستنەی دەرەنجامی درککردنێتی بە تراژیدیای بوون و هەموو ئەو ئازار و خەم و ناڕەحەتییانەی بوون، کە لەگەڵ خۆیدا مرۆڤ ڕووبەڕووی دەبێتەوە. شاعیر دەیەوێت هەر بەگەنجی بمرێت، لەم تەمەنەیدا بەشی ئەوە ئەزموونی کردووە، کە هەرساتێک بێت دەمرێت، دەیەوێت کاتێک بێت پیرنەبووبێ. ئەم هۆشارییەی بە مەرگ بەدووی خۆیدا دوودڵی و نیگەرانی و نامۆبوون دەهێنێت، کە ئەمەش ترس نییە، بەڵکو نیگەرانییەکی هۆشیارانەیە بەرامبەر بە بوون. بەڵام شاعیر هەموو مەرگێکی ناوێ، چونکە هەموو مردنێک نابێتە جێی تاسە شکاندنی جەستەی شاعیر، هەروەکو دەڵێت:

کەی دێ؟ کەی دێ؟

مەرگ کەی دێ؟

مەرگێ دەمەو شەفەقێکی باراناوی..

مەرگێ تاسووی جەستەی من بێ!

مەرگێ بێدەنگ،

کێشم بکا بۆ هەناوی!!(عەبدولا، ٢٠٠٨: ٢١)

شاعیر هێندە بە تاسەی  مەرگەوەیە، هەموو مەرگێک وەک دەڵێن تینوێتی ڕۆحی ناشکێنێ، دەبێت مەرگێک بێ لەسەرەتای دەستپێکی ڕۆژەکەیەوە بێت، بۆ ئەوەی ئەزموونی هیچ ڕۆژێکی تری پڕ ئازار و هیچ شەوێکی تر نەکات، چونکە:

شەوانی من گیرخواردن و

ڕێ ون بوونی نێو ئەشکەوتە!

شەوانی من دۆزەخێکی بێ سرەوتە!

ناڵەم وەکو لوورەی گورگی

قەراخ شارە!

شەوانی من وێستگەیەکی پڕ ئازارە!

من بە ڕۆژیش

دارێک، ماڵێک، نیشانەمە...

تا خانووەکەم لێ تێک نەچێ!

کێ ئەوەندە کۆڵەوارە؟!(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٢٠)

وەک دەبینین، شاعیر هۆکار بۆ بانگکرنی مردنەکەی دەخاتەڕوو، چونکە ژیان بەوهەموو ئازارەوە زۆر ناخایەنێت، بۆیە ئەو کەسانەی هۆشیارییان بە مردن هەیە تووشی نائومیدی دەبن و چاوەڕێ دەکەن لەجێیەکی تر لەداهاتوودا ژیان بکەن، کە لەلای شاعیر هەناوی مەرگ ئەو جێگایەیە، وەک دەڵێن کۆتایی بە ئازارەکانی دەهێنێ. بەمەش جۆرێک لەسەربەستی و ئازادی لەبەرامبەر ئارەزووەکانیدا دەبینرێت و هەڵبژاردنی مەرگەکەش شاعیر خۆی دیاریدەکات. لەمەوە"گوێمان لەخۆزگە پڕسۆز و سۆزدارییەکەی ئاراس دەبێت بۆ مردن، کاتێک، کە مردن بانگ دەکاتە هەناوی خۆیەوە، تا ئاهەنگێک لەخۆشبەختی پێکەوە سازبکەن"(حەسەن، ٢٠٢٢: ١٥). دیسانەوە مردن دێتەوە بۆ لای شاعیر، بەڵام شاعیر لەم دەقەدا تەنهایە، بێ هاودەمە، هەرچەندە مردنەکەی چاوەڕوانکراوە، بەڵام بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مردن پێویستی بە ئەوە (یارە)، چونکە دەمێکە بووە بە نێچیری مردن و هیچ شتێک جگە لەمردن نازانێت. هەروەکو دەڵێت:

نزیک بە لێم، من نێچیری نێو ڕەشەبای پایزانم!

نزیک بە لێم، مردن نەبێ

من هیچ شتێ لەسبەینێی خۆم نازانم!(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ١٠)

شایانی باسە، نەمانی ئومێد و بێهیوایی، نامۆبوون بۆ شاعیر لەخۆی و لەدەوروبەریشی دەهێنێت، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی شاعیر هەست بە نەویستراویی و تەنهایی خۆی بکات، هەموو شەوێک چاوەڕێی مەرگی خۆی بکات، مەرگێک ببێتە هۆی ئەوەی لەکەساسی ڕزگاری بکات، چونکە ئەگەر بەوجۆرە نەبێ، کە شاعیر دەیەوێت، ئەوا بە شیعرەکانیشی نامۆ دەبێ. دەڵێت:

خۆم دەزانم گەر گیان دەرچێ و،

تۆم لا نەبی...

گەورەترین شاعیریش بم،

بەسەرتاپای شیعرەکانم غەریب دەبم !!(عەبدولا، ٢٠٠٨: ١٣)

شاعیر پێویستی بە هاودەمی و هاوخەمییە، دەیەوێت تا کاتێک زیندووە، هەست بە بوونی خۆی بکات، هەست بکات کەسێک هەیە گوێی بۆ دەگرێ، هاوسۆزیەتی. ئەگین دوای مردنی پێویستی بە شین و خۆلێدان نییە. هەروەکو لەم دەقە شیعرییەدا دەڵێت:

سەرەی مەرگمە، نزیک بە لێم!

ئەشکم ناوێ...

سنگ کوتان و شینم ناوێ...

نزیک بە لێم هەر ئەوەندەی تۆ هەستبکەی،

لەم کونجەدا

شاعیرێکی کەساس دەمرێ!!(عەبدولا، ٢٠٠٨: ١٠)

وەک دەبینین، لەژیانی تایبەتی شاعیردا، مردنی کەسێک زۆر کاریگەری لەسەر دروستکردووە، ئەویش (دیاری) برایەتی، وەک شاعیر خۆی دەڵێت (برایەک بە تامی گوڵ). کارەساتی مردنەکەی هێندە ناخۆشە، بووە بە برینێکی سارێژنەبووی هەمیشە دەمکراوەی ئازارهێن، کە هیچ شتێک ناتوانێت نە تیماری بکات و نە چارەسەریشی بۆ بدۆزرێتەوە. لەدەقە شیعری (دەساڵ ڕۆیشت)، کە تایبەت بۆ ئەم کارەساتەی نووسیوە، شاعیر بۆ تەواوکردنەکەی پێویستی بە (١٠) ساڵ بووە. ئەگەر سەرنج بدەین تێدەگەین، هەرچەندە شاعیر (کەمنووسە)، بەڵام ڕووداوەکە هێند قووڵە لەژیان و ناخی شاعیردا، هەمیشە هەستی بەوە کردووە، زمانی نووسینی لەئاست ڕووداوەکە نییە، بۆیە چەندین جار دەستکاری کردووە و گۆڕیویەتی، تا لەکۆتاییدا ئەم دەقەی لێ پەیدابووە، کە دەربڕی هەستێکی بەرپرسیارانەی براگەورەیی و کەوتنی کۆست و نەمانی هیچ خۆشییەکی لەژیاندا تیایدا دەبینرێت. وەک بڵێی قورسایی لەدەستچوونەکەی لەسەرشانی خۆی نابێ، سەراپای شیعرەکە پڕە لەخەم و نائومێدی و بێهیوایی و نامۆبوون. دەڵێت:

دەساڵ ڕۆیشت

ئێستا دڵم شیعرێکە مات !!

بەوهیوایەی کە لەو دونیا،

بەدیدارت شاد ببمەوە !

وشەکانی دڵیان نایەت

(قردێلەی ڕەش)

لەسووچێکی وێنەت بدات !!

دەساڵ ڕۆیشت ئێستاش دایکم

هەر (شەماڵە) دەگریێتەوە !

بەو نیازەی کە ڕێبوارێ

تێپەڕ ببێ و ،

بڵێ (ڕۆژێ هەر دێتەوە !!)(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٩١)

لای (د.ئاراس عەزیز) مردن هەندێکجار دەیەوێت دڵەڕاوکێیەک لەناو ئەندێشەی شاعیردا بچێنێت. یان، هێندە بەئازارە، هەموو ژیانی پێویستە، تا بەبیری مردنەکە ڕابێی و هێشتاش ژیان هەرچەندێک بێ، بەشی ئەو ئازارە ناکات. هەندێکجاریش مردن دەبێتە گالیسکە و هەمووان بەرەو دوا ویستگە دەبات. ئەمەش وەک ڕزگارکەرێک لەدەست نیگەرانییەکانی بوون. بەجۆرێکە"جەمسەری مەرگ و کۆی ئەو ڕەگەزە زمانییانەی، کە باسی مەرگ دەکەن و دۆخی مردن بەرجەستە دەکەن، باڵادەستن بەسەر جەمسەری ژیان و کۆی ئەو ڕەگەزە زمانییانەی لەدەقەکاندا کەشی ژیان و ژیاندۆستی ئامادە دەکەن"(قەرەداخی: ٢٠٢٢).

شیعری (زێمار)، کە بۆ هاوڕێی و شاعیر (محمد عومەر عوسمان)ی نووسیوە، ناونیشانی شیعرەکە بەپێی لێکدانەوەی شاعیر خۆی (کە مەبەست لێی شیوەن و لاواندنەوەیە) و دەرخەری هەموو وێنەکانی ناو دەقە شیعرییەکەیە، چونکە ژیانی شاعیر بەرەو کۆتایی دەڕوات، ئەویش لەپاش ئەو هەمووە حەسرەت و ئازارەی دیونی لەژیانیدا. لێرە بە شێوەی نووسینی خۆی، بە هاوڕێکەی دەڵێت، منیش هەمان چارەنووسی تۆم هەیە، هەردووکمان مردن کۆتا مەنزڵگەمانە. هەردووکمان پێکەوە لەم تاڵاوی ژیانەمان چەشتووە، هەمان مێژوو، هەمان سەردەم ژیاوین. دەمرین و لەبیردەکرێین وەک ئەوەی نەبووبین ،بەڵام هەمان مردن نامرین، ، من لەناو دەریایەکی بێ بن و تۆش لەکۆشی پایزدا، بەمەش نە دەنگی زێماری خۆمان و نە هی یەکتریش دەبیستین. ئەوەی لێرەدا بیری نامۆبوونەکە دەردەخات، ئەوەیە، کۆتایی هەموو شتێک هەر نەمانە، کەواتە ئەمانیش وەک هەر دروستکراوێکی تر نامێنن و جیادەبنەوە لەدونیا. دەکرێت هەر ئەم شیعرە بکرێتە پرسیاری گەورەی

بوون، کە بۆچی دونیایەک کۆتاییەکەی مردنێکی مسۆگەرە، هێندە چەرمەسەری و ناحەڕەتی بچێژین؟ بۆ دەبێت ئەم هەمووە لەئازار و مەرگەسات و ناخۆشییە ببینین؟ بۆیە دەڵێت:

کاتێک دەمرم،

تۆ (محمد)!

فڕێمبدە نێو دەریاوە

با زێماری مەرگی خۆمم گوێ لێ نەبێ!

تاوێکی تر ئەم گەرداوە

هەر چوار پەلی کەشتی عومری کۆت کردووە!

نەمن ئاگام لەهەناسەت دەبێ نە تۆ!

ناونیشان و،

جێ زەمەنم بیردەچنەوە!

(ئەمە کۆتایی زەمینە

هیچ نەماوە

جگە لەلێک جیابوونەوە!)(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٤٨)

بابەتی مردن بەشێکی گرنگی شیعرەکانی (د.ئاراس عەزیز)ە، بەجۆرێک ئەگەر بتەوێت لەسەر هەر بابەتێکی تری شیعرەکانی ئەم شاعیرە قسە بکەیت، دەبێت ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بگەڕێیتەوە بۆ باسی مردن و پەیوەندی نزیک و تێکئاڵاوی لەگەڵدا دروستبکەیت. یان دەکرێت پەیوەست بکرێت بە پیشەی شاعیر خۆیەوە، کە پزیشکە و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ مردندا دەکات بۆیە لێرەدا" دەتوانین بڵێین "حەسرەت›› کۆ شیعری نزیکەمردن، تەرم و تابووتە، وێڕای مەرگی کتوپڕ و بەلێشاو تراژیک، وەختە بڵێم: ئەم هەموو تەرم، تابووت و مەرگە لەشیعرەکانیدا، زاڵبوونی پێگەی پزیشکیی شاعیرەکەیەتی، کە لەخوێندکارییەوە تا پزیشکی، لەگەڵ خوێن، برین و مردندا مامەڵەی کردووە و دەکات"(حەمەسوور، ٢٠٢١: ٣٠). لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین، لای شاعیر مردن هەر یەک شێوە و یەک مانای نییە، بەڵکو لەشوێنێکدا دۆستە و لەشوێنێکی تردا دوژمن، لەشیعرێکدا ئەهریمەنێکە و تووشی نامۆبوون بە خۆیی و شیعرەکانیشی دەکات، لەشوێنێکی تردا میهرەبان. لای (د.ئاراس عەزیز)، مردن هەروەکو ژیان و بوون پڕە لەتارمایی و ڕۆشنایی.

### ٣. شوێن

شوێن بەشێکی جیاکراوەی نێوان هەموو ئەو جێگایانەیە، کە لەگەردووندا هەیە. بەمانایەکی تر، پێی دەوترێت شوێن، چونکە لەڕێگەیەوە مرۆڤ پەیوەندییەکانی خۆی و ژیان و گوزەرەکانی تیادا بەسەر دەبات. لەمەشەوە دەبێتە شوناس بۆ ئەو کۆمەڵە کەسەی لەسەری دەژین"شوێن مانایەکی کلتوریشی هەیە و بریتییە لەو شوێنانەی، کە مرۆڤ لەفەزای گشتی جیایان دەکاتەوە" (سیوەیلی، ٢٠١٥: ٩٥). واتە شوێن بەمانا گشتییەکەی بۆ هەموانە، بەڵام کاتێک بینا دەکرێت و تایبەت دەکرێت، و ناوی لێدەنرێت، دەبێتە بەشێک لەیادەوەری و بوونی کۆمەڵە کەسانێکی دیاریکراو"شوێن بریتییە لەفەزا، کە بەهۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەسنیشاندەکرێت"(سیوەیلی، ٢٠٢٠: ٢٨). واتە پەیوەندی شوێن بە مرۆڤەوە لەڕێگەی ئەو ئەزموون و یادەوەرییانەوەیە، کە لەگەڵ دەوروبەر دروستیدەکات. بەمەش تێکچوونی ئەو نۆرمە لەپەیوەندی، ئەگەر بە نەمانی پەیوەندییەکە، یان کەسایەتییەکانی ناوی بێت، یان دوورکەوتنەوە لەشوێن، هەستی نامۆبوون و بێزاری دروستدەکات.

بەشێوەیەکی گشتی، شوێن لەئەدەبدا گرنگی خۆی هەیە، چونکە لەڕێگەیەوە وێنە و بونیادی دەق تەواوکاری خۆی وەردەگرێت و واتا  و دەلالەتی شوێنەکان دەبنە هۆکاری تەوابوونی دەقێکی ئەدەبی. بەمانایەکی تر، ناکرێت دەق بەبێ شوێن نابێت، چونکە ئەگەر لەڕووی دەقاودەق بە کارهێنانی شوێنە واقیعییەکەشەوە نەبێت، شاعیر پێویستی بە شوێنێک هەیە، تا بتوانێت وێنە و فەزای ناو دەقەکەی تیادا بەرجەستە بکات، چونکە"شوێن دەبێتە هێڵێکی بەربڵاوی پەیوەستبوو بە دەروون و بیری نووسەر و شاعیرەوە، لەهەمانکاتیشدا لەخۆگری ئەو ڕوانین و لایەنانەی، کە لەسایکۆلۆژیای نووسەر و شاعیردا شاراوەن، هەر لەبەر ئەمەشە شوێن لەدەقدا بنەمایەکی سەرەکییە و توانای ڕاگرتنی نووسەری هەیە لەسەر ڕووداو و پیادەکردنی وێنا و بیرەکان" (ڕەئوف، ٢٠١٢: ٤٧) هەربۆیە لەڕێگەی شوێنەوە دەتوانرێت زۆر لەو ئیستاتیکا و ئاماژانەی، کە دەقە شیعرییەکان لەخۆیانی دەگرن بخرێتەڕوو. هەر ئەمەش نا، بەڵکو لەڕێگەی شوێنەوە، دابونەریت و کلتور و مێژوو، شارستانییەت و ئاستی ڕۆشنبیری دەردەکەوێت، چونکە لەڕێگەی شوێنەوەیە، کە ڕووداو و کەسایەتی و بونیادەکانی دەق، شێوەیەک لەواقیعییەت و ئەگەری بوون دروستدەکەن. بەمەش هەم دەبێتە ڕەنگدەرەوەی بیری نووسەری دەق خۆی لەئاستی تاکدا، هەمیش دەبێتە دەرخەری ئەو لایەنانەی پەیوەندی بە دروستکردنی بونیادی دەقەکەوە هەیە بەشێوەیەکی گشتی لەسەر ئاستی کۆیی دەقەکە."لەزۆربەی کاتەکاندا پەیوەندی بنچینەیی لەنێوان شوێن و خوددا، پەیوەندییەکی توندوتۆڵە، بەواتای ئەوەی خودی تاکییەتی، بەشێکە لەخودی کۆمەڵ، کە شوێنەکە بەخۆیەوە سەرقاڵیکردووە و لەناو کرۆکیدایە و بەشێکە لێی" (الجبر، ٢٠٠٩: ١٢١). کەواتە بوونی مرۆڤ وەک مەرج و پێویستییەک لەشوێندا، هۆکاری واتابەخشینە بەشوێن، چونکە لەڕێگەی پەیوەندییە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانەوە، شوێن دەبێتە شوێنێکی تایبەت و جیا لەجێگا چۆڵەکان.

ڕەنگدانەوەی شوێن لەلای مرۆڤەکان جیاوازە، واتە پەیوەندی مرۆڤ بەشوێنەوە یەکئاڕاستەیی نییە و هەموو ئەزموونێکیش نابنە یەک. ئەمەش پەیوەندی بە لایەنی کاریگەری شوێن لەسەر مرۆڤ لەلایەک، هەروەها شێوازی دەربڕینی ئەو کاریگەرییە لەلایەکی ترەوە هەیە. بۆنموونە لەبەرهەمە ئەدەبییەکاندا، هیچ کاتێک ناتوانرێت کاریگەری شوێن لەلای دوو شاعیر وەک یەک لەیەک دونیا بینییەوە تەماشابکرێت. چونکە ئەو ئەزموونانەی، کە هەریەک لەو شاعیرانە دیویانە، ئەگەر لەیەک شاریشدا بن جیاوازە. بە مانایەکی تر، گۆشەنیگای جیاواز لەپەیوەندی بە شوێنەوە لەیەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەبینرێت.

لەشیعرەکانی (د.ئاراس عەزیز)دا، بەگشتی (سلێمانی) بووەتە ئەو جێیەی، کە شاعیر پانتایی شیعرەکانی تیادا دەخاتەڕوو، واتە شاعیر خۆی لەجێگۆڕکێی بەردەوامی شوێن لاداوە و بەتەنها (سلێمانی) کردووە بە سەنتەر (هەرچەندە لەدەقێکدا ناوی شاری هەولێر و هەندێک شوێنی تر دەهێنێت)، بەڵام دەکرێت بڵێین، (سلێمانی) لەیادەوەری شاعیردا جێگای تایبەتە. هەرچەندە شاعیر بۆ خوێندنی بواری پزیشکییەکەی لەهەولێر ژیاوە، پاشانیش بەهۆی کارەکەیەوە دەچێتە شاری بەغدا و نزیک دەیەیەک لەوێ دەمێنێتەوە، بەڵام هیچ کام لەمانە نەیتوانیوە شوێن بە سلێمانی و مەڵبەندی یادەوەری منالّی و سەردەمی خوێندکاری لەقبکات" ئاراس عەزیز، لەدەقەکانیدا، کە باس لەئارکۆلۆژیای ئەم شارە دەکات، وەک شارێکی پیرۆز دێتە بەرچاوی، ئەمەش پێویستیەکی ڕۆشنبیرییە بۆ بەستنەوەی تاک بە تاکەکان و خاک و ژینگەکەی"(کەریم: ٢٠٢١). واتە شاعیر باسی شارێک دەکات، کە خۆی لەناویدا بوون و وجودی هەبووە و ئەزموونی ڕۆژەکان و ڕووداوەکانی کردووە. هەربۆیە کاتێک باس لەم شارە دەکات و بۆ ڕابردووی دەگەڕێتەوە تووشی نامۆبوون دەبێت، چونکە شاعیر بۆ هەستکردن بەوەی، کە دیسانەوە بوونی خۆی وەک کەسێکی کارا ببینێتەوە، پێویستی بەو شوێنە هەیە. هەروەها، دەبێت ئەوەشمان لەبیرنەچێت، کاتێک باس لەنامۆبوونی شاعیر دەکەین بەهۆکاری شوێن، لێرەدا مەبەستمان لەوەنییە، کە شاعیر بەهۆی دوورکەوتنەوەوە لەشار ئەم هەستەی لەلا دروستبووە، چونکە شاعیر شاری بەجێنەهێشتووە"مەرج نییە تەنیا ئەو شاعیرانەی لەدەرەوەی سنوری وڵات دەژین تاراوگە کراوبن، نامۆبوون لەوبارەدایە، کە شاعیر تێیدا هەڵسوکەوت دەکات و پەیوەندی بەو هەلومەرجەوەیە، کە چۆن هەستەکانی دەکاتە بابەتی شیعری"(حسێن، ٢٠١١: ١٠٩)، بەڵکو نامۆبوونی شاعیر لەو کاتەوە دەستپێدەکات ناتوانێت هەمان ئەزموونی پێشتر، کە لەو شوێن و جێگایانە کردوونی دووبارە بکاتەوە، چونکە ئەو شوێنانە بەو کەسانەوە تیایدان، دەبنە ڕووداو و لەبیر و خەیاڵدا دەمێننەوە، بەڵام ئێستا ئەو کەسانە نەماون، بۆیە شاعیر تووشی نامۆبوون بووە. هەروەکو دەڵێت:

ئێوە یەک یەک کۆچتان کرد و

منتان دایە دەست ئازاری مەملەکەتی بیرەوەری !

وا دەفتەری ڕۆژەکانم لێوان لێوە

لەشەوانی (گەنم کرد و جۆ بڵاو)!

لەشەوانی فڕیوەکەی کوچەکانی مەڵکەندی!

لەڕۆژانی پڕلەزەتی شیشە ( خەو ) و (جگەر)ەکەی

بەیانیانی (ئەحەی گوڵە)!

.......

چیتان لێهات هاوڕێکانم وا تائێستاش

لەسەر سووچی کۆڵان تەنها ڕاوەستاوم !

چاوەڕوانی مامە (قالە) م دەربکەوێ (عەبدولا، ۲۰۰۸: ۱۰۳)

وەک دەبینین شاعیر لەباسکردنی ئەم شوێن و ڕوداوانە، ئەزموونی پێشینەی خۆی، کە لەیادەوەریدا بەهۆی شوێنەوە هەڵگرتووە، دەخاتەڕوو. هەریەکە لەو وێنانە دێنێتە دەنگ، دیسانەوە بەکاریان دەهێنێتەوە و ڕەنگ و ڕووخساریان پێدەدات، تا بەهۆیەوە نامۆبوون و حەسرەتی خۆی دەرببڕێت بۆ ڕۆژانێک، کە لەو شوێن و جێگایانە، جوڵە و وێنە و یادگاری تیایدا تۆمارکردووە. بەمەش باسکردنەکانی بۆ ئەو شوێنانە بۆ ئەوەیە، پێمان بڵێ چەندە پەیوەستە بەو شوێنەوە، چونکە پەیوەندییەکی زەیینی، دەروونی بە کۆی دەوروبەرییەوە دەیبەستێتەوە. هەرچەندە ئەو چیتر ئەزموونی ئەو کارانە بە جەستە ناکاتەوە، بەڵام ئەو شوێنانە بوون بەبەشێک لەدەروونی ئەو، هەربۆیە هێند کاریگەرییان لەسەری دروستکردووە. "ئارەزوویەکی قووڵ هەیە بەرەو بونیاتنانەوەی وێنە و دیکۆر و ڕوخساری شوێنی یەکەم. لێرەوەیە گەڕان بەدوای پشکنینی ئەو زانیاری و وێنە و پێکهاتانەی ئێمە لەسەر شوێن هەمانە، گرنگییەکی مەزنی هەیە لەتێگەیشتن لەپەیوەندی ئێمەدا بە شوێنەوە"(عەلی، ۲۰۱۹: ۱۲۲).

هەر لەو ڕوانگەیەوە، شاعیر لەشوێنێکی تردا بەم شێوەیە هەستی خۆی دەردەبڕێت، دەڵێت:

من (با)م و قەستمە ڕستێک یادی

هەڵماتێن و هەلوکێنی نێو کۆڵانەکانی مەڵکەندی

خۆم و (بەرزان)،

لەگەڵ ڕۆژنامەی لوول کراوی دەست پۆستمانی پاسکیل سوار

فڕێ دەمە بەر ماڵەکەی !

من (با)م و قەستمە ئێوارەیەک،

بە کووچە تەسکەکانی (پیرمەنسوور) دا گوزەر بکەم !

ڕستێک یادی خۆم و (جەمال)

بۆ تاراوگەی غەریبی پۆست بکەم !(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٧٧)

هەموو ئەم یادەوەرییانەی شاعیر، بۆ ئەوەیە جێگایەک بۆ ڕزگاری بدۆزێتەوە لەو نامۆبوونەی تیایەتی لەبەرامبەر خودی ئەو جێگایانەی ڕۆژێک هەستی بەخۆشی و بوون کردووە. ئێستا ئیتر شاعیر لەهەمان شوێن، هەست بە ونبوون و پەرتبوونی یادەوەری دەکات "چونکە حاڵەتێکی ڕۆچوونە و تەسەللا بوونە بەناو نیشتیماندا لەلایەن شاعریکەوە، کە لەسلێمانیدا دەژی و ئاوا ئاوێتەی جێگاکانی دەبێت، واتە: خولقاندنی هاوکێشەی خۆشەویستی نیشتیمانە لەناوەوە، کە بەبڕوای من لەفەلسەفەی نامۆبوونەوە سەرچاوە دەگرێت"(ئەمین، ٢٠٠٩: ٧). بۆئەوەی زیاتر شاری سلێمانی لەم دەقەدا بناسین شاعیر لەگەڵ تێکستەکەیدا، ئەلبومێکی وێنەی کەسایەتی و ئەدیبی ئەم دەڤەرەمان بۆ ئەخاتە ناو حیکایەتەکانی مەجهولەوە، ئەو وێنانە بە وشە، شوێنی ئەو ئەدیب و کەسایەتیانەمان بۆ بەرجەستە ئەکات، ئەو کاتانەی خوێنەر لەسەر ناوی هەر کام لەم ناوانەی ناو دەقەکە دەوەستێت، هەستێکی جوان ئەیباتەوە بۆ مێژووی ئەم شارە. وەک لەم دەقەدا دەڵێت:

من (با)م و قەستمە ئەو ساتانەی،

کە لەئەزمەڕەوە خۆم دەکەم بەناوشاردا،

ڕۆحە باڵابەرزەکەی (دڵشاد)م لەسەرشان بێ و .

بێ تەقولباب خۆم بکەم بە ژوورەکەی دادەشیرین دا،

ها ئەوە باوکی ڕۆزام بۆ هێناوی یەوە شیرین خان(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٨٣)

وەک دەبینین ئەم شوێنانە تایبەتن، پەیوەندی مرۆڤیش بە شوێنە تایبەتییەکانەوە، دەبێتە بەشێک لێی. لێرەدا هەرچەندە وەک کات لەو شوێنانە دابڕاوە، بەڵام دیسانەوە چۆنیەتی بەکارهێنانەوەیان لەزمان و دەقەکاندا دەبێتە هۆی تێگەیشتن لەهەستی ئێستایی کاتی نووسینی دەقەکە و پێویستە وەک بونیادێکی گرنگ سەیربکرێت بۆ تێگەیشتن لێیان. لەگەڵ ئەوەی هەندێک شوێن لەکاتی بەکارهێنانەوەیان لەدەقی ئەدەبیدا، هەندێک تایبەتمەندی شوێنە ڕەسەنەکە لەدەست دەدەن، بەڵام لەم

دەقانەی (د.ئاراس عەزیز)دا، شوێنەکان بەهەمان هەڵگری تایبەتمەندی و وێنەوە وەکو خۆی بەکارهاتوونەتەوە، بەڵام بەکارهێنانەوەیەکی وا، کە تیایدا شوێنەکان لەبری هەست و زمانی شاعیر قسە دەکەن. شوێنەکان لەم دەقانەدا، هەر ئەوەنییە شوێنێک بووبێت، شاعیر سەردەمێکی تەمەنی تیایاندا بەسەربردبێ، بەڵکو هەموو ئەو تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویانەی ئەو شوێنە لەو زەمەنەدا، گرنگی تایبەتی خۆی هەیە.

### ٤. کات

شیعر بەقووڵی پەیوەستە بە کاتەوە، تا دەگاتە ئەو ئاستەی ناسینەوەی تەواوەتی نێوان جیهانی ناوەوەی شاعیر و دەرەوەی شاعیر بێت، بەوەش کەڵک وەرگرتن لەبەرفراوانی وێنەکانی کات لەیەک دەقدا نیشان دەدات، لەو شوێنەی، کە ڕابردوو لەگەڵ ئێستا و داهاتوو لەیەک پێکهاتەی یەکگرتوودا یەکدەگرێتەوە و گوزارشت بە شیعر دەکات، کە بە پێکهاتە پچڕپچڕەکانی کاتدا تێدەپەڕێت، یان هەوڵێکە بۆ تێکەڵکردنیان و وروژاندنی کاتێکی جیاواز لەسەر بنەمای پێکهاتەیەکی جیاوازی شیعریی، کە بەبینین دیاریکراوە و لەدەرەوەی ڕوانگەی کاتی سنوری دیاریکراوەوەیە. واتە "کات لەناو دەقدا لەجوڵەدایە، لەڕابردووەوە بۆ ئێستا، لەئێستاوە بۆ ئاییندە، نووسەر بەپێی بۆچوون و بیر و هەستی خۆی مامەڵە لەگەڵ کاتدا دەکات"(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٥٨). بەمانایەکی تر، تێکەڵبوونی خودی خۆی لەگەڵ کاتە تایبەتییەکان، هەستە ناخەکییە قووڵەکانی خۆی دەردەبڕێت. ئەم هەستانەش خۆی لەباسکردنەکانی وەک: ڕابردوو، یادەوەری، دروستکردنی داهاتوویەکی باشتر، ئەگەر بەخەیاڵیش بێ، یان، پێشبینی کردن، لەسەر بنەمای داهێنانی خەیاڵی نوێ و جیاواز، خۆی دەبینێتەوە. بێگومان ئەمەش دەبێتە هۆی ئاشکرا کردنی ناوچە نەناسراوەکان و نوقمبوون لەڕەهەندی کاتتدا، کە هەر کاتێک هەوڵدەدەین لێکۆڵینەوە لەتایبەتمەندییەکانی بکەین، نیشانە و نیشانەکانی دیکەمان بۆ دەردەکەوێت. لەو ڕووەشەوە، دەکرێت بڵێین، شاعیر پێداگری لەوە دەکات، کە هەر ڕۆژێک بەشێکە لەڕۆژێکی بێکۆتایی تر. واتە کات، سەرەتا و کۆتایی نییە، تەنها بازنەیەکی بێکۆتایە. هەربۆیە شاعیر لەکۆتاییدا غەمبارانە دانی پیادادەنێت و دەڵێت:

من هەرچیم ویست نەهاتەدی!

هەرچیشم دی ویستم نەبوو!

هەر بەگەنجی خۆشەویستم لەمن هەڵات!

ئاخ ! گەر ئەمشەو نەمردمایە..

دوا قەسیدەی (حەسرەت) ی خۆم دەنووسیەوە،

کێ دەزانی سبەی زەمەن بۆ کوێم دەبات!!(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٧٠)

لەمەوە دەتوانین بپرسین، بۆچی کات لەشیعرەکانی (د.ئاراس عەزیز)دا دەبێتە بنەمایەک بۆ شیکاری شیعرەکانی؟ هەروەها، دەرخەری هەبوون، یان سەلماندنی هەستی نامۆبوونە؟ چ شتێک دەبێتە بەڵگەی ئەوەی، کە کات لەم شیعرانەدا هەمان ئەو ئەرکی تێپەڕاندنەی نییە، کە مرۆڤەکان لەژیانی خۆیاندا کاری پێدەکەن؟ بەواتایەکی تر، دەربڕینە ئەدەبییەکانی شاعیر بۆ چەمکی کات، بە چ شێوەیەک دەرخەری ئەم لایەنی نامۆبوونەن؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەنە، هەوڵدەدەین لەدوو لایەنەوە، لەکات لەشیعرەکانی شاعیردا بکۆڵینەوە، تا بتوانین ئەنجامگیرییەک و وەڵامێک بۆ ئەو پرسیارانە بەدەست بخەین.

## کاتی مێژوویی

مێژووی ژیان و چاوکرانەوەی شاعیر بە دونیای دەوروبەر و تێکەڵاوبوونی لەگەڵ دونیای دەرەوەدا، لەبوارە ئاسایی و ئەدەبییەکەیدا، مێژوویەک بووە شاعیر هەر لەسەرەتاکانی تەمەنی هەستکردنییەوە، بە نائومێدی سیاسی و ڕامیاری گەورە دەستپێکردووە. بەجۆرێک بووە، دیسانەوە گەڕانەوە بووە بۆ خاڵی دەستپێک و هەروەها نووسینەوەی مێژووی چەندین بارەی سیاسی کورد وەک نەتەوە، لەگەڵ بەردەوامی دان بە هەبوونی ڕژێمێکی دیکتاتۆر، کە هەموو مافێکی زەوتکردبوو. ئەمەش لەو سەردەمەدا، وایکردووە، شاعیر ئەگەر ڕاستەوخۆ شیعرەکانی باس لەخەمی گشت و نائومێدی هەموو نەتەوە نەکات، ئەوا کاریگەری لەسەر دەروونی شاعیر و تێڕوانینە خودییەکانی تری هەبووە."شاعیرێک، کە (حەسرەتەکانی زەمەن) و سەردەمەکەی بازێکی گەورەیان بە گەنجێتی داوە و لەبری ئەوەی گەنجانە ئەزموونی بیستودووساڵەیی خۆی بکات، وەک پیرێکی پەککەوتە دێتە بەرجاو و دەدوێت. (شوێنی شاعیر لەزەمەندا) بە واتای ئەوەی شاعیر ڕۆحی سەردەمەکەی دەژی و دەینوێنێتەوە، نەک ئەوەی بە هێڵێکی جیا و دوور لەو ڕۆحیەتە بریندارە، وێنەی باقوبریق و ڕەونەقدار بنووسێتەوە، ئەو وەفای بۆ زەمەنەکەی خۆی هەیە و شوێنی شیاوی خۆی لەزەمەندا دەزانێت"(حەمەسور، ٢٠٢١-٢٠٢٢: ٢٠).

لێرەدا، دەکرێت بوترێت شاعیر لەبری هەمووان بیری کردووەتەوە، ئازاری چەشتووە، لەمەشەوە دەقە ئەدەبییەکان پەیدابوون. لەبەر ئەوەی باسکردنی هەر ڕووداوێکیش پەیوەستە بە مێژوویەکی دیاریکراوەوە، کەواتە دەربڕین و باسکردنی هەر ڕووداوێک، وادەکات ئەو دەقە بچێتە قاڵبی باسێکی مێژوویی. هەرچەندە ئەو مێژووە بە شێوەیەکی تایبەت ئاماژەی پێدرابێ، یان بە شێوەیەکی ڕەمزی"شاعیرانی کورد، کە هێمای مێژووییان بەکارهێناوە بۆ ئەوە بووە بڵێن، ڕووداوەکانی مێژوو دەیسەلمێنن، کە گەلی کورد بەچەندین قۆناغی جۆراوجۆردا ڕۆیشتووە و بەرزی و نشێوی زۆری دیوە"(عەبدوڵا، ٢٠٢٠: ١٠٨)، بەڵام لەهەردوو بارەکەدا مەبەست خستنەڕووی زەمەنێکە بە دەقێکی مێژوویی. لەشیعری (پاڤێل)دا، هەرچەندە تێڕوانینی شاعیر بۆ بابەتە نەتەوەییەکانە زۆرتر و

خستەڕووی توانا و تاقەتی بەرگەگرتنی پێشمەرگە و شۆڕشگێڕە کوردەکانە، لەبەرامبەر ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمی بەعسدا، هەروەها ئومێد بە هەبوونی داهاتوویەکی باشتر، بەڵام هێشتاش بەپێی سەردەمە مێژووییەکە ئەوە دەردەخات، کە کورد هەمیشە هەر لەناڕەحەتی و چەوسانەوە و زۆرلێکردن و ئەشکەنجەی دەروونی و جەستەییدا بووە لەبەرامبەر هەر جوڵانەوەیەک، کە بەجۆرێک بەرپەچدانەوەی سیاسەتی دەوڵەتە داگیرکارەکان بووبێت. هەروەکو دەڵێت:

ئەی مرۆڤە مەزنەکە

لەگەڵ ژان و، ئازاریشتا

خەمەتاڵەکانت، لەپرسیاسکەی گەورە نابوو

بەلێژایی...

ئەو هەورازە سەخت و بەرزە، پێ ئەکەنیت

ئەو پرشنگە غەمبارانەی،

کە گۆرانیت بۆ ئەوتن..

کەهەر سوجدەت بۆ ئەبردن

بینیم چواردەوریان ئەتەنیت

لەگەڵ ئەوەش کە نینۆکت هەر خۆراکی

سەگەکانی کارخانە بوو..

هەر نەگریایت

چونکە هەقیقەتت لەناو دڵتا، بۆ شار هەڵگرتبوو(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٤)

ئەمە دەبێتە باسکردنی مێژوویەکی دیاریکراو لەڕووبەڕووبوونەوەی نەتەوەی کورد بەرامبەر بە دەوڵەتی داگیرکار. هەروەها بە خوێندنەوەی دەقی (پاڤێل)، بەکارهێنانی وەکو ڕەمزێکی ئەدەبی بەناوبانگ لەو سەردەمەدا، بەراوردێکی مێژوویی لەخەبات دژی چەوسانەوە و کۆڵنەدان نیشاندەدات. تاڕادەیەکیش وەبیرهێنەوەی مێژووی خۆڕاگری و ملنەدانی سەدان چیرۆکی تری پێشمەرگەبووە لەشوێنێکی وەکو ئەمنەسوورەکە، کە یەکێکە لەو شوێنانەی مێژووی بەرەنگاری و خەبات نیشاندەدات.

شاعیر لەڕێگەی (با)ەوە دیسانەوە مێژووی ڕابردوویەکی پڕ کێشمەکێش و ئازارمان بۆ دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەمجار وەک دەڵێن دارەکە کرمەکەی لەخۆی بووە، چونکە ئەوەی بووەتە هۆی بەوجۆرە ئازاربکێشین و ببینە پەندی زەمانە (ڕەنگەکان)ە، کە بەشێوەیەکی هێما، ئاماژە بە مێژووی پڕ شەرمەزاری شەڕی ناوخۆ دەکات، لەنێوان دوو حیزبی خاوەن دوو ڕەنگی جیاواز، کە بەهۆیەوە دەنگوباسی ئەم براکوژییە گەیشتبووە ئەوروپا. وەک لەم دەقە شیعرییەدا دەڵێت:

من (با)م و ڕۆژانێک بوو لەتاو (ڕەنگان)

بووین بە پەندی ئاخر زەمان!

بووین بەیەکەم دەنگ و باسی،

سەر زمانی (ماجد سەرحان)! (عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٨١)

وەک دەبینین، مێژووی پێگەیشتن و چاوکراوەیی شاعیر، دواتریش ئەزموونکردنی ئاسایی ژیان، بۆ ئەو و بۆ هاوتەمەنەکانی ئاسایی نەبووە، چونکە مێژوویەکی خوێناوی دەبێتە هۆی ئەوەی خاوەن ئەو مێژووە هەست بە شەرمەزاری بکات لەباسکردن و خستەڕووی هۆکارەکانیدا. لەمەوە تاکەکانی بەهەموو شێوەیەک هەست بە نامۆبوون و نەگونجان لەگەڵ ئەو جۆرە لەمێژووە دەکەن، کە ڕۆژگار بە هۆکارگەلی جیاواز کردیە بەشێک لەمێژووی گەلی کورد.

### کاتی ڕابردوو

لەبەر ئەوەی کات هەموو ڕەهەندەکانی بوون و ژیانی مرۆڤ لەخۆی دەگرێت، بۆیە هەر گەڕانەوەیەک بۆ ڕابردوو، گەڕانەوەیە بۆ کات. بە مانایەکی تر، ئەوە کاتە دەتوانێت ڕابردوو، ئێستا و داهاتوو دیاری بکات. بە نەبوونی کات، جیاوازییەک نامێنێ، کە جیاوازیش نەما، کەواتە ناتوانرێت باس و بابەتە تایبەتییەکان، ئەوانەی هەموو کەس لەناخی خۆی و لەجێگایەکی ژیانیدا بەشێوەیەکی تایبەت دەیهێڵێتەوە، ببێتە جێگای گەڕانەوە بۆیان. یان دەتوانین بڵێین نابێتە خاوەن ئەزموونی تایبەتی. چونکە" کات بریتییە لەبەستنەوەی ئەوەی ئێستا ئامادەی نییە، کە ڕابردووە، بە ئەوەی ئامادەیە، مەبەست لێی ئێستایە. بەمانایەکی تر، ئەوە ڕابردووە کە هەمیشە ئێستا و ئایندە دەکرۆشێت و بەرەو پێشەوە دەچێت. بەمەش ساتێکمان نییە لەڕابردوودا نقووم نەبووبێت "(کاکەسوور: ٢٠٢٢). بێگومان، ئەم گەڕانەوانە لەچەمکی کاتدا، بۆ ڕابردوو لەلای (د.ئاراس عەزیز)ی شاعیر، بەشێوەیەک بریتییە لەگەڕانەوە بۆ یادەوەری. یادەوەری بۆ سەردەمی منداڵی و یان ئەو کاتانەی لەگەڵ هاوڕێیەکانیدا لەخوێندن بەسەری بردووە. لێرەشەوە دەتوانین بڵێین: لەکۆی شیعرەکانی شاعیردا، یادەوەری، بەشێکی زۆری گرتۆتەوە. بەجۆرێک هەندێکجار هەستدەکەین، شاعیر لەو زەمەن و کاتانەدا وەستاوە و ڕێگەی بە هیچ یادەوەرییەکی تر نەداوە جێگا بەو یادەوەرییانە چۆڵبکات. ئەمەش جێگای پرسیارە،

که ئایا بۆ شاعیر هێنده به پیرۆز سەیری ئەو یادەوەرییانە دەکات؟ بۆ جگە لەو زەمەنە دیاریکراوە، هیچ شتێک، کە جێگای تێڕامانی شاعیر بووبێت باسنەکراوە؟ ئایا شاعیر نامۆبوون و بێ ئومێدییەکەی لەکات و سەردەم و ڕووداوەکاندا بەجۆرێکە، ڕێگای بەهەموو شتێکی نوێ نەداوە ئەزموونی خۆی بۆ بەجێبهێڵێت؟

شایانی باسە، شاعیر بەگەڕانەوە بۆ ئەم یادەوەرییانە، جگە لەوەی سەلمێنەری نامۆبوونی خۆیەتی بەئێستا، دیسانەوە دەیەوێت ئەو یادەوەرییانە بەرهەمبهێنێتەوە، بەڵام دووبارە ژیانەوەی ئەو یادەوەرییانە، هەر بۆ ئەوەنییە بەرهەمهاتوو دیسانەوە بەرهەم بهێنێتەوە، بەڵکو کۆمەڵێ نیشانەی فیکری و فەرهەنگی و سیاسی دیکەشی هەیە، چونکە یادەوەری لەلای شاعیر، هەر ئەوەنییە بگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێک کۆمەڵێک کاری تیادا ئەنجامداوە، بەڵکو کۆی پرۆسەکە لەسەر ڕەتکردنەوەی ئێستا وەستاوەتەوە، ئێستایەک هیچ شتێکی تیادا نییە، کە شاعیر دڵخۆش بکات. بەمەش هەموو یادەوەرییەکان دەبنەوە بە ئەڵتەرناتیڤ و جێگرەوەی هەموو ئێستا. شاعیر لەدەقی(شتێک لەوەسیەتەکانی با، مەجهول)ەکەیدا یادەوەری دەبێتە تێرمی سەرەکی وێنەکانی"لەترۆپکی داهێنانی خۆیدایە و باگراوەندی یادەوەریی بنەمای ڕسکانی ئەم دوو دەقەیە "(ئەمین، ٢٠٠٩: ٧). هەروەکو دەڵێت:

ئەوە منم هاتووم (سەباح)

یادەکانمان بوونەتە گریانێکی لەناکاوی

کۆرپەیەکی نێو خانووە قوڕینەکانی (قەڵا)!

(سەباح) ئێستاش دڵم پڕە لەڕۆژانی

تاریکی (کووران) و،

هەژاریی (سێتاقان) و ،

قەرەباڵغی (شێخەڵا)!(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٧٩)

لەبەر ئەوەی سەردەمی شاعیر سەردەمێک بووە کەمتر توانراوە یادەوەرییەک تۆماربکرێت خاڵی بێت لەهەست بەبەرپرسیاری کردن، واتە هۆشیارییان بەرامبەر بە ژیان و دەوروبەر ڕێگری ئەوەی کردووە، وەک کەسێک تەنها بەدوای خۆشییەکانی ژیاندا بچن و گوێ لەکەسی تر نەگرن و بیر و نەکەنەوە، هەربۆیە کاتێک شاعیر دەگەڕێتەوە بۆ یادەوەری لەم دەقەی سەرەوەدا، ئەگەر چی وەک بەشێک لەنۆستالیژیا دەردەکەوێت، بەڵام گێڕانەوەی یادەکان پڕن لەدەنگی گریان و تاریکی و هەژاری

و قەرەباڵغی، لەگەڵ ئەوەشدا شاعیر هێشتا دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتە و ئەو شوێن و یادەوەرییانە. هەروەکو دەڵێت:

من (با) م و قەستمە دەمەو ئێوارەیەک

بچمە سەرشانی (هەیبەت سوڵتان) و

بە خامۆشی (کەسنەزان) دا

خۆم بکەم بە باخەکەی (مامۆستایان) دا و

دەمەو شەفەقێکیش،

بە چایەکی (مچکۆ) دەم شیرین کەم!(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٧٨)

لەڕاستیدا، لەنێوان وشە بەکارهاتووەکانی ناو دەقە شیعرییەکەشدا، تێدەگەیت، کە شاعیر چەند وردبینانە ئەو جێگایانەی لەنەست و دەروونیدا پاراستووە و بەسەرنجەوە یادەوەرییەکان دەگێڕێتەوە. ئەگەر سەرنج بدەین وشەی (خامۆشی) و (کەسنەزان) پێکەوە چەندە گونجاون. شوێنێک، کەس پێی نەزانیبێ، کەوایە وا باشترە بە خامۆشی پیایدا تێبپەڕیت. هەرچەندە ئەمە یادەوەریش بێ و یادەوەریش وەک قەسیدەی (هەڵم)ەکەی، نەکەس دڵۆپی ببینێ و نە ئەوییش کەس، بەڵام هێشتاش پێویستە بەو شێوەیە تێبپەڕێت. هەروەکو دەڵێت:

شەوان لەتاو تەنهایی خۆم

ڕوو دەکەمەوە دەریاکانی گەنجێتی

کەشتییەک سوێ ی شیعر بەکۆڵ هەڵدەگرم!(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٩٧)

شاعیر چاری تری نییە ئەوە نەبێت بگەڕێتەوە بۆ گەنجێتی و شیعر، لەوێوە (با) وەک قاسید و پەیک هێنێک، ڕستێک یادی لەدوورەوە بۆ دەهێنێت. هەروەکو دەڵێت:

دوور دوور بۆنی فرمێسکەکانی (جەمال) م بۆ دێنن!

دوور دوور کەمدوویی و هێمنییەکەی (دڵشاد) م بۆ دێنن!

دوور دوور تاسوی شار بینینەوەی (دلاوەر) م بۆ دێنن!

دوور دوور نسێی ماتییەکەی (بەرزان) م بۆ دێنن(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٩٤)

لەلایەکی تریشەوە، هەر ئەوەنییە شاعیر یادەوەرییەکەی هاوڕێ دوورەکانی گرتبێتەوە، بەڵکو:

لێرەش (با) کان تا دەمەو بەیان

سەرکەشییەکەی (محەمەد) م بۆ باس دەکەن

بۆنی بەدلەشینەکەی (عوسمان) ی جوانە مەرگم بۆ دێنن!

بۆنی خۆڵی باراناوی وردە پیاسەکانی

نێوان (سێتاقان) ی خۆم و (سەباح) م بۆ دێنن!

وا چل و پێنج ساڵە لەتاو تەنهایی

هاوڕێیەتی (با)کان دەکەم(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٩٥)

ئەم جۆرە لەبەکارهێنانی (با) لەنزیک و دوور، بۆ ئەوەیە پێمان بڵێت، کە تەنها مەبەستم نییە یادەوەرییەک بگێڕمەوە و تەواو، تەنانەت"نابێت تەنها بەوجۆرە لەبا تێبگەین، کە لەواتا واقیعییەکەش هەیەتی، بەڵکو پێویستە خوێنەر ئاگاداری ئەو ئامانجە بێ، کە مەبەست لێی هەموو ئەو ئازار و ناڕەحەتییانەیە کورد دیوونی و نایەوێت لێی دووربکەوێتەوە. لەمەوە تێدەگەین، ئامانج لەبەکارهێنانی بایەکان، بەو هەمە جۆرییەی خۆیەوە، کە لەواقیعدا هەیە، بۆ ئەوەیە بە یادگارییەوە دێنەوە بۆ لای شاعیر، ئەو یادگارییانەی ناتوانێت خۆی لێیان دەرباز بکات. بەڵکو بۆ دەستکەوتنی ئارامی و دڵنیاییە لەژیانیدا، تەنانەت بیر لەهەڵهاتن لێیان ناکاتەوە، چونکە ئەوانە جوانترین یادەوەرییەکانی ژیانێتی"(یوسف، ٢٠١٠: ٩).

لێرەدا دەکرێت، لەئەزموونی خوێندنەوەی حەسرەتەوە ئەوە فێرببین، کە شاعیر ئەم گەڕانەوەیەی لەهۆشیارییەوە بۆ دروستبووە، بەجۆرێک هەستیاری شاعیرە بەو شتانەی، کە لەدەورووبەرییەوە ڕوویان داوە و ڕوودەدەن. واتە، "ئێمە لەبەردەم ئەزموونێکی شیعریداین، کە بە گەرمی جیادەکرێتەوە، لێیەوە چەندین وێنەی شیعری زۆر گرنگ و دەوڵەمەند گوزەردەکەن، بەڵکو ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبدرێت ئەوەیە، کە هێزی هەستکردنی شاعیر بۆ دەوروبەرەکەی دوورکەوتووەتەوە لەو هەڵچوونە کاتییەی، کە بە دوور کەوتنەوە لەشیعر و لەگەڵ خوێندنەوەی کۆتا وشەی دەقەکەدا کۆتایی بێت"(یوسف، ٢٠١٠: ٩)، چونکە "ئەم زەمەنە پێچەوانەی زەمەنی واقیع کاردەکات لەبەر ئەوەی لەواقیعدا زەمەن جێگیر دەبێت و توانای لادانی وێنەکانی نامێنێت"(کەریم: ٢٠٢١)، ئەمەش لەسەر ئاستی بەراوردکردنێکی ئاسایی دوو کات و دوو زەمەنی جیاوازەوە نییە بەتەنها، بەڵکو لەهەڵسەنگاندن و دونیابینییەکی هۆشیارانەوە بۆ بابەتەکان بەم ئەنجامە گەیشتووە. دەڵێت:

هاوڕێکانم،

ڕۆژەکانی من بەسەرچوو

ئەوە منم

لەدوا کەنارەکانی ماڵئاوایی،

تەرمی بەختەوەری خۆم گرتۆتە کۆڵ!

ئەوە منم

ئەگەڕێمەوە سەر تەپکەکانی منالّی،

چی ڕیشۆڵە و کلّاو لوڕە و سوێسکە هەن

ئازادیان ئەکەمەوە نێو ئاسمانی فەنابوون!(٢٠٢٠-٢٠٢١)

وەک دەبینین، یادەوەرییەکانی تەنها شتانێکی کاتی و تێپەڕ لەخۆی ناگرێت، بەڵکو شاعیر هیچ نەبێ لەژیانی ناو دەقدا، بەو ماسکەوە نەژیاوە، کە زۆرینە پێی ژیاون. بەزۆری ئەو کاتانەی شاعیر بۆی گەڕاوەتەوە، هەستی بە گرنگی ژیان و بوونی هاوڕێیانی باش و خێزان کردووە. بۆیە نەبوونیان کاریگەری لەناخ و نەستی کردووە. هەر لەبەر ئەمەشە یادەوەری لەلای شاعیر ئەرکی هەیە، ئەرکی یادەوەری ئەوەیە ڕابردوو بکاتە ئێستا، لەنائامادەوە بۆ ئامادەی بگۆڕێت، بەو شێوەیەش ڕۆڵی گەورەی لەهەست و نەستی مرۆڤدا هەیە. هەر بۆیە (کات) بەدەروونەوە پەیوەست دەبێت و هەر لەویشەوە بەردەوامی وەردەگرێت.

## ٥. زمان

کاتێک بمانەوێت شیعر لەڕێگەی زمانەوە هەڵبسەنگێنین، ئەوە دەبێت بۆ واتایەکی جیاواز لەوەی وشە و دەستەواژەکان هەیانە، بگەڕێین. بەواتایەکی تر، شیعر دیسانەوە خوڵقاندنەوەی نوێی زمانە، لەدەقێکی ئەدەبیدا، سیستمێکی جیا لەو سیستمە زمانییەی، کە هەیە لەڕووی واتاوە وەردەگرێت"شیعر گواستنەوەی نیزامێکی عەقلّانی و گوتارئامێزە (دیسکورسیف)ەوە بۆ نیزامێک کە هەست و سۆز و جۆش و خرۆش تیایە سەروەری دەکات. واتە ئیش لەسەر زمانی گشتی دەکات و دەیباتە بوارێکی تایبەتەوە. بە واتایەک لەواتاکان، نیزامی خودی ماناکان لەبوارێکەوە بۆ بوارێکی دیکە دەگوازێتەوە"(مەلا: ٢٠١٣)، لەم ڕێگەیەوە دەتوانرێت زمان بکرێتە کەرەستەیەک بۆ دەسنیشانکردنی ئەو بوارەی شاعیر ئیشی لەسەرکردووە. زمان مۆرکێکی هونەرییانەی بەرجەستە بە شیعر دەبەخشێت، کە ڕادەی هەستکردنمانە بەدەست لێدان لەکارێکی هونەری وەک پەیکەر، یان بینینی تابلۆیەک. بۆ ئەوەی شاعیر یاخود نووسەر لەزمانە ئەدەبیەکەیدا سەرکەوتوو بێت لەگەیشتن بە پلەی هەستیاری، پێویستە ئەو زمانە ئەدەبییە ملکەچی میزاجە تاکە کەسییەکەی خۆی بکات. چونکە تاکگەرایی لەدەربڕینی بنەمادا ئامانجی هەموو هونەرێکە. زمانی شیعرەکانی (د.ئاراس عەزیز)

زمانێکی تابلۆیی پاراو و جوانە، هەست بەهیچ گرێ و گۆلییەک ناکەیت، شاعیر پاشخانێکی زمانی مەعریفی باشی هەیە و بێزارنابیت، پاشخانەکەش زیاتر لەفیترەتەوە نزیکە، واتە هیچ زۆرلەخۆکردنێکی تێدانییە، هەست دەکەیت ڕەشنووس و پاکنووس یەک شتن. واتە شیعرەکان" لەئاستی بینراودا بە دوو ڕەگەزی سەرەکی بەرهەمهێنانی شیعرییەت دەوڵەمەندە، کە ئەوانیش زمانێکی پاراوی شیعرییە، لەگەڵ چنینێکی هونەرییانەی وێنەی شیعریی، بەجۆرێک، کە وێنەکان لەڕووی بەکارهێنانی زمانەوە وەها بەناویەکدا چوون دەقەکان وەکو تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگ پێشکەش دەکەن"(قەرەداخی: ٢٠٢٢). دواجار لەبەکارهێنانی وشەدا وشەی کوردی پەتی و ڕۆژانەی بەکارهێناوە بەجۆرێک "نزیکایەتی زمانی شیعر و زمانی ئاخاوتنە، (حەسرەت)، وێڕای پاراستنی زمانی شیعریی، نزیکییەکی زۆری لەگەڵ زمانی ئاخاوتنی سەرزاری خەڵک هەیە، ئەمە بەمانای دابەزینی زمانی شیعر بۆ زمانی شەقام نا، بەڵکو ڕێک بەو مانایەی، کە چۆن لەنزیکایەتی و پەیوەندیی دیالەکتیکی ئەم دوو جۆرە لەزمان، دەگەین بە زمانی سێیەم، زمانێکی نوێ، کە هیچیان نییە و هاوکات هەردووکیشیانە"(حەمەسوور، ٢٠٢١-٢٠٢٢: ١٩). لەڕاستیدا، ئەو زمانە بێگرێ و گۆڵەی شاعیر بەکاریهێناوە، زمانێکە پڕە لەحەسرەت و لەدەرد و داخی زەمەن و ڕۆژگار، شاعیر بەزمانێکی سادە، دەروونێکی پڕ خەم و ناسۆرمان بۆ دەردەبڕێت. بۆ ئەو مەبەستەش وشەگەلێک و چەمکگەلێکی وای بەکارهێناوە، دەرخەری ئەم جۆرە لەبیرکردنەوە و هەستکردنە. بێگومان ئەم جۆرە لەبەکارهێنانەش بۆ مەبەستی تێگەیشتن لەبونیادی شیعرەکان و مەبەستی شاعیر ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕن و بەشداری جیهانبینییەکەی دەکەن. لەوچوارچێوەیەشدا، هەر لەناونیشانی دیوانە شیعرییەکەدا، کە(حەسرەت)ە، ناونیشانی یەکێک لەدەقە شیعرییەکانیشە"حەسرەت، کەلەبنەڕەتدا وشەیەکی عەرەبییە (حسرة) بەرامبەر بە repentance, Alasی ئینگلیزی دێت و ئەم وشەیە بەمانای پەشیمانی دێت، هەروەک ڕەگوڕیشەیەکی ئایینیشی هەیە و لەڕوانگەی ئایینەوە بە مانای تۆبەکردنیش دێت. بەڵام لەکوردیدا بێجگە لەپەشیمانی بە مانای بەداخبوون بۆ شتێک، کە لەدەستچووە، یان بۆ کارەساتێک، کە ڕوویداوە بەکاردێت. لەم ڕوانگەیەوە دەردەکەوێت، کە ئەم ناونیشانە تا چ ئاستێک هەڵگری مانای دەقەکانە"(قەرەداخی: ٢٠٢٢). لەهەمان کاتیشدا ناونیشانی دەقە شیعرییەکانی تریش دەکرێت لەهەمان گۆشەنیگاوە بخوێنرێنەوە، وەک(چۆلەکەی بەجێماوی ئێوارانێ، تاعوون، پووش، هەڵم، زێمار، ئێوارە تابووتێک، ئێوارە ئاوابوونێک.....). ئەگەر سەرنج بدەین، دەبینین هیچ کام لەم ناونیشانانە، تروسکاییەک لەئومێد و خۆشییان تیادا بەدیناکرێت، بەڵکو سەراپا بە ناوەڕۆکی دەقەکانەوە ئەو بیروڕایە دەسەلمێنن، کە زمانی شیعری (د.ئاراس عەزیز) لەگەڵ سادەییەکەیدا هەڵگری ڕەهەندێکی قوڵی نامۆبوون و ڕەشبینییە، ئەویش خۆی لەخستەڕووی پرسیارە گرنگە وجودییەکاندا دەبینێتەوە، کە هەریەکە لەم دەقانە چەندین وێنەی تری تیادا بەکارهاتووە، وێنە غەمباری و نائومیدییەکەی

شاعیر لەڕووی زمانەوە ڕوونتر دەکەنەوە. وەک لەم دەقە شیعرییەدا ئەمە بەڕوونی دەبینرێت، کاتێک شاعیر دەڵێت:

من دوو شتم نەبینیوە

خوا و بەختیاری !

دایکم دەیوت ڕۆڵەی کەساس !

یان دەڵێت:

دایکم دەیوت ڕۆڵەی کڵۆڵ !

ئەو ڕۆژەی تۆ

گریەت هاتە ناخی هەرا و ژاوەژاوی

دنیای جەنجاڵ!(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٨)

وشەکانی (کڵۆڵ، کەساس، گریان، ژاوەژاو، دنیای جەنجاڵ..)، هەریەکە لەمانە وێنەیەکی تراژیدی کەسێکمان نیشاندەدات، کە جگە لەنامۆبوون و ناخۆشی، هیچ تێگەیشتنێک لەدەرەوەی ئەمانە قبوڵناکات، بەجۆرێک خۆسەپێنی واتا لەم وشانەدا ڕێگای لەهەموو بیرکردنەوەکانی تر گرتووە. یان لەشوێنێکی تردا دەڵێت:

سبەینێش دێ،

لەپیری زێتر چیم هەیە چاوەڕێی کەم!(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٦٣)

کاتێک وشەی پیری ببێتە هۆی چاوەڕوانییەکی بێهودە، کەواتە دەکرێت شتێک لەو بەکارهێنانە، بچێتە دەرەوەی بیری نامۆبوون! دەڵێت:

ئێستا دوێنێم دەخنکێنم!(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٤٣)

کوشتنێکی بەئەنقەستە، وەک وتمان شاعیر هۆشیارە بەرامبەر بە هەموو ئەو نامۆبوونەی کە هەیەتی، لەبەکارهێنانی وشە و دەستەواژە، بۆ مەبەستی شیعرەکانیشی، ئەم جۆرە لەدەربڕینە هەر بۆ ئەوەنییە، کە بارودۆخی سەردەمێک بخاتەڕوو، یان بیەوێت ناخی خۆی لەڕێگەی شیعرەوە هەڵبڕێژێت، گوێ بە تێگەیشتنی خوێنەر نەدات، بەڵکو ئەم کوشتنانە بەئەنقەستە، دەیەوێت لەڕێگەیانەوە هۆشیاری بەرامبەر بە ئایندە و توانای بەرگەگرتن لەو وشانەوە بهێنێتەدی، ئەگینا بۆ دوێنێی ئەخنکێنێ؟! دوێنێ هێندە ئازاری داوە و بووەتە جێگای خەم و خەفەت بۆی، دەیەوێت

بەهەموو شێوەیەک ئازادبێ لەدەستی. لەگەڵ ئەم هەوڵدانەش بۆ دۆزینەوەی دەرەچەیەک، بەڵام کاتێک دەزانێت ئومێدێکی بۆ نامێنێتەوە، ئەم ئازادییە لەمەرگەوە دەبینێت، دەڵێت:

کەی دێ، کەی دێ

مەرگ کەی دێ؟!(عەبدولا، ٢٠٠٨: ٢١)

شایانی باسە، لەسەر ئاستی بەکارهێنانی تاقە وشەش، کە ببێتە هۆی ئەوەی ئەم جۆرە لەخوێندنەوە بۆ دەقە شیعرییەکان بکەین، دەبینین شاعیر بە شێوەیەکی بەرفراوان، وشەکانی (مردن، مەرگ)ی بەکارهێناوە، کە بەتەنها وشەی (مردن) (٢٢) جار، بە هەموو شێوەکانی بەکارهێنانییەوە، وەک (کار، ئاوەڵناو، ناو)، وشەی مەرگ (١٥) جار، لە(١٩) دەقی شیعریدا بەکارهێناوە، ئەمەش دیسانەوە سەلمێنەری هەمان بۆچوونی بوونی نامۆبوونێکی زۆرە"ئەگەر شۆڕببینەوە بۆ ناو بنیادی زمانی دەقەکان ئەوە تێبینی ئەوە دەکەین هەستکردن بە تەنیایی و هەستکردن بە نامۆبوون خاسیەتێکی گشتی دەقەکانە، ئەم هەستکردن بە تەنیاییە بەرەو ئاڕاستەیەکی ترسناکتر لەهەستی تەنیایی دەکشێت و دەگات بە خاڵی کۆتایی، کە مردنە"(قەرەداخی: ٢٠٢٢).

لێرەوە بۆمان ڕوونبوویەوە، پاش ئەوەی ئەم چەمکانە لەشیعرەکانیدا جێگیر دەبن، دەبنە واتایەکی نوێ و بونیادی دەقەکان پێکدەهێنن، لەمەوە دەردەکەوێت، کە شاعیر بێ بەرنامە ئەم کارانەی نەکردووە، بەڵکو بەدوای حەقیقەتدا گەڕاوە، بەشێوەیەک لەناو دەستەواژەکاندا ئەگەڕێ و بەدوای ئەو خاڵانەدا، کە بەشدارن لەگەڵ یەکتردا و پاشان لەیەک زنجیرەی پەیوەندیداردا کۆیان دەکاتەوە، بێ سڵکردنەوە لەئەنجامەکان بەرەو هەموو وشەیەک هەنگاوی ناوە، لەچوارچێوەی دەربڕینێکی ئەدەبی زیندووی بەرزدا.

# تەوەری دووەم

# بەکارهێنانی جێناوی قسەکەری زاڵ

## ٢. بەکارهێنانی جێناوی قسەکەری زاڵ

شیعر بەهۆی ئەوەی نزیکترین فۆڕم و ژانری هونەرە لەدەرخستن و ئاماژەدان بەوەی، کە ناتوانرێت بوترێت، کەواتە ئاڕاستەکەری تاکە لەهەرە تایبەتترین ئەو هەستە دەروونی و ناخەکییانەی لەساتە خۆش و ناخۆشەکاندا دەریدەبڕێت. شیعر لەگەڵ بوونی مرۆڤ، خەون و ئاوات و هەستەکانی مرۆڤی دەربڕیوەو بەشێکی گرنگی لە ژیانی خودی مرۆڤەکانی پێکهێناوە. بە واتایەکی تر، شیعر ئەوەندە پەیوەستە بەخود، تا ئەو ڕادەیەی قووڵایی خودی مرۆڤەکان دەردەبڕێت و لەگەڵ خودی مرۆڤەکاندا شەن و کەو دەکات، چونکە" لەئاستی تاکدا، شیعر ئەوکاتە شیعرە، کە بتوانێ بەشێک بێت لەبوونی ئەو و لەئاستی بیرکردنەوەی ئەو"(پاڵەوان، ٢٠٠٢: ١٥٥)، هەر لەبەر ئەمەشە شیعر وابەستەی خودە و خودی مرۆڤ ئاوێنەی شیعر پێکدەهێنێت. بۆیە خودنووسین لەگەڵ شیعردا مامەڵەیەکی تایبەتی دەوێت، کە بتوانێت هەموو بیرکردنەوەو ڕامان و بینینەکانی مرۆڤ لەخۆ بگرێت. وەک دیاریشە شاعیران لە هەموو کەسێک زیاتر وابەستەی خودی خۆیان و ژیانی تایبەتی خۆیانن، ئەو ژیانەی، کە ناوەوەیان دروستدەکات و هەمیشە لە کەسانی دیکەیان جیا دەکاتەوە. بەم پێیەش شاعیر لە دەقەکانیدا نمایشی خودی خۆی بە چڕی دەکات و هەوڵ دەدات خودی خۆیان پیشانی ئەوی دی بدات.

شاعیر، ئەگەر ڕاستەوخۆ بیەوێت خودی خۆی دەربکەوێت لەدووتوێی هەندێک لەدەقە شیعرییەکانیدا، ئەوا لەڕێگەی بەکارهێنانی جێناوی تایبەتی قسەکەرەوەیە ئەم تایبەتمەندییە دەداتە شیعرەکانی. واتە،"جێناوی قسەکەر پشت ئەستورە بە خۆی و بۆ خۆیەتی، هیچ شتێک هاوبەشی لەخۆیی بوونی ناکات، سەربەخۆیە لەکەسی تر، تەنانەت ئەگەر بەرهەمی ئەو و دەرەنجامی پەیوەندییەکەی بێت لەگەڵ ئەودا، (من)یش لەم حاڵەتانەدا فەزاکەی تەسک دەبێتەوە و هاونشین دەبێت لەگەڵ مەیلەتاککەراییەکەی خۆیدا"(السليماني، ٢٠٠٩: ١٠٤)، بەو واتایەی، لەهەرە تایبەتترین پەیوەندییەکانیشدا، کاتێک باس لەچێناوی کەسی(من) دەکرێت، وەک بوویەکی سەربەخۆ و پێکهاتەیەکی جیا لەکۆی پرۆسەکە سەیر دەکرێت، چونکە کاتێک مرۆڤ بگەڕێتەوە بۆ ناخی خۆی، ئەوە پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەدا دەپچڕێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە شیعر هەمیشە و بەردەوام گەڕانە بەدوای ئەو پرسیارانەی، کە بەلای خودی شاعیرەوە گرنگن، هەر لەڕێگەی ئەو پرسیارانەشەوەیە دەکەوینە ناو ئەو (من)ەی، کە شاعیر دەریبڕیوە و بەهۆیەوە ئەو جیهانە تایبەتییەی دەدۆزینەوە. واتە "شیعر تاکە هونەرە، کە ویژدانی کەسی یەکەم تێیدا زاڵ بێت، بەبێ جێگرەوەی تر، شاعیر لەڕێگەی ئەوەوە باسی خۆی دەکات و ئەزموونەکانی ئاشکرا دەکات و بەرزی دەکاتەوە و حەسرەت و خەمەکانی پەخش دەکات. وەرگر ئەم منە وەردەگرێت و تەحەمولی دەکات و پێشوازی لێدەکات، ئەگەر هێزی خەیاڵ و فۆرمولەکردنی باش و نەرمی وشەکان و قووڵایی مانا لەدەقدا لەگەڵیدا تێکەڵ بکرێن"(القواسمة: ٢٠٢٠). ئەم جۆرە ئامادەییانە لەشیعرەکانی (د.ئاراس عەزیز)دا، بەربڵاوە و شاعیر لەهەموو دەقەکانیدا

ئامادەیی خۆی دەسەلمێنێت، بەڵام ئەم ئامادەییەی بەیەک شێوازی دیاریکراو نییە. واتە، هەرچەندە (من)ی شاعیر لەهەموو دەقەکاندا دەبینرێت، بەڵام هەرجارەو بەجۆرێک، لەڕێگەی پرسیار و گومانەکانی لەسەر (بوون، خودا، خۆشبەختی، ژن، خۆشەویستی، ئازادی ....)بییەوە دەردەکەوێت و دەبێتە قسەکەری سەرەکی و پاڵەوانی هەموو ئەزموونەکانی. هەوڵدەدات ناسنامەی تایبەتی خۆی هەبێت و باسی ئەزموون و بینینی کەسێکی تر ناکات. لێرەدا بە شێوەیەکی ڕەها مەبەستمان لەوەنییە، کە وێنەکانی شاعیر هیچ پەیوەستییەکی بە دەوروبەرەوە نییە، بەڵکو زۆرتر مەبەست لێی ئەوەیە، کە شاعیر خۆی ڕایەڵەی گەیاندنی پەیامەکانە.

بۆ نموونە لەشیعری (پووش)دا، شاعیر پێمان دەڵێت پاڵەوانی چیرۆکەکانی خۆیەتی، هەرچەندە تەمەنی کەمە، بەڵام باسی خەم و مەرگ و پاییز، بووەتە هۆی ئەوەی تەواوی وێنە شیعرییەکانی باسی کەساسێتی خۆی بکات. ئەمە دەکرێت بۆ گەنجێکی هەمان تەمەنی شاعیر، کە لەهەمان مێژوو و سەردەمدا ژیاوە ڕاستبێت، بەڵام کاتێک باسەکان بکرێنە بەرهەمی ئەدەبی و شاعیر بیەوێت خۆی وەک کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکانی خۆی باسبکات، لەمەوەیە (من) دەبێتە قسەکەری سەرەکی. کاتێک دەڵێت:

ئەو شیعرانەی کەلەمەودوا،

ئێوارانێ درەنگ بۆتان دەخوێنمەوە..

هەمووی باسی خەم و مەرگ و پاییزانە!

هەمووی باسی کەساسێتی،

ڕۆژەکانی شاعیرێکی بیستساڵانە!!(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٢٣)

تێکەڵاوبوونی، یان مەحو بوونی شاعیر لەناو دەربڕینە بەردەوامەکانی هەست و ناخۆشی و تەنگژەکانی ژیانی و خستنەڕوویان، هۆکاری ئەم ئامادەییە بەردەوامەیەتی، چونکە وەک خۆی دەڵێت ناکرێت خۆی لێببوێرێت، ئەگینا شیعر باجی ئەو دەرنەبڕێنە و ڕاستی نەوتنەی پێدەدات. وەک لەم دەقەدا دەڵێت:

ئەگەر شەوێک قەسیدەیەک بۆ غوربەت و

عومری وشکم نەخوێنمەوە..

تەوری پاییز دێتە وێزەم!

سەری سپی و

هەر دە پەنجەم..

لەکۆشمدا دەبینمەوە!(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٤٢)

لێرەشەوە دەچینەوە بۆ ئەوەی بڵێین، شیعری (د.ئاراس عەزیز) بەکاری ڕاستەقینەی خۆی هەستاوە و ئەو پەناگەیە شاعیر تیایدا گەڕاوەتەوە بۆ ناوەوەی خۆی و بێ هیچ زۆرلەخۆکردنێک دەبێتە دوانگەی هەستەکانی و لەڕێیەوە (من)ێکی کەساس و غەمبارمان نیشاندەدات. یان دەتوانین بڵێین، هەوڵی دروستکردنی خودێتی شاعیرە، تا لەڕێگەیەوە بوونی خۆی وەک دەنگێکی ئەدەبی خاوەن زمانی تایبەت بسەلمێنێت، کە تا چەندە ئەو دروستکردنە ڕەنگدەرەوەی واقیع بێ و دەرخەری ڕاستی هەستەکان بێت، ئەوەندە خوێنەر کاردانەوەی بینینەوەی (من)ی بۆ خۆی وەک خوێنەر و وەک خودی شاعیری خاوەن دەقیشی تیایدا بەهێزتر دەبێت. هەربۆیە دەکرێت، ڕاستگۆیی بوونی و خستەڕووی ئەو (من)ەی، کە شاعیر قسەکەری سەرەکییە، ببەستینەوە بەو نامۆبوونانەی شاعیر تووشی بووە. بۆ نموونە بێزاری و خستەڕووی دەرەنجامی ژیانێکی ناخۆش و هۆکارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی بەشێوەیەکی گشتی، وایکردووە کەسایەتییەکی ڕەشبین و نائومێدی لێ دروست ببێت، ئەمەش ڕاستەوخۆ خۆجیاکردنەوەی شاعیرە لەو کۆدەنگەی، کە ئومێدیان بە نیشتیمان و گۆڕانکاری کۆمەڵگە بەرەو باشتر هەیە. لەمەشەوە شاعیر وەک کەسێکی خاوەن گومانی بەردەوام لەناوشیعرەکانیدا، بە خودی خۆی دەردەکەوێت. وەک لەم دەقە شیعرییەدا ئەم (من)ە زۆر بەزەقی دەردەکەوێت، کاتێک دەڵێت:

من هەمیشە لەتەنیشتی گومانەوەم

لەوێستگەیەکدام

چاوەڕێی کەسێک نیم

ئینجانەیەک گوڵی بەختیاریم بۆ بهێنێ

چاوەڕیی کەسێک نیم

بەجانتا ونبووەکەی سەفەری تەمەنم شادبکاتەوە(٢٠٢٠-٢٠٢١)

ڕوونە شاعیر هۆشیارە بەم نامۆبوونانەی، ئەم خود زاڵکردنە لەناو دەقە شیعرییەکانیدا، جۆرێکە لەتێگەیشتنێکی تاڕادەیەک قەناعتپێکەر، کە ئەو دونیا تایبەتەی خۆی لەناو شیعرەکانیدا هەوڵدانێکە بۆ لەکەس نەچوون و خۆجیاکردنەوەی تەواو، لەو کۆدەنگییە زاڵە شیعرییە باوەی ئەو سەردەمە. هەروەها، لەڕووی لایەنە خودییەکەشییەوە خۆنیشاندانێکی جیاوازە، تیایدا لەڕێگەیەوە جیاوازی خۆی دەسەلمێنێت" یەکێک لەهۆکارە ڕاستییەکانی ڕاکردنە شیعرییەکەی ئاراس، نایەوێت لەنزیک

ئەویترەوە بێت، بە پێچەوانەشەوە دەیەوێت خودی خۆی لەو بەرزییەدا بێت، کە خۆیەتی و خۆی تیا دەبینێتەوە، وەک خۆی و نایەوێت لەبوونی خۆی ڕووتبێتەوە"(حەسەن، ٢٠٢٢: ٢٠-٢٧). ئەم (خود)ەش زۆر بەجوانی لەم شیعرەی شاعیردا دەبینرێت، کاتێک باس لە پیربوونی خۆی دەکات و دەڵێت:

ئێوارانێ هەست بەپیربوونی خۆم دەکەم!

لەم کونجەدا..

هەڵئەتروشکێم بە خەمگینی!

ئای لەوداخە!

تەمەن دەڕواو،

هەر ناگەمە بەرزاییەک،

دووربتبینم!

بەرز بمبینی!! (عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ١٧)

ئەم هەوڵی جیاوازبینینانە بۆ شاعیر، لەدەقە شیعری (ئێوارە ئاوابوونێک)دا بەتەواوی ڕووندەبێتەوە، ئەگەر بکرێت بڵێین، شاعیر لەکۆپلەکانی سەرەتادا بکرێتە زمانحاڵی ئەو کەسانەی تیایدا هەمان ئەزموونی ئەمیان هەبووە، ئەوا لەکۆپلەی کۆتاییدا دیسانەوە شانازی مردنەکە دەداتەوە بەخۆی، ئەویش پاش ئەو هەمووە ناڕەحەتی و ئازارەی، کە چەشتوویەتی"بەمانایەکی تر، خودی شاعیر لەم شیعرەدا خۆپەرستە و دەیەوێت تەنها خۆی چێژ لەئازارەکان ببینێ، چونکی ئازارەکان لەڕێگەی مەسەلەگەورە و پیرۆزەکانەوە سەریهەڵداوە"(کەریم، ٢٠٠٩: ٤). وەک بڵێی بیەوێت سەرنجی ئەوی تر بۆلای خۆی ڕابکێشێت. واتە تا ئێستا و تا حاڵەتی مردنەکەی، شاعیر زۆر هەوڵی داوە ببینرێت، بەڵام لەجێگایەک، کە بەدڵی بووبێت، کەچی ئەم هەوڵانە بێ ئەنجام بوون، تا لەکۆتایدا لەڕێگەی مەرگ و مردنێکی شکۆدارەوە بیەوێت ئەو سەرنجە بۆخۆی بەرێت، ئەمەش بەوە دەبێت خۆی بکاتە کارەکتەری سەرەکی و قسەکەری زاڵ. دەڵێت:

ئێوارەیەک دەرگاکانتان بکەنەوە!

ڕاکشاوی نێو تابووتی سەر چوارشانم!

سەیرم بکەن!

هیچ نەبێ با بە مردوویم،

هەست بکەم وام

به بەرزایی دوومەترەوە!!(عەبدولا، ٢٠٠٨: ٥٣)

مرۆڤ بەوپێیەی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە، بۆیە بۆ سەلماندن و ناساندنی خۆی پێویستی بە کۆمەڵە، لەم ڕێگەیەوە مەودا و جیاوازی دروستدەبێت و و هەوڵی خۆ سەلماندن دەدات. لەبەرهەمی ئەدەبیشدا تاڕادەیەک ئەم خود سەلماندنە، بەهەمان شێوەیە پێویستی بە فەزای هەبوونی ئەوانی تر هەیە، لەڕێگەوە قسەکردن بە ناوی (من) دەکرێت ببێتە ڕایەڵەی پەیوەندییەکە، هەرلەبەر ئەوەشە" جێناوی کەسی یەکەم (من)، جێناوی چالاکە لەبنیاتنانی دەقی شیعریدا، بەو پێیەی ئەرکی پرسیارێک جێبەجێ دەکات و تایبەتمەندی وەڵامدانەوە دەدات بە بەرامبەر، یان ئەوی تر"(لحمر، ٢٠٢١-٢٠٢٢: ١٢٦) واتە لەڕێگەی تێگەیشتن و وەرگرتنی بەرامبەرەوە پۆلێنبەندییەکی جیاواز بەپێی وەڵامدانەوەکانی دروستدەبێت، بەڵام ئەوەی جێگای دیاریکراوەو نەگۆڕە، (من)ی ناو دەقە، کە شاعیر لەڕێگەی وێنەی جیاواز و شێوەی دەرکەوتنی جیاوازەوە دەیخاتەڕوو. وەک لەم دەقە شیعرەدا ئەمە بەڕوونی دەبینرێت، کاتێک دەڵێت:

خەونم دیوە، (سبەینێ)ش دێ،

زەمەن تووش و نەهات ئەبێ!

خەونم دیوە، خەونی ناخۆش!

کێم هەیە بۆی بگێڕمەوە؟!

ئای ئەوڕۆکە چەند دوو دڵم!

ئای خودایە چەند لەسبەینێی خۆم ئەترسم!!(عەبدولا، ٢٠٠٨: ٦١)

مرۆڤە هۆشیارەکان زوو لەوە تێگەیشتوون، کە ئیتر دونیا هی ئەوە نییە ئومێدێکی لەسەر هەڵبچنرێت. بەو واتایەی شاعیر دڵنیایە دیسانەوە ڕۆژانی داهاتووشی هەروەک ڕۆژانی تریەتی، بگرە خراپترە. ئەوەی وێنەکە غەمگین تر و بێ ئومێدتر دەکات، نەبوونی کەسێکە شاعیر خەونی خۆی بۆ بگێڕێتەوە، لێرەشەوە ئەوەی بەتەنها دەمێنێتەوە شاعیر خۆیەتی و بەتەنها خۆی، سەرەڕای ترس و گومانەکانی ڕووبەڕووی سبەینێی دەبێتەوە. شاعیر سەرەرای ئەوەی دەیەوێت کەسێک هەبێت گوێی بۆ بگرێت، هاوخەمی بێت، تا خەمی ڕۆژگار و ئەوەی بەسەرهاتووە بۆی بگرێتەوە، بەڵام (قەسیدە)کان، هی خۆیەتی و بۆ خۆی نووسیوە، ئەزموونی خۆیەتی بەتەنها، پێمان دەڵێت ڕۆژگار چ باجێکی قورسی دەروونی جەستەیی پێداوە. دەڵێت:

تا (قەسیدە)ی کەوتنی خۆم

تەواودەکەم،

لەوبەرەوە چاوەڕێمکە!

لەنووکەوە...

شتەکانت بۆ باسدەکەم!

بۆت باسدەکەم چۆن بەتەنها

دەست و قاچی براوی خۆم بۆمایەوە!

چۆن بازووی وەک پۆڵاو و ئاسن،

پووکایەوە و بوو بە چیلکە!(عەبدولا، ٢٠٠٨: ٢٨)

لەڕووی بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی جێناوی قسەکەری (من-م)ەوە، شاعیر لەدیوانی (حەسرەت) و دەقی بڵاونەکراوەی (من هەمیشە لەتەنیشتی گومانم)دا، بەشێوەیەکی بەرفراوان ئەم جێناوانە بەکاردەهێنێ، بەدڵنیاییەوە لەڕووی کرداری ناو وێنەکانیشەوە هەموو خۆی ئەنجامدەریەتی، بۆیە کە حەسرەت و دەقی (من هەمیشە لەتەنیشتی گومانم) دەخوێنیتەوە، هەست بە هەبوونی شاعیر لەدێڕ بەدێڕ و وشە بە وشەی شیعرەکاندا دەکەیت. ئامادەبوونیشی بەجۆرێکە ، هەندێک جار هەست دەکەیت بەرکەوتەی ڕاستەوخۆت لەگەڵ شاعیردا کردووە، لەهەندێک باردا پرسیاری ئەوە دروستدەبێت، دەکرێت کەسێک هێندە ڕوون بنووسێت هیچ گرێ و گۆڵییەک لەتێگەیشتنی کەسایەتییەکەی نەهێڵێتەوە، کاریگەری ئەوتۆ لەسەر خوێنەر دروستبکات؟ ئەگەر بکرێت وەڵامێک بدەینەوە ئەوە دەبێت، کە تەنها پاراوی و ئاستی زمانی بەرز و بەکارهێنانی وشەی گونجاوە، دەکرێت وەک یەکێک لەڕووە کاریگەرەکانی ئەم جۆرە نووسینانە دابنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا، شتێک لەناخەوە و بە هەستەوە ڕاستگۆیانە بنووسرێت، ئەوە لەکاتی خوێندنەوەدا هەست بەو جۆرە ڕاستگۆییە دەکرێت، لەپەیوەندی نێوان دەق و وەرگرێکی ئاساییەوە، دەبێتە پەیوەندی نێوان دوو مرۆڤی خاوەن هەستی بەخشەر و وەرگر، کە لەهەردوو حاڵەتەکەدا چێژ دەبەخشێت و دەق لەنووسینێکی دیاریکراوی ئەزموونی تاکەوە، دەبێتە ئەزموونێکی کۆیی. هەرچەندە مەرج نییە خوێنەر هەموو ئەو ئەزموونانەی دیبێت، بەڵام ئەوە بەرهەمی ئەدەبییە، لەڕێگەی دەقەوە واتلێدەکات هەست بکەیت چەندەها ئەزموونت کردبێت بەبێ ئەوەی لەشوێنی خۆت جوڵابێت.

## تەوەری سێیەم

## جۆرەکانی نامۆبوون لە شیعرەکانی (د.ئاراس عەزیز عەبدوڵڵا)دا

### ٣. جۆرەکانی نامۆبوون لەشیعرەکانی (د.ئاراس عەزیز عەبدولڵا)دا

بەهۆی ئەوەی (نامۆبوون) دەستەواژەیەکی فرەواتایە و لەزۆر بواری جیاوازی تریشدا ئاماژەی پێکراوە و بەکارهێنراوە، دەرکەوتنیشی لەکۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر و لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت. لەهەمان کاتیشدا، هۆکارەکارەنی جیاوازن و بەپێی کاریگەری هۆکارەکانی بەسەر تاکی مرۆڤ، وەک ڕەنگدەوەری هەستەکە دەگۆڕێت، هەر بۆیە دەستنیشانکردنی جۆرەکانی نامۆبوون بەهۆی نزیکایەتی مەبەستی بەکارهێنان لەزۆر بواردا و تێکئاڵانی مەبەستەکان، کارێکی کەمێک ئاڵۆزدەبێت.

لەو چوارچێوەیەشدا، پەنا بردن بۆ شیعر لەلای (د.ئاراس عەزیز)، بەجۆرێکە تیایدا هەست بە ئارامی دەکات، هەستدەکەیت ئەو ئازارانەی لەڕێگەی شیعرەوە دەریدەبڕێت، دەبێتە نەفەسێک، تا بتوانێت بەرگەی ژیان و نەهامەتی و ناخۆشییەکانی بگرێت. لەڕاستیدا، ئەم جۆرە لەدەربڕینانە لەچەند پەناگەیەک دەچن شاعیر پەنای بۆ بردبن و لێیەوە دەردەدڵ و ناخۆشی و نەهامەتییەکانی لەبازنەیەکی دیاریکراو بە خەم و ناخۆشی و مەرگ و ئازاری دووریدا دەسوڕێتەوە. سەرچاوەی هەمووشیان دەبێتەوە بە نامۆبوون و هەریەکە لەم دەربڕینانەش دەبنە ئاوێنە نمای چەند جۆرێکی نامۆبوون.

دەبینین، بەزۆری خۆدواندن و مەنەلۆگەکانی شاعیر، وایکردووە بڵێین جۆری زاڵ لەشیعرەکانیدا زیاتر (نامۆبوونی خودی)یە. بە مانایەکی تر، ئەگەر هەندێک دەقی هەبێ بتوانین دەستنیشانی هەندێک جۆری تری نامۆبوون بکەین تیایاندا، ئەوە دیسانەوە دەچێتەوە خزمەت نامۆبوونە خودییەکە، چونکە شیعرەکانی شاعیر هێندە ناخەکین، کاتێک دەیانخوێنیتەوە، هەست بە بیستنی ترپەی دڵی شاعیر دەکەیت، چونکە شیعر نووسین لەلای ئەم شاعیرە، بۆ ئەوەیە نییە بیسەلمێنێ شاعیرە، بەڵکو ئەوە خەم و ئازارەکانی شاعیرن، دەبنە شیعر و پێکەوە ئاوێتەی جۆرێک لەفەنتازیای زمانێکی بەرزی ئەدەبی و خەیاڵ دەبن و دەقێکی ئەدەبی پڕ بایەخ دەهێننە بوون. بۆ ئەو مەبەستەش، ئێمە هەوڵدەدەین لەم باسەدا بەپێی تێگەیشتن و دیاریکردنی ئەو ڕەگەزانەی سەلمێنەری هەبوونی جۆرەکانی نامۆبوونن لەدەقە شیعرییەکانیدا، بیانخەینەڕوو. ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەوەیە، کە شاعیر بەڕوونی ئەوەی خستەڕوو کە"شیعرەکانی من، نامۆبوونی جوگرافی نین. من لە دەرەوە و ئەوروپا نەژیاوم، بەڵکو هەموو شیعرەکانم لەناو وڵات و لێرە نووسیوە"(عەبدولا: ٢٠٢٢).

#### ١. نامۆبوونی خودی

نامۆبوونی خودی، بە واتای دەرچوونی مرۆڤە لە خودی خۆیدا، یان ونبوون و نامۆبوون لە خۆیدا. بە واتای نەبوونی چالاکی یان نەبوونی دەرەنجامی مادی و ڕۆحی چالاکییەکانی مرۆڤە. ئەوەش جۆرێک لە ململانێیە لەگەڵ ڕەهەندی بوون و ئەنجامی بونیادە

کۆمەڵایەتییەکاندا، کاتێک مرۆڤ تێک دەشکێنێت و ناوەڕۆکە مرۆییەکەی لێ داگیردەکرێت، بەجۆرێک مرۆڤ بێتوانا و دەستەوەستان دەمێنێتەوە لەبەرامبەر گۆڕینی دەوروبەری خۆی، هەست بە جۆرێک لەدڕدۆنگی و ناخۆشی دەکات. لەمەشەوە بزربوونی خود و نەبینی ڕۆڵی خود لەبەرامبەر ئەنجامی کارکردنەکانیدا دروستدەبێت. لەوانە، نامۆبوونی خودی" ئەزموونێکە مرۆڤ خۆی بەکەسێکی نامۆ دەزانێ و لەخودی خۆی دووردەکەوێتەوە"(بەرزنجی، ٢٦٩٨: ٣١). ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، حەز و ئارەزوو و ویستی مرۆڤ بۆ شتانێک، کە لەژیانیدا بە پێویستی دەزانێت، بەشێکە لەسەلمێنەری ئەوەی، کە ئەم کەسە دەیەوێت بەجۆرێک بژی خۆی ئارەزووی لێیەتی، جێبەجێکردنی ئەم حەز و ویستانە، دەبنە بناغەی بوونی کەسێکی ئازاد، کە مرۆڤیش ئازادبوو، کەواتە هەستکردن بە نامۆیی دەبێتە کۆتا خاڵی خوێندنەوە بۆ کەسایەتییەکەی، چونکە ئازادی بە خاڵێکی گرنگی چارەسەری نامۆبوونی خود دادەنرێت.

لەباردودۆخی شیعری (د.ئاراس عەزیز)دا، ئەو ئازادییە ونە، چونکە ڕۆژگار بە پێچەوانەی ویستی ئەو جوڵاوەتەوە، سەرەتا لەسەر ئاستی هەموو ژیان دەدوێ و دەڵێت، هەر چییەکی لەژیانیدا دیوویەتی، ئەوەنەبووە، کە ویستوویەتی، بۆیە شیعرەکانی وەکو تەمەنی خەماوییە. کاتێک دەڵێت:

تاکو زێتر بەساڵاچم،

شیعرم زێتر خەمگین دەبێ!(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٧٢)

دواتر لەئاستی وردتردا دەگاتە کەسی خۆشەویست، ئەمەش وادیارە هەموو ژیانی گرتۆتەوە، لەگەنجییەوە تا ئەوکاتە مەجازییەی، کە شیعرەکەی تێدا نووسیوە. دەڵێت:

هەر بەگەنجی خۆشەویستم لەمن هەڵات!

دیوانەکەم شیعری تایبەت بە ئازیزی تێدا نییە!(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٧٢)

لەپاشان ئەم خەم و نامۆبوونە هەموو ژیانی دەگرێتەوە، بۆیە هەرکاتێک مردن بێت، ئەگەر ئەو شەوە بێ، کە شاعیر دەستنیشانی کردووە، یان هەر شەوێکی تر، لەهەموو بارەکاندا بۆ شاعیر وەک یەکە، حەسرەت دەبێتە دوا کاری ئەو، چونکە مردن کۆتا کاری مرۆڤە لەسەر زەوی، تاقیکردنەوەیەک نییە بگێڕدرێتەوە، یان بەواتایەکی تر مردن تاقیکردنەوە نییە، چونکە، کە مرۆڤ مرد، دەمرێت، هیچ شتێکی تر لەدوای مردنەوە زانراونییە و دوای مردن خۆ کارێک ناکرێت، بۆیە شاعیر هەموو ژیانی بە حەسرەتێکی هەمیشەیی ناوبردووە و دەبێتە دواقەسیدە و دوا کاری پێش مردنی، لەبەر ئەوەی هیچ

دیارنییه سبەینێی چۆن دەبێت، جگە لەوە دڵنیایە، کە باشتر نابێ لەوەی دیوویەتی. وەک دەڵێت:

چەند ئێوارەیەکی ماتە!

ئەگەر ئەمشەو نەمردمایە..

دوا قەسیدەی (حەسرەت)ی خۆم دەنووسیەوە!

بڵێ ئاخر من چیم داوە بە ئاڵۆزی زەمەنەوە..

ئەورۆ، سبەی، هەر شتێ بێ،

ڕۆژگار بۆ من هەر نەهاتە!!(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٧٤)

لەشیعری (دەمەو شەفەقێکی باراناوی)دا، مردن ڕۆڵی ئەو فریادڕەسەیە، کە لەم ژیانە پڕ کێشمەکێشە و ئازارە ڕزگاری دەکات، شاعیر بە تەمەنی بیست ساڵییەوە، ژیانی پڕ بووە لەتەم، بۆیە دەیەوێت دەمەو بەیانێک مەرگ بێت و جەستەی ببات. شاعیر بەهۆی ئەو بارودۆخە نامۆییەی ژیانەوە تووشی ترس بووە، ترس لەوەی، کە نەوەک پیر ببێت و درێژە بەم ژیانەی ئێستای بدات و مردن هەر نەیەت، ئەو مردنە ئاساییانەش نییە، بەڵکو مردنێک بیخاتە هەناوی خۆیەوە و لەناو خۆیا بەتەوای ونی بکات، مردنێک بێت لەجێی چاوەڕوانی ئەو، ببێتە بەشێک لێی. ئەمەش لە دەقە شیعرییەدا بەجوانی ڕەنگی داوەتەوە. دەڵێت:

تەمەن تەمێکی ساردی ڕەشی زستانە!

وا لە(بیست) یش تێپەڕیووم

ڕووی پەنجەرەی ،

ژووری تەنهای لێ تەنیووم

ئاخ! دەمەو شەفەقێک باران،

بۆ ئەم تەمە

تێکەڵ هەناسەی مەرگ ناکات؟!(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ١٨)

نەک هەر ئەوەندە. بەڵکو هەستی ڕەشبینی بە شێوەی گلەیی دەبینرێت، پرسیار دەکات و سەری سوڕدەمێنێ، بۆ گەنجێک بە تەمەنێکی کەمەوە ئاڵۆزی ژیان و زەمەن هێندە کاریگەری لەسەری دروستبکات، وایلێدەکات مردنی خۆی بە چاوی خۆی ببینێ. وەک شاعیر دەڵێت:

هەر ساتێک بێ من دەکەوم!

کۆستی عومری خۆم بینیوە،

ئێوارەیەک بەم گەنجییە ئاوا دەبم!

.....

ئێستا عومرم نسێ یەکە نسرم و سارد،

ئێوارەیەک

وەکو مەترێ قوماشی کۆن

دەیپێچمەوە (عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٥٤).

دەبینین، شاعیر، هەست بەوە دەکات لەژێر بارێکی قورسدایە، هەست دەکات هێزێک، شتێک لە دەرەوەی خۆی حوکمی بەسەردا دەکات، لەتەمەنی منالییەوە شتێکە لێی دانەبڕاوە. ئەم هێزە لە ڕەهەندی جیاجیاوە ئامادەیی هەیە، ژیان بە جۆرێک قاڵب کراوە، دەبێت بە ناچاری بچیتە ناویەوە. ئەمەش دەبێتە هۆی نامۆبوون، ئەو کاتەیە مرۆڤ تیایدا هەست بە پچڕان و بوونی هێزێک لە سەرووی خۆیەوە دەکات. لەو ڕووەشەوە شاعیر خۆی بە (گۆدۆ)[٣] چواندووە لەخەم و پەژارەوە و ناڕەحەتییەکانی ژیانیدا، وەک لەم دەقە شیعرەدا دەڵێت:

من و گۆدۆ لەڕۆژێکدا لەدایکبووین!

بۆیە ئێستا،

بەختیاری من،

گۆدۆیەکە سەرهەڵنادات!!(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٩)

ئەزموون کردنی ژیانێک، کە لەئەزەلەوە هەست بە خەم بکرێت زەحمەتە، نائومیدییە، نامۆبوونە، بێهودەییە. ئەگەر یەکێک خەم بووبێتە خۆراکی بەردەوامی، لەجێی گەورەبوونێکی ئاسایی لەسەرەتای بوونیەوە بەرەو ئەزموونی جیاواز و جۆراوجۆری ژیان، کەچی بەو تەمەنەوە کەمەوە، ئەزموونی گەورەبوونی کردبێ، لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا

[٣]. (گۆدۆ)، کەسایەتی ناو شانۆگەری (لەچاوەڕوانی گۆدۆدا)ی (ساموئێل بیکێت)ە، لەساڵی ١٩٤٩دا نووسراوە.(ڕەزایی، ٢٠٠٤: ٢٠)

کەوتن چاوەڕێی بێت، دەبێت چارەنووسی چۆن بێت؟ کە لەم دەقە شیعرەدا ئەم هەست و نامۆبوونە دەردەکەوێت، کاتێک شاعیر دەڵێت:

لەوەتەی بووم، من هەر ماندووم!

لەچوارلاوە دەپەستێورێم!

قەسیدەکەم تەواو نەبووە،

نەگەیشتوومە (بەرز) ی یەکیش!

وا خەریکە هەڵدەخزێم! (عەبدولا، ٢٠٠٨: ٥١)

وەک ئەوەی شاعیر بڵێت، من نووسەری هەموو پیربوونێکم لەتەمەنێکی لاویی و گەنجییەوە، پیربوونی وشە، دەنگ، تەنیایی و تەنانەت پیربوونی حەسرەتیش. بەجۆرێک لەنێوان گەنجی پیریدا وەستاوە و وەک وەستان لەنێوان ڕابردوو و ئێستادا، کەچی دەستی لەهیچیان گیرنابێت، بۆیە دەڵێت:

ئێوارانێ هەست بە پیربوونی خۆم دەکەم !

دەڵێم شیعر بۆ کێ بڵێم!

وەک مێرووولەی بەساڵاچووم،

لەزستانی سبەینێمدا.

لەبرسان و،

بێ هاودەمی وشک هەڵدێم!(عەبدولا، ٢٠٠٨: ١٦)

شاعیر ئەزموونی خۆی باسدەکات و لێیەوە دەزانین، کە شاعیر گەنجێتی بەهۆی نەبوونی کۆشی گەرمەوە لەتەنهایدا ڕەقدەبێتەوە. بەمانایەکی تر، شاعیر دیسان لێرەش خۆی لەگەنجیدا بەهۆی نەبوونی خۆشەویستەوە دەسپێرێتەوە بە مردن، چونکە ئەم ئەزموونەشی جگە لەوەی ببێتە هۆی نووسینی دواین شیعرێکی تر هیچی تری بۆ نەکردۆتە دەسکەوت. وەک بڵێی شاعیر، مردن و شیعری کردووە بە دوانەیەکی هەمیشەیی بۆ خۆی، لەهەموو حاڵەتەکاندا دەگەڕێتەوە بۆی. هەربۆیە بەم شیعرە ئەم هەستەی دەردەبڕێت و دەڵێت:

من گەنجێتیم غەریبێکی ئاوارەبوو،

لەنێو کۆشی سەرماو سۆڵەی تەنهاییدا

ڕەق بووەوە!

من گەنجێتیم کۆلارەبوو

ڕەشەبای عەشق ڕاپێچی دا،

بەسەرسەری ئازیزێکدا بەربوویەوە(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٢٢)

هۆشیارییەکەی شاعیر بە نامۆبوون و خودی خۆی، هەڵگری ئاگاییەکی ئازاراوییە بە نەمانی خودە ڕاستەقینەکەی خۆی، ڕۆژگار هێندە کاریگەری لەسەر دروستکردووە، دەزانێت ئەو کەسەی پێشووتر نییە، هەر ئەمەشە دەبێتە هۆکاری تەنهایی و دڵتەنگییەکەی، دەیەوێت لەتەنهاییدا نەمێنێتەوە و هیچ نەبێ ئەمەی بەسەری هاتووە بۆ یەکێکی بگێڕێتەوە. تاوەکو لەڕێیەوە لەو تەنهاییە کوشندەیە ڕزگاری ببێت. وەک دەڵێت:

خۆر ئاوابوونێک دەرکەوە

ئێستا ناخم،

ئەشکەوتێکە بێ سەروبن!

چەندین هیوای

گەنجێتیمی تێدا مردن!

خۆر ئاوابوونێک دەرکەوە

من نامەوێ ئەوڕۆ بمرم

دڵ تەنگ و مات!

نەگەییبمە قەناعەتێ،

هەر بۆ ساتێ بەختیارمکات!(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٢٩)

وادیارە چاوەڕوانییەکەی شاعیر بێهودەیە، چونکە ئەم ڕیتمە لەدەربڕینی نامۆبوونی خود، پەیوەندی بە کەس و شوێن و جێگاوەوە نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە دەکرێت بڵێین، هەستێکی خۆ لێلانەدراوی ناو ناخی شاعیرە، چونکە شاعیر نە وڵاتی بەجێهێشتووە و نە ڕێگای دوور و سەختی بڕیوە. واتە نامۆبوونی جوگرافی نییە، بەڵکو ئەوەی هەیە ڕۆچوونی شاعیرە بەنێو کەسایەتی منداڵی و سەردەمانی خۆشییەک، کە شاعیر نایەوێت لێیان دەربازببێ، چونکە شاعیر ئەزموونی گەورەبوونی وەک وتمان

به خەمێکی بەردەوامەوە بووە، بەڵام ئەم خەمانە هەمووی خەمی ناوەکییە. ئەوەتا شاعیر بە نووسینەوەی ئەزموونی هاوڕێیانی تری، لەسەفەر کردن بۆ دەرەوە و ئەو ئەزموونەی ئەوان دیویانە، دەیەوێت پێمان بڵێت، نامۆبوونی ئەم نامۆبوونێکی خودییە و پەیوەندی بە شوێن و جێگا و جێهێشتنی ماڵ و موڵک و کەسوکارەوە نییە، بەڵکو شتێکە بەردەوام لەگەڵ شاعیردا ژیاوە و دەژێت. دەڵێت:

خوایە من نە ڕێگای هات و نەهاتم گرت!

خوایە من نە لەجەنگەڵ و نە شارولادێ غەریبەکاندا

سەگ و پۆلیس لێم وەڕین!

خوایە من نە لەنێو بەلەمێکی

پڕ لەگەنجی چڵکن و ڕیش هاتوودا،

شەپۆلەزەبەلاحەکانی دەریا شایەتمانیان پێهێنام!

.......

خوایە من ئەمانەم هیچی نەدی و هیچی نەکرد!

کەچی لەم تاراوگەیەدا خۆم بینییەوە!(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٩٩)

کەواتە، خود و هەموو ئەو ڕەهەندانەی دەرخەری خودن، بابەتی زاڵی ناو شیعرەکانی (د.ئاراس عەزیز)ن، بەئاشکرا دەردەکەوێت پاڵەوانی سەرەکی گێڕانەوە خەماوییەکانی، جگە لەخودی شاعیر خۆی کەسی تر نییە، هەموو ئەو ناڕەحەتی و ناخۆشییانەی لەژیانیدا دیوویەتی، بووەتە هەوێنی چەند دەقێک، لەناویاندا ناسنامەی خۆی ئاشکرا و ڕوون نیشانداوە و شەرمیش لەوتنی کەوتنەکان و نائومێدیەکانی ناکاتەوە، بەڵکو بەجۆرێک دەبێتە بنەمای دەربڕینی هونەری و جیهانبینی تەواوی شیعرەکانی.

**٢. نامۆبوونی کۆمەڵایەتی**

مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی کاریگەرە بە ژینگە و دەوروبەر، ئەم کاریگەرییەش لەلای کەسەکان جیاوازە، لەلای کەسانی ئەدیب و شاعیر جیاوازترە، لەبەرئەوەی ئەمان دونیابینییان بۆ ڕوانینی شتەکان جیاوازە و لەهەمان کاتیشدا زووتر هەست بە کاریگەرییان دەکەن. لەمەشەوە ئەوان دەتوانن بیکەنە هەوێنی دەقی سەرکەوتوو، لەڕێگەشیەوە، هەم دەتوانین دەسنیشانی لایەنی کۆمەڵایەتی بکەین و هەمیش دەبێتە هۆی ئەوەی بیروڕای تایبەتی لەڕێگەی دەقەکەوە بۆ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دیاریبکەین. لەڕاستیدا، کاریگەری کۆمەڵگە، بەزۆری لەڕێگەی دیاریکردنی سنورو

ڕێگرییەکان دەردەکەوێت و وادەکەن، کە کەسەکان هەست بەنامۆبوون بکەن، چونکە" نەگونجانی تاک لەگەڵ دەروبەرەکەی نەگونجانی حەزو ئارەزووەکانی لەگەڵ کەلتوور و داب و نەریتی گشتی، جگە لەنەگونجانی تاک، لەگەڵ پێوەرە کۆمەڵایەتییە ئەخلاقییەکاندا، ڕێگری کردنی کۆمەڵ لەگەڵ حەز و ئارەزووەکانی"(زاهید، ٢٠١٥: ٤٠) دەبنە هۆی نامۆبوونی کۆمەڵایەتی. کەواتە نامۆبوونی کۆمەڵایەتی"هیچی تر نییە جگە لەپرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و دۆخێکی دەروونی، کە بە هۆکاری هەستکردنێکی شاراوە بە کەماسیی و دابڕان دێتە ئەنجام"(ئەلکنجی: ٢٠١٦).

شاعیر لەشیعری (تاعوون)دا، تووشی نامۆیی کۆمەڵایەتی بووە و خۆی دوور دەخاتەوە لەو کەسەی خۆشی دەوێت، ئەویش بەهۆی ئەوەی شاعیر بێتوانایە لەوەی بتوانێت خۆشبەخت و بەختیاری بکات، هەربۆیە دەرگا، کە نیشانەی کرانەوەی دونیای جیاوازە لەم دیوەوە، واتە لەدونیای خۆیەوە و لەدونیای ئەودیوی ئەویشی داخستووە، کلۆمی داوە. ئەمەش پچڕاندنی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەیە، لەئاکامی ئەوەی، کە بێدادە، یان توانای نییە دڵخۆشی بکات، بووەتە هۆی نامۆبوونی کۆمەڵایەتی. دەڵێت:

لەم دیوەوە،

دەرگای ژوورم کلۆمداوە!

حەزناکەم بێیت!

ئا لەم ژوورە کلۆڵەمدا،

چی شک دەبەم بەختیارتکات؟!(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٤٤)

لەشیعری (پێرووددا)دا، پاش ئەوەی سیناریۆی مردنی خۆی دادەڕێژێ، لەجێگایەک جگە لەقیرەی بۆق و جیرەی دەرگای شڕ، هیچ دەنگێکی تر لەمرۆڤ نابیسترێت، چونکە خۆی لەهەموو جیهان نادیدە کردووە و بەتەنها و بەبێ کەس دەژی، تەنانەت نەیتوانیوە دەقە شیعرییەکانی بۆ کۆمەڵە ئەستێرە بخوێنێتەوە. ئەگەر ئەو ئەستێرانە بەشێک بن لەپێکهاتەیەکی سروشت و شاعیر وەک کاریگەری ڕێبازی ڕۆمانسی و بەگەڕانەوە بۆ شێوازە ڕۆمانسییەکەی (گۆران) و ئەم جۆرە لەهاوخەمەی هەڵبژاردبێ، یان مەبەست لێی هاوڕێ نووسەرەکانی بێت، یان ئەو کەسانە بێت، کە خۆیان بە ناوی دیاری ئەو سەردەمە زانیوە. ئەوە لەم حاڵەتانەدا، نەخوێندنەوەی ئەم دەقانە و کردنیان بە قالۆنچە، بەکەم سەیرکردنی کاروکردەوەکانێتی لەلایەن کۆمەڵگەوە و لەسەر ئاستی گشتیش بەکەم سەیرکردنی هەموو پرۆسەی بوونە، چونکە بە خوێندنەوەی ئەم دەقە، بیر و فیکر بۆ کاریگەری ڕۆمانی (مەسخ)ی (کافکا) دەڕوا، کە یەکێکە لەڕابەرانی ئەدەبی بێهودەیی، "واتە لێکچوون لەنێوان شیعر و مرۆڤدا دروستدەبێت، کە هەردووکیان دەگۆڕێن بۆ بوونەوەرێکی ناشیرین و بێ بەها،

هەروەک لەلایەکی تریشەوە گرنگی و بایەخی شیعر دەردەکەوێت، کە دەبێتە هاوتای مرۆڤ. ئەگەرچی لەئاستێکی قوڵتردا و لەڕوانگەی ئەدەبی بێهودەییەوە مرۆڤ و ژیانیش بەهایەکی ئەوتۆیان نییە، هەربۆیە بەردەوام لەدووانەی ژیان و مردندا لەم ڕوانگەیەوە جەمسەری ژیان دەبەزێت و مردن باڵادەست دەبێت"(قەرەداخی: ٢٠٢٢). شاعیر دەڵێت:

پێش وەی بمبەن،

پێش وەی چوارشان

هەڵمبگرن بۆ گۆڕستان!

پێخەفەکەم کۆبکەنەوە..

ئەو شیعرانەی کە ناتوانم،

شەوان بۆ پێرووویەکی بخوێنمەوە..

هەموو دەبن بە قالۆنچە!

قالۆنچەی زەردا!

قالۆنچەی سوورا!(عەبدولا، ٢٠٠٨: ٣٦)

وەک دەبینین، بەهۆی ڕووداوە سیاسییەکان، یان هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانەوە، یان باوردۆخی تایبەتییەوە بووبێت، شاعیر نەیتوانیوە ئەو کاروکردەوانەی خۆی ویستوونی ئەنجامی بدات، کاریگەری بەسەر کۆمەڵگەوە هەبێت، یان تێکەڵاوی و بوون بە بەشێک لەکۆمەڵگە، بەمەش جۆرە نامۆبوونێکی لەکۆمەڵگە بۆ دروستبووە و خۆی دوورەپەرێز گرتووەڵێ.

**٣. نامۆبوونی هزری**

بیرکردنەوە لەبوون و سەرەتا و پەیدابوونی مرۆڤ و کاروکردەوەکانی و ئایینده و ئەوشتانەی ڕوویانداوە، یان بڕیارە ڕووبدەن، چین؟ بۆچین؟ ئیشی مرۆڤ چییە؟ بۆ دروستکراوە؟ بۆ دەبێ بمرێت؟ بۆ، بۆ بۆ... ی تریش. بێگومان، ئەمانە هەموو پرسیارن و وەڵامیان پێویستە، کاتێک ئەم وەڵامانە نەبن، یان قەناعەتپێکەر نەبن، ئەوە مرۆڤەکان تووشی نامۆبوون دەبنەوە و بێدەسەڵاتی و نەکارایی خۆی بۆ دەردەکەوێت لەبەرامبەر سروشت و ژیان و دونیا و ڕووداوەکانیدا "بوونگەراییەکان پێیان وایە ژیانی مرۆڤ هیچ بەها و ئامانجێکی لەپشتەوە نییە و مرۆڤ لەبوونی خۆیدا ئەم بۆشاییە دەپێوێت، کە دەکەوێتە نێوان ژیان و مردنەوە. کەواتە دەتوانین لەژێر ناوی نامۆبوونی فیکری باس لەنامۆیی لەبوون بکرێت "(قادر، ٢٠٠٧: ٢٦).

بە درێژایی مێژوو مرۆڤ سیزفێکە، لەوەتەی هەیە، خەریکی سەرکەوتنە، بەڵام لەچرکەیەکدا هەموو شتەکان دیسانەوە لەنوێوە دەستپێدەکاتەوە. لەڕاستیدا پرسیارەکەش لێرەدا ئەوەیە بۆ دەبێت وابێت؟ بۆ ناکرێت مرۆڤ خاڵێکی کۆتایی هەبێت تیایدا هەست بە ئاسودەیی بکات؟ بۆ دەبێ مردن، کە هیچی لەبارەوە نازانین و ئەزموونێکی گێڕدراوەش نییە، ببێتە ئاوات لەبەرامبەر ئەم ژیانە؟ ئەسڵەن ئەم ژیانە بۆ دەبێت هێندە سەخت بێت؟ مرۆڤ چ هەڵەیەکی کردووە، تا بەم تاقیکردنەوە و زەحمەتییە زۆرەدا بڕوات؟ هێشتاش کاتێک دەیەوێت بگات و هەستبکات شتێکی کردووە بە شتێ، دەکەوێت. جا یان دەمرێت، یان دەدۆڕێت. هەموو ئەمانە لەپای چی؟ بۆیە شاعیر هیلاکە، ماندووە بەدەست ئەو پەستانە زۆرەی ژیانەی، کە لەسەریەتی و جۆرێک لەئاڵۆزبوون و تێک ئاڵاوی هزری لەناخیدا دروستبووە. وەک دەڵێت:

لەوەتەی بووم، من هەر ماندووم!

لەچوارلاوە دەپەستێورێم!

قەسیدەکەم تەواو نەبووە،

نەگەیشتوومە (بەرز) ی یەکیش،

وا خەریکە هەڵدەخزێم!(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٥١)

هەروەها، لەدەقی (من هەمیشە لەتەنیشتی گومانەوەم)دا، شاعیر لەوێستگەی بیردا وەستاوە بەگومانە لەبوون، لەژیان، لەهەموو کاتێک، چ ڕابردوو بێت، یان ئێستا، یان داهاتوو. هیچ شتێک شاعیر بەم دونیایەوە نابەستێتەوە، بەڵکو لەهیچ کام لەوێستگەکانی ژیانیشیدا چاوەڕێی هیچی نەکردووە، نە لایەنی سۆزداری، نە ئایینی و نە دونیایی. بۆیە دەکرێت بڵێین، ئەم شیعرە پوچەڵکردنەوەی بوونە بۆ ئاستی (هیچ)، ئەگەر شاعیر لەڕابردوودا چاوەڕێی شتێک بووبێت، ئەوە ئێستا و داهاتووی چاوەڕێی ئەو (هیچ)ە ناکات، چونکە ئەو ویستەگەیەی، کە شاعیر لێی وەستاوە نەیگەیاندووە بە هیچ جێیەک، بەتایبەت ئەو جێگایانەی خۆی ویستوویەتی. واتە شاعیر ئەو ئامانجەی بەدەستی هێناوە (هیچ)ە، کاتێک کەسێک لەناو بەتاڵی ئەو ئامانجانەوە دەدوێت، کەواتە، دەیەوێت پێمان بڵێت، بوون و هەموو ئەوەی پەیوەندی پێیەوە هەیە (هیچ)ە، با وا خۆشمان نیشانبدەین، کە چاوەڕوانی شتێکین. لەکۆتاییدا هەموو ڕۆیشتنێک چ لێرە بێ، یان لەهەر جێیەکی تر، چ لەڕابردوو بووبێت، یان لەداهاتوو، ناتگەیەنێت بەهیچ، تەنانەت فریادڕەسێکیش نییە، ئەگەر هەشبێت، لەحاڵەتی شاعیردا ناتوانێت کارێک بکات. شاعیر لەم دەقە شیعرییەدا زۆر بەڕوونی ئەم نامۆبوونە لەلای دا دەبینرێت، کاتێک دەڵێت:

لەوێستەگەیەکا ڕاوەستاوم

چاوەڕێی هیچ نیم،

نە دیداری ئافرەتێک،

نە پاسێکی کۆن،

نە شەمەندەفەرێکی تیژڕەو

نە دەرکەوتنی پێغەمبەرێک(٢٠٢٠-٢٠٢١)

وەک دەبینین، شاعیر لەئەوپەڕی بێ ئومێدیدایە و لەوێستگەیەک لەوێستگەکان وەستاوە و هیچ ئومێدێک نابینێ، داهاتوویەکی نادیار چاوەڕوانی دەکات. واتە شاعیر هێندە ڕەشبینە، تووشی جەنجاڵییەکی هزری بۆتەوە، تەنانەت، ئافرەتێک، پاسێک، شەمەندەفەرێک، پێغەمبەرێک نابینێ.

نامۆبوون ئەو دەمە دروستدەبێت، کە تۆ گومانی تەواوت لەبوون و کەسایەتی و پاشخانە بارکراوەکەی خۆت بکەیت، بەجۆرێک هەستبکەیت ئەوەی، کە دیوتە ئەوەندە نەبووە چاوەڕێی بوویت. لەحاڵەتی شاعیردا ئەمە بە گەڕانەوە بۆ بیرکردنەوە لەنیو سەدەی تەمەنی هەستپێدەکرێت. خودا، کە باڵاترینی ئومێدەکانە، شاعیر نەیتوانیوە بیگاتێ، چونکە ئەو ئەزموون و باگراوەندەی نیوسەدە لەتەمەنی، هیچ هیوایەک و ئومێدێک و دەلاقەیەکی چاوەڕوانی بە شتی باشتر، بۆ شاعیری تێدا نەبووە. هەربۆیە، بەم تێڕوانینەوە بۆ ئێستاشی دەڕوانێت و دەڵێت:

لەوێستگەیەکدام،

بیر لەنیوسەدەی تەمەنی خۆم دەکەمەوە،

بەپەیژەکانی گومانا سەرەکەوتم و،

هەر نەگەیشتمە پەنجەرەکانی خودا(٢٠٢٠-٢٠٢١)

ئەم بۆشاییانە لەژیان، بۆشایی وەڵام دروستدەکەن. هاتوچۆکردن لەنێوان ئەم بۆشاییانە مرۆڤەکان تووشی بێزاری و ناخۆشی ناڕەحەتی، سەرەنجام ڕووبەڕووی نامۆبوون و بێدەنگی دەکەنەوە. خولانەوە لەبازنەیەکی بەتاڵدا، بیرکردنەوە تووشی سەرسوڕان دەبێت، ناچار لەنامۆبوونەوە خۆی دەداتە دەست چاوەڕوانی، یان مردن.

**٤. نامۆبوونی ئابووری**

لەچوارچێوەی پێشکەوتنە زانستیی و پیشەسازییەکانەوە، مرۆڤ تاڕادەیەک هێز و توانای جارانی لە بەرامبەریاندا لەدەستدا. بەمەش، کاتێک مرۆڤ نەیتوانی ڕۆڵی خۆی بەتەوای ببینێت، یان بکرێتە بەشێک لەو پێشکەوتنە، جۆرێک لەنامۆبوونی بۆدروستدەبێت. کاتێکیش بەشداری ئەم پێشکەوتنەی پێبکرێت، بەڵام نەک بە شێوەیەکی ئەرێنی، بەڵکو وەکو شتێکی بێگیان سەیرکرا، ئەوە تا ئەوپەڕی

هێز و وزەی پێمابێ بەکاری دەهێنێت، کە ئەو هێز و بازووەش نەما، وەلا دەنرێت و هیچ گرنگییەک بە هەست و سۆزی مرۆڤبوونی نادرێت "نامۆیی ئابووری بەمانای کەسێک دێت، کە سەلبی توانای لەکارێکی بەرهەم داردا بکرێت (واتە توانای زەوت بکرێت)، ئەمەش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ کۆمەڵگەی چینایەتیدا هەیە "(حەمە، ١٩٨٩: ٨١). شیعری (ئاژێر) گێڕانەوەی ژیانی کرێکارێکە، نموونەیەکە بۆ ژیانی تێکرای ئەو کرێکارانەی جیهان، کە لەسیستمی سەرمایەداریدا، لەژێر فشاری کارکردنێکی زۆر و کاتێکی زۆردا، لەهەموو وەرزێکدا، بەجەستەی خۆیان باجی خراپی ئەو سیستمە دەدەن. نیشاندانی ڕۆژێک لەژیانی کرێکارە، خستنەڕووی هەموو سیستمی ژیانیانە، کاتێک تا کۆتا خاڵی سودوەرگرتن لەهێزەکەی سودی لێدەبینێت، بە هیلاکی و بێهێزییەوە دەگەڕێتەوە. وەک چۆن ئەژدەهاک خوێنی  گەنجەکانی دەمژێت، کارگەش بەهەمان شێوە هێزی کرێکارەکان دەبات، بەبێ ئەوەی خۆیان سود لەبەرهەمی کاری خۆیان وەربگرن. بەڵام هێشتاش، ئومێد هەیە و ئەم هیلاکییە دەبێتە هێز و بازووی شۆڕش و بەسەر دەسەڵاتی سەرمایەداری و ئامێردا سەردەکەون. لەلایەکی تریشەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ڕەنگە شاعیر بۆخۆشی کەوتبێتە ژێر کاریگەری فیکری چەپ و خۆشی ئەو هەست و نەستی کرێکارییەی چەشتبێ، کە کرێکار پیایدا تێپەڕیوە. وەک شاعیر لەم دەقە شیعرییەدا دەڵێت:

پیر دەبیت و کێ وەکو تۆ

تەمەنێکی ئاوا مەزن بەسەر دەبات؟!

پیر دەبیت و کێ وەکو تۆ

لەزمانی بەفر و زوقمی

بەیانیانی زستانی تووش!

گەرمای چلەی هاوین تێدەگات؟!

....

بەڵام هێشتا

لەناو خوێنتا

ملیۆنەها دەست و قاچ هەن

پشتی ماشێن بدەن لەعەردا!

ملیۆنەها چاو و گوێ هەن

تاریکایی کارگە ڕاونێن،

گوێ ڕادێرن بۆ گۆرانی

پاشەڕۆژی ئینسانی مەردا!(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٦٤-٦٥)

لێرەدا دەتوانین بڵێین، هۆشیاری شاعیرمان بۆ دەردەکەوێت لەبەرامبەر ئەو جیاوازییە چینایەتییەی، کە پیشەسازی و سەرمایەداری، لەنێوان مرۆڤەکاندا دروستی دەکات، هەروەها، ڕەخنەیەکی فەلسەفی و ئاکارییە، لەبەرامبەر هەبوونی ئەم جۆرە لەکارکردن، بەهۆیەوە ئەم شیعرە پەیامی هاوخەمی و نیشاندانی ڕێی هەستانەوە و سەندنەوەی ماف نیشان دەدات.

**٥. نامۆبوونی سۆزداری**

مەسەلەی سۆزداری، بابەتێکە بە درێژایی مێژوو ڕووبەڕووی مرۆڤەکان بووەتەوە و دەبێتەوە و زۆرجاریش مرۆڤەکان بەهۆیەوە تووشی شکست بوونەتەوە، هەربۆیە ئەو شکستە مرۆڤ دەستەوەستان دەکات و تووشی جۆرێک لەنامۆبوونی دەکاتەوە. بە واتایەکی تر، کاتێک مرۆڤەکان ڕووبەڕووی ئەم جۆرە لەنامۆبوون دەبنەوە، کە بەهۆی جیابوونەوە لەخۆشەویست دروستدەبێت، جا ئەو خۆشەویستە کەسێکی دیاریکراو بێت لەبواری خۆشەویستی ڕەگەزی بەرامبەر، یان کەسێک لەئەندامانی خێزان، وەک دایک و باوک و خوشک و برا، یان هەر جۆرە خۆشەویستیەکی تر بێت، ئەوا لەزۆربەی حاڵەتەکاندا ئامادەکاری نەکراوە، بۆ ڕووداوەکان، ئەگەر مردن بێت، یان دوورکەوتنەوە بێت، یان پچڕانی تەواوەتی پەیوەندییەکە بێت. لەحاڵەتی شاعیردا، وێنەی سۆزداری و ڕەگەزی بەرامبەر، کە ژنە، زۆر کەمە"(حەسرەت) لەهەناویدا دژێکی هەڵگرتووە، وەک ئیقاع لەبەردەم شنەیەکی ڕۆمانسییانەداین، وەک دەق تا ڕادەی بەتاڵی، خاڵین لەژن و دنیای ڕەنگاڵەی ئەڤین و سروشت. لەم دیوانەدا بەردەوام هاوار و بانگکردن و تکا بۆ (ئەوێک) هەیە، کە ڕوون نییە کێیە و زۆریش دوورە"(حەمەسوور، ٢٠٢١-٢٠٢٢: ٢٤). دەکرێت ئەمەش بەو جۆرە لێکبدرێتەوە، کە شاعیر لە باسکردنی ئەزموونی ڕاستەوخۆ و ڕاستەقینەی خۆی سەبارەت بە خۆشەویستی نادوێت، وەک شاعیرێکی عاشق بە پرچ و باڵای یاردا هەڵینەداوە. بەڵکو ئەوەی هەیە، وەک بەڵگە هێناوەیەکە بۆئەوەی، کە ژن و خۆشەویستی لەئەزموونی مندا بوونیان نەبووە.

ئەوەی جێگای سەرنجە، ئەوەیە دەکرێت لەڕووی مێژووی نووسینی دەقەکان، پاشان بە پشت بەستن بەڕووداوەکانی ناو ژیانی شاعیر، نامۆبوونی سۆزداری لەم شیعرانەدا بۆ دوو بەش دابەشبکەین:

١. ئەو شیعرانەی شاعیر لەسەرەتای شیعرنووسینیەوە نووسیونی، تا ئەوکاتەی کۆلێژی پزیشکی تەواودەکات و دەچێتە شاری بەغداد.

٢. ئەو شیعرانەی (هەرچەندە لەڕووی ژمارەوە زۆر کەمترن لەو شیعرانەی بەشی یەکەم)، کە لەدوای کارەساتی مردنی (دیاری) برایەوە نووسیویەتی.

هەربۆیە ئەم ڕیتمە لەدەربڕینە ڕۆمانسییەدا، لەبەشی یەکەمی شیعرەکانیدا بەبێ خۆشەویست ناتوانێ بەردەوام بێ، پێویستی بە هێز و گوڕ و سۆزی خۆشەویستی هەیە. تەنانەت هەر ئەوەندەشی بەسە بزانێت دەیەوێت نزیکی بێت، با کاتی مردنیشی بێت، ئەگەر وا نەبێ بە کەساسی دەمرێ، ئەم خۆشەویستییە ئەگەر نەبێ، ئەوە شاعیر نەک بە خۆی بەڵکو بە هەموو شیعرەکانیشی نامۆدەبێت. وەک لەم دەقەدا دەڵێت:

نزیک بە لێم، هەر ئەوەندە هەست بکەم تۆ

لەتەنیشتمای،

خۆم دەزانم گەر گیان دەرچێ و،

تۆم لا نەبی..

گەورەترین شاعیریش بم،

بەسەرتاپای شیعرەکانم غەریب دەبم!!(عەبدولا، ٢٠٠٨: ١٣)

وەکو وتمان هۆکارەکانی ئەم پچڕانی پەیوەندییانە زۆرن، مردن کە سەرەکیترینیانە، بەڵام لەلای کورد و کۆمەڵگەی کوردی، باری ئابووری و هەژاری و سیاسی گەلێک چیرۆکی دابڕانی دروستکردووە. شاعیریش لەبەر ئەوەی ناتوانێت خۆشەویستەکەی بەختیار بکات، ناتوانێت شتێکی پێببەخشێت شایانی خۆشەویستیەکەی بێت، دەترسێت لەڕووبەڕووبوونەوەی (ئەو). دەڵێت:

حەزناکەم بێیت!

ئا لەم ژوورە کلۆڵەمدا،

چی شک دەبەم بەختیارتکات؟!

پەڕی پشتی دڕاوو کۆن؟!

لۆکەی زەردی دۆشەکەکەم؟!

یان بێدادیم؟(عەبدولا، ٢٠٠٨: ٤٤)

ئەم خۆدوورەپەرێزگرتنەی شاعیر بووەتە هۆی ئەوەی، کە تەنها و نامۆبێت لەلاوێتیدا، لەکاتێکدا تەمەنی لاوی، تەمەنێکە مرۆڤ دەیەوێت چێژ لەژیان و تاقیکردنەوەکانی ببینێت، سڵ لەزۆر شت

ناکاتەوە، پەلەیەتی تا هەموو شتەکان ئەزموون بکات، بەڵام لەلای شاعیر ئەم جۆرە لەحەماسەتە نابینرێت، چونکە شیعرەکانی ڕەنگدەرەوەی ئەو سەردەم و کاتەیە تیایدا دەژی، واتە "ئەم گەنجێتییەکەی وەکو غەریبێکی ئاوارە وابووە و هەرگیز خۆی لەئامێزێکی گەرمدا نەبینیووە و سەرباری ئەوەی، ئەم خەمێکی گەورەتریشی هەیە، خەمی نەمانەوەی هیچ خانمێک لەناو دڵیدا، واتە ئەم ئەگەر وەکو عاشق سەیری خۆی بکات، کێشەی گەورەی ئەوەیە هیچ مەعشوقێک درێژە بە عیشق نادات لەگەڵ ئەمدا. ئەمەش بۆخۆی خەمێکی وێرانکەرە و دەشێت سەرچاوەی هەست بە نامۆییکردن و ئاوارەبوونەکەی بێت"(قەرەداغی: ٢٠٢٢). شاعیر دەڵێت:

من گەنجێتیم غەریبێکی ئاوارەبوو،

لەنیو کۆشی سەرما و سۆڵەی تەنهاییدا

ڕەق بووەوە!

من تا ئێستا،

ئەو شاعیرە بێ دیوانەم،

هیچ خانمێ..

دوانزە مانگەی ساڵی عەشق،

لەناودڵما تەواوناکا...

جێم دەهێڵێ بۆ مەینەتی!(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٢٢-٢٣)

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوونبوویەوە، باسکردنە سۆزدارییەکەی شاعیر بۆ یار و بۆ مەعشوق، لەغیابی تەواوی ئەودایە، شاعیر هەتا دەمرێت یارێک نییە بزانێت، کە ئەم شیعری بۆ نووسیوە، چونکە هیچ کام لەئەزموونەکانی درێژەی نەبووە. دەڵێت:

هێچ خانمێ....

دوانزە مانگەی ساڵی عەشق،

لەناودڵما تەواوناکا...(عەبدوڵا، ٢٠٠٨: ٢٣)

هەروەها بە ناڕاستەخۆش شاعیر ناوی هیچ کچێک نابات، جگە لەکچی پایز، ئەمەش دەکرێت وەک کاریگەری ڕیتمە ڕۆمانسییە باوەکەی ئەو سەردەمە سەیربکرێت، نەک ئامادەبوونێکی فیزیکی و جەستەییانەی یار، هەربۆیە شاعیر تووشی نامۆبوونی سۆزداری و تەنهایی بووەتەوە. دەڵێت:

پاش ئەوەی کە زەمەنم مرد!

شیعرەکانم بدەرە دەست کچی پاییز،

بابزانێ (ئاراس)ێک بوو

ئەوەندەی ئەو تەنها و ڕەنگ زەرد!(عەبدولا، ٢٠٠٨: ٥٦)

لەبەشی دووەمی ئەم جیاکارییەی، کە بۆ شیعرەکان کردوومانە، مێژووی نووسینی دەقەکان لەساڵی(١٩٩٧)ەوە دەستپێدەکات. ئەمەش ساڵێک دوای ئەو ساڵەیە، کە کارەساتی شەهیدبوونی (دیاری) برای ڕوویداوە، لەشیعری (شتێک لەوەسیەتەکانی با)دا هەستکردن بە نامۆییە سۆزدارییەکەی لەیەکێک لەگێڕانەوەکانی (با)دا دەردەکەوێت، کاتێک دەیەوێت بیر خەڵکی بهێنێتەوە، کە (دەستی غەدر) چ دیارییەکی جوانی لێ بردووە. دەڵێت:

من (با)م و خەڵکینە خۆ زانیتان

دەستی غەدر (دیاری)یەکی گەلێک جوانی

لەدەست مندا!(عەبدولا، ٢٠٠٨: ٢٨)

ئەم خەمە گەورەیە بە ئاماژەدانێکی ئاوها بچووک، نابێتە مەرهەمی برینەکانی. برینێک، کە سارێژبوونی نییە، هەر بۆیە لەدەقی (دەساڵ ڕۆیشت)دا، شاعیر لەدیمەنی بیستنی هەواڵەکەوە و گەڕانەوەی بۆ شاری سلێمانی دەستپێدەکات. بەدرێژایی ئەم دەساڵە، شاعیر لەهەمان وێستگەیە، دیمەنی شارێکی پڕ مەینەت و سروشتێکی هاوخەم و هاوسۆز دەخاتەڕوو، هەوڵدەدات کەمێک لەو برینانە بکاتە وێنەی شیعریی و لەڕێیەوە هاواری کۆستێکی کەوتووی دەساڵانە بخاتەڕوو، کە هێشتاش دیمەنی بڕوانەبوون بە ڕووداوەکەی تێدا دەبینرێت. دەڵێت:

کە دێمەوە ئەم ژوور ئەو ژوور،

تۆ هەر دیارنیت!

تا دایکمی سەرتاپا ڕەش دەردەکەوێ،

ئەوجا لەجێی خۆم دەوەستم،

جانتای ماندووم دادەنێم و ،

تێدەگەم جارێکی تر ناتبینمەوە!!(عەبدولا، ٢٠٠٨: ٨٩)

ئاخر کاتێک مرۆڤ کەسێکی لەدەستدەدات، ماوەیەکی زۆری دەوێ تا ڕادێت بەوەی، کە ئیتر ئەو کەسە بوونی نەماوە لەژیانیدا، هەندێک هەر ڕانایەن، وەک دایکی، خۆ ئەگەر شاعیریش ڕاهاتبێ، ڕاهاتنێکە لەدواییەوە هەست بە وەستانی زەمەن و کات دەکرێت لەژیانیدا. تەمەنێک، ژیانێک هەمیشە گەڕانەوەبێ بۆ ئەو کات و ساتانەی ڕابردوو، دیمەنی ڕاچلەکان بە هەواڵێک، کە بەدرێژایی ژیان دەبێتە ئەو خاڵەی تێپەڕاندنی زەحمەتە، هەمیشەش بە گەڕانەوە بۆ یادگارییەکانی پێشوو هەوڵی زیندوو هێشتنەوەی بدرێت، لەمەوەیە دەبێتە خەمی گەورە.

### ٦. نامۆبوونی سیاسی

کاتێک سیاسەت ئەو ئومێدەی گەل لەسەری هەڵچنیوە، نەهێنێتە دی و پێچەوانەی ئەو پرەنسیپانە بجوڵێتەوە و ببێتە هۆی شەڕ و کوشتار و هێنانی ناخۆشی و نائارامی بۆ گەلەکەی، لەمەوشەوە دەنگی ناڕەزایی و ڕەتکردنەوەی ئەو سیاسەتە دەبیسترێت، کاتێکیش گەل نەتوانێت کارێک بۆ گۆڕانکاری لەکایە سیاسییەکە بکات، ئەوکات گەل جگە لەنائومێدی هیچی دیکەی دەستناکەوێت و لەسەر ئاستی تاکی کۆمەڵگەکەش، توشی نامۆیی و بێ دەسەڵاتی دەبێتەوە بەرامبەر بەو ستەم و زۆرلێکردنەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە. شاعیر لەدەقی (شتێک لەوەسیەتەکانی با)، لەچوار دێڕدا مێژووی شەڕی براکوژی چەندین ساڵەی کورد دەگێڕیتەوە. دەڵێت:

من (با)م و ڕۆژانێک بوو لەتاو (ڕەنگان)،

بووین بە پەندی ئاخر زەمان!

بووین بە یەکەم دەنگ و باسی،

سەر زمانی (ماجد سەرحان)! [٤] (عەبدولا، ٢٠٠٨: ٨١)

وەک دەبینین، ئەم شیعرە شیعرێکی سیاسییە، هەڵقوڵاوی دەروونی تورە و بێزاری نوسەرە، لەو دۆخە سیاسییە نەنگ و ناپەسەندە سەپاوەی هاتۆتە ئاراوە، گلەیی و سەرکۆنەکردنی ئەو سیاسەتە خودپەسەندییەیە، کە هەرکەس بۆ پاراستی خۆی و پرەنسیپ و ڕێبازەکەی، ئامادەیە هەموو بژاردەیەک پەسەندبکات. ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر ڕەوتی فکریی و ئایدۆلۆژیا بەشێکی خەڵکی ڕەشۆک بەتایبەتیی و قوڵکردنەوەی ئەو بیرە تەسکە لەناخیاندا، بەردەوامیدان و چاندنی ئەم بیرە لەهزرو زەینیاندا. لەلایەکی تریشەوە، ئەو کاریگەرییە نەرێنییەی، کە هەیەتی و دەیبێت لەسەر ڕاستەڕێی ئارامیی ژیان و گوزارانی خەڵکی. هەروەها، تێکدانی سەرلەبەری ئەو کایانەی، کە نوخبەو

---

[٤]. ماجد سرحان، (١٩٤٠-٢٠٠١)، ڕاگەیندکار و بێژەری فەلەستینی، یەکێکە لەکۆنترین نووسەر و سەرنووسەری ڕۆژنامەی (الشرق الأوسط). ناوبانگی دەرکرد بە دەنگە جیاوازەکەی لەڕادیۆی بەریتانی (ئێرە لەندەنە).https://ar.m.wikipedia.org/wiki/ماجد_سرحان

ڕۆشنبیرو شاعیران ئومێدیان لەسەر هەڵچنیوە، هەتا لەپەنای ئارامییەوە دونیای خۆیان و ئەوانی تریش موتوربەکەن لەیوتوبیا.

شاعیر لەم شیعرەدا باسی ئەو نادادپەروەرییە ڕەنگ تێروپڕە دەکات، کە دەبوو لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بە یەک چاو سەیری هاونیشتیمانیان بکرێت، کەچی بەهۆی جیاوازی بیروبۆچوون و حیزب حیزبێن و شەڕە پەڕۆی ڕەنگەکانەوە، باوەڕ و ڕێبازە سەرەکییەکە، کە لەمێژساڵ تەواوی خەڵکی بۆی کۆشان و چاوەڕێی بوون، هێشتا بە ئامانجە سەرەکییەکە نەگەیشتوون، کە کوردایەتییە بۆ سەربەخۆیی بوون، پەراوێز خراوە و هەموو شتێک و ئەو خەونانەش  لەبەرژەوەندی تەسکی حیربایەتیدا قەتیس کراوە. ئەم هەستی ناڕەزایەتییەش لەهزری شاعیردا پەنگی خواردۆتەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین، ئەم شیعرە پەرچەکرداری ئەو گازندەو نائومێدییەیە، کە بۆتە هۆی ئەوخەمە قوڵە. ئەوەتا ئاماژە بەوە دەدات، کە ئەم ئینسان ڕەنگکردنە ئەوەندە ناشرینە بەتایبەت بۆ کورد، کە هەمووی بۆ یەک ئامانج هەوڵیداوە و باجی داوە و خەباتی کردووە، کەچی خەریکە بەدەنگی گڕو زوڵاڵی ڕاگەیاندنکارێکی بەناوبانگی وەک "ماجد سەرحان" ی فەلەستینی، کە بەهۆی ململانێ وناکۆکی ناوخۆیی عەرەبەوە وڵاتەکەی خۆی وێرانەیە و  لەڕادیۆی لەندەنی بەریتانی بەرنامەی هەیە،  ئەم کارە نابەجێ و ناچیزە باسدەکرێ و هەموو دونیا بەو ئابڕوچونەمان دەزانێت.

# ئەنجام

# ئەنجام

- سنوردانان بۆ بابەتێکی فراوانی وەک نامۆبوون کارێکی نەکردەنییە، چونکە لەدێرزەمانەوە و لەسەرەتای دەرکەوتنی نووسین لەسەر مرۆڤ و هەستەکانی، بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئاماژەی پێدراوە، هەربۆیە لەسەر ئاستی چەمک و زاراوە، هەروەها لەبوارەکانی فەلسەفە و کۆمەڵناسی و دەروونناسی و بوارەکانی تریشدا مەودای جیاواز و تێگەیشتن و ناساندنی جیاوازی هەیە. کەواتە، لەچەندین لایەنەوە دەکرێت لێی بکۆڵرێتەوە و هەموو لایەنەکانیش ناتوانن بەتەواوی بگەنە خاڵی بنبەست و کۆتایی، چونکە لەگەڵ گۆڕانی بارودۆخ و سەردەم و تێڕوانین، گۆڕانکاری بەسەردا دێت.
- زمانی کوردی بۆ دەربڕینی نامۆیی زمانێکی دەوڵەمەندە، هەستدەکەیت شاعیران پەکیان نەکەوتووە و توانیوویانە بەجوانی بیخەنەڕوو. ئەمە لەئەدەبیاتی کلاسیک و نوێ و هاوچەرخی کوردیدا بەتەواوی دەردەکەوێت، دەتوانرێت زیاد لەجۆرێکی نامۆبوون لەناوشیعرەکانیاندا دەسنیشانبکرێت.
- بەشێوەیەکی گشتی، لەکۆی ئەو (٢٢) دەقە شیعرییەی شاعیر، دەکرێت بڵێن، لەلای شاعیر تەنها جۆرەکانی نامۆبوونی (خودی – کۆمەڵایەتی – هزری- ئابووری – سۆزداری- سیاسی) بەدی دەکرێن و لە دوو توێی بەرهەمە شیعرییەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەتیش (نامۆبوونی خودی) هەرە بەکارهێنراوترینی ناو وێنە شیعرییەکانە، ئەویش دەکرێت هۆکاری ئەم زاڵبوونە بەرچاوە بۆ ئەوەبێت، کە شاعیر وەک کەسایەتییەکی ئەدەبی، تایبەتتر وەک شاعیرێک توانیویەتی ئەو وێنانە بکاتە بابەتی شیعری، کە ئەمەش هەم ڕۆشنبیری دەوێت و هەمیش شارەزایی، شاعیریش لەهیچیاندا پەکی نەکەوتووە.
- بەڕوونی ئەوە دەبینرێت شاعیر (د.ئاراس عەزیز)، ئەو وێنانەی کەم تا زۆر لەشیعرەکانیدا پێشکەشمان دەکات، خەمێکە لەخۆشەویستی ژیانەوە دێت. نائومێدییەک، کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی حەزدەکات ئومێدێک ببێت. بە واتایەکی تر، گلەیی شاعیر لەڕۆژگارێکە، کە هیچ شێکی بۆ نەهێشتۆتەوە پێی دڵخۆشبێت، بۆیە دەرخستنەوەی ئەو وێنانە، دەکرێت ببێتە ئارامکەرەوەیەک بۆ ناخی، هەرچەندە خەم و ئازار، دەرد و ناخۆشی، نەخۆشی و مردن دەووریان داوە لەشیعرەکانیدا، بەڵام هێشتا بەهیوای ئەزموونی بینینەوە و خۆشەویستییەوە کۆتایی هاتنی دووری و ناخۆشییەوە دەژی.
- شاعیر لەگەڵ خۆی و جیهانی خۆی تێکەڵاوییەکی پەیوەستی دروستکردووە، ئەو پەیوەستییەشی زۆرتر بە ڕابردووەوە دیارە، وەک بڵێی نەیەوێت کات تێپەڕێت و هەر لەوێدا بمێنێتەوە، هەرلەبەر ئەمەشە هەست بە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لەدەقە سەرەتاییەکانی و دەقە تازە نووسراوەکانی ناکەیت، بەجۆرێکە وەک بازنەیەکی داخراوی لێهاتووە و هیچ

گۆڕانکارییەک لەدونیابینی دەقەکاندا نابینرێت، وەک چۆن بە نامۆبوون دەستی پێکردووە، لەکۆتا دەقیشدا ئەو نامۆبوون و ڕەشبینییە قوڵتر دەبێتەوە.

- سەرەکیترین بنەماکانی خودسەلماندن زمانە، قسەکردن و نووسینە بەو زمانە. زمان لای شاعیر سادە و بێ گرێ و گۆڵە، بەڵام وەک چەمک مانابەخشە، هۆکاری پەیوەندیی و گەیاندن و تێگەیشتنە لە(من)ێک، کە پڕە لەئەزموون، لەتێکشکان و لەچەندین جار کەوتن و هەستانەوە. هەربۆیە، نامۆبوون لەلای شاعیر چووەتە ناو بوونیەوە و بۆتە کەناڵێکی گوزارشتکردن لە هەستەکانی ناوەوەی و لەزمانە شیعرییەکەیدا ڕەنگی داوەتەوە.

# لیستی سەرچاوەکان

# ليستی سەرچاوەكان

- قورئانی پیرۆز

**یەكەم/ كتێب**

**أ/ بەزمانی كوردی**


١. ئاشنا، ئومێد، ٢٠٠٥، دیوانی بێكەس، چاپی دووەم، بڵاوكراوەی ئاراس، هەولێر.

٢. ئاشنا، ئومێد، ٢٠٠٧، شێوە و ناوەڕۆک، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ و بڵاوكراوەی ئاراس، هەولێر

٣. ئیسماعیل، ڕێبین ڕەسوڵ، ٢٠١٧، فەلسەفە و ئیمان لەنێوان هێگڵ و كیركیگارددا، چاپی یەكەم، كتێبخانەی فێربوون، باشوری كوردستان.

٤. ئیگلتۆن، تێری، ٢٠٠٨، ماركسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی، و.عەبدولخالق یەعقووبی، چاپی یەكەم، ، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس، هەولێر.

٥. ئەلحەسەن، د.ئیحسان محەمەد، ٢٠١٢، ئینسكلۆپیدیای كۆمەڵناسی، و. دانا مەلا حەسەن، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

٦. ئەمین، نەوشیروان مستەفا ئەمین، ٢٠١٥، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، چەند بابەتێكی كۆمەڵناسی، كتێبی یەكەم، بەرگی دووەم، الدار العربیة للعلوم، بیروت، لبنان.

٧. ئەنگڵس، لودڤینگ فۆیەرباخ، ٢٠٠٥ كۆتایی فەلسەفەی كلاسیكی ئەڵمانی، و. سالار ڕەشید، چاپی یەكەم، دەزگای بیرو هۆشیاری ( ی. ن. ک )، سلێمانی.

٨. بێكەس، شێركۆ، ٢٠٠٦، بەرگی یەكەم ١٩٦٨-١٩٨٠، كوردستان.

٩. بێكەس، شێركۆ، ٢٠٠٦، بەرگی سێیەم، ١٩٧١-١٩٩٣، كوردستان.

١٠. بۆتۆمۆر، كیرنان، هاریس، میلیباند، تۆم، ڤیكتۆر، لۆرانس، ڕاڵف، ٢٠٢٠، فەرهەنگی هزری ماركسیستی، و. د. ژیار فەلاح و هاوڕێ یوسفی ، چاپی یەكەم، لەچاپكراوی ئایدی، سلێمانی.

١١. بۆكانی، سابیر، ٢٠٠٦، لەنێوان هەست و نەست دا، چاپی یەكەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

١٢. بەرزنجی، د.عەلی تاهیر، ٢٠٠٨، كاریگەری ڕوانگە لەنوێگەری شیعری كوردیدا، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

١٣. بەرزنجی، هەڵگورد، گەلاوێژی ٢٦٩٨، نامۆیی نەتەوەیی، بێ شوێنی چاپ.

١٤. پاڵەوان، سەلاح حەسەن، ٢٠٠٣، داهێنان و مەرگ، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

١٥. پەشێو، عەبدوڵا، ٢٠٠٦، هەسپم هەورە و ڕكێفم چیا، چاپی یەكەم، كوردستان.

١٦. جەلیزادە، قوباد، ٢٠٠٧، شەهید بەتەنیا پیاسە دەكات، بڵاوكراوەی ئاراس، چاپی دووەم، هەولێر.

١٧. چەنگایی، وشیار بەهرام، ٢٠١١، داد یان بێدادی؟ ڕوانگەیەكی ڕەخنەگرانەی كۆمەڵایەتی، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.

١٨.حوسێن، د.هیمداد، ٢٠١١، بزوتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی حەفتا و هەشتاکانی هەولێر، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، کەرکوک.
١٩.حوسێن، هیمداد، ٢٠٠٧، ڕێبازە ئەدەبییەکان، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.
٢٠.حیکمەت، شەمزاو، سەیران، سەردار، ٢٠٠٥، دیوانی هێمن، بڵاوکراوەی عێراق-کوردستانی ئازاد.
٢١.حەسەن، محمد فەریق، ٢٠٠٨، هێمن و بۆنی غەریبی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
٢٢.حەسەن، بەکر، ٢٠٢٢، دەقە غوربەتییەکانی ناو نیشتیمان سێ خوێندنەوە بۆ شیعری د.ئاراس عەزیز عەبدوڵا، د.عەباس ساڵح عەبدوڵا، دەوەن مەعروف، چاپخانەی بینایی، چاپی یەکەم، سلێمانی.
٢٣.حەمە عەلی، ئومێد، ٢٠١٥، کێشەی بوونی مرۆڤ، چاپی یەکەم، چاپخانەی پەنجەرە، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی.
٢٤.خۆشناو، فەرهاد عەزیز، ٢٠١٣، ئەفراندن و مردن لەئەفسانەی کوردیدا بەپێی ئاڤێستا و دەقە پەهلەوییەکان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٢٥.دیوانی مەولانا خالید، ٢٠٠٩، لەبڵاوکراوەکانی دیداری جیهانی مەولانا خالید، وەرگیراو لەکتێبی یادی مەردان)ی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی.
٢٦.دەشتی، کەریم، ٢٠٠٦، بورجی بەڵەک، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.
٢٧.ڕازی، گەنجینە، ١٩٧٩، دیوانی بابەتاهیری عوریان، چاپی دووەم، چاپخانەی بابل، بەغداد.
٢٨.ڕەئوف، لوقمان، ٢٠١٢، ڕەهەندەکانی شوێنکات لەدەقە واڵاکانی شێرکۆ بێکەس دا، چاپخانەی کەمال.
٢٩.سابیر، د.پەرێز، ٢٠٠٦، ڕەخنەی ئەدەبی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
٣٠.ساڵح، د.تانیا ئەسعەد، ٢٠١٢، دیاردەی خەم لەشیعری حەسیب قەرەداغیدا، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
٣١.سلێمان، شەمێران، ٢٠١١، ڕووبەڕوو لەگەڵ لەتیف هەڵمەت، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر.
٣٢.سلێمان، هانی، ٢٠١١، دەروونزانی گشتی، و.ئامانج محەمەد، چاپی سێیەم، چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی.
٣٣.سلێوە، د.هاوژین، ٢٠١٣، ڕەهەندی دەروونی لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٣٤.سۆران، حسێن،٢٠٠٧، کارل مارکس و ئەفلاتۆن لەتۆتالیتاریزمی فیکرەوە بۆ تیرۆرکردنی بەهای ئازادی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، ناوەندی ئاوێر، هەولێر.

٣٥.سیوەیلی، ڕێبوار، ٢٠٢٠، کتێبی حاجی قادری کۆیی، خوێندنەوەی فەلسەفییانەی ئەزموونی شیعری، بڵاوکراوەی ڕێکخراوی زەریاب، چاپی دووەم.
٣٦.سیوەیلی، ڕێبوار، ٢٠١٥، کتێبی نالی، چاپی دووەم، ماڵی وەفایی، هەولێر.
٣٧.سیوەیلی، ڕێبوار، ٢٠١٥، شوێن و شوناس. خوێندنەوەیەکی دیاردەناسانە بۆ شاری سلێمانی، دەزگای غەزەلنووس، سلێمانی.
٣٨.سیوەیلی، ڕێبوار، ٢٠٠٤، لەپەیوەندییەوە بۆ خۆشەویستی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.
٣٩.سەعدون، سامان عیزەدین، ٢٠١٥، دەقە شیعرییەکانی گۆران لەڕوانگەی دەروونناسییەوە (لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری دەروونی یە)، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.
٤٠.سەعید، د.محمد ئەحمەد ( کەساس جەباری)، ٢٠٠٨، چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆمان.
٤١.شەریعەتی، عەلی، ٢٠١٠، ڕامانێک لەچەمکەکان، ئامادەکردنی محمد باخەوان، چاپخانەی گەنج.
٤٢.شەریعەتی، عەلی، ٢٠١٤، یاخیبوونەوەکەی کامۆ، و. ڕێکان تەحسین، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٤٣.عوسمان، محمد عومەر، ١٩٨٥، لەغوربەتا، سلێمانی.
٤٤.عیزەدین، فاتیح، ٢٠٠٩، زەمانی بزربوو، چاپخانەی دیلان، چاپی دووەم، سلێمانی.
٤٥.عیسا، د.هاوژین سلێوە، ٢٠١٣، ڕەهەندی دەروونی لەشیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.
٤٦.عەبدوڵا، پەروین، ٢٠٠٨، ڕەگەزەکانی دراما لەشیعری لیریکی کوردیدا، کرمانجی خوراوو (١٩٨٠-ڕاپەڕین)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٤٧.عەبدوڵا، محمد ئەمین، ٢٠٠٨، بوون لەشیعری مەحوی دا، چاپخانەی تیشک سلێمانی.
٤٨.عەبدوڵا، د. عەباس ساڵەح، ٢٠٢٠، ڕاڤەی دەق، چاپخانەی بینایی، سلێمانی.
٤٩.عەزیز، شەرمین ئیبراهیم، ٢٠٠٦، پەشێوو تازەکردنەوە لەشیعری کوردیدا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.
٥٠.عەزیز، کارزان، ٢٠١٦، دەروازەیەک بۆ فینۆمینۆلۆژیای ڕۆح، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.
٥١.عەلی، بەختیار، ٢٠١٩، ناشوێن، چاپخانەی کارۆ، چاپی دووەم.
٥٢.فرۆم، ئەریک، ٢٠٠٥، چەمکی مرۆڤ لای مارکس، و.ئارام جەمال سابیر، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
٥٣.فرۆم، ئەریک، کۆمەڵگەی تەندروست، و.زاهیر محمد ڕەشید، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠٠٨.
٥٤.فەتاح، گۆران جەمال، ٢٠١٣، ڕۆمانسیزم لەشیعری هێمن و محمد نوری دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

٥٥.فەرهادی، حەمەصاڵەح، ٢٠٠٦، سۆزی غەریبی و سێ چامەی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی سیما، سلێمانی.
٥٦.قادر، سەرکەوت سەعدی، ٢٠١١، نامۆیی لەڕۆمانەکانی ( سەلاح عومەر ) دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاشم، هەولێر.
٥٧.قانع، مەریوان وریا، ٢٠١٢، دین و دونیا، چاپخانەی ئاوێنە، سلێمانی.
٥٨.قانع، مەریوان وریا، ٢٠٠٥، ناسیۆنالیزم و سەفەر کورد لەدیاسپۆردا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
٥٩.قەرەچەتانی، د.کەریم شەریف، ٢٠١٠، نەخۆشی و گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان، چاپی دووەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.
٦٠.قەرەداغی. عەتا، ٢٠١٣، لەنێوان دەنگی خاک و دەنگی ڕۆحدا، لێکۆڵینەوە سەبارەت بە شیعری ئەنوەر قادر محمد، چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی سلێمانی.
٦١.قەرەداغی، عەتا، ٢٠٠٦، گەڕان بەدوای ماناکانی شیعردا، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، چاپی یەکەم، کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٦.
٦٢.کۆمەڵێک نووسەر، مارکس وەک فەیلەسوفێک دنیای سەرقاڵکرد، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
٦٣.کەمال، د.محمد، ٢٠٠٤، بوون و داهێنان، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٦٤.کەمال، د.محمد، ٢٠١٩، مارکس وەک فەیلەسوف، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
٦٥.گوڵ، مارف عومەر، ١٩٨٥، هێلانەی نغرۆ، چاپخانەی الحوادث، بەغداد.
٦٦.لاڤین، ت.ز، ٢٠١٧، لەسوقراتەوە تا سارتەر فەلسەفە بۆ هەمووان، و.ئارام مەحموود ئەحمەد، چاپی یەکەم، چاپخانەی حەمدی.
٦٧.مارف، سەلام، ٢٠١٦، نامۆبوونی ئایینی (لەبارەی پارادۆکسی بون و بیرکردنەوە)، چاپ یەکەم، چاپخانەی تاران.
٦٨.محمد، محمود احمد ، ١٩٨٧، ڕۆحی مەولانا خالید، پیرەمێردی شاعیر کردوویەتی بە کوردی، مطبعة الزمان، بغداد.
٦٩.محمد، مسعود، ٢٧٠٧، دیوانی حاجی قادری کۆیی، شارە کتێب میدیا، سنە.
٧٠.محمد، مەسعوود، ٢٠١٠، چەپکێک لەگوڵزاری نالی، چاپی سێیەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.
٧١.مودەڕیس، مەلا کەریم، عەبدولکەریم، محمد، فاتیح، ١٩٧٨، دیوانی نالی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، بەغداد.
٧٢.مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم، ١٩٧٧، دیوانی مەحوی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

٧٣. مودەڕیس، مەلا کەریم، ٢٠١٥، مەلا عەبدولکەریم، فاتیح، محمد، دیوانی سالم، بەرگی یەکەم، بنکەی ژین، سلێمانی.
٧٤. مۆستۆ، مارچێلۆ، ٢٠١٨، گەڕانەوەی دووبارە بۆ چەمکی نامۆیی مارکس، و.پێشڕەو محمد، چاپی یەکەم، ناوەندی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستی کوردستان، سلێمانی.
٧٥. میرە، ئەحمەد، ٢٠١٢، کاریگەری بزرووتنەوە ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکان لەسەر کۆمەڵگەی کوردی باشوری کوردستان (١٩٧٠-٢٠٠٣)، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
٧٦. مەلا کەریم، محمد، ١٩٨٠، دیوانی گۆران، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغداد.
٧٧. مەلا کەریم، محمد، ١٩٧٩، نالی لەکلاوڕۆژنەی شیعرەکانییەوە، چاپخانەی ئەکادیمیای عێراق، بەغداد.
٧٨. نقشبندي، د.غياث الدين، ٢٠٠٤، نامۆیی، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، سلێمانی.
٧٩. هەردی، ئەحمەد ، ٢٠٠٦، ڕازی تەنیایی، ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک.
٨٠. هەستیار، بەرزان، ٢٠٠٩، گوناهەکانی دڵنیایی، دەزگای چاپ ە پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی.
٨١. هەڵمەت، لەتیف، ٢٠٠٥، چاپخانەی شڤان، چاپی دووەم، سلێمانی.
٨٢. هەڵمەت، لەتیف، ٢٠١٤، ناوەندی غەزەلنووس، چاپی یەکەم.
٨٣. خاڵ، شێخ محمد، ٢٠٠٠، فەرهەنگی خاڵ، چاپی یەکەم، سلێمانی.
٨٤. شەریفی، فەرشید، ٢٠٠٧، فەرهەنگی زاراوەکانی فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکان، چاپی یەکەم، سلێمانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
٨٥. موکریانی، گیو، ١٩٩٩، فەرهەنگی کوردستان، چاپی یەکەم.
٨٦. موکریانی، هەژار، ١٣٤٩، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە (کوردی – فارسی)، تهران.

**ب/ بەزمانی عەرەبی**

٨٧. الألوسي، عادل، ٢٠٠٣، الإغتراب و العبقرية، طبعة الأولى، القاهرة، مصر، دار الفكر العربي.
٨٨. الجسماني، د.عبد علي، ١٩٩٤، علم النفس و تطبيقاته التربوية و الإجتماعية، الدار العربية للعلوم، ط.أولى، بيروت، لبنان.
٨٩. الجبر، د.خالد عبدالروؤف، ٢٠٠٩، قرآت في شعر محمود درويش، عمان، الأردن.
٩٠. جدوع، محمد، ٢٠١٢، الوجودية و الأدب بين خيبة الآمال و إدارة الأجيال، طبعة الأولى،دمشق، دار كيوان للطباعة والنشر والتوزيع.
٩١. جعفر، محمد راضي، ١٩٩٩، الإغتراب في الشعر العراقي المعاصر ( مرحلة الرواد)، دمشق، اتحاد كتاب العرب.
٩٢. حماد، د.حسن، ٢٠٠٥، الإنسان االمغترب عند أريك فروم، مصر، القاهرة، مكتبة دار الحكمة.
٩٣. رجب، د.محمود، ١٩٨٨،الإغتراب "سيرة المصطلح"، طبعة الثالثة، القاهرة، دارالمعارف.

٩٤. زلني، يندرش، ١٩٩٠، منطق ماركس، ت. ثامر الصفار، ، حلب، سورية، مركز الأبحاث و الدراسات الإشتراكية في االعالم العربي.
٩٥. زيادة، معن، ١٩٨٦، الموسوعة الفلسفية العربية، الطبعة الأولى، مجلد ١، معهد التأريخ العربي، بيروت.
٩٦. العتيبي، د.طارق بن موسى، ٢٠١٨، الإغتراب ( دراسة تأصيلية فلسفية علمية )، الطبعة الأولى، دار الكتاب الجامعي.
٩٧. العشماوي، د.محمد زكي، ١٩٨٠، ( فلسفة الجمال في الفكر المعاصر)، بيروت، لبنان، دار النهضة العربية.
٩٨. علي، شتا سيد، ١٩٩٧، الإغتراب في التنظيمات الإجتماعية، طبعة الأولى، الأسكندرية، مكتبة الإشعاع الفنية.
٩٩. مغنية، أحمد جواد، ٢٠٠٤، الغربة في شعر محمود درويش ( ١٩٧٢-١٩٨٢ )، الطبعة الأولى، بيروت، لبنان، دارفارابي.
١٠٠. مجموعة الكاتب، ١٩٩٨، معجم المعاني، طبعة الثاني، دمشق، دارالحرة للنشر والتوزيع.

**پ/ بەزمانی فارسی**

١٠١. بهزادفر، د.مصطفى، ١٣٩٠، هويت شهر. نگاهى به هويت شهر تهران، نشر شهر.
١٠٢. فروم، اريک، ١٣٨٦، سرشت راستين انسان، ترجمه.فيروز جاويد، چاپخانه اختران.
١٠٣. دهخدا، على اكبر، ١٩٣١، لغت نامه دهخدا، تهران.
١٠٤. فرهنگى(فارسى _ فارسى)، عبدالرزاق اعلمى، ١٣٩٠، مؤسسه كتابسراى اعلمى.

**دووەم/ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان**

**أ/ بەزمانی کوردی**

**گۆڤار/**

١٠٥. باخەوان، عادل، ٢٠٠٧، پرۆژەی تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی ئایین، گ. سەردەم، ژ. ٥١.
١٠٦. بۆكانی، سابیر، ١٩٩٩، شۆڕبوونەوەیەک بەرەوناخ، گ. ڕامان، ژ. ٣٨.
١٠٧. جەلی زادە، تاهیر، قوباد، طەلعەت، ١٩٩٨، ڕووبەڕوو لەگەڵ شێرکۆ بێکەس، گ. گەلاوێژی نوێ، ژ،١٠.
١٠٨. حەمە، ئاشتی، ١٩٨٩، سەبارەت بە چەمکی نامۆبوون، گ. کاروان، ژ. ٧٩.
١٠٩. حەمەد، یوسف عوسمان، ٢٠٠٢، خەسڵەتی نامۆبوونی تاک، گ. ڕامان، ژ. ٧٣.
١١٠. حەوێزی، بەهزاد، ٢٠٠٩، نامۆیی سۆفیگەری، گ. مێرگ، ژ. ٥٢.
١١١. خوارەحم، مەریوان عەلی، ٢٠١٦، نامۆبوونی کەسێتی لاوی کورد، گ. ڕوون، ژ. ٧، ساڵی شەشەم.

١١٢. دەستەی ڕوانگە، ١٩٧٠، بانگەوازێک لەڕوانگەی ئەدەبی کوردی نوێمانەوە، ڕوانگە، ژ. ١.
١١٣. ڕەزایی، عەبدوڵا، ٢٠٠٤، سامۆئێل بێکێت شیعرییەتی مەنفا و سرووتەکانی پەڕینەوە، گ. تێکست، ژ. ٣-٤.
١١٤. سابیر، ڕەفیق، ١٩٩٧، نامۆبوون لەچیرۆکەکانی حوسێن عارفدا، گ. گەلاوێژی نوێ، ژ. ٢.
١١٥. سالار، ئەحمەد، ١٩٩٢، نامۆبوون لەلای مرۆڤی کورد، گ. کادر، ژ. ٣٠.
١١٦. سعید، پ.ی.د. نوزاد وقاص، ٢٠١٥، ڕەهەندی دەروونی لەشیعری بێکەسدا، گ. زانکۆی ڕاپەڕین، ژ. ٥.
١١٧. سلێمان، هەژار فەقێ، ٢٠١٥، چەمکگەلێکی بێهودەیی وەک سێبەری مانا لەشیعری (سازی ناساز)ی هێمن موکریانیدا، گ. ڕامان، ژ. ٢٢٣.
١١٨. سەباح، سوارە، ٢٠١٥، نامۆبوون لەڕوانگەی مارکسەوە، گ. ڕامان، ژ.٢٢٢.
١١٩. سەعید، ناز ئەحمەد، تشیرینی یەکەمی ٢٠١٣، غوربەت و ڕەنگدانەوە لەشیعرەکانی (سالم)دا، گ. ڕۆڤار، ژ. ٧٧.
١٢٠. شوان، پ.ی.د. ابراهیم احمد، ٢٠٠٧، نامۆیی لەشیعرەکانی مەحویدا، گ. زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەدین، ژ.٣٠.
١٢١. صاڵەح، فەرمان حەسەن، ١٩٩٨مرۆڤ و نامۆبوون، گ. ڕامان، ژ. ٢٤.
١٢٢. عەزیز، د.حەمید، ٢٠٠٦، نامۆیی وەک چەمکێکی فەلسەفی، گ. ڕامان، ژ. ١١٤.
١٢٣. غەمبار، کەمال، ٢٠١٠، جیهانی حەسرەت لەخودێکی کراوەدا، گ.ڕامان، ژ. ١٦١.
١٢٤. قادر، سعید، سەرکەوت سەعدی، نوزاد وقاص، ٢٠١٢، نامۆیی لەڕۆمانی(دوانامەی دێوەزمەیەک)ی سەلاح عومەردا، گ. زانکۆی کۆیە، ژ. ٢٣.
١٢٥. کوردۆ، محمد، ١٩٩١، گەڕانەوە بۆ سەرەتای حەفتاکان شیعری (ئەم کولەکانە ئەشکێنم) یاخود هەنگاوی نێو هەوڵەکان، گ. ئێستا، ژ.٢١.
١٢٦. کەمال. د.محمد، ٢٠١٦، هایدیگەر و ئۆنتۆلۆجی شیعر، گ. شیعر، ژ. ١.
١٢٧. نوری، مژدە ئیسماعیل، ٢٠٢١، نامۆیی لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا (جەمال غەمبار) بە نموونە، گ. زانکۆی گەرمیان، کۆلێژی پەروەردە، بەشی زمانی کوردی، ژ. ٣.
١٢٨. هەڵەبجەیی، مەریوان ، ٢٠٠٢، گفتوگۆیەک لەگەڵ عەبدولموتەڵیب عەبدوڵا، گ. ئایندە، ژ. ٣٥.

**ڕۆژنامە/**

١٢٩. ئەمین، ئاوات حەسەن، ٢٠٠٩، پشو لەسێبەری بادا، خوێندنەوەیەک بۆ دیوانی -حەسرەت-ی ئاراس عەزیز عەبدوڵا، کوردستانی نوێ، ئەدەب و هونەر، ژ.٥٠٦٢.
١٣٠. بەفرین، حسێن، ٢٠١١، ئاوڕدانەوەیەک لەمێژووی ئەدەبی کوردی، کوردستانی نوێ، ژ.٢٩٨٧.
١٣١. جامی، نیهاد، ٢٠١٢، گرووپی کفری وەک یەکەم مانیفێستی تازەگەری ئەدەبی، کوردستانی نوێ، ئەدەب و هونەر، ژ.٥٤٥٥.

١٣٢. حەسەن، شاكار يوسف، ٢٠١٣، چەمكی نامۆبوون لەبەرھەمەكانی كارل ماركسدا، خەبات، هزر و هونەر، ژ.٧٠.
١٣٣. بێكەس، شێركۆ، ٢٠١٢، هەنگاوێک لەسەر ڕێگەی نوێخوازی، كوردستانی نوێ، ڕوانگە، ژ.٥٩٤٩.
١٣٤. كەريم، پ.ی.د.زاهير لەتيف، ٢٠٠٩، ئارگيۆمێنتی پەيوەندی نێوان دەق و وەرگر، كوردستانی نوێ، ئەدەب و هونەر، ژ. ٦٣٨.
١٣٥. لەگەڵ شاعيری لاو شێركۆ بێكەس، ١٩٧١، هاوكاری، ژ. ٢.

**ب/ بەمانی عەرەبی**

**گۆڤار/**

١٣٦. جمشيدي، فاطمة، خريف السنة ٢٠١٧٧، ملامح الإغتراب في شعر " علي فودة " و ردود فعلەعليها، مجلة فصيلة إضاءات نقدية، عدد ٢٧.
١٣٧. حداد، صوفية، ٢٠٠٦، الإغتراب في الفكر السوسيولوجي، مجلة الإحياء، جامعة باتنة، عدد ١٤.
١٣٨. زليخة، جديدي، ٢٠١٢، الإغتراب، مجلة العلوم الإنسانية و الإجتماعية، جامعة وادي سوف، عدد٨.
١٣٩. شاهين، د.فؤاد، ١٩٧٢، محاولة التعريف الطرائقية العلمية، مجلة دراسات عربية، السنة الخامسة، كانون الأول، عدد ٢.

**ڕۆژنامە/**

١٤٠. يوسف، يوسف، ٢٠١٠، في الشعرية و مداراتها، قرآءة في قصيدة المجهول، مجلة الاتحاد، العدد٢٣٢٧، الأحد.

**بەزمانی فارسی**

**گۆڤار/**

١٤١. بزرگي، سيد عابدين، بهار ١٣٩٦، نقد و بررسی علل ( از خود بيگانگي) از منظر فيورباخ و كارل ماركس، فصلنامه علمي، پژوهشی آيين حكمت، ، شماره مسلسل ٣٣، سال نهم.
١٤٢. حسيني، رباني، د.حسين، د.رسول، بهار١٣٨٦، ( تحليلى از مفهوم از خودبيگانگى در شعر ناسر خسرو)، مجلة علوم اجتماعى و انسانى دانشگاه شيراز، دوره بيست و دوم. شماره اول.

**سێيەم/ نامەی زانكۆيی**

**بەزمانی كوردی**

**دكتۆرا/**

١٤٣. حەمەد، پەخشان سابیر، ٢٠٠٢، ڕەمز لەشیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستانی عێراقدا (١٩٧٠-١٩٩١)، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئەدەبیات.
١٤٤. حەوێزی، دەریا جەمال، ٢٠١٣، جیهانبینی شیعری هاوچەرخی کوردی (کرمانجی ناوەڕاست) لەباشوری کوردستان، زانکۆی کۆیە.

**ماستەر/**

١٤٥. زاهید، کازم محمد، ٢٠١٥، پەیوەندی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە نامۆبوون لای گەنجانی زانکۆ فەیسبووک بە نموونە، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت.
١٤٦. حسێن، عەلی تاهیر، ٢٠٠٠، کاریگەری ڕوانگە لەنوێگەری شیعری کوردیدا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان.
١٤٧. حەمە ئەمین، سارا صدیقی، ٢٠١٠، جەمال شارباژێڕی و ڕۆڵی لەنوێگەری شیعری کوردیدا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان.
١٤٨. طه، هاوکار مامەند، ٢٠١٥، قەدەغەشکێنی لەشیعری هاوچەری کوردیدا باشوری کوردستان (١٩٨٠-١٩٩١)، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەرەردە.
١٤٩. عبدالرحمن، محمد صالەح، ٢٠١٣، نامۆیی لەشیعرەکانی ڕۆستەم باجەلاندا، کۆلێژی زمان، زانکۆی صەلاحەدین.
١٥٠. عبدالله، جلال أحمد، ٢٠١٠، ڕەهەندەکانی نامۆبوونی کۆمەلایەتی و سیاسی گەنجان، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین.
١٥١. عەبدولا، شوانە نوری، ٢٠١٤، چەمکی نامۆیی و ڕەنگدانەوەی لەشیعری نوێخوازی کوردیدا جەمال غەمبار، دلاوەر قەرەداغی، هیوا قادر بەنموونە، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی صەلاحەدین.
١٥٢. عەزیز، بێستون عارف، ٢٠١٤، بابەت و تەکنیکی خواستراو لەڕۆمانی کوردیی باشوری کوردستاندا، زانکۆی سلێمانی، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان.
١٥٣. قادر، غفور قادر، ٢٠٢١، ئەزموونی شیعری (محمد عومەر عوسمان)، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین.
١٥٤. قادر، ئارام محمد، ٢٠٠٧، نامۆیی لەشیعری کوردیدا ( ١٩٧٥– ٢٠٠٠)، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
١٥٥. محمد، شیرین سەعید، ٢٠٠١، نامۆیی لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

**بەزمانی عەرەبی**

**دکتۆرا/**

١٥٦. الحراسيس، آمال عبدالمنعم، ٢٠١٦، ظاهرة الإغتراب في الشعر محضرمي الجاهلية و الإسلام، جامعة مؤتة، كلية درسات العليا.

١٥٧. قريش، بنعلي، ٢٠٠٧، الإغتراب في الشعر العربي الحديث (١٩٢٠-١٩٤٥)، جامیعة الجيلاني اليابس، سيدي العباس.
١٥٨. لحمر، فوزي، ٢٠٢١-٢٠٢٢، خطاب الذات في النص الشعري المغاربي المعاصر-نصوص الرابع الأخير من القرن العشرين نموذجا-مقاربة تأويلية- ، جامیعة الحاج لخضر-باتنة، كلية اللغة و الأدب العربي و الفنون.

**ماستەر/**

١٥٩. محمود، شريف مهني عبدة، ٢٠٠٢، دراسة الإغتراب و علاقته بمستوى الطموح لدى الطلاب الثانوي العام أو الفني الصناعي، جامعة عين شمس.

**پێگە ئەلکترۆنییەکان/**

١٦٠. ابراهيم الحيدري، مفهوم الإغتراب، بين الفلسفة المعاصرة و الفرويدية الجديدة، ٢٠٠٨، ttp://www.maaber.٥٠megs.com/issue_july٠٨/spotlights٢.htm
١٦١. http://www.andisheqom.com/public/application/index/viewData?c=٦٩٧&t=aarticle
١٦٢. بشيري،ابوالقاسم، ازخود بيگانگي، ١٣٨٩، http://marifat.nashriyat.ir/node/ ٢٠٣٤
١٦٣. هاشملو، جعفر، ١٤٠٠، تاريخچه از خود بيگانگى
١٦٤. https://www.wtarikurd.info/١٦/٠٥/٢٠٢٢عەتا-قەرەداخی-ئارەزووی-ژیان-لە-فەزای-م/
١٦٥. کەریم، زاهیر لەتیف، زەمەن جێگەیی لەشیعرەکانی ئاراس عەزیز عەبدوڵادا، ٢٠٢١. ttps://www.khaktv.net/all-detail٢٦٤٥٤farhan &type=
١٦٦. کاکەسور، کاروان عومەر، کات وەک پرسیارێکی شەڕانگێز لەئەزموونی مندا، ٢٠٢٢. https://jineftin.krd/١٥/٠٦/٢٠٢٢کات-وەک-پرسیارێکی-شەڕانگێز-لە-ئەزموون/
١٦٧. مەلا، ئەحمەدی، شیعر و مانا، ٢٠١٣. http://dengekan.ca/archives/٢٨٨٦٨
١٦٨. ئەلكنجی، فوئاد، و. جیهاد محمد، نامۆیی.https://emrro.com/namoyif.htm
١٦٩. https://ar.m.wikipedia.org/wikiماجد_سرحان/
١٧٠. القواسمة، د.محمد عبدالله، ضمير-المتكلم-في-مجموعة-«قلق-أنا»-للشاعر-عبدالرحيم-جداية https://www.addustour.com/articles/١١٣٥٠٦٤-ضمير-المتكلم-في-مجموعة-«قلق-أنا»-للشاعر-عبدالرحيم-جداية

**دیدار و چاوپێکەوتن**

١٧١. عەبدوڵا، ئاراس عەزیز، شاعیر، ٢٠٢٢/٦/٢، سلێمانی.

ملخص البحث

هذا البحث بعنوان (اللاإغتراب في قصائد د.آراس عزيز عبدالله) محاولة لعرض تلك الجوانب التي تعكس فكر الإغتراب لدى الشاعر.كذلك نرغب أن نقرأ قصائده عن طريق هذا البحث، لأنه من المهم بالنسبة لنا أن نعلم ما هي نظرة الشاعر للعالم من حوله؟ جميعنا نعلم أن شاعر يجب أن يهتم بأهمية و طبيعة الشعر ، ومن خلال ذلك نعرف ما يعنيه أن تكون شاعراً؟ ماذا تعني المعرفة الشعرية؟ ماذا يعني حضور الشعري؟ كذلك يمكن أن يجيب على تلك أسئلة حول ما إذا كان الإغتراب كان خاصًا بعصر و نتاج لتاريخ معين؟ أم أن له بعد عالمي في جميع مراحل المختلفة من التاريخ البشرية ، له حضور مختلف ، مثل ظاهرة فلسفية والدينية والاجتماعية ...؟

يتكون البحث من ثلاثة أجزاء بالإضافة إلى المقدمة وملخص و نتائج. في الجزء الأول ، نحاول أن نشرح نظريًا مصدر الظاهرة من حيث المفاهيم والمصطلحات ، وكذلك من وجهة نظر فلسفية ، ثم بعدها نحدد أنواع الاغتراب.

في الجزء الثاني سنشرح ظهور تلك الظاهرة في الأدب الكردي من ناحية التاريخية ، لأن هناك مرحلتين مهمتين أمام الشاعر في تاريخ الأدب الكردي ، لذلك حاولنا إلقاء نظرة على تلك المرحلتين.

في الجزء الثالث نحاول أن نعرض ظاهرة الإغتراب في قصائد الشاعر بالتفصيل. والتي ستحاول إثبات ظاهرة الإغتراب من خلال الأساليب التي يستخدمها الشاعر. من هنا بالنسبة للشاعر و ذاته واستخدام الضمير(أنا) و الذي كثرة استعمال هذا الضميريصبح سبب لنوع الرئيسي من الإغتراب، الاغتراب (الذات)، مع وجود الإغتراب (السياسي ، الاقتصادي ، الاجتماعي ، الثقافي و العاطفي).

أخيرًا، يتم عرض أهم نتائج التي تم التوصل إليها بعدة نقاط.

حكومة الأقليم كردستان

وزارة التعليم العالي و البحث العلمي

جامعة السليمانية

كلية التربية الأساسية

# الإغتراب في شعر

# د.آراس عزيز عبدالله

رسالة

سوهام قادر محمد

إلى مجلس كلية التربية الأساسية / قسم اللغة الكردية
ضمن متطلبات الحصول على درجة الماجستير في الأدب الكردي

بإشراف

أ.م. د. عطا رشيد حسين

٢٠٢٣ميلادي ٢٧٢٢ كوردي

## Abstract

This research is entitled (Alienation in the poems of D.Aras Aziz Abdullah) an attempt to present the aspects that reflect the thought of alienation of the poet. We also want to read his poems through this research, because it is important for us to know what is the poet's view of the world around him? We all know that a poet must be interested in the importance and nature of poetry, and through that we know what it means to be a poet? What does poetic knowledge mean? What does it mean to be poetically present? It can also answer questions about whether alienation was specific to a particular era and a product of a particular history, or does it have a global dimension in human history, a distinguished presence in all the different stages, as a philosophical, religious and social phenomenon....?

The study consists of three chapters in addition to the introduction, summary and conclusions. In the first chapter, we tried to discuss theoretically the origins of the phenomenon in terms of concepts and terminology, as well as from a philosophical point of view, after which we identified the types of alienation.

In the second chapter, we will discuss the emergence of the phenomenon in Kurdish literature in terms of history, because there are two important stages befor the poet in the history of Kurdish literature, so we tried to look at these stages.

In the third chapter, we tried to present the phenomenon of alienation in the poet's poems in detail. Which will try to prove the existence of the phenomenon of alienation through the techniques used by the poet. From this to the poet's self and the use of the pronoun (I), whose frequent use of this pronoun causes the main type of alienation to be alienation (the self), with the presence of alienation (political, economic, social, cultural and affectional).

Finally, the most important conclusions reached are presented in several points.

Government of the Kurdistan Region
Ministry of Higher Education & Scientific Research
Sulaimani University Presidency
College of Basic Education

# Alienation in the poems of D.Aras Aziz Abdullah

A Thesis

Suham Qadir Mohammed

Submitted to the Council of the College of Basic Education/Department of Kurdish Language as part of the requirements for obtaining a Master's degree in Kurdish Literature

Supervised by
Asst. Prof. D.Ata Rashid Hussin

(٢٠٢٣) A.D. (٢٧٢٢) K.